# داستانی حوسێنی کورد
# و
# چەند هەقایەتێکی تر

سەرچاوە:
افسانەهای آزربایجان،
چاپ اول ، تهران
انتشارات نی 1377

ناوی کتێب: داستانی حوسێنی کورد و چەند هەقایەتێکی تر
نووسینی: ئەحمەد ئازەر ئەفشار
وەرگێڕانی لە فارسییەوە : عەزیز گەردی
بابەت: ئەفسانە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تایپ: ئیدریس شەیداهۆ
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: 600 دانە
نرخ: 4500 دینار
ژمارەی سپاردن: 2200 ی 2008
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

ئەحمەد ئازەر ئەفشار

# داستانی حوسێنی کورد
# و
# چەند هەقایەتێکی تر

وەرگێڕانی: عەزیز گەردی

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (464)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

## پێڕست


1ـ شێرزادو پەریزاد (دووجمکی ئەفسانەیی) 7

2ـ پیرەمێردی دارکەر (دنیادیتە) 43

3ـ شیراوژنی عەییار 71

4ـ جەمشید پاشا 105

5ـ کچی پاشای سەمەرقەند 131

6ـ چیرۆکی ئیبراهیم 149

7ـ چیرۆکی (ئۆخەی) جادووگەر 173

8ـ کچەی سەخی 191

9ـ نۆشیرەوانو بابای ئەمیر 209

10ـ چۆنیەتی هەڵبژاردنی برادەری باش 231

11ـ تەیموور پاڵەوان 255

12ـ خەنجەری ژەنگاوی 287

13ـ سونبولی سیحراوی 307

14ـ بەسەرهاتەکانی حوسێنی کورد (عەییارو پاڵەوان) 319

15ـ مۆمدانی زێڕین 375

# 1ـ شێرزادو پەریزاد

## دوو جمکی ئەفسانەیی



(نعلبکی دولی نبات، یوخون گلیر دوریات، محمد جمالینه صلوات)

واته: نعلەبەگی پڕ نەبات، خەوت دێ، هەستە بخەوە، سەڵاوات لەجوانی محەمەد

هەبوو نەبوو، لەزەمانی کۆن، پاشایەك هەبوو، هیچ منداڵی نەبوو، وچاغ کوێر بوو. سی و نۆ ژنی هێنابوو، بەڵام هیچیان سکی لەپاشا نەبوو، پاشا لەحەسرەت منداڵێك دەسووتا و دەبرژا و هەمیشە پەشێو و غەمبار بوو، کە پاش مەرگی، تاج و تەختی بەنسیبی بێگانان دەبێ و بەرەبابی تۆ و توخماتیان دەبڕێتەوە.

ڕۆژێ لەم بارەیەوە ڕاوێژی لەگەڵ وەزیرەکەی کرد. وەزیر گوتی:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، دەبێ جلی دەروێشی بکەینە بەر و بەناو شار بکەوین و بگەڕێین، بزانین چ دەبێ. وەستا کەریم خۆی دادپەروەرو بەخشندە و میهرەبانە و هیچ بەندەیەکی خۆی بێ ڕزق‌و ڕۆژی نەکردووە و ناکا. بزانین قسمەت چ دەبێ.

پاشا قسەی وەزیری پەسەند کردو بەجلی دەروێشییەوە چوونە ناو شارو تا شەو داهات گەڕان و سووڕان و شەو شەکەت و ماندوو بوون، گەیشتنە بەر دەرگای ماڵێك، دیتیان لەپشت پەنجەرەوە چرا پێ کراوە و چەند کەسێ خەریکی قسە و گفتوگۆن. ئەوانیش بەبێ دەنگی گوێیان هەڵخست، دیتیان ئەوانە سێ ئافرەتن‌و خەریکی دەردە دڵی خۆیانن.

با بۆتان باس بکەم چۆن ئەو سێ خوشکە لەناو کووخی دەروێشانەی خۆیان دانیشتبوون‌و دەردەڵیان دەکرد.

یەکێ لەو سێ خوشکە گوتی:

ــ ئێمە دەبێ ئەمشەو هەرسێکمان گەورەترین ئارەزوومان چییە بۆ یەکتری باس بکەین.

داوایان لەخوشکی یەکەمین (ئەوەی هەرە گەورە) کرد کەئارەزووی خۆی بڵێ. ئەویش گوتی:

ــ من زۆر حەز دەکەم بەلایەنی کەمەوە ببم بەژنی چێشتکەری پاشا.

دووەم گوتی:

ــ من حەزم لێیە ببم بەژنی وەزیر.

لەخوشکی گچکەیان پرسی:

ــ باشە، تۆ ئارەزووت لەچییە؟ ئێمەمانان ئەوا ئارەزووی خۆمان گوت.

ئەویش گوتی:

ــ من هیچ ئارەزووم نییە.

کە دوو خوشکەکە، زۆر سوور بوون ، گوتی:

ــ من ئارەزوویەکم هەیە دەزانم نایەتە دی و ئیتر باس کردنی بێ فایدەیە.

دووەکەی تر گوتیان:

ــ دەباشە، ئێستا، بڵێ بزانین تۆ داوای چیت لەخوا هەیە؟

خوشکی گچکە گوتی:

ــ من داوام لەخوا ئەوەیە کە ببم بەژنی پاشا خۆی.

دوو خوشکەکەی گەورەتری ماوەیەکی زۆر بەخوشکی گچکە پێ کەنین.

پاشا لەپشت پەنجەرەوە گوێی دابووە قسەکانیان. کە ئەوان لەقسەی خۆیان بوونەوە، پاشا بەوەزیری گوت:

ــ بیرێکم بۆ هاتووە، وەرە بگەڕێینەوە کۆشك.

ئەوان گەڕانەوە کۆشكو بەیانی زوو پاشا داوای وەزیری کردو دەستووری پێدا بەخۆو بەکۆمەڵە کەسێك بچنە کووخی ئەو سێ خوشکەو بیانهێننە کۆشك.

کە سێ خوشکەکەیان هێنا، چرکەو هۆڕ دەلەرزین، دەترسان داخۆ پاشا چ ئیشی پێیانە.

ئەوەبوو پاشا گوتی:

ــ باشە، ئێوە دوێنێ شەو لەناو کووخەکەی خۆتانا، چ قسەیەکتان دەکردو ئارەزووی چیتان دەخواست؟ زووکەن، هەمووم پێ بڵێن.

کچەکان هەر سێکیان ترسانو هیچیان نەگوت. ئاخیری کچی یەکەم، کە ئارەزووەکەی ئەوەندە گرنگ نەبوو، گوتی:

جەنابی پاشا، من ئارەزووم دەکرد، ببم بەژنی چێشتکەری جەنابتان.

پاشا بەدووەمی گوت:

ــ باشە، دەئێستا تۆ بڵێ.

دووەم، زۆر شەرمی لەخۆی کردەوە، گوتی:

ــ قیبلەی عالەم، من ئارەزووم دەکرد، ببم بەژنی وەزیری جەنابتان.

نۆرە گەیشتە خوشکی سێیەم، کەهەرە بچووکەکەیان بوو، ئەو، لەبەرئەوەی ئارەزووی لەئارەزووی دوو خوشکەکەی دی گرنگتر بوو، زۆر دەترسا.

پاشا گوتی:

ــ ئەگەر ئارەزووی دوێ شەوت باس نەکەی، ئەمر دەکەم دەست بەجێ لەسەرت بدەن.

ئەویش زۆر بەترسەوە گوتی:

ــ من داوام لەخوا ئەوەبوو، ببم بەژنی پاشا.

پاشا، پێشتر نەخشەی کێشابوو و مەسەلەکەی لەبیری خۆی تاوتوێ کردبوو، جا دەستووری دا ئاهەنگێکی گەورەیان سازداو وەکو و ئەو سێ خوشکە ویسستبوویان ئاوا، یەکەمی لە چێشتکەرو دووەمی لەوەزیرو سێیەمی لەخۆی مارە کرد.

ماوەیەکی پێ چوو، خوشکی یەکەمو دووەم، کە دەیانبینی خوشکی گچکەیان لەناز و نیعمەتێکی گەورەدایە، زۆر ئێرەییان پێ دەبرد، بەڵام دڵیان بەوە خۆش بوو کە پاشا وچاغ کوێرەو لەخوشکەکەی ئەوانیش منداڵی نابێ. تا ڕۆژێ دەروێشێك بەبەردەم کۆشکدا

دەرۆیشتو قەسیدەی دەخوێندەوە، پاشا دەستووری دا دەروێشیان هێنایە حزووریو کە هات پاشا گوتی:

ـ دەروێش، من منداڵم نابێ، ئەگەر چارەیەکم بکەی لەماڵی دونیا بێ نیازت دەکەم.

دەروێش سێوێکی لەگیرفانی عەبای دەرهێناو دایە پاشاو گوتی:

ـ نیوەی ئەم سێوە خۆت دەیخۆی و نیوەکەی تری دەرخواردی ژنە نوێکەت دەدەی. ژنەکە سکی دەبێ و دوو منداڵی جمکی دەبێ.

ئاخیری پاشا هەندێ لیرە و گەواهیراتی بەدەروێش بەخشیو سێوەکەی وەرگرتو چووە حەرەمسەراو سێوەکەی کردە دوو لەت: لەتێك خۆی خواردی

و لەتەکەی تریشی دایە ژنەکەی کەناوی (دلارا) بوو.

شەو نووستنو بەیانی بەئاگ هاتن، ژنەکە گۆڕانێکی لەخۆی هەست پێ کردو زانی سکی هەیە. دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعاتو نۆ دەقیقە ژنە وەختی منداڵ بوونی داهات.

ئێستا گوێتان لەباسی خوشکەکانی (دلارا) بێ:

ئەوانە، کەزانیان خوشکیان سکی لەپاشا هەیە، هەر وەخت بوو و کوێرایییان دایێ. پیلانێکیان دانایەوە و هەندێ پارەو گەواهیریان دایە پیرەژنێکی عیفریت کەمامانی دەکرد و وەکوو دەڵێن دڵیان نەرم کردو کردیانە لای خۆیان.

کەوەختی ئەوە داهات ژنی پاشا سکەکەی دابنێ، لەبەرئەوەی ژنەکانی تری پاشایش هەر وەخت بوو لەحەسوودییان بمرن، هەریەکە هەندێ پارەو گەواهیرو هەرچی بەنرخ گران

و بەکێش سووك بوو، دایانە پیرەژنێکی ئۆینباز بۆ ئەوەی بەلایەك بەسەر کۆرپەی پاشا بێنێ.

پیرەژنیش، ژنی پاشای بۆ منداڵبوون بردە ژوورێکی تایبەتی کە پێشتر ئامادەیی کردبوو.

کە ژنی پاشا سکەکەی دانا، پیرەژن دیتی ژنەکە جمکێکی بووە: یەکێکیان کوڕێکی کاکۆڵ زێڕینە، تاڵێکی قژی زێڕو تاڵێکی زیوە، ئەوەی تریشیان کچێکی دان مرواریییە.

پیرەژن پێشتر قەرەواشێکی ئامادە کردبوو، یەکسەر منداڵەکانی دایە قەرەواشەکە و دوو تووڵە سەگی تازە زاوی لەجێی منداڵەکان لەناو بێشکە خەواندو کۆرپەکانی پاشایان لەناو سندووقێك ناو بەرووباریان داهێڵا.

کە (دلارا) بەهۆش خۆی هاتەوەو داوای کۆرپەکانی کرد، دوو تووڵە سەگیان هاویشتە باوەشی و گوتیان:

ـ تۆ جادووت لێ کراوەو دەروێش فێڵی لە تۆو لەپاشا کردووە و دوژمنداریی لەگەڵ کردوون و تۆ لەباتی بنیادەم تووڵە سەگت بووە. (دلارا) کە ئەمەی بیست، ئەوەندەی لەخۆی داو بەنینۆك رووی خۆی رنیەوە تا دووبارە بوورایەوە.

خەبەریان دایە پاشا، گوتیان: ژنەکەتان تووڵە سەگی بووەو دەروێش ئێوەی فریو داوە و ئەو سێوەی پێی داون ئەفسوونو جادوو بەند بووە و کۆرپەکەتان بەتووڵە سەگی لەدایك بووە.

بەکورتی، پاشا زۆری خەفەت خواردو هەموو گیانی بوو بەدەرد و ژان. دەست بەجێ فەرمانی دا ئەو مەسەلەیە بەنهێنی رابگرنو تووڵە سەگەکان لەناوبەرنو هەرکەسێ باسی ئەو مەسەلەیە بکا لەسەری بدەن. ئەوەندەش لەژنەکەی دەهری بوو، فەرمانی دا، لەژێر زەمینێك بەزنجیر بیبەستنەوە و لەخواردنی نەمر و نەژی زیاتر هیچی بۆ نەبەنو کەسیش توخنی نەکەوێ.

بەکورتی: پیلانی خوشکەکانو هەوێیەکانی سەری گرتو هەموو شادو کەیفخۆش بوون.

ئێستاش با باسی سندووقی کۆرپەکانتان بۆ بکەم:

ئاو سندووقەکەی برد و برد تا لەچەند شارێك تێپەڕیو ئاخیری ئاو سندووقی کۆرپەکانی بردە قەراخ جۆگایێ کەبەناو باخی پاشادا دەڕۆیشت. ئاو سندووقەکەی بردە بەر زارکی جۆگا کەو سندووقەکە لەوێ گیری خوارد. باخەوان دیتی ئاو برا. گوتی: سوبحانەللا ئاو برا !

لەبەرخۆیەوە گوتی: (هیچ کاتێ ئاو لێرە نەبراوە)

دەستی دایە خاکەناز و هاتە سۆراغی ئاوەکە. دیتی ئاو لەپشت دیوارەکە ڕیز ڕیز شەپۆڵ دەدا و دادەشکێتەوە کەنار و دێتەوە ناو باخ. گوتی: هەڵبەت شتێ زارکی ئەم ئاوەی گرتووە. شەلواری هەڵکردو چووە ناو ئاوەکە. دەستی درێژکرد، دیتی سندووقێکە. سندووقەکەی ڕاکێشایە کەنار و ئاو بەربوو. باخەوان زۆر شاد بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی: (خوا دای، ئەم سندووقە هەڵبەت زێڕ و زیوە)

سندووقەکەی هەڵگرتو بۆ ژنەکەی هێنایەوە و گوتی:

ـ خودا ئاوڕی لێداینەوەو دیارییەکی بۆ ناردووین.

ژنە کە، کە چاوی بەسندووقەکە کەوت، لەزریکژنی دا و گوتی:

ـ ئەگەر زێڕو گەواهیر بێ، بۆ تۆ و ئەگەر کۆرپە بێ، بۆ من (چونکە ئەو ژنو مێردە منداڵیان نەبوو)

بەکورتی قەپاغی سندووکەیان کردەوە، دیتیان، تواهو !! ناوی پڕ پەمۆیە. هەردووکیان نائومێدو هەناسە سارد بوون. بەڵام ژنەکە یەکسەر کەوتە بەرێ پەمۆکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، لەپڕ هەستی کرد دەستی بەشتێکی نەرم کەوت. یەکسەر هەموو پەمۆکەی لەسندووقەکە بەتاڵ کرد، بەوپەڕی سەرسامی دوو کۆرپەی بینی: یەکێکیان کوڕێکی کاکۆڵ زێڕین و ئەوەی تریشیان کچێکی دان مرواری بوو. لەخەنی خۆشیان هەر وەخت بوو پەر دەربکا. یەکسەر کۆرپەکانی هەڵگرت و هێنانی و زوو لانکێکی بۆ ڕێکخستو

دۆشەكێكی لەناو ڕاخستو كۆرپەكانی خەواندو نوقمی تەماشای جوانییان بوو، بەڵام داخی دەخوارد كە شیری نییە بیانداتێ.

باخەوان گوتی:

ــ خودا تۆی زۆر خۆشدەوێ. ئەمە خۆتو ئەمەش كۆرپەكانت. من وا ڕۆیشتم.

كە باخەوان ڕۆیشت، ژنەكە هەر بیری لەوە دەكردەوە خواردنێك بۆ كۆرپەكان پەیدا بكا بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرن. لەو كاتەدا، بەئەمری خودای گەورە، لەدوورەوە سەر و كەللەی دەڵەشێرێك پەیدا بوو. ژنەكە لەترسی شێرەكە خۆی لەكونجێكی ماڵەوە گرمۆڵە كرد و مەتەقی لەخۆی بڕی و كڕنۆشی بردو لەدەرگای خودا پاڕایەوە كە شێرەكە ئازار بەخۆی و بەكۆرپەكان نەگەیەنێ. كۆرپەكانیش لەبرسان ئەنگوستی خۆیان دەمژی.

شێرەكە یەكە و ڕاست هاتە لای كۆرپەكانو دەم و دەست لاقەكانی پاشەوەی لێك كردەوەو گوانە پڕ شیرەكانی خۆی، یەكێكی لەزاری كاكۆڵ زێڕینو ئەوەی تری لەزاری خوشكی ناو خەریكی شیرپێدانیان بوو.

ژنی باخەوان دەپاڕایەوە و زار و واوەیلای بوو. شێرەكە بەكاری خوای گەورە و بەتوانا، بەقسە هات و گوتی:

ــ خانم مەترسن!! ئێوە داوای شیرتان لەخوا كرد بۆ كۆرپەكان و خوا ئەمری بەمن كرد شیر بەكۆرپەكانتان بدەم. هیچ مەترسن، من هیچ ئازار نە بە ئێوە و نە بە كۆرپەكانتان ناگەیەنم.

بەكورتی : شێرەكە ڕۆژێ سێ جەمە دەهات، خواردنی دەدایە كۆرپەكانو دەڕۆیشت. ئیتر چ ئیشی بەسەر كەسیشەوە نەبوو. ببوو بەلەلەی كۆرپەكان، تا كۆرپەكان گەورەبوونو وایان لی هات بتوانن خواردن بخۆن. باخەوان و ژنەكەی هەموو ڕۆژێ شوكرانەی خوایان بەجێ دەهێناو كۆرپەكانیان گەورە دەكرد.

ڕۆژێ، باخەوان و ژنەکەی پلاویان لێناو هەموویان خواردو چایان بەسەردا کردو قەلوونیان بەدوادا ڕا کێشاو باخەوان کوڕەی کاکۆڵ زێڕینی لەباوەش کردو ماچی کردو گوتی:

ــ ژنیژگە! کوڕەکەمان ناوبنێین چی؟

ژنەکە گوتی:

ــ من حەزدەکەم کوڕەکەمان ناوی شێرزاد بێ، چونکە بەشیری شێر گەورە بووە.

کابرا یەکەم جار گوتی:

ــ اللهم صل علی محمد و ال محمد

ئینجا دەستی ڕاستی کۆرپەکەی گرت و لەسەر گوێی ڕاستی دانا و بانگی داو گوتی:

ــ کوڕەکە! بەڕوخسەتی دایکت ئەوا ناوم نای ((شێرزاد))

پاشان دەستی چەپەی کوڕەکەی گرتو لەسەر گوێی چەپەی داناو قامەتی نوێژی کردو سێ جار گوتی:

ــ بەڕوخسەتی دایکت ناوم نای : شێرزاد، شێرزاد، شێرزاد!

ئینجا ڕوومەتی ماچ کردو دایەوە ژنەکەی.

پاشان کچەکەی وەرگرت و گوتی:

ــ خانم! ئەدی کچەکەت ناوبنێم چی؟

ژنەکە گوتی:

ــ دەمەوێ کچەکەم ناوی ((پەریزاد)) بێ.

باخەوان بانگی داو قامەتی کردو کچەکەی ناونا ((پەریزاد))و ڕوومەتی ماچ کردو دایەوە ژنەکەی و چووە دوای ئیشی خۆی.

منداڵەکان گەورەبوونو گەیشتنە تەمەنی حەفت ساڵی.

ڕۆژێ، باخەوان بەژنەکەی گوت دەبێ منداڵەکان بخەینە قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری خوێندنو نووسین بن.

منداڵەکانیان بردە لای مەلایی قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری دەرزی قورئان بن. مەلا دیتی ئەمانە منداڵی زۆر زیرەکن و هەرچی ئەو دەڵێ ئەوان زوو وەری دەگرن. بەلایەوە زۆر سەیر بوو. ئەمانە منداڵی باخەوانەکە بن، چونکە کوڕەکە قژی تاڵێك زێڕو تاڵێك زیو بوو و کچەکەش ددانەکانی مرواری بوون.

بەکورتی: شێرزاد و پەریزاد گەورەبوون و گەیشتنە تەمەنی شازدەساڵی. ڕۆژێ، لەقوتابخانە دەگەڕانەوە ماڵێ، لەڕێگادا منداڵەکانی گەڕەکیان بینی خەریکی جگانێ بوون. شێرزاد بەپەریزادی گوت:

ــ خوچە، دەمەوێ جگی ئەم منداڵانە بڕفێنمو ڕابکەمو گاڵتەیان پێ بکەم.

پەریزاد گوتی:

نا، برام، ئیشی وا مەکە، نەوەك جوێن دەدەن و دەبێ بەهۆی ناخۆشی، مەیکە بەشەڕ.

بەکورتی: کوڕەکە گوێی نەدایە و چوو هەموو جگەکانی منداڵەکانی کۆکردەوە و ڕایکرد. منداڵەکان زۆر نارەحەت بوونو کەچەڵێ گەڕایەوە و گوتی:

ــ هەی بێ دایكو باوك! کەس نازانی دایك و باوکت چ کەسانێکن؟

ئەم قسەیە کاری لەشێرزاد کرد. شێرزاد بەغەمگینی و نارەحەتی جگەکانی منداڵەکانی دایەوە و دەستی خوشکی گرتو بەشەرمەزاری گەڕایەوە ماڵێو لەپڕمەی گریانی دا.

دایکی هاتو پرسی چ بووە. پەریزاد مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە.

دایکی گوتی:

ــ کوڕم، من دایکی ئێوەم و باخەوانیش باوکتانە، ئەم قسانە چییە ؟!

ئاخیری، دوای گریانێکی زۆر و تکاو پاڕانەوەی زیاد، دایکە گوتی:

ــ ئەگەر ڕاستتان دەوێ، ئێمە ئێوەمان لەناو سندووقێك و لەسەر ئاو گرتۆتەوە و بەخێومان کردوون و زۆرمان زەحمەت پێوە کێشاون. لەوکاتەدا، باخەوان گەڕایەوە ماڵێ و بەمەسەلەکەی زانی. کوڕەکە گوتی:

ــ دایكو باوکی ئازیزم! ئێمە ئێوەمان لەگیانی خۆمان خۆشتر دەوێ، بەڵام ئێوە دەبێ ئەسپێك و هەندێ ئازووقەمان بدەنێ بۆ ئەوەی  بچینە تاقیبی دایكو باوکی ڕاستەقینەی خۆمان و بیاندۆزینەوە و ئەگەر خاوەن ماڵو سامان بوون، ئێوەش لەماڵی دونیا بێ بەش ناکەینو تۆڵەی ئەم هەموو چاکەو خۆشەویستییەتان بۆ دەکەینەوە.

بەکورتی: پاش گفتوگۆیەکی زۆر گەیشتنە ئەو ئەنجامە، بۆ ئەوەی پاش ملە قسەی نارەوایان نەیەتەسەر، دەبێ سۆراغی دایكو باوکی خۆیان بکەن.

ئەسپێکیان کڕی و هەندێ پارەیان هەڵگرت و خواردنی چەند ڕۆژێکیان ئامادە کرد و یەکتریان ماچ کرد و کەوتنەڕێ. چەند شەو و چەند ڕۆژ ڕۆیشتن تاگەیشتنە قەڵایەك. لەئەسپ دابەزینو چوونە ناو قەڵاکە دیتیان ژوورەکانی قەڵا پڕن لەکەلوپەلو ماڵی دونیاو هەموو شوێنێ ڕازاوەتەوەو مەتبەق پڕ لەچێشتی لێنراوەو چەندین مەنجەڵە پلاوی گەورە دەمیان کێشاوەو ئامادەن بۆ خواردن.

بەکورتی: شادو کەیفخۆش بوونو دوو قاپە خواردنیان تێکردو بەوپەڕی مگێزو تاسووقەوە خواردیانو پاڵیان دایەوە.

شێرزاد لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانی بەخەبەر هاتو بەخوشکی گوت:

ــ تۆ لێرەبە، من دەچمە ڕاو!

ئەسپی خۆی زین کردو لەقەڵا بۆی دەرچوو. مامزێکی ڕاوکردو هێنایەوە قەڵا، لەپڕ لەژوورێکی قەڵا دەنگی ناڵەیەکی کەوتە بەرگوێ، یەکسەر چوو دیتی دوو بەچکە شێریان بەزنجیر بەستۆتەوە. بەچکە شێرەکان کەچاویان بەشێرزاد کەوت خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و خۆیان لەقاچو قوڵی شێرزاد هەڵسووی و لستیانەوە، شێرزاد یەکسەر زنجیرەکەی پچڕاندو

ئازادی کردنو دەستی لاواندنەوەی بەسەرورووییان داهێناو هەندێ گۆشتو خواردنی بۆ پەیداکردنو لەبەری دانان. ئەوانیش خواردیانو هەموو شادو کەیفخۆش بوون.

لەرۆژی پاشییەوە، هەموو رۆژێ شێرزاد دەچووە راو و بەچکەشێرەکانیشی لەگەڵ خۆی دەبرد. چەند رۆژێ بەم جۆرە رابرد، تا رۆژێ، کەشێرزاد چووبووە راو، سەروکەللەی چل دز پەیدابوو. تومەز ئێرە مەکۆی ئەو چل دزەیە. دزەکان کەچوونە ناو قەلا، دیتیان بارودۆخەکە گۆراوە. گەران، ئاخیری پەریزادی خوشکی شێرزادیان دۆزییەوەو هێنایانە لای سەرکردەی دزەکان. سەرکردەی دزەکان دیتی ئەمە کچێکی جوانە و ئەشقی بوو. گوتی:

ـ کچەکە! تۆ چ کارەی؟ و لێرە چ دەکەی؟

کچەکە لەبنەوە تەماشایەکی کورەکەی کردو دڵی کەوتە سەرو بەسەرهاتی خۆیو برای بۆ گێرایەوە.

بەکورتی: کورەکە داوای لێ کرد زەماوەندی لەگەڵ بکاو کچەکە گوتی:

ـ دەبێ برام روخسەت بداو ئەویش رازی نابێ

سەردەستەی دزەکان گوتی:

ـ وەرە سواری ئەسپی من بەو رابکەین.

کچەکە گوتی:

ـ ئەم ئیشە کەڵکی نییە، بەدوامان دێو دەمانکوژێ.

بەکورتی چارەیان نەماو کورەکە گوتی:

ـ کەواتە رێم بدە، بیکوژم.

کچەکە گوتی:

ـ تۆ ناتوانی برای من بکوژی. ئەو لەتۆ ئازاترەو سەرەرای ئەوەش دوو شێر پاسەوانی دەکەن.

بەکورتی: کچەکە گوتی:

ـ من شەو تاوڵە لەگەڵ برام دەکەمو لێی دەبەمەوەو کە بردمەوە دەستەکانی دەبەستمەوەو ئێوە ئامادەبن هەر هێندە دەستەکانم بەست، وەرن دەسگیری بکەن.

دزەکە هاوڕێکانی کۆکردەوەو هەریەکەی لەشوێنێك شاردەوەو پێی گوتن تەیارو ئامادەبن.

کاتی ڕۆژاوا، شێرزاد لەگەڵ بەچکەشێرەکان لەڕاو هاتەوە.

ئەسپەکەی بەستەوەو کاوو جۆی لەبەر کردو بەچکە شێرەکانی بردە لانەی خۆیانو هات دانیشت، دیتی پەریزاد کزو غەمبارە.

گوتی: خوچەگیان، چ بووە وا کزو غەمباری؟

پەریزاد گوتی:

ـ تۆ بۆ ڕاوو شکار دەچیتە چیاو چۆڵ، من لێرە بەتەنێ دەمێنمەوەو دڵم تەنگ دەبێ.

شێرزاد گوتی:

ـ خوشکی میهرەبانم، دڵتەنگ مەبە. چەند ڕۆژێك لێرەینو پاشان بەڕێ دەکەوینو دەچینە سۆراغی دایکو باوکمان، بەڵکو خوا بکا بیاندۆزینەوە.

پەریزاد شێوی هێناو خواردیان. دوای شێو گوتی:

ـ برام دڵم تەنگە، دێی دەستە تاوڵەیەك بکەین؟

شێرزاد قبووڵی کردو سێ دەستە تاوڵەیان کردو شێرزاد بردییەوە. خوشکی لەپڕمەی گریانی داو گوتی:

ـ دەڵێ گەرێ با یەك جاریش من لەتۆ ببەمەوە.

شێرزاد قبووڵی کردو دەستێکی دۆڕاندێ.

کچەکە گوتی:

ـ لەبەرئەوەی لێم بردیتەوە، هەرچی بڵێم دەبێ بەگوێم بکەی. دەمەوێ تاقیت بکەمەوە، بزانم تۆ ئەم هەمموو هێزی بازووەت لەکوێ هێناوە.

یەکسەر دەستەکانی برای بەزنجیر توند بەستەوە، بەڵام برای بەیەك پتەو خۆڕاتەکاندن هەموو زنجیرەکانی پچڕاندو تووڕی هەڵدان.

خوشکی گوتی:

ــ بەچ دەستەکانت ببەستمەوە پێت ناکرێتەوە؟

کوڕەکە گوتی:

سێ ڕشتە قژی سپی لەناو مووی سەرم ڕواوە. ئەو تاڵە قژانە لێ بکەوەو دەستەکانی منی پێ ببەستەوە، ئیتر ناتوانم بیکەمەوە. بەڵام ئەم نهێنییە بەکەس مەڵێ.

خوشکە، یەکسەر بۆ تاقی کردنەوە تاڵەقژێکی سپی برای لی ْکردەوەو دەستەکانی پێ بەست. شێرزاد هەرچەندە هەوڵی دا، تاڵە قژەکە پێست و گۆشتی زیاتر بڕی و هەر نەپسا.



خوشکە، یەکسەر دەستی لێك داو سەردەستەی دزەکان لەحەشارگەی خۆی هاتە دەرەوەو شێرزادیان دەستگیر کردو بردیان فڕێیان دایە ناو بیرێکی ئەو دەوروبەرەوە گەڕانەوە. پەریزاد سواری ئەسپی شێرزاد بوو و سەردەستەی دزانیش سواری ئەسپی خۆی و بوو و یەکسەر کەوتنەڕێ و ڕۆیشتن.

ئێستاش باباسی شێرەکانتان بۆ بکەم:

شێرەکان سێ ڕۆژ چاوەڕێیان

کرد، دیتیان شێرزاد هیچ خەبەری نییە. بەهەوڵ و تەقەلایەکی زۆر زنجیرەکانی خۆیان پچڕاندو هاتنە ژوورەکەی شێرزاد، دیتیان لەوێ نییە. بۆنیان کردو شوونی بۆنی شێرزادیان هەڵگرت، بەڵام بەهیچ نەگەیشتن. یەکەم جار هەموو شوێنێکی قەڵاکە گەڕانو دیتیان لەناو قەڵادا نییە، لەدەرەوەی قەڵا کەوتنە گەڕانو پشکنین. تینوێتی زۆری بۆ هێنان، چوونە سەر لێوی بیرەکە ئاو بخۆنەوە دیتیان دەنگی ناڵەناڵێکی بەهێز دێ و بنیادەمێ لەناو بیرەکەدایە. یەکسەر بانگیان کرد، شێرزاد گوێی لەدەنگیان بوو و وەڵامی دانەوە. ئاخیری بۆیان دەرکەوت شێرزاد لەناو بیر گیری خواردووە. ئیتر سەرلێوی بیرەکەیان بەرنەداو هەر لەوێ مانەوە.

بەکورتی: ڕۆژێ کاروانێك بەو ناوەدا تێپەڕی. شێرەکانیان دی و زۆریان پێ سەیر بوو. ویستیان پەلاماریان بدەن، بەڵام شێرەکان وەك نیشانەی خۆ بەدەستەوەدان، خۆیان فڕێ دایە سەر زەوی‌و خۆڵیان بەسەری خۆیان داکردو خۆیان زۆر سەخڵەتو پەرێشان کرد.

سەرقافڵەچی دەستووری بەقولەڕەشێك کرد لێیان بچێتە پێش. قولەڕەشەکە لەبیرەکە نزیك کەوتەوە و گوێی لەناڵەناڵێ بوو، زانی پیاوێکیان هاویشتۆتە ناو بیر.

بەکورتی: گوریسیان هێناو قولەڕەشەکەیان ڕەوانەی بنی بیرەکە کرد. شێرزاد لەبەر ئێش‌و برسێتی زۆر شپرزە بوو. بەهەزار بەدبەختی و دەردەسەری هێنایانە دەرێ‌و دەستەکانیان کردەوەو تیماریان کردو چاك بووەوە.

سەربازرگان لەبەسەرهاتو ڕووداوەکانی پرسی. شێرزاد، لەسیر تاپیواز، مەسەلەی خۆی و خوشکی‌و سەردەستەی دزانی بۆ باس کردو سوپاسی کردن. هاتن، دیتیان قەڵا کەسی تێدا نییە. بۆ سبەینێ زوو، شێرزاد ئەسپێکی لەسەربازرگان وەرگرتو هەندێ خواردنی پەیدا کردو خاتری خواستو چووەدوو تاقیبی خوشکی.

چەند شەو و چەند ڕۆژ ڕێی بڕی. لەگەڵیان وەك لێمشتو لەگردۆلکان وەك زریان ڕێی بڕی تا بەشل‌و شەکەتی گەیشتە شارێك. کووخێکی بینی و ئەسپەکەی لەدرەختێك

بەستەوەو لەدەرگای کووخەکەی دا. پیرەژنێك هاتە پێشوازی و بردییە ماڵەوەو دەمودەست خواردن و خواردنەوەی ئامادە کردو لەبەر میوانەکەی دانا. کوڕەکە یەکسەر دەستی برد یەك کیسە زێڕی دایە پیرەژنەو گوتی:

ــ ئەمەش لەپاداشتی میوانپەروەریی تۆ.

بەکورتی، شەو نووستنەو بەیانی لەخەو ڕابوون. کوڕە ماڵاوایی کردو چووە شار، دیتی هەراوهۆریایە لەناو خەڵکەو جاڕچی جاڕ دەدەن. زانی شتێ هەیە. چووە پێشەو پرسی مەسەلە چییە؟ گوتیان: سەردەستەی دزانیان لەگەڵ کچێ گرتووەو دەیانەوێ لەداری بدەن.

بەکورتی زانی خوشکی کەوتۆتە مەترسی. یەکسەر گەڕایەوە لای پیرەژنەو دەستەودامێنی بوو و کیسە زێڕێکی دایەو گوتی:

ــ بڕۆ خەبەرێکی خوشکم بۆ وەربگرە.

پیرەژن دەرحاڵ خۆی ئامادە کردو چووە زیندان و دوای سەعاتێك خەبەری هێنا کەخوشکی شێرزاد ساغ و سەلیمەو پێی گوت ئەسپەکەی بێنێ و خۆیشی هەندێ دەرمانی بێهۆشی هەڵگرت و هەندێ خواردنی هێناو لەگەڵ کوڕەکە کەوتنەڕێ. چوونە زیندان، گفتی کیسە زێڕیان بە فەرمانبەران داو خواردنیان دانێو ئەوانیش خواردیانو بێهۆش بوون. یەکسەر شێرزاد خوشکی بینی و زنجیرەکانی پچڕاندو سواری ئەسپی خۆی کردو لەگەڵ پیرەژن لەزیندان هاتنە دەرەوەو ماوەیەك ڕێیان بڕی و سوپاسی پیرەژنیان کردو ملی ڕێیان گرت. خوشکی شێرزاد تەنیا ئێسكو پێستی لێ مابۆوە. شێرزاد یەکسەر کەوتە خزمەتکردنی و خواردنی چاکی دایە. ئەویش خواردی و حەسایەوەو تەندروستی چاك بووەوەو لەکردەوەی خۆی پەشیمان بووەوەو زۆر گریاو پاڕایەوەو تکاو ڕجای کرد بۆ ئەوەی شێرزاد لێی خۆش بێو ئەویش ئیتر غەڵەتی وا ناکا.

بەکورتی : شێرزاد لێی خۆش بوو و گوتی:

ـ تۆ تاوانبارنیتو ئەمە کاری دەورانی ڕۆژگارەو قسمەت هەرچی هەبێ، ئەوە دەبێو کەس ناتوانێ چارەنووس بگۆڕێ.

دوای حەسانەوە، چەند شەو و چەند ڕۆژ ڕێیان بڕیو گەیشتنە شارێکی ترو کوخێکیان پەیدا کردو حەسانەوە. تومەز ئەمە جێ ڕاوی پاشای ئەو وڵاتەیە. سبەینێ زوو کەهەستان، دیتیان دەنگی غاردانو تەراتێنی ئەسپو دەنگی تاژی و ئەسپو شتی تر دێ. شێرزاد یەکسەر بەخوشکی گوت:

ـ تۆ لێرە چاوەڕێ بکە، من دەچم بزانم مەسەلە چییە.

ئێستاش باباسی ئەو دوو شێرەتان بۆ بکەم کەشێرزادیان لەقەڵاتەکە ڕزگار کرد:

ئەمانە دوای ڕۆیشتنی شێرزاد، غەریبی شێرزادیان هەستاو ملیان بەلێڕەوارو گەڵیو گردۆلکانەوە نا تا خۆیان گەیاندە جێ ڕاوی ئەم پاشایەو بەیانی زوو پاشای ئەم شارە بۆ ڕاوە شێرچووە لێڕەوارو جێ ڕاوگەی خۆی. لەدوورەوە دوو شێری دی. هەموو داوەرینە سەر ئەو شێرە داماوانە بۆئەوەی ڕاویان بکەن. ئەم شێرە شەرزانە، بەپشتیوانی خوا، هەموو گیاندارەکانیان تارومار کردو هیچ یەکێکیان لەپاسەوانانی پاشا بەزیندوویی نەهێشت. پاشایش بەخۆو بەئەسپەوە کەوتبووە ناو چاڵێکو شێرەکان لەسەر لێوی چاڵەکە هەمیشە چاوەڕێ بوون پەلاماری پاشاو ئەسپەکەی بدەنو بەتەواوی لەناویان بەرن. لەوکاتەدا شێرزاد گەیشتە سەر تەپۆلکەیەکو لەوێوە حەشیمەتو چاڵو ئەسپی پاشای لەناو چاڵەکە بینی و شێرەکانیشی لەسەر سەری پاشا بینی. یەکسەر ئەسپەکەی دەنگ داو بەیەك غار خۆی گەیاندە سەر سەری شێرەکان. شێرەکان هەر هێندە شێرزادیان بینی، ناسیانو وازیان لەکوشتنی پاشا هێناو بۆ ڕێزنواندن دەستیان لەسەر سەری خۆیان داناو سەریان دانەواندو ئینجا خۆیان لەشێرزاد هەڵسویو دەستو دەموچاو و پێیان لستەوە.

پاشا، کەئەم ئیشانەی بینی، زۆر سەرسام بوو و خۆی بەسەر زەوی داداو سوپاسو ستایشی خودای کردو ئینجا لەناو چاڵەکە هاتە دەرەوەو تۆز و گەردی لەجلوبەرگ و سەرو ڕووی خۆی تەکاندو لەشێرزادی پرسی:

ــ تۆ کێیت؟ و لێرە چ دەکەی؟

شێرزاد ئیکلامی بۆ پاشا کێشا و ڕێزی خۆی بۆ نواند و گوتی:

ــ ڕێبوار و غەریبەم، بەڕێکەوت لەگەڵ خوشکم ڕێمان کەوتە ئێرەو لەدوو دەنگی گیاندارەکان هاتمە ئێرە.

پاشا ماچی کرد و ڕێزی لێنا و گوتی:

بەژیان قەرزاری تۆم.

بەڵام ئەوەشی پرسی شێرەکان بۆچی خۆشیان دەوێ و دڵی ڕادەگرن؟

شێرزاد گوتی:

ــ من بەمنداڵی بەشیری ئەمانە گەورە بوویم.

بەکورتی دوای ئەم قسانە، پاشا بەدەبدەبەو هەیتو هووت شێرزادو پەریزادی خوشکی بەمیوانی بردە کۆشکی خۆی و حەوشێکیان لەجێگایەکی سەوز و خۆش بۆ شێرەکان دروست کردو خواردن و ئەنوایان بۆ دابین کردن.

کاتێ کە پاشا لەگەڵ شێرزاد و پەریزاد چوونە ناو کۆشك، هەموو خەڵکی ناو کۆشك، لەوانە وەزیر بەخۆ و بەژنەوە و چێشتکەر بەخۆ و بەژنەوە هاتنە پێشوازییانو کوڕێکی کاکۆڵ زێڕین کە هەر تاڵێکی قژی زێڕو تاڵێکی زیو بوو وکچێکی ڕووجوانی ددان مرواریيان بینی و لەسەرسامییان شاخو پەڕیان دەرکرد.

ژنی وەزیرو ژنی چێشتکەر، کە خوشك بوون، ئەوەندەی نەمابوو لەسەرسامییان شاخو پەڕ دەربکەن و کەوتنە چرپە چرپ و قسەچنی. دڵیان کەوتە قرت و فرتو بەد گومانی و بە ئەدگاری منداڵەکانەوە زانیان ئەمانە منداڵی خوشکە بچووکە بەد بەختەکەی خۆیانن

که لەکونەڕشایە. دیارە کە لەناو سندووقیان نانو بەئاویان داهێلان، نەمردوون، بەڵکو ماونو گەورە بوونە. بەکورتی: خەنجەرت لێدابان خوێنیان لێ نەدەهات چاوەڕێی دەرفەتێکیان دەکرد بۆ ئەوەی پیلانێکی تازە دابنێنەوە، ئەگەر نا ئیشیان شرەو بەشمشێر لەملیان دەدەن.

ئیتر بەتەواوی خۆیان لەکوڕ و کچە نزیك کردەوە و ڕێزوخۆشەویستیی خۆیان بۆ دەنواندنو لەملاولەلا سەری قسانیان دەکردەوەو پەرەیان بەدۆستێنی و دڵسۆزی ڕووکەشیان دەدا.



ڕۆژێ ئۆینێکیان دامەزراند و پلانێکیان دانایەوە، بەدوو قۆڵی هاتنە لای پەریزاد و گوتیان:

ــ برات تۆی چەند خۆشدەوێ ؟ ئایا تائێستا تاقیت کردۆتەوە کە تۆی چەند خۆش دەوێ؟ یان نا؟

پەریزاد گوتی:

ــ برام منی بەقەد هەموو دنیا و ڕۆحی خۆی خۆش دەوێ.

گوتیان:

ــ تۆ کە خۆت ئەوەندە جوانی و هاتوویتە کۆشکی ئێمەو هەموو خەڵك پەسنت دەدەن، حەیف نییە گوڵی حەفت ڕەنگ و حەفت بۆت نەبێ، بۆ ئەوەی لەکۆشکی پاشادا هەر خۆت تاقە کەسو بێ هاوتا بیو براشت لەمەحەك بدەی داخۆ تۆی چەند خۆش دەوێ.

پەریزاد گوتی:

ــ چ بکەم؟ ئەم گوڵە لەکوێ بەدەست بێنم؟

گوتیان:

ــ ئەمە براکەت دەیزانێ و ئەگەر تۆی خۆش بوێ بەدوای دا دەچێ و بۆت پەیدا دەکا. (بێگومان پیلانی پوورەکان ئەوەبوو کوڕە بنێرنە ڕێی هاتو نەهاتو بەکوشتنی بدەنو پاشانیش کچەکە لەناوبەرن).

بەکورتی پەریزاد قبووڵی کرد و مەسەلەکەی بەبرای گوت.

برای ڕازی بوو و ڕوخسەتی لەپاشا وەرگرت و چووە تاقیبی گوڵی حەفت ڕەنگ و حەفت بۆ. بەپرسیاران پێ‌کەوت ئەم گوڵە لەناو باخی دیو شین بووە و هەرکەسێکیش بچێتە ئەوێ دەکوژرێ. کوڕە هیچ گوێی بەقسەی خەڵك نەدا و لەدڵی خۆیدا گوتی: (من تەنیا یەك تاقە خوشکم هەیەو دەبێ ئارەزووی بێنمە دی)

هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە بیابانێك. بەشەکەتی و تینوێتی لەژێر سێبەری درەختێك دانیشت، دیتی دەنگێك دێ. چاوی گێڕا دیتی بێچووە سیمرغ لەسەر درەختەکەن و وا مارێك خەریکە بەسەر درەختەکە دەکەوێ بۆئەوەی بیانخوا. کوڕە قیت بووەوە، مارەکەی گرتو کوشتیی و بێچووە سیمرغەکانی نەجات دا. بێچووە سیمرغەکان زۆر خۆشحاڵ بوون. لەناکاو دەنگێك لەئاسمانەوە هاتو سیمرغی گەورە هاتە خوارەوە، ویستی کوڕەکە بخوا، بەڵام بێچووە سیمرغەکان لێ نەگەڕانو گوتیان ئەمە ئێمەی لەمەرگ نەجات دا. سیمرغیش خۆشحاڵ بوو و بە کوڕەکەی گوت:

ــ پێم بڵێ بزانم چ ئارەزوویەکت هەیە، تا ئارەزووەکەت بێنمە دی. کوڕەکەش هەقایەتەکەی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

من خوشکێکم هەیە، گوڵی حەفت ڕەنگ و حەفت بۆی دەوێ.

سیمرغ گوتی:

ــ باشە، ڕۆڵەگیان! وەرە سواری پشتی من بە. من بەسەر ئەو باخەدا دەتبەم، تۆش دەستت درێژدەکەی و یەکێ لەو گوڵانە لێ دەکەیتەوە,.

کوڕەکە قبووڵی کردو سواری پشتی سمرغ بوو . فڕینە ئاسمان تا گەیشتنە باخەکە. کوڕەکە دەستی درێژکرد و چەند دانەیەکی لەو گوڵانە چنی. سیمرغ بردییەوە لەسەر زەوی داناو چەند پەڕێکی لەباڵی خۆی دەرکێشاو دایە کوڕەکەو گوتی:

هەرکاتێ، لەهەر شوێنێ، کارت عاسێ بوو، یەکێ لەمانە هەڵکڕوزێنە، من دەمو دەست دەگەمە لات.

کوڕەکە پەڕەکانی وەرگرتو ماڵاوایی لەسیمرغ کردو چووەوە ماڵێو گوڵەکەی دایە خوشکی. خوشکی گوڵەکەی وەرگرتو بەشادومانی بردییەوە کۆشکی پاشاو پێشانی پوورەکانی دا. پوورەکان ڕق ئەستوورتر بوونو لەبەینی خۆیانەوە گوتیان:

ــ ئەم پیلانەمان سەری نەگرت، ئێستا دەبێ پیلانێکی تر دابڕێژین. بەکچەکەیان گوت:

ــ تۆ کە گوڵی حەفت ڕەنگو بۆت هەیە، پێویستە سێوی زێڕیشت هەبێ.

کچەکەش خوداحافیزی لێ کردنو چووەوە ماڵێو بەبرای گوت:

ــ سێوی زێڕم دەوێ و دەبێ بچی لەو باخە بۆم بێنی کەگوڵی حەفت ڕەنگو حەفت بۆت لێ ٚهێناوە.

کوڕەکەش قبووڵی کردو چوو خوداحافیزی لەپاشا کرد بۆ ئەوەی بڕوا.

پاشا گوتی:

ــ دەتەوێ بچیتە کوێ؟

گوتی:

ــ دەمەوێ بچم سێوی زێڕ بۆ خوشکم بێنم.

پاشا گوتی:

ــ بڕۆ خوات لەگەڵ.

کوڕەکەش ڕۆیشتو لەدڵی خۆیدا گوتی:

ــ واچاکە پەڕێکی سیمرغ هەڵکڕووزێنم و داوای یارمەتی لێ بکەم.

پەڕی سیمرغی هەڵکڕووزاندو سیمرغ دەست بەجێ پەیدا بوو گوتی:

ــ چیت دەوێ، پێم بڵێ تا بۆت بکەم.

کوڕەکە گوتی:

ــ سێوی زێڕم دەوێ.

سیمرغ گوتی:

ــ کەواتە، وەرە سواری پشتم بە.

کوڕەکە سواری پشتی سیمرغ بوو و کەوتنەڕێ تا گەیشتنە باخەکە. کوڕە دەستی درێژکردو سێوێکی لێ کردەوەو هێنایەوە ماڵێ‌و دایە خوشکی. خوشکیکشی سێوەکەی هەڵگرتو بردییە کۆشك بۆ لای پوورەکانی. پوورەکانی هەر وەخت بوو لەسەرسامیان پەڕ دەربکەن و بەیەکتریان گوت:

ــ ئەم جارە دەبێ پیلانێکی تر دابنێینەوە بۆ ئەوەی بەکوشتنیان بدەین. پێی دەڵێین بەبرای بڵێ باڵندەی قسەکەرم دەوێ. باڵندەی قسەکەر حەفت تەبەقە لەژێر زەمینەو ئەو ناتوانێ بەدەستی بێنێ‌و بەدەستی دێوەکان بەکوشتن دەچێ.

هەروایشیان کردو بەکچەکەیان گوت:

ــ بەبرات بڵێ باڵندەی قسەکەرم دەوێ.

کچەکە قبووڵی کردو بەبرای گوت:

ــ باڵندەی قسەکەرم دەوێ.

برای قبووڵی کردو چوو خوا حافیزی لەپاشا بکا.

پاشا گوتی:

ــ دەچیتە کوێ؟

گوتی:

ـــ دەچم باڵندەی قسەکەر بۆ خوشکم دێنم.

پاشا گوتی:

ـ هەرکاتێ هێنات، بیهێنە لای من بۆ ئەوەی بیبینم.

کوڕەکە قبووڵی کردو چوو، دووبارە پەڕێکی سیمرغی هەڵکڕووزاندو سیمرغ دەمودەست پەیدا بوو و گوتی:

ـ رۆڵەگیان دیسان چت دەوێ؟

کوڕەکە گوتی:

ـ باڵندەی قسەکەر.

سیمرغ گوتی:

ـ باڵندەی قسەکەر حەفت تەبەقە لەژێر زەمینەو من تا بەردەرگای باخی دێوەکە زیاتر ناتوانم لەگەڵت بێم. تۆ دەبێ هاواری حەزرەتی سلێمان بکەی فریات بکەوێ. ئەوەش بزانە باڵندەی قسەکەر جادووبەندە، دەبێ سێجار ناوی حەزرەتی سلێمان ببەی و باڵندەی قسەکەر سوێند بدەی. جاری یەکەم کەباڵندەی قسەکەرت سوێندا، تا ناو قەدت لەزەوی دەچێتە خوارێ و کە جاری دووەم سوێندت دا تا سینگت لەزەوی دەچێتە خوارێ و کەجاری سێیەم سوێندی دەدەی، ئەگەر تەلەسمەکە بشکێ باڵندەی قسەکەرت دەست دەکەوێ و ئەگەر تەلەسمەکە نەشکێ، لەزەوی دەچیتە خوارێ و هەتا هەتایە لەژێر زەوی بزر دەبیت.

دوای ئەم قسانە، سیمرغ کوڕەکەی سواری پشتی خۆی کردو فڕییە ئاسمانو کوڕەی لەناو باخەکە دانایە سەر زەوی‌و پێی گوت:

ـ ئەگەر چوویتو گەڕایتەوە، لەو پەڕانەی من کەلاتە پەرێکی ترم هەڵکڕووزێنە بۆئەوەی بێمو بتبەمەوە ماڵی خۆتان. ئەگەر نەشگەڕایتەوە، ئەوە هیچ!

سیمرغ خواداحافیزی کردو ڕۆیشت. ئەوسا کوڕەکە دەستی بەرز کردەوەو گوتی:

ــ ئەی باڵندەی قسەکەر بەحەزرەتی سلێمان سوێندت دەدەم لەتەلەسم وەرە دەرەوە.

لەناکاو دیتی تا ناوقەدی لەزەوی چووە خوارێ. جاری دووەم باڵندەی قسەکەری بەحەزرەتی سلێمان سوێندا و دیتی تا سینگی لەزەوی چووە خوارێ. کەجاری سێیەم بەحەزرەتی سلێمانی سوێندی دا، دیتی باڵندەی قسەکەر وا لەناو دەستی دایە، زۆر شادو کەیفخۆش بوو - بەڵام باڵندەی قسەکەر باڵندەیەکە هەم قسە دەکا. هەم ئاگای لەهەموو شتێكو لەهەموو جێیەکە — زۆر شادو کەیفخۆش بوو و پەڕی سیمرغی هەڵکڕووزاند و سیمرغ پەیدا بوو و سواری پشتی خۆی کردو بردییەوە ماڵێ. کە گەیشتەوە ماڵێ، باڵندەی قسەکەری دایە خوشکی. خوشکی زۆر کەیفخۆش بو و لەگەڵ باڵندەی قسەکەر کەوتە ڕاز و نیازو یەکەم پرسیاری کە بەمێشکی دا هات ئەمەبوو:

ــ ئەی باڵندەی قسەکەر، بەحەزرەتی سلێمان سوێندت دەدەم، پێم بڵێ بزانم دایكو باوکی ڕاستەقینەم لەکوێن؟

باڵندەی قسەکەر بەقسەهاتو گوتی:

ــ ئەوان لەئاوێنەی جیهان نمادا دەبینرێن. شێرزاد دەبێ بچێ ئاوێنەی جیهان نما بێنێ.

شێرزاد پرسی:

ــ ئاوێنەی جیهان نما لەکوێیە؟

باڵندەی قسەکەر گوتی:

ــ ئەوە دێوی سپی دەیزانێ. تۆ دەبێ بچیتە قەڵای دێوی سپی و دێوەکە دیل بکەی بۆ ئەوەی ناچاربێ ئاوێنەی جیهان نمات پیشان بدات. ئەوەش بزانە دێوی سپی شای هەموو دێوانی دونیایە و ئێستا لەخەوێکی حەفت ساڵەدایە. تۆ دەبێ لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانی لەخەو هەستی. دەچیتە ئەو ڕێگایەی من نیشانت دەدەم، دەڕۆی تا دەگەیتە کێوێکی بڵند، قەڵایەکی گەورە لەپشت ئەو کێوەیە. دەچیتە ناو قەڵاکە و دێوی سپی لەوێ دەبینی لەخەوێکی حەفت ساڵەدایە. یەکسەر خەنجەرت هەڵدەکێشیو لەئەژنۆی ڕادەکەی. ئەو وا

دەزانێ ئەمە مێش و مەگەزە، بەڵام بەرلەوەی بەخەبەری بێنی، دەبێ شووشەی عومری دەربێنی کە لە ئەژنۆی ئاسکێکدایەو ئاسکەکە لەژوورێکی قەڵاکە زیندانی کراوە. کە دێوەکە بەخەبەرهات، پێی دەڵێی شووشەی عومرت لەدەستی مندایە: یان دەبێ جێگای ئاوێنەی جیهان نمام پێشان بدەی، یان دەتکوژم. بزانە چ وەڵامێکت دەداتەوە. دەبێ دێوەکە سوێند بدەی. کەسوێندی بەنان و نمەکی باوکو بەشیری دایکی خوارد، سوێندەکەی ڕاستە.

بەکورتی، شێرزاد ڕێگای ڕاستی خۆی گرتو ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە کێوێك. چووە سەرکێوەکە، قەڵایەکی بینی. چووە ناو قەڵاکە و ئەسپەکەی بەستەوە. چووە ناو ژووری دێوی سپی. دیتی دێوێکی گەورە خەوێکی لەشەودرێژترو لەڕۆژ کورتتری لێ کەوتووە. چووە ژوورێکی تر ئاسکێکی خەتابی دی بەستبوویانەوە. ڕانی ئاسکەکەی بەخەنجەر شەق کردو شووشەی عومری دێوی دەرهێنا. دێوە جووڵەیەکی کردو گوتی:

ــ مێش و مەگەزینە، شەویش لێ ناگەڕێن بخەوم.

شێرزاد گوتی:

ــ هەستە، ئەمە مێش و مەگەز نییە. ئەمە منم. قاتلی تۆم. هاتووم ڕۆحت بکێشم.

دێوە حەپەساو قیت بووەوە، دیتی وا ڕۆحی لەناو دەستی ئەم بنیادەمە دایە، گوتی:

ــ ئەی ئادەمیزاد، مەمکوژە، هەر داوایەکت هەیە بۆت جێبەجێ دەکەم.

شێرزاد گوتی:

ــ دەبێ سوێند بخۆی.

دێوەکە گوتی:

ــ سوێندم بەنان و نمەکی باوکم و بەشیری دایکم، هەرچی بتەوێ من ڕازیم.

شێرزاد گوتی:

ــ من هاتووم ئاوێنەی جیهان نمام بدەیتێ بۆ خوشکم ببەم.

دێوەکە نەختێ بیری کردەوەو گوتی:

ـ ئەو ئاوێنەیەی تۆ داوای دەکەی لای من نییە. ئەو ئاوێنەیە لەوڵاتی شاری حووریو پەرییانە. سەبرکە، با نامەیەك بۆ شای حووریان بنووسم، بزانم چیم وەڵام دەداتەوە.

شێرزاد گوتی:

ـ من ئەو ئاوێنەیەم لەتۆ دەوێ

دێوی سپی نامەیەکی بۆ شای پەرییان نووسی:

( بەخۆشیو ئاشتی ئاوێنەی جیهان نمام لەئێوە دەوێ، ئەگەرنا دەبێ باجو هەستەی حەفت ساڵە بدەنو خۆتان بۆ جەنگ ئامادە بکەن).

نامەکەی تەواوکردو دایە تەتەرێك. تەتەری دێوەکە نامەی هەڵگرتو وەکوو گەردەلوولە بەدەوری خۆیدا خولایەوەو بەرز بووەوە ئاسمانو دوای چەند ڕۆژێ، دەورییەکانی شای پەرییان تەتەری دێوی سپییان هێنایە بەردەم پاشای خۆیان. تەتەر ئیکلامی کێشاو نامەکەی لەژێر کڵاوی دەرهێناو دایە دەست پاشاو ئەویش دایە دەست وەزیرو گوتی بیخوێنەوە بزانم چییان نووسیوە. وەزیر نامەکەی کردەوەو خوێندییەوەو گوتی:

ـ دێوی سپی نووسیویەتی : گیانم کەوتۆتە مەترسی. ئادەمیزادێك هاتووەو شووشەی عومری منی دەست خستووەو دەیەوێ بمکوژێ. ئەگەر ئێوە ئاوێنەی جیهان نما بدەن، ئادەمیزادەکە نامکوژێ و ئەگەر نەیدەن، دەبێ باجو هەستەی حەفت ساڵە بدەن، ئەگەر نا خۆتان بۆ جەنگ ئامادە کەن.

شای پەرییان بەوەزیری گوت:

ـ ڕاو تەگبیری وەزیرەکان چییە؟

گوتیان:

ـ بەرژەوەندی لەوەدایە ئێوە لەوەڵامدا بۆی بنووسن با ئادەمیزادەکە بێتە ئێرەو خۆی ئاوێنەکە وەربگرێ، کەهات بەفێڵ بیکوژن، بۆ ئەوەی هەم دێوە ڕزگاری بێو هەم ئێمەیش.

پاشا گوتی: ئەمە چارەیەکی زۆر چاکە.

ئینجا لەوەڵامی دێوی سپیدا، نووسییان:

ــ ئێوە دەبێ ئەم ئادەمیزادە لەگەڵ خۆتان بێنن بۆ ئەوەی ئاوێنەی جیهان نمای بدەینێ.

دێوی سپی کەسەیری نامەکەی کرد، بەشێرزادی گوت:

ــ شای پەرییان داوەتی کردووین، وەرە بچین ئاوێنەی جیهان نمای لێ وەربگرین. ئەگەر نەیاندا دەجەنگین. خاتر جەم بە من ئەو قسەی بەتۆم داوە هەر لەسەر قسەی خۆمەو ئەگەر سەریشم دانابێ، قسەی خۆم ناخەمە ژێر پێ.

شێرزاد گوتی:

ــ هەستە، بڕۆین !

دێوی سپی ئەمری کرد تەختی شاهانەیان هێناو دەستووری دا وەزیرەکەی کاروباری جەنگ ئامادە بکا. لەشکر، چ لەشکرێك!! وەکوو کوللەو مێروو وابوو ! دێوی سپی لەگەڵ شێرزاد لەسەر تەختەکە دانیشتنو دێو تەختەکەیان بەرز کردەوەو کەوتنە ئاسمانو ڕۆیشتن. لەشکری دێوی سپی بەری ڕۆژی گرت، هەموو شوێنێ تاریك داهات. لەولاشەوە خەبەر گەیشتە شای پەرییان کەدێوی سپی وا بەخۆی و بەلەشکرێکی زۆرەوە هات، نەسەری دیارە نەبن. شا دەستووری دا بچنە پێشوازییان. وەزیرەکان چوونە پێشوازیانو زۆر ڕێزیان لێ نان. ئەم خەبەرە بەشاری پەرییاندا بڵاوبووەوە، هەموو دەهاتنە پێشوازیو دیدەنی ئەو ئادەمیزادە، واتە شێرزادو زۆریان بەلاوە سەیر بوو و دەیانگوت:

ــ بەه، بەه ! ئەمە ئادەمیزادێکی چەند قۆزە؟ گەنجێکی چەند لێوەشاوەیە!

ئەم خەبەرە دزەی کرد بۆ حەرەمسەرای شای پەرییان. شاژن حەزی کرد ئەو ئادەمیزادە ببینێ. لەپشت پەردەی حەرەمسەراوە سەیری کردو دیتی شێرزادە. ناسییەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی:

ــ سەیرە، ئەوە شێرزاد بۆچی هاتۆتە ئێرە؟

یەکسەر قەرەواشەکەی خۆی ناردە لای شاو داوای کرد بێتە لای.

قەرەواشەکە چووە لای شاو ئاگاداری کردەوە کە شاژن کارێکی پەلەی پێیەتی.

شا هاتە لای شاژنو پرسی: چت دەوێ؟

شاژن گوتی:

ــ ئەم ئادەمیزادە بەچ مەبەستێك هاتۆتە ئێرە؟

شا گوتی:

ــ ئەمە دێوی سپی دیل کردووە و هاتوون ئاوێنەی جیهان نما ببەن. ئێمە بەتەماین ئەم ئادمیزادە لەناوبەرینو دێوی سپی ئازاد بکەین، چونکە دێوی سپی داوای باجو هەستەی حەفت ساڵی لێ کردوین، نەوەك لەگەڵمان دەجەنگێو ئەمەش لەقازانجی ئێمەدا نییە.

شاژن دەستی بەگریە و زاری کرد. شا پرسی:

ــ ئەوە تۆ بۆ دەگری؟ مەسەلە چییە؟

شاژن گوتی:

ــ چۆن نەگریەم؟ من ڕۆژێ سێ جار شیرم بەو ئادەمیزادە داوە. منداڵی خۆمە

شا گوتی:

ــ حورمێ، ئەوەی تۆ چ دەڵێی؟

گوتی:

ــ بەڵێ ، ڕاست دەڵێم

ئینجا بەمێردی گوت کەپوورەکانی شێرزاد، بەحیلەو فێڵو پیلانی ژنانی حەرەمی پاشاو بەهاوکاری پیرەژنی مامان، شێرزادو پەریزادیان لەناو سندووقێك ناو بەئاویان دا هێلا بۆ ئەوەی لەناویان بەرن، بەڵام خۆشبەختانە باخەوان و ژنەکەی ئەمانەیان لەئاو گرتەوە و بردیاننە ماڵێو من ڕۆژ سێ جار لەسەر شێوەی دەڵە دێو دەچووم شیرم دەدانێ. ئەگەر من نەچووبامو شیرم نەدابانێ، ئەم ئادەمیزادە بەخۆو بەخوشکەوە دەمردن. من هەمیشە چاوم لێ بوون. ئەوانە منداڵی منو کەس ناتوانێ ئەزیەتیان بدا.

شا گوتی: بەڕاستیتە، ئافرەت؟

شاژن گوتی:

ـ ئەرێ، بەخوا !

شا گوتی:

ـ ئەی خوشکی ئەم گەنجە لەکوێیە؟

ژنەکە گوتی:

ـ هەر بەڵایەکی بەسەر ئەم داماوە بێ، سەبارەت بەخوشکە نەزانەکەیەتی. شێرزاد هەرچی بەسەری بێ، من لەتۆی دەزانم هەر ئێستا شێرزادم بۆ بێنە. زۆرم زەحمەت پێوە کێشاوە.

شای پەرییان یەکسەر گەڕایەوە ئەنجوومەنو گوتی:

ـ گەلۆ! من پێتان ڕادەگەیەنم، ئەم ئادەمیزادە کەناوی شێرزادە، کوڕی منەو هەرکەسێ خیانەتی لەگەڵ بکا ئەمر دەکەم لەسەری بدن.

ئینجا باوەشی بەشێرزاددا کردو ڕوومەتی ماچ کردو بردییە حەرەمسەرا بۆ لای دایکی.

شاژن بەدیتنی شێرزاد شادو کەیفخۆش بوو. شێرزاد وڕو کاس ببوو، نەیدەزانی مەسەلە چییە و هەر دەیپرسی:

ـ ئێوە کێن؟ و بۆچی ئەوەندە میهرەبانیم لەگەڵ دەکەن؟

شاژن، ڕووداوەکەی لەسەری هەتا بنی بۆ شێرزاد گێڕایەوەو شێرزاد لەسەربردەی خۆی ئاگادار بووەوە.

چەند ڕۆژێ بەشادی و حەسانەوە بردیانە سەر، دوای ئەو چەند ڕۆژە، شێرزاد ڕوخسەتی خواست بڕوا. شای پەرییان ئەمری کرد ئاوێنەی جیهان نمایان لەخەزێنە دەرهێناو دایانە شێرزاد. ئینجا شا ژن بازووبەندێکی دایە شێرزادو گوتی:

ــ ئەمە یادگارییەکە بۆ تۆ. هەر کاتێ ڕووداوێکی نا لەبارت بەسەرهات، سەیری ئەم بازوو بەندە بکە. لەناو ئەم بازووبەندەدا، چەند هەزار حووری و پەری لەبەردەستی تۆدان، هەر ئەمرێکی بکەی جێ بەجێی دەکەن. دوای ئەم بینەو بەرەیە شای پەرییان دەستووری دا لەشکری پەرییان لەشکری دێوی سپییان بەرێ کردو هاتنەوە وڵاتی دێوی سپی. دێوی سپی چەند ڕۆژێ میوانداریی شێرزادی کرد. ئینجا شێرزاد ڕووخسەتی لەدێوی سپی خواست.

دێوی سپی گوتی:

ــ لەپاداشتی ئەو چاکەیەی لەگەڵت کردەو نەتکوشتم، منیش سێ دانە میراتم لەباوکم بۆ ماوەتەوە، پێشکەشی تۆیان دەکەم:

یەکەم کڵاوێکە ئەگەر لەسەری بنێی، لەبەرچاوی خەڵك بزر دەبی.

دووەم سفرەیەکە هەرچی خواردنێکی لێ بخۆی، هیچ کەم نابێتەوە.

سێیەمیش خالیچەیەکە هەر کاتێ لەسەری دابنیشیو بڵێی بەحوکمی حەزرەتی سلێمان بمگەیەنە فڵانە جێ، دەمو دەست دەتگەیەنێتە ئەو جێیە.

بەڵام داوام لەتۆ ئەوەیە خەسیەتی ئەم شتانە لای کەس ئاشکرا نەکەی بۆ ئەوەی تووشی دەردسەری نەبیتو ئەم شتانە لەدژی خۆت بەکار نەهێنن. هەر کاتێکیش پێویستت بەلەشکر بوو، یەکسەر من ئاگادار بکەوە بۆ ئەوەی خزمەتت بکەم.

شێرزاد هەر هێندە ماڵاوایی لەدێو خواست، لەسەر خالیچەکە دانیشتو گوتی:

ــ ئەی خاڵیچە، بەحوکمی سلێمان پێغەمبەر بم بەلای خوشکم.

خالیچەکە یەکسەر جووڵاو فڕیو ئەوەندەی پێ نەچوو شێرزاد گەیشتەوە ماڵی خۆیان، لای خوشکی و یەکسەر خالیچەکەی پێچایەوە چووە ژوورەوە. دیتی خوشکی خەوتووە ، یەکسەر بەخەبەری هێناو دەستو دەمی یەکتریان ماچ کردو خوشکی زۆر شادومان بوو و پرسی:

ــ ئاوێنەکەت هێنا؟

شێرزاد گوتی:

ــ بەڵێ، خوشکم، هەم ئاوێنەکەم هێناو هەم شتی تریش کەپاشان پێت دەڵێم.

یەکسەر ئاوێنەکەیان دەرهێناو گوتیان:

ــ ئەی ئاوێنە، بەحوکمی حەزرەتی سلێمان دایكو باوکی ڕاستەقینەی خۆمان پێشان بدە.

یەکسەر دیتیان کۆشکی ئەو پاشایە دەرکەوت کە شێرزاد لەچنگ شێرەکانی دەرهێنا بوو. پاشا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتبوو و خەریکی بەزمو ڕابواردن بوو، زانییان ئەو پاشایە باوکیانە، بەڵام پاشان دیتیان کونەڕەشی زیندانی پاشا دەرکەوتو دایکیان بەوەزعێکی شڕ لەگۆشەیەکی زیندان کەوتبوو، چاوەکانی کوێر ببوونو ئەوەندەی نەمابوو بمرێ.

شێرزاد یەکسەر بەخۆ و بەخوشکی لەسەر خالیچەکە دانیشتن، شێرزاد گوتی:

ــ ئەی خالیچە، بەئەمرو فەرمانی حەزرەتی سلێمان بمانگەیەنە کۆشکی پاشا.

بەچاوتروکانێك، خالیچەکە جوولەی تێکەوت و فڕی و شێرزادو پەریزاد لەنزیك کۆشکی پاشا دابەزین. شێرزاد خالیچەکەی پێچایەوەو دەستی پەریزادی گرتو ئەو کڵاوەی لەدێوەکەی وەرگرتبوو لەسەری ناو چووە ناو کۆشك، بەڵام هیچ کەس نەیدەبینین. یەکەو ڕاست، بەنهێنی چوونە ناو ئەو ژوورەی پاشای تێدا بوو. پەریزاد، بەقسەی شێرزاد، باڵندەی قسەکەریشی لەگەڵ خۆی هێنا بوو. باڵندەکە، لەسەر داوای شێرزاد، دەستی بەخوێندن کردو ئاوازێکی ئەوەندە دڵبزوێنو ڕۆحەفزای خوێند سەراپا کۆشك هەژاو پاشاو وزەراو وکەلا سەراسیمە بوونو بەبێ دەستی خۆیان بۆ لای دەنگەکە هاتن، بەڵام کەس دیار نەبوو. پاشا دەستووری دا هەموو شوێنێ گەڕان بەڵام هیچ دەوسی ئادەمیزادیان لەو کۆشکەدا

نەدۆزییەوە. سەرسامو مەندەهۆش بوون، لەپڕ شێرزاد بیرێکی بەمێشکدا هاتو بەکاری خوا باڵندەی قسەکەر دەنگی هەڵبڕیو بەم جۆرە هاتە قسە:

ــ پاشام سەلامەتدار بێ، ئەگەر هەموو وزەراو وکەلاو خانەدانو گرەگرەکان لێرە کۆکەیتەوە مەمنوون دەبم، چەند پرسیارێکم لەحزوور جەنابتان هەیەو پاشانیش شتێکی گرنگ بەهەموو لایەك ڕادەگەیەنم کەپەیوەندی بەژیانی ئایندەی پاشاو وڵاتی ئێوەوە هەیە و چارەنووسی هەموو لایەکی پێوە بەسراوە.

پاشا بەسەرسامی لەوەزیر ڕاما، وەزیر ماتو مەندەهۆش بوو. ئاخیری بڕیاریان دا هەموو خانەدانو پیاو ماقووڵو گرەگرەکان لەئەنجوومەن کۆبکەنەوە.

کە هەموو ئامادەبوون، دەنگێکی ڕۆحبەخش پرسی:

ــ پاشا، باش گوێ لەپرسیارەکانی من بگرەو زەحمەت نەبێ لەبەردەم هەموو لایەك ، بەدەنگێکی بەرز وەڵامم بدەوە.

دەنگەکە پرسی:

ــ ئایا پاشا تا ئێستا ژنی هێناوە؟

پاشا گوتی:

ــ بەڵێ.

دەنگەکە گوتی:

ــ ئایا پاشا بۆتە خاوەن منداڵیش؟

پاشا گوتی:

ــ نەخێر.

دەنگەکە گوتی:

ــ سەیرە، چۆن پاشا ژنی هێناوەو نەبۆتە خاوەن منداڵ.

پاشا گوتی:

ــ دواجار زەماوەندم لەگەڵ کچێ کرد، دوو گوجیلە سەگی بوو، منیش گوجیلەکانم کوشتو ژنەکەم فڕێدایە کونەڕەشو ئیتر ژنم نەهێناو نەبووم بەخاوەن منداڵ.

دەنگەکە گوتی:

ــ لەئادەم تا خاتەم قەت نەدیتراوەو نەبیسراوە ئادەمیزاد سەگی ببێ.

چۆن دەبێ شتی وا ڕووبداو ئێوە پێتان سەیر نەبێ.

پاشا گوتی:

ــ من وچاغکوێر بوومو منداڵم نەدەبوو. دەروێشێ سێوێکی دامێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنەکەم بیکەم بەدوولەتو یەکەو لەت بخۆین. وابزانم ئەمە فێڵوتەڵەکەی دەروێش بوو و سیحرو جادووی لێ خوێندبوو بۆ ئەوەی ژنەکەم لەباتی منداڵ، سەگی ببێ.

دەنگەکە گوتی:

ــ پێم سەیرە پاشای وڵاتێ ئەوەندە ساویلکە و خەرافاتی بێ. بەهەرحاڵ، هەر ئێستا دەستوور بدە ژنەکەت لەکونەڕەش دەربێننو بیهێننە ئێرە.

بەدەستووری پاشا، دەورییەو پاسەوان یەکسەر چوونە کونەڕەش و ژنە داماوەکەیان هێنایە کۆشك بۆ حزوور پاشا کەئەگەر لەبیرتان مابێ ناوی (دلارا) بوو و ئێستا هەر ئەوەتە ڕۆحی لەبەردا مابوو.

ژنەی داماو لەزیندان ئەوەندەی فرمێسك ڕشتبوو ئاوی مرواری کەوتبووە چاوانو چاوی کوێر ببوون، خۆیشی لەبەر کەمی خواردن و نەخۆشی تەنیا ئێسکو پێستی لێ مابووەوە.

بەکورتی کەمێ لەسەرو وەزعی شاژن خەفتنو دەنگەکە پرسی:

ــ ئایا ئەم خانمە ژنی ئێوە بوو؟

پاشا وردبووەو (دلارا)ی ناسییەوەو گوتی:

ــ بەڵێ.

دەنگەکە گوتی:

ــ خوشکەکانی ئەم خانمە کە یەکی ژنی چێشتکەرەکەتانەو ئەوەی تر ژنی وەزیرەکەتانە، لەناو ئامادەبووانن، زەحمەت نەبێ با بێنە پێشەوە.

دووژن، کەخوشکەژنی پاشا بوون، لەناو ئامادەبووان هاتنە بەردەم پاشاو ئیکلامیان کێشا، لەترسان وەکوو بی ناو ئاو دەلەرزین.

دەنگەکە گوتی:

ــ پاشا دەبێ فەرمان بدا جەللاد بێ و ئەگەر ئەم دوو ژنە ئۆینبازو بەدەکەو دەهۆیە، بەزمانی خۆیان ڕاستی نەڵێنو پەردە لەسەر نهێنییەکان لانەبەن، لەسەریان بدا.

پاشا زۆر مەراقی گرتبوو، یەکسەر فەرمانی دا جەللاد بێ و لەسەری هەردوو خوشکی (دلارا) بدا. ئەو دوو خوشکە، کەگوێیان لەم فەرمانە بوو، دەستیان بە گریەو زاریو پاڕانەوە کردو گوتیان ئەگەر پاشا ئەمان بدا ڕاستی دەڵێین.

پاشا ئەمانی دانو ئەوانیش گوتیان:

ــ ئێمە لەبەر ئەوەی ئێرەییمان بەخوشکمان دەهات، بەهۆی پیرەژنی عەییارو مامانی ئۆینبازەوە کۆرپەکانی تۆمان لەناو سندووقێك ناو فڕێمان دایە ناو ئاو و توولەسەگمان لەجێی کۆرپەکان داناو پێشانی تۆمان دان.

پاشا، کەخەنجەرت لێ دابا خوێنی لێ نەدەهات، یەکسەر پرسی:

ــ ئەی منداڵەکانی من لەکوێن؟ و چییان بەسەرهاتووە؟

دوو خوشکەکە گوتیان:

ــ خۆشبەختانە، ئێمە بەم دواییە منداڵەکانی تۆمان لەناو کۆشکدا بینی: یەکێکیان، کە کوڕەکەتانە کاکۆڵ زێڕینەو هەر تاڵە قژێکی زێڕو تاڵەقژێکی زیوەو ناوی شێرزادە و ئەو کەسەیە کەئێوەی لەچەنگ شێر نەجات داو ئەوەی تریش پەریزادە، کەددان مرواریەو خوشکی شێرزادە.

بەکورتی، کە پەردە لەسەر نهێنییەکان لاکەوت، شێرزاد یەکسەر کڵاوی جادوویی لەسەر کردەوەو هەموویان بەحەپەساوی شێرزادو خوشکەکەیان لەناو خۆیان بینی و بەسەرسامی تەماشای باڵندەی قسەکەریان کرد کەخەریك بوو قسەی دەکرد.

شێرزادو پەریزاد، هەر هێندە کەچاویان بەپاشا کەوت، گوتیان:

ــ باوکە!!

هەر رایان کرد بۆ لای پاشاو خۆیان بەباوەشی دادا و ماچیان کرد، ئینجا چوونە لای دایکی داماویان و گرتیانە باوەش و دەستیان بەگریان کرد.

پاشا ویستی خوشکە ژنەکانی لەناو بەرێ، بەڵام شێرزادو پەریزادو دایکی لێ نەگەڕانو لێیان خۆش بوون.

ئیتر بوو بەئاهەنگی شادی و خۆشی و حەفت شەو و ڕۆژ ئاهەنگ بەردەوام بوو

شێرزاد سەیری ئەو بازووبەندەی کرد کەشاژنی حووریبان پێی دابوو، داوای شاژنی کردو بەیارمەتی شاژن و ئەو ڕۆنە تایبەتییەی لەحەفت گیای دەگمەنی دونیا گیرابووەوە، چاوی دایکی ڕاستەقینەی خۆی چاك کردەوەو خواردنی تاقەتبەخشی دایەو ئەویش خواردی و ڕۆژ بەڕۆژ قەڵەوتر بوو و تەندروستی وەکوو جاران لێ هاتووە.

چەند ساڵ بەم جۆرە بووری، پاشا، کە کەوتبووە ناو ساڵان، وەسیەتی کرد شێرزاد ببێ بەجێنشینیو زۆری پێ نەچوو مرد.

شێرزاد لەسەرتەختی فەرمانڕوایی دانیشتو دەرگای خەزێنەکانی وڵاتی کردەوەو هەژارو دەستکورتەکانی لەماڵی دونیا بێ نیاز نەکردو یەکسانی و دادپەروەری بڵاوکردەوە. بازرگانی ڕەواجی سەندو خۆیشی زەماوەندی لەگەڵ کچی شای پەرییان کردو حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئاهەنگو خۆشی بوو. کەوتنە سەر خواردانو خواردنەوەو ڕابواردن.

ئێوەش لەژیاندا هەر شادو کەیفخۆش بن.

# 2ـــ پیرەمێردی دارکەر

## (دنیادیتە)



هەبوو نەبوو، لەزەمانی کۆن پیرەمێردێکی دارکەر هەبوو ناوی (دونیادیتە) بوو. سێ کوڕی هەبوو بەناوی (سەلمان)و (سەلیم)و (سالم). سەلمان بیستو یەك ساڵو سەلیم هەژدە ساڵو سالم شازدە ساڵ بوو. ئەم سێ کوڕە شیری پاکیان خواردبوو و بەنانی حەڵاڵ گەورە ببوون و یەك لەیەك ئازاترو خوێندەوارترو ئاقڵتر بوونو لەبەرئەوەی زادە و بەرهەمی ڕەنجو ماندوێتی بوونو لەبێشەو لێرەواردا بەکارو کۆشش گەورەببوونو لەگەڵ جانەوەری کێوی کەوتبوونە شەڕو هەمیشە لەگەڵ سروشتدا لەڕاو و نەبەرددا بوون، بۆیە هەموو پاڵەوانو بەتاقەتو ئازا و نەترس دەرچووبوون.

ڕۆژێ، پیرەمێرد کوڕەکانی بانگ کردو لەتەنیشت خۆی دایناو ڕێزو خۆشەویستی زۆری خۆی بۆ دەربڕینو گوتی:

ــ کوڕە باشەکانم ! من میراتێکی زۆرم لەماڵی دونیا بۆ ئێوە جێ نەهێشتووە، بابی تەمەنی درێژی ئێوە بکاتو وابکا پێویستتان بەهیچ نەبێ، بەڵام من ئێوەم بەنانی ڕەنجی شانی خۆم گەورە کردووەو وەکوو پیاوی سپو ساغو ئازا پێم گەیاندوون. چەکم داونەتە دەستو فێری شەڕو نەبەردییو پاڵەوانیم کردوون. ئێستاش سێ ئامۆژگاریم بۆ ئێوە هەیە کەسوودیان بۆ ژیانی ئایندەتان هەیە، هەمیشە لەگوێیان بگرنو هەرگیز لەبیریان مەکەن. بۆئەوەی لەژیانی دونیاو قیامەت سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

یەکەم ئەوەیە لەئیشوکار سەرڕاستو بەوێژدان بنو دونیاتان خۆش نەوێ، چونکە دونیا کاروانسەرایەکەو هیچی تر. شوێنی جێواربوونی هەمیشەیی نییە. عەتاری نیشاپووری ئەم هەقایەتەی بەجوانی لەکتێبی (منگق الگیر) ی خۆیدا باس کردووەو وائێستا بۆتان دەگێڕمەوە:

( ڕۆژێ ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمی پاشای بەلخ لەناو کۆشکی خۆی دانیشتبوو. لەپڕ خدر لەسەر شێوەی کابرایەکی وشترەوان لەناو کۆشك پەیدا بوو و گوتی: ئێرە کاروانسەرایە و دەمەوێ شەوێکی تێدا بەسەر ببەم.

ئیبراهیم گوتی:

ــ ئێرە کۆشکی شاهانەیە، نەك کاروانسەرا.

خدر پرسی:

ــ یەکەم جار کێ لێرە بوو؟

گوتی:

ــ باوکم.

خدر پرسی:

ــ پێشی باوکت، کێ لێرە بوو؟

ئیبراهیم گوتی:

ــ باپیرم.

بەم جۆرە خدر پێداچوو لەو کەسانەی پرسی کەپێش ئەوان لەوێ بوونو ئەویش وەڵامی دایەوە، باپیری باوکی و باپیری باپیریو هتد.

خدر گوتی:

ــ مانای کاروانسەرا ئەمەیەو ئەگەر پاشا نەزانێ کاروانسەرا مانای چییە، پێویستە ئێستا بزانێ کەکاروانسەرا شوێنی جێواربوونی هەمیشەیی هیچ کەس نییە.

چو پیش از تویسی شاهان گڤ شتند
نکوخواهانو بدخواهان گزشتند
تراهم نیز جان خواهان در ایند
وزین کمند رباگت در ربایند)

پیرەمێرد، کە لەقسەکانی گەیشتە ئێرە، داوای ئاوی خواردنەوەی لەسەلیم کرد. سەلیم ئاوی بۆ باوکی هێناو پیرەمێرد ئاوەکەی خواردەوەو دەستی بەقسەکانی کردەوەو گوتی:

ـ ڕۆڵەکانم، عەتار لە (منگق الگیر) دا بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

(ژیان لەم دونیایەدا بەو جاڵجاڵۆکەیە دەچێ کەزۆر بەزەحمەت تەونێك بۆخۆی لەداو دروست دەکا بۆ ئەوەی مەگەسێکی تێدا گیر بخاو خوێنی بمژێو وشکی بکاتەوە. لەپڕ خاوەن ماڵ لەقوژبنێکەوە دێو بەگەسکێك جاڵجاڵۆکەکەو تەونەکەیو ئەو مەگەسەی گیری تیا خواردووە لێك دەداو تەفرو توونایان دەکا) (منگق الگیر (3/24).

هەروەها عەتاری نیشاپووری لەکتێبی (اسرار نامە) یا بەم جۆرە ئەم نەقڵە دەگێڕێتەوە:

( دونیا شتێکی شکستە نییە. وەکوو ئەو بارە شووشەیە وایە کابرایەك لەپشتی کەرەکەی باری کردبوو. یەکێ گوتی: ئەم کەرە زۆر لەسەرەخۆ دەڕوا. کابرا گوتی: بۆیە لەسەرەخۆ دەڕوا چونکە ئەگەر بارەکەی بکەوێ هیچی لێ نامێنێتەوە) (اسرار نامە 1/17).

هەروەها لە (الهی نامە) دا دەڵێ:

(دونیا وەکوو نیگارێ وایە ژنان لەدەستی خۆیان دروستی دەکەنو هەرگیز پایەدار نابێ) (الهی نامە 274)

لەدێوانەیەکیان پرسی وەزعی دونیا چۆن دەبینی؟

گوتی:

ـ دونیا وەکوو تەختەی شەترەنج وایە، داشەکانی لەسەر ڕیز دەکەنو تێکەڵیان دەکەنەوە. داشێك دادەنێنو داشێکی تر هەڵدەگرن.

حەزرەتی عیسا حەزی دەکرد دونیا ببینێو شارەزایی لەدونیا پەیدا بکا. ڕۆژێ لەڕێگادا، پیرەژنێکی بینی پۆڕ سپیو پشت کۆمو ددان کەلۆس بوو. چاوی شینو ڕووی

ڕەش بوو، پیسی لەدەموچاوی دەباری. جلێکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر بوو، دەستێکی نیگارینو دەستەکەی تری خوێنین بوو. عیسا لێی پرسی: تۆ کێی؟

پیرەژن وەڵامی دایەوە: من ئەو دونیایەم کە تۆ حەزدەکەی ببیینێ.

عیسا گوتی:

ـ ئەم نیقابەو ڕووبەندەی سەردەمو چاوت، بۆچییە؟

گوتی:

ـ بۆ ئەوەیە کەکەس نەمناسێ. چونکە ئەگەر خەڵك ڕووی ناشیرینی من ببینن، لێم دوور دەکەونەوە.

عیسا گوتی:

ـ ئەم دەستەت بۆچی خوێنینە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ لەبەرئەوەی مێردەکانی خۆمم کوشتووە، دەستم خوێنین بووە.

عیسا پرسی:

ـ ئەی دەستەکەی ترت بۆچی نیگارینە؟

لەوەڵامدا گوتی:

ـ بۆ تەفرەدانی مێردانە.

عیسا گوتی:

ـ تۆ هیچ بەزەییت بەم هەموو کوژراوانەدا نەهاتەوە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ من نازانم ڕەحمو بەزەیی چییەو تەنیا ئاشنایەتیم لەگەڵ خوێنڕێژییدا هەیە.

دوای ئەم گفتوگۆیە، عیسا پارێزی لەم شتە ترسناکە کردو خۆی لێ دوور خستەوە (الهی نامە 3/5).

پیرەمێردەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

ـ منداڵە خۆشەویستەکانم، عارفی گەورەی سەدەی چوارەم ئەم هەقایەتەی بۆ پەندی گەنجان هۆنیوەتەوە کەبەری تاقی کردنەوەی تەمەنی خۆیەتی، نووسیویەتی دەڵێ:

(گەنجێکی زەین تیژو زیرەکو زۆرزان، لای مامۆستایەك دەرزی دەخوێند. ئەوەندە ئاشقو سووتاوی دەرزو خوێندن بوو، سەرنجی مامۆستاکەی بۆخۆی ڕاکێشا بوو، مامۆستاکەش لەناو شاگردەکانا بەچاوێکی تر سەیری ئەمی دەکرد. مامۆستاکە قەرەواشێکی زۆر جوانی لەپشت پەردە هەبوو. ڕۆژێ، ئەو گەنجە چاوی بەو قەرەواشە کەوتو بوو بەئاشقو شەیدای بێ ئۆقرەیی و لەدەرزو خوێندن دوورکەوتەوە.

مامۆستاکە، کەحاڵی شاگردەکەی بینی و زانی ئاشقی قەرەواشەکە بووە، خوێنی لەهەردوو دەستی قەرەواشەکە بەرداو خوێنێکی زۆری دەمارەکانی لەناو تەشت کۆبووەوە. دوای ماوەیەك، دەرمانێکی سکچوونی دەرخواردی قەرەواشەکەدا، لەئەنجامدا کچەکە لەڕو لاواز بوو و خوێنێکی زۆری مانگانەی لەبەر ڕۆیشت. ئەو مامۆستا حەکیمە ئەو خوێنو خوڕو پیسایەتییەی هەموو لەناو تەشت کۆکردەوە. قەرەواشەکەش، لەبەر سکچوونو خوێن لەبەر ڕۆیشتن، نەخۆش کەوتو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو بێ تاقەت بوو. ڕۆژێ، گەنجەکە چاوی بەقەرەواشەکە کەوتو کەبەو حاڵە شڕەی بینی ئەشقی قەرەواشەکەی لەدڵدا نەما. ئەوسا ئەو خواجە حەکیمە، تەشتە پڕ خوێنو خوڕو پیسایەتییەکەی پێشان داو گوتی:

ـ تۆ هەمان گەنجی چالاکیتو ئەو قەرەواشەش هەمان کچە دڵخوازەکەی خۆتە. تەنیا ئەم خوێنو خوڕو پیسایەتییەی لێ کەم بۆتەوە. کە ئەو پیسایەتییەی لێ جیابووەوە، تۆش گڕی عەشقت بەرامبەری دامرکایەوە. کەواتە، لەڕاستیدا تۆ عاشقی ئەم پیسایەتییە ببووی:

چون جداگشت از کنیزك این همه

سردشد عشق تو اینك این همه
برکنیزك باد می پیموده ای
در حقیقت، عاشق این بوده ای

گەنجەکە لەوە بەدواوە کەوتە شوێن دەرز خوێندنو بەگەرمی کاری زانستی گرتەبەر (مصیبت نامه 4/25).

پیرەمێرد قسەی خۆشو شیرین بوو. سێ کوڕەکەی بەوپەڕی حەزو تاسووقەوە هەموو گیانیان کردبووە گوێ. شەو لەنیوە تێپەڕی بوو کە پیرەمێرد لەقسەکانی خۆی بەردەوام بوو بۆ منداڵەکانی، سەلیم و سەلمان و سالم:

ئامۆژگاری دووەمینم ئەوەیە هەرگیز خۆپەرست مەبنو شانازی بەخۆتانەوە مەکەنو مەتحی خۆتان مەکەن، چونکە گەورەترین دوژمنی بەشەر لووتبەرزیو بایی بوونی نابەجێیەو مرۆڤی بایيو خۆپەرست لەسەری لووتی زیاتر نابینێو حەزدەکا بازاڕی ئەمیر بسووتێ هەر ئەوەندە ئەم دەسماڵێکی چنگ کەوێ. یانی قرچۆکیو چاوچنۆکیو ماڵی دونیا چاوی بەرامبەر بەڕاستی کوێر دەکا.

عیسا لەگەڵ هاوڕێیەکا سەفەری دەکرد. سێ نانی پێ بوو:

یەکێ خۆی خواردی و دووەم هاوڕێکەی خواردی و سێیەم لەسەر سفرە مایەوە. عیسا چوو ئاو بخواتەوە. هاوڕێکەی نانی سێیەمیشی خوارد. کەعیسا هاتەوەو دیتی نانەکە لەسەر سفرە نەماوە، لەهاوڕێکەی پرسی داخۆ ئەو نانەکەی خواردووە؟ بەڵام، هاوڕێکەی نکوولّی لیّ کرد. ئینجا هەردووکیان کەوتنەڕێ تا گەیشتنە قەراخی دەریایەك. عیسا دەستی هاوڕێکەی گرت و بەسەر دەریادا پەڕاندییەوە. ئەوسا ڕووی کردە هاوڕێکەی و گوتی:

تۆ و ئەو خودایەی کە ئەم موعجیزەیەی نیشان دا، پێم بڵێ بزانم ئەو نانە کێ خواردی؟ هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە گوتی: نازانم.

ئینجا کەوتنەوە ڕێ. لەڕێگادا تووشی مامزێك هاتن. عیسا مامزەکەی گرتو سەری بڕیو هەردووکیان گۆشتەکەیان خوارد. دوای ئەوەی کەتێر بوون، عیسا ئێسكو پروسکی مامزەکەی کۆکردەوەو مامزەکەی زیندوو کردەوە. مامزەکە قیت بووەو ڕۆیشت. عیسا دیسان پرسیاری لەبارەی نانەکە کردو دیسان هاوڕێکەی گوتی: هیچی دەرهەق نازانم.

دیسان کەوتنە ڕێو ڕۆیشتن تا گەیشتنە سێ قۆپەنە خۆڵ. عیسا هەر سێ قۆپەنی کردە زێڕو بەهاوڕێکەی گوت:

لەم قۆپەنانە یەکێ بۆ منەو دووەم بۆ تۆیە و سێیەم بۆ ئەو کەسەیە کە نانەکەی خواردووە.

خۆ پەسەندی و قرچۆکی و چڵێسی و چاوچنۆکی هاوڕێکەی ، وایان لێ کرد دان پێدابنێ خۆی نانەکەی خواردووە.

عیسا هەر سێ قۆپەنە زێڕی دایە هاوڕێکەی و گوتی: تۆ شایەنی ئەوەنیت هاوڕێ و هاوسەفەری من بیت. ئیتر بەجێی هێشت.

لەوماوەیەدا، دوو کەسی تر هاتنو لەسەر ئەو قۆپانە لێیان بوو بە کێشەو ناکۆکی. سەرەنجام ڕێك کەوتن کە هەر یەکێکیان قۆپەنێك ببات.

ئەوسا لەبەر ئەوەی برسی بوون، یەکێکیان لە بەینی خۆیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی بچێتە شارو خواردنیان بۆ بکڕێ. کابرا چووە شارو خواردنی کڕی و خۆی تێرو پڕی لێخواردو ئەوەی مایەوە ژەهری تێکرد بۆ ئەوەی کە دووەکەی تر خواردیان، بمرنو زێڕەکە هەمووی بۆ خۆی بێ. دووەکەی تریش، کە هاوڕێکەیان ڕۆیشت بڕیاریان دا کە گەڕایەوە بیکوژنو زێڕەکە لە بەینی خۆیان دابەش بکەن. ئەوەبوو کە هاوڕێکەیان گەڕایەوە، کوشتیان، بەڵام خۆیشیان خواردنەکەیان خواردو دەستبەجێ مردن.

عیسا بەوێدا ڕەت بوو دیتی هەرسێکیان مردوون. سێ قۆپەنە زێڕەکەی کردەوە خۆڵ بۆ ئەوەی کەسی تر لەسەری بە کوشتن نەچێ.

کوڕە ئازیزەکانم، دەزانم ئێوە شەکەت بوونە، بەڵام حەز دەکەم نەختێکی تریش گوێ بگرن، ئەوسا بخەون، دەڵێن:

ئاسکی مشکساز، دوای ئەوەی چل شەو و چل ڕۆژ گوڵو گیای بۆنخۆش دەخواو شنەی بەیانیانی لێدەدا، خوێنی ناوکی دەبێ بە نافەو مشکی تێدەکەوێ، بەڵام ئەو مشکە دەبێ بەهۆی مەرگی ئاسکەکە خۆی، چونکە ڕاوکەر ئاسکەکە ڕاو دەکەنو دەیکوژنەوەو بە چەقۆ مشکەکەی لە نافە دەردێننو دەیفرۆشن.

باییبوونی فەرمانڕەوایان لەگەڵ تەماعی بێ سنووریان بۆ سەرو سامانو دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی وڵاتو سەرکوتکردنی میللەتان هاوشانی یەکترن، بەڵام ناتوانن لە مرۆڤێکی ئاسایی زیاتر شت بخۆن.

دەڵێن: کە ئەسکەندەر گەیشتە چین، قاقانی چین داوەتی کردو چەند کاسەیەکی پڕ گەواهیراتی رەنگاوڕەنگی بۆ لەسەر خوان دانا. ئەسکەندەر پرسی:

ــ ئەی کوا خواردن؟

قاقان گوتی:

ــ ئەم دوڕو گەوهەرە خواردنە!

ئەسکەندەر گوتی:

ــ ئەمانە ناخورێن.

قاقان پرسی:

ــ بۆچی؟ چما لە یۆنان دوڕوگەوهەر ناخۆن؟

ئەسکەندەر گوتی:

ــ خواردنی ئێمە دوو نانەو بەس.

ئەوسا قاقان گوتی:

ــ باشە دوو نان لە یۆنان پەیدا نەدەبوو، تۆ لە جێی خۆت هەستایو هەموو دونیات خستە ژێر پێو چەندین خەڵکو ڕەعیەتت بڕاندەوە؟

هەروەها گوتوویانە:

مەحموود بە لەشکرو فیلێکی زۆرەوە بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشت. شێتێکی دی لەسەر دیواری کەلاوەیەك دانیشتبوو. شێتەکە لە مەحموودی پرسی:

ــ ئەم هەموو فیل و سوار و لەشکرەت بۆ چییە؟

گوتی:

ــ بۆ ئەوەی ڕۆژێ یەك نان بخۆم.

شێتەکە گوتی:

ــ من بێ ئەم هەموو فیلو ئەسپو لەشکرەش ڕۆژی شەش نان دەخۆم.

پیرەمێرد گوتی:

ــ ڕۆڵە ئازیزەکانم! ئامۆژگاریی سێیەمم ئەمەیە: بە کارو کۆشش هەمیشە چوستو چالاكو بەزیپكو زاکون بنو سستیو تەمبەڵی لە خۆتان دوور بخەنەوەو مەبن بە سەربارو مشەخۆری کۆمەڵ. خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن بە پیشەی خۆتان. خواردنی ڕەنجی دەستی خۆتان بخۆنو هەمیشە بە قەناعەت بن.

بوقراتی حەکیم بە پێ خاوسی بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشت. یەکێ گوتی:

ــ هەموو پاشایانی دونیا بە پەرۆشەوەن هاوڕێتی تۆ بکەنو تۆ پەیڕەوکەرت زۆرە، بۆچی داوای ئەسپێکیان لێناکەی؟

بوقرات گوتی:

ــ باری لەشم لەسەر قاچەکانم بێ لەوە باشترە باری منەتی خەڵکم لەسەر مل بێ.

خەسرۆیێ لەراوکردندا گەیشتە چیایەك، بوقرات لەئەشکەوتێکی ئەو چیایەدا دەژیاو وەکوو گیانداران گیاوگۆڵی دەخواردو لێ نەدەگەڕا کەس بچێتە لای. یەکێ لەهاوڕێکانی شا، ناسیو پێی گوت:

ــ لەمێژە شا بەدوای هاوڕێتی تۆدا وێڵە، بەڵام تۆ لەبەری هەڵدێیو خۆت بەند دەکەی.

حەکیم وەڵامی دایەوە:

ــ ئەگەر تۆش وەکوو من گیاو بەری ڕەنجی دەستی خۆت بخواردایە، پێویست بەوەنەبوو لەشی ئازادی خۆت بکەی بەبەندەی شا. ئەوەی بەو شتە کەمە ڕازی بێ، شا بەسەپانی خۆی نازانێ. نەفسێکی فەقیر، بەڵام ئازاد، ئەمەیە پاشایەتی!!

ئەسمەعی بەسواریی بەرێگایەکدا دەڕۆیشت، دیتی پینەدۆزێ خەریکی ئیشەو لەبەرخۆیەوە دەڵێ:

ــ ئەی نەفسیی نزم و پەست! من لەهەموو کارێکی پەستو نزم ئازادم کردی، هەمیشە ڕێزم گرتووی و هەوڵم داوە ناوێکی باشت هەبێ.

ئەسمەعی، لەبەرئەم قسانە، بەناهەق سەرکۆنەی کابرای کردو گوتی:

ــ تۆ ئەم قسەیە مەکە، خۆت وا بەدایم لەناو شتی پیس ئیش دەکەی، لەدونیادا چ لەمە پەست و نزمتر هەیە؟

کابرا گوتی:

لەمە پەستو نزمتر ئەوەیە کەمن بێمە بەردەرگای یەکێکی وەکوو تۆ. ئیشی من سەدقات لەنۆکەریی کردنی خەڵك چاکترە، من تاقەتی هەڵگرتنی باری منەتی خەڵکم نییە.

پیرەمێرد کە لەقسەکانی گەیشتە ئێرە، گوتی:

ــ ڕۆڵە ئازیزەکانم! ئامۆژگارییەکانی من لێرەدا تەواو بوون. ئێستاش سێ ئەسپی خۆشبەزی ڕەشو خۆڵەمێشیو توێشەبەرەی پڕ توێشەی خواردنی یەك حەفتەم بۆ ئامادە

کردوون. بەیانی زوو بکەونە ڕێ و بڕۆنە سەفەرو بەدونیادا بکەوتە گەشتو گوزار، بۆئەوەی ئاشنای دونیا بن و بتوانن سەرەدەری لەشت بکەن. بڕۆن شاهێنی بەخت و ناوچەوانتان بدۆزنەوە، ئۆغرتان خێر بێ. ماڵاوا.

باوکە ئەم قسانەی کردو هەستا چوو نووست.

براکان پێویستی سەفەریان ئامادەکرد و سبەینێ لەگەڵ گەردوگۆڵی بەیانی سواری ئەسپان بوون و کەوتنە ڕێ. کەڕۆژئاوا بوو، بڕیاریان دا پشوو بدەن. لەئەسپان دابەزینو شێویان خواردو پێش ئەوەی بخەون، لەناوخۆیانەوە بڕیاریان دا هەر شەوە بەنۆرە یەکێ ئێشك بگرێ و چاوی لەوانی دی بێ.

شەوی یەکەم سلێمان نەنووست، بوو بەپاسەوانو دووەکەی تر نووستن. سلێمان خەریك بوو لەبەر تریفەی مانگ شیربازی دەکرد و چاوەدێری ئەو دەوربەرەشی دەکرد.

بیابانیش، وەکوو ئەوەی لەشیرین خەودا بێ، ئاوا کشو مات بوو. لەپڕ دەنگێ لەلای لێرەوارەوە هات. سلێمان دەمو دەست شمشێری لەکالان دەرکێشاو حازرو ئامادە بوو. شێرێ لەو نزیکانە لانەی کردبوو، بەدوای بۆنی بنیادەمدا هاتبوو.

سلێمان بڕوای بەهێزو تاقەتی خۆی هەبوو، بۆیە براکانی بەخەبەر نەهێنا. لەوێ دوورکەوتەوەو چوو بەرەنگاری شێرەکە بووەو شمشێرێکی لەپەنجەی چەپی دا. شێر بریندار بوو وپەلاماری سلێمان پاڵەوانی دا، بەڵام سلێمان شمشێرێکی تری لەپەنجەی ڕاستەی دا. شێرەکە هەرچی هێزو ڤەژەنی هەبوو هەمووی کۆکردەوەو دووبارە پەلاماری سلێمانی دا، بەڵام سلێمان دیسان خۆی لاداو بەهەموو هێزی خۆیەوە زەبرێکی توندی لەکەللەی سەری شێرەکەدا و کوشتی.

سلێمان زوێڵێکی باریکی لەپێستەی شێرەکە بڕییەوەو لەبن کراسی، لەپشتی خۆی بەستو وەکوو ئەوەی هەر هیچ ڕووی نەدابێ، گەڕایەوە لای برا نووستووەکانی.

شەوی یەکەم بەم جۆرە ڕۆیشت و کەسبەینە داهات، براکان سەرلەنوێ سواربوونو بەرێکەوتنو هەر ڕۆیشتنو ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تا ئێوارە گەیشتنە بن چیایەکی بەرز، دارعەرعەرێکی پڕ چڵو گەڵا لەدامێنی چیاکە بوو. کانیاوێکی زوڵاڵ بەبن ئەم دارەدا دەڕۆیشتو ئەشکەوتێك لەتەنیشت کانییەکە بوو، ئەژدیهایەك لانەی تێدا کردبوو.

سێ پاڵەوانەکە، هیچ ئاگایان لەئەژدیهاکە نەبوو، بەخەیاڵی ئاسوودە جلەوی ئەسپەکانیان لەشوێنێك بەستەوە. ڕنەو قەشاویشیان کردن، ئالیکیان دانێ، خۆشیان دانیشتنو نانیان خوارد. بەرلەوەی بخەون، بڕیاریان دا دیسان وەکوو شەوی پێشوو بەنۆرە ئێشك بگرن. ئەم جارە نۆرەی ئێشك گرتنی سەلیمی برای ناوەنجی بوو.

شەوێکی مانگەشەو و کشومات بوو. دوای نەختێ، ئەژدیهایەکی سەرزلی، کە لەش کەتەی کلك درێژ لەناو ئەشکەوتەکەوە خشی و بەرەو کانییەکە هات.

سەلیم نەیویست براکانی سەخڵەت بکا، ئەوەبوو لەسەر کانییەکە دوورکەوتەوە. ئەژدیهاکە کەوتە دووی و کە هات بیگاتێ، سەلیم خۆی لێ لادا و شمشێرێکی لەکلکی دا. ئەژدیهاکە پێچی خواردو پاڵەوان دەرفەتی لەدەست نەدا، زەبرێکی تری لەپشتی دا. ئەژدیهاکە بەسەختی بریندار بوو. ئەمجارە بەوپەڕی تووڕەییەوە پەلاماری سەلیمی دا، بەڵام هیچی پێنەکراو پاڵەوان بەزەبرێکی تر تخێلی زەوی کردو زوێڵێکی باریکی لەپێستەی کردەوەو لەبن کراسی، لەپشتی بەستو وەکوو ئەوەی هەر هیچ ڕووی نەدابێ، گەڕایەوە لای براکانی و لەشوێنی خۆی دانیشت.

کەبەیانی داهات، براکان کەوتنەڕێ.

ڕێگایەکی زۆریان بڕیو لەچەند چیاو بیابان تێپەڕین. کاتی ڕۆژاوا گەیشتنە گردۆلکەیەك. لەئەسپان دابەزین و تەدارەکی حەسانەوەی خۆیان ڕێك خست. ئاگریان کردەوەو شێویان خواردو خەوتن، ئەمشەو نۆرەی ئێشك گرتنی سالمی برا گچکەبوو.

لەکاتی ئێشك گرتنی سالم، ئاگرەکەیان کوژایەوە. سالم لەدڵی خۆیدا گوتی: (نابێ بێ ئاگر بین)

لەشوێنی خۆی هەستاو چووە سەر گردۆلکەکە و سەیری ئەو دەوروبەرەی کرد. لەدوورەوە چریسکە چریسکی ڕووناکییەکی دی. سواری ئەسپ بوو و بەرەو لای ئاگرەکە هاژوای.

ڕێگایەکی دووری بڕی و ئاخیری گەیشتە ماڵێك. لەئەسپ دابەزی و بەکاوەخۆ، لەسەر پەنجەی پێ وەستاو لەپەنجەرەوە سەیری ژوورەوەی کرد. ژوورەوە ڕووناك بوو و لەسووچێکا مەنجەڵێکی شۆربا لەسەر ئاگر دەکولا. نزیکەی چل کەس لەبەر ئاگردان دانیشتبوون. سیمایان گرژو مۆن بوو و چاویان داپچڕابوو، ئاشکرا بوو کە بیری خراپیان لەمێشکدایە.

سەلیم لەدڵی خۆیدا گوتی: (زانیم. ئەمانە چل دزن (ڕێگرن). باش نییە بەو دەقە لێیان بگەڕێمو بڕۆم. پیاوی بەویژدان ئیشی واناکا. واچاکە فێڵێ دابمەزرێنمو کارێکی وابکەم متمانەم پێ بکەن، ئینجا پاشان پیلانەکەی خۆم جێبەجێ دەکەم)



سەلیم دەرگای کردەوەو چووە ژوورەوە. ڕێگرەکان یەکسەر لەشوێنی خۆیان ڕاپەڕینو دەستیان دایە چەك.

سەلیم ڕوی کردە سەرۆکی دزەکان و گوتی:

ــ جەنابی ئاغا، من نۆکەر و بچووکی ئێوەم. خەڵکی شارێکی دوورم و تائێستا خەریکی ئیشی کەم و چرووك بووم. دەمێ بوو دەمەویست بچمە ناو دارو دەستەیەکی وەکوو ئێوە. کەزانیم تەشریفتان لێرەن، هاتمە خزمەتتان. تەماشام مەکەن گەنجم، لەدەستەکەی خۆتانا وەرم بگرن. من زۆر فەند و فێڵ دەزانم. دەتوانم نۆین لێ بدەم و دێدەوانی و زێرەوانی بکەم، بەکورتی زۆر بەکەڵکی ئێوە دێم.

سەلیم ئەم قسانەی بەشێوەیەکی زۆر لێکراوانە و بەسیمایەکی ساویلکەیی کرد. سەرۆکی دزەکان گوتی:

ــ باشە، بەخێر هاتی. پێو قەدەمت خێر بێ.

سەلیم دەست لەسەر سنگ ئیکلامی کێشاو لەبەر ئاگردان دانیشت خواردن ئامادەبوو و هەموو نانیان خوارد.

ئەو شەوە، دزەکان بڕیاریان دا خەزێنەی پاشا ببرن.

دوای شێوخواردن، هەموو سواربوون و کەوتنەڕێ. سەلیمیش لەگەڵیان چوو. دوای ماوەیەك، لەنزیك باخی پاشا لەئەسپان دابەزین و ڕاوێژیان کرد چۆن ڕێگایەك بدۆزنەوە بچنە ناو کۆشك. ئاخیری بڕیار درا، یەکەم جار سەلیم بچێتە سەر دیوار، بزانێ داخۆ پاسەوانی کۆشك بە ئاگایە ،یان نا؟ ئەگەر پاسەوان نووستبێ، ئاماژە بدا بۆ ئەوەی یەك یەك بەسەر دیوار بکەون و بچنە ناو باخ و لەپڕ پەلاماری کۆشك بدەن.

سەلیم بەیارمەتی ئەوانی تر بەسەر دیوار کەوت و لەوێوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. بەناو باخدا گەڕاو دیتی پاسەوان خەوتووە. عارەبانەیەکی پەیدا کردو هێنایە تەك دیوارو چووە سەر عارەبانەکە و لەسەر دیوارەوە سەری لەدەرەوە هەڵکێشاو گوتی:

ــ تاخیر مەبن، هەموو شتێ ئامادەیە.

سەرکردەی دزەکان فەرمانی بەژێردەستەکانی دا، یەك یەك بچنە ناو باخ.

كە دزی یەكەم لەسەر دیوار، لەسەر سك ڕاكشاو سەری شۆڕكردەوە خوارێ، سەلیم شمشێری هەڵكێشاو بەیەك زەبر سەری لەلەش جودا كردەوەو دەستی درێژكردو كەلەشی دزەی ڕاكێشایە خوارێ.

بەكورتی، سەلیم بەم جۆرە هەموو دزەكانی كوشتو چووە ناو كۆشكو بەكپو بێ دەنگی بەتەك پاسەوانی خەوتوودا تێپەڕی و چووە ناو هۆڵێك، سێ دەرگای تێدابوو. دە كچی عازەب، كە قەرەواشی كچی پاشا بوون، لەوێ خەویان لێ كەوتبوو.

سەلیم بەهێدی لەدەرگای یەكەم چووە ناو ژووری ئارایش. پەردەی ئاوریشمی بەگوڵی ئەرخەوانی بەدیوارەكانەوە هەڵواسرابوون. كچێكی جوانی وەكوو پەنجەی ڕۆژ لەژوورەوە لەسەر چوارپایەكی زیو خەوتبوو. هێدی لێی نزیك كەوتەوەو ئەنگوستیلەیەكی زێڕی لەدەستی ڕاستەی دەرهێناو لەگیرفانی خۆی ناو هاتە دەرەوە بۆ ناو هۆڵەكە. لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئێستا باسەیری ژووری دووەم بكەین و بزانین ئەوێ چی تێدایە)

ژووری دووەم پڕی جوانكاری بوو، بەقوماشی ئاوریشم ڕازابووەوە كە وێنەی جۆرەها و چەشنەها باڵندەیان لەسەر نەخش كرابوو. كچێكی جوانی بەرگ سپی لەناوەندی ژوورێ، لەسەر چوارپایەكی زیو خەوتبوو، مانگو ڕۆژ بەخیلیان بەجوانی دەبرد. دە كچی كارەكەریش لەدەوروبەری خەوتبوون. سەلیم هێدی بازنی لەدەستی كچەكە كردەوەو لەگیرفانی خۆی ناو لەژوورەوە هاتە دەرێ و دووبارە گەڕایەوە ناو هۆڵەكە.

لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئێستا دەبێ بچمە ناو ژووری سێیەم)

ئەم ژوورە جوانكاری لەژوورەكانی دی زیاتر تێدابوو. قوماشی ئاوریشمی سوور بەدیوارەكانەوە كوترابوون. كچێكی وەك پەری لەناوەندی ژوورێ، لەسەر چوارپایەكی زیو بوو، شازادە خانمی گەنجو جوان لەدەوراندەوری خەوتبوون. كچەكە ئەوەندە جوان بوو ئەستێرەی بەیانی بەو هەموو جوانییەوە ئامادە بوو دامەنی ماچ بكاتو ببێ بەخزمەتكاری.

سەلیم بەبێ هەست و خوست گوارەی زێڕی لەگوێی ڕاستەی کردەوەو لەگیرفانی خۆی ناو لەکۆشکەکە هاتە دەرەوە. لەسەر دیوارەکە بازی دایە خوارێ و سواری ئەسپەکەی بوو و هاتەوە لای براکانی. براکانی هێشتا هەر لەخەودابوون. سەلیم تاسبەینێ بەشمشێرەکەی یاری کردو ئێشکی گرت. کە بوو بەبەیانی براکان هەستان، ناشتایان کردو سواری ئەسپ بوون و کەوتنە ڕێ. دوای ماوەیەك چوونە ناو شارێك و لایاندایە کاروانسەرایەك. جلەوی ئەسپەکانیان لەبەر سێبەر بەستەوەو چوونە قاوەخانەیەك بۆ ئەوەی چایەك بخۆنەوەو نەختێ پشوو بدەن. لەو کاتەدا، لەناکاو جارچی لەکووچە و بازاڕ جاڕی دا:

( هۆ، ئەوەی گوێی هەیە باگوێی باش بکاتەوە. شەوی ڕابردوو، یەکێ سەری چل دزی بڕیوەو هەریەکە لەکچەکانی پاشایش شتێکی لێ گوم بووە. پاشا دەیەوێ بزانێ چ کەسێ ئەو قارەمانییەی کردووە. هەرکەسێ ڕێبوارێکی شارو ولاتانی تری لەماڵەوەیە دەبێ یەکسەر بیباتە کۆشکی پاشا)



خاوەنی کاروانسەراکە بەو سێ برا ڕێبوارەی گوت بچنە لای پاشا.

ئەوانیش لەجێی خۆیان هەستانو بێ خۆ تەنگاوکردن چوونە کۆشکی پاشا.

پاشا، کەزانی ئەمانە غەریبەن، دەستووری دا لەژوورێکی کیبار خزمەتیان بکەنو بەوەزیرەکەیشی گوت بزانە چییان لەبن سەری دایە.

وەزیر گوتی:

ــ ئەگەر ڕاستەوخۆ لێیان بپرسین، لەوانەیە نکوولّی بکەن. واچاکە بەتەنیا جێیان بیلّێین‌و بەدزی گوێ لەقسەکانیان بگرین.

لەژوورێکی جیا سفرەیان بۆ ڕاختن‌و جۆرەها خواردەمەنییان لەبەر دانان. براکان دەستیان بەخواردن کردو پاشاو وەزیریش، بەکپ‌و بێ دەنگی لەژووری تەنیشت دانیشتن‌و گوێیان لەقسەکانیان ڕاگرت.

سلێمانی گوتی:

ــ ئەو کاوڕەی گۆشتەکەیان لەسەر ئەم سفرە داناوە، شیری سەگی خواردووە.

سەلیم گوتی:

ــ ڕاستە. پاشایان تەنانەت لەو گۆشتەی بۆنی سەگیشی لێ دێ، ناپرینگێنەوە. بەلاّم من سەرم سوڕماوە ئەم دۆشاوە بۆچی بۆنی خوێنی بنیادەمی لێ دێ؟

سالم گوتی:

وایە. هەموو پاشایان خوێنخۆرن، هیچ دوور نییە خوێنی بنیادەمیان لەدۆشاوەکە کردبێ. بەلاّم دیارە ئەو کەسەی ئەو نانانەی لەسەر سفرە داناوە باوکی نانەوا بووە.

سلێمان گوتی:

ــوایە. بەلاّم لەهەموو شتێ گرنگتر ئەوەیە، بۆیە ئێمەیان هێناوەتە ئێرە تا ڕاستیی ڕووداوەکەی کۆشکی شاهانەیان بۆ ڕوون بکەینەوە. ئەگەر لە ئێمەیان پرسی، چ وەلاّم بدەینەوە؟

سەلیم گوتی:

ــ ئێمە درۆ ناکەین، هەرچی بووە ڕاستییەکەی دەلّێین.

سالم گوتی:

ــ یەکەم جار لەهەمووی باشتر ئەوەیە، لەو سێ ڕۆژەی سەفەرەکەمانا چیمان بەسەرهاتووە بۆیەکتری باس بکەین.

سلێمان باسی شەڕی شەوی یەکەمی بەینی خۆی و شێرەکەی کردو ئینجا زوێڵەکەی پێستی شێری لەپشتی خۆی کردەوەو فڕێی دایە بەردەم براکانی. دوای ئەو، سەلیم ڕووداوی شەوی دووەمی گێڕایەوەو زوێڵی پشتی ئەژدیهاکەی لە کەمەری کردەوەو پێشانی براکانی دا. ئینجا نۆرە گەیشتە سەر سالم. ئەویش سەربردەی خۆی لە شەوی سێیەمدا، گێڕایەوەو ئەو شتە زێڕانەی هێنابووی پێشانی براکانی دا.

بەم جۆرە، پاشاو وەزیر لەنهێنی مەسەلەکە گەیشتن، بەڵام نەیانزانی مەسەلەی گۆشتی کاوڕو دۆشاو و نانەکە چۆن چۆنییە. بۆ ئەمەش لە دوای شوانیان نارد. شوانەکە هات. پاشا گوتی:

ــ ڕاستیم پێ بڵێ بزانم ئەو کاوڕەی دوێنێ لەباتی مەڕانە ناردبووت شیری سەگی خواردبوو؟

شوان گوتی:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ. لە خوا شراوە نییە بۆ لە ئێوە شراوە بێ. زستانێ مەڕێکم مردار بوو. سکم بە بەرخەکەی سووتاو هاویشتمە بەر سەگو سەگەکە شیری دایە. دوێنێ ئەو بەرخە بوو بۆم ناردن، چونکە هیچ بەرخی ترم نەمابوو، گزیرەکانی ئێوە هەموو بەرخەکانیان بردبوو.

ئینجا پاشا لە دوو باخەوانی ناردو گوتی:

ــ پێم بڵێ بزانم بۆچی خوێنی بنیادەمت لەناو دۆشاو کردبوو؟

باخەوان گوتی:

ــ قیبلەی عالەم! ئەگەر ئەمانم بدەی، هەمووی بە تەواوی باس دەکەم.

پاشا گوتی:

ـ ئەمانت هەیە. بڵێ.

باخەوان گوتی:

ـ هاوینی ڕابردوو، هەموو شەوێ یەکێ دەهات باشترین ترێی دەدزی کە بۆ تۆم دەنایە لاوە. منیش ئێشکم گرت بۆ ئەوەی دزەکە بگرم. لەپڕ دیتم وا یەکێ دێ. سێ و دووم لێنەکرد، یەك تۆبزم لە تەوقی سەری داو کوشتم. ئینجا قۆرتێکم لە بن دارمێوێك لێداو لاشەکەیم لەناو قۆرتەکە نا. ساڵی پاشی، ئەو دار مێوە ئەوەندە ڕسکاو ئەوەندە بەری دا، بەرەکەی لە گەڵاکانی زیاتر بوو، تەنیا ئەوەندە هەبوو تامی ترێکە نەختێ گۆڕابوو. هەربۆیەش من ترێکەم بۆ ئێوە نەناردو کردمە دۆشاو.

بەش بە حاڵی دانانی نانەکەش. ئەم نانە پاشا خۆی لەسەر سفرەی دانابوو کە بە نەژاد نانەوازادە بوو.

پاشا چووە ئەو ژوورەی پاڵەوانەکانی تێدابوو. سەلامی کردو گوتی:

ـ ئەوەی باستان کرد هەمووی ڕاستو دروست بوو. من ئێوەم زۆر کەوتۆتە بەر دڵو سوپاستان دەکەم. ئێستاش میوانە ئازیزەکان، داوایەکم لە ئێوە هەیە.

سلێمان گوتی:

ـ فەرموون. ئەگەر لە توانای ئێمەماناندا بێ جێبەجێی دەکەین.

پاشا گوتی:

ـ من سێ کچم هەیە، بەڵام هیچ کوڕم نییە. شتی چاك بوو ئەگەر ئێوە لێرە بگیرسابانەوەو زەماوەندتان لەگەڵ کچەکانم بکردایە و چل ڕۆژ لەگەڵ سەراپای خەڵکی شار بە شادی ڕامانبواردایە.

سەلیم گوتی:

ــ پێشنیارێکی ماقووڵە. بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین زەماوەند لەگەڵ کچەکانی ئێوە بکەین، خۆ ئێمە شازادە نین‌و باوکیشمان سامانێکی وای نییە؟ کچەکانی ئێوە بە ناز گەورە بوونە، کەچی ئێمە بە کارو ڕەنجکێشان پێگەیشتووین.

پاشا پێی داگرت‌و گوتی:

ــ ڕاستە من فەرمانداری وڵاتم. بەڵام باوکی ئێوە، کە ئێوەی بە ڕەنجی شانی خۆی پێگەیاندووەو ئەو جۆرە پاڵەوانانەی پێشکەش میللەت کردووە، ئیتر چی لە من کەمترە؟ لە ڕاستیدا، ئەو لە من دەوڵەمەندترە! ئێستاش من، کە باوکی ئەو کچانەم، ئەو کچانەی پاشای زەبربەدەستی دونیا ئاشقیان بوونەو لە بەردەمیان دەگرین، وا بەرامبەر ئێوە وەستاوم‌و بە تکاو پاڕانەوە پێشنیار دەکەم کچەکانم بکەن بە هاوسەری خۆتان.

براکان ڕازی بوون. پاشا کۆڕی ئاهەنگ و شادیی ساز دا. ئاهەنگی زەماوەند چل ڕۆژی تەواو بەردەوام بوو و پاڵەوانە گەنجەکان لەناو کۆشکی پاشادا دەستیان بە ژیانێکی تازە کرد. پاشا سالمی زاوای بچووکی لە هەموویان خۆشتر دەویست.

ڕۆژێ، پاشا لە بەر سێبەری درەختێك پشتی بە سەرین دابوو و خەوی لێکەوتبوو. لەپڕ، مارێك لەناو باخچە هاتە دەرەوەو کە ویستی بە پاشاوە بدا، سالم لە جێی خۆی دەرپەڕی‌و شیری لە کالان دەرکێشاو مارەکەی کردە دوولەت‌و فڕێی دایە ئەو لا.

سالم هێشتا شمشێری نەخستبووەوە کالان، پاشا بە خەبەر هات و وای بە مێشکدا هات کە بێ شك سالم بە کچەکەی من ڕازی نییە. ئەوەی من بۆم کردووە شتێکی کەمەو ئێستاش بیری کوشتنی منی کەوتۆتە سەر بۆ ئەوەی جێی من بگرێتەوەو خۆی ببێ بە پاشا.

پاشا مەسەلەکەی بۆ وەزیر باس کرد. وەزیر لەمێژبوو دوژمنداریی لەگەڵ ئەم سێ پاڵەوانە نابووەوەو لە دەرفەتێك دەگەڕا، بە پاشای گوت:

ــ ئێوە بێ ئەوەی پرس بە من بکەن، کچە ئازیزەکانی خۆتان بەم ڕێبوارە نەناسیاوانە داو ئێستاش زاوای خۆشەویستتان بیر لە کوشتنتان دەکاتەوە. دەبێ وریا بن. ئەوانە دەیانەوێ بە هەر فێڵێ بێ ئێوە لەناوبەرن.

پاشا بە قسەی وەزیر باوەڕی کردو فەرمانی دا سالمیان فڕێ دایە زیندان.

هاوسەری سالم زۆر پەستو غەمگین بوو، چەند ڕۆژ لەسەر یەك هەر گریا، ئەوەندە گریا گۆنا سوورەکانی زەرد هەڵگەڕان.ئاخیری کەوتە سەر دەستو پێی باوکیو لێی پاڕایەوە سالم لە زیندان ئازاد بکا.

بە دەستووری پاشا سالمیان لە زیندان هێنایە حزوور پاشا.

پاشا گوتی:

ــ هەی بنیادەمی فێڵبازی بەدنەمەك! ئەوە بۆچی ویستت بمکوژی؟

سالم گوتی:

ــ جەناب، هەقایەتی تووتییەکەت بیستووە؟

پاشا گوتی:

ــ کام تووتی؟

سالم گوتی:

ــ لە زەمانی کۆن، پاشایەك هەبوو، تووتییەکی ئازیزی هەبوو، پاشا ئەو تووتییەی ئەوەندە خۆش دەویست، نەیدەتوانی یەك سەعات چییە لێی جیابێتەوە. تووتییەکە بەقسەی خۆشو هەڵسوکەوتی، هەمیشە پاشای مەستو کەیفخۆش دەکرد. ڕۆژێ، تووتییەکە بە پاشای گوت:

ــ تاسەی هیندستانی وڵاتەکەمو دایكو باوكو خوشكو براکانم دەکەم. لەمێژە لەناو ئەم قەفەسە بەندمو ئێستاش دەمەوێ بۆ ماوەی بیست ڕۆژ ئازادم بکەی: شەش ڕۆژ چوونو شەش ڕۆژ هاتنەوەو هەشت ڕۆژیش لای دایكو باوكو براکانم دەبم.

پاشا گوتی:

ــ ڕووخسەتت نادەم، چونكە ئەگەر بڕۆیو نەگەڕێیتەوە، دڵم دەتۆقێ.

تووتی گوتی:

ــ ئەی پاشا، من بەڵێن دەدەمو بەڵێنی خۆم دێنمە جێ.

پاشا گوتی:

ــ زۆرباشە، ڕووخسەتت دەدەم، بەڵام تەنیا بۆ ماوەی دوو هەفتەو زیاتر نا.

تووتی گوتی:

ــ هەر باشە! خوا حافیز! بە ئومێدی دیدار!

تووتی فڕیو چووە سەر دیوارو ماڵاوایی لە هەموو لایەك كردو بەرەو باشوور لە شەققەی باڵی دا.

پاشا ڕاوەستابوو تەماشای فڕینو ڕۆیشتنی تووتییەكەی دەكردو لە دڵی خۆیدا بیری دەكردەوە: لەوانەیە تووتی پەیمانشكێنی بكاو نەگەڕێتەوە.

تووتی بە شەش ڕۆژ گەیشتەوە وڵاتی خۆیو بە دوای دایكو باوكیدا گەڕاو دۆزینیەوە. داماوەی لە كەیفخۆشییان لە پێستی خۆی نەدەحەوایەوە، خۆی پێ لەسەر پێ ڕادەگیرا. لەم چلەوە بۆ ئەو چل، لەو بڵندایییەوە بۆ ئەو بڵندایی هەڵدەبەزیو خۆی لەناو سەوزەی لێڕەوار دەگەوزاند. دەچووە میوانداریی خزمو كەسوكارو ناسیاوەكانی. ئەوەندە بە خۆشی ڕایدەبوارد، هەر نەیزانی چۆن دوو ڕۆژ تەواو بوو. كاتی ئەوە هات بگەڕێتەوە ژیانی ناو قەفەس. دووركەوتنەوە لە دایكو باوكو براو خوشكو هەموو ناسیاوەكان كارێكی سەختو ناخۆش بوو بۆ تووتی. خۆشیی لێبوو بە خەمو خەفەت، پەڕو باڵی شۆڕ بووەوە، چونكە لەوە نەدەچوو بتوانێ جارێكی تر بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی.

كەسوكاری تووتی كۆبوونەوەو پێیان گوت:

ــ پێویست ناكا بچیتەوە لای پاشا، لێرە لای خۆمان بمێنەوە.

بەڵام تووتی پێی گوتن:

ـ نەخێر، شتی وا نابێ من بەڵێنم داوە، چۆن دەبێ بەڵێنی خۆم بشکێنم؟

یەکێ لە ئامادەبووان گوتی:

ـ بۆچی بەلاش‌و حەلاش خۆت بەند دەکەی؟ مەگەر تەنیا تۆو هی وەکوو تۆ دەبێ پابەندی بەڵێنی خۆیان بن؟ مەگەر پاشاکان‌و لەوانەش خاوەنەکەی تۆ لەسەر قسەی خۆیان دەمێنن؟ سەرەرای ئەمەش، ئەگەر خاوەنەکەی تۆ پیاوێکی بە وبژدان‌و دادپەروەر بوایە، ماوەی چواردە ساڵ تۆی لە قەفەس بەند نەدەکردو ڕووخسەتێکی ئەوەندە کەمی پێنەدەدای؟ مەگەر تۆ بۆ دیلی‌و زیندانی هاتوویتە دونیا؟ ئازادیی خۆت بۆ خاتری دڵخۆشیی پاشا لەدەست مەدە. پاشا ڕک‌و کینەی لە میهرو خۆشەویستی زیاترە. ژیانی تەك پاشاو بەور لە عەقڵ دوورو پڕ مەترسییە.

بەڵام چەسوود، تووتی گوێی بەم قسەو ئامۆژگارییانە نەداو خۆی بۆ فڕین ئامادە کرد. لە کاتی ماڵاواییدا، دایکی گوتی:

ـ ئێستا مادام وایە من ڕێنماییەکت دەکەم. لەم ناوچەیە، میوەی ژیان هەیە. هەرکەس ئەگەر یەك دانە لەم میوەیە بخوا، دەم‌و دەست گەنج دەبێتەوە. تۆ هەندێ لەم میوە بەنرخە بە دیاری بۆ پاشا ببە، بەرامبەر بەمەش داوای لێبکە، ئازادت بکا، بەڵکو ڕازی بێ.

هەموو ڕایان لەگەڵ بۆچوونەکەدا بوو، یەکسەر سێ دانە میوەی ژیانیان پەیدا کرد. تووتی میوەکانی بە دەنووکەوە گرت‌و ماڵاوایی کردو فڕی‌و کەسوکارەکەی بە سەرنجی ئومێدەواری تووتییان بەرێ کرد.

تووتی دوای شەش شەو و شەش ڕۆژ گەیشتەوە کۆشکی پاشاو دیارییەکەی خۆی لە بەردەم پاشا داناو باسی خەسیەتی میوەکانی بۆ کرد. پاشا زۆر کەیفخۆش بوو، گفتی بە

تووتی دا، ئەگەر گەنج بووەوە ئازادی بکا. ئینجا یەکێ لە میوەکانی دایە ژنەکەی بیشارێتەوەو دوو دانەکەی تریشی لەناو دەفرێك دانا.

ڕۆژی پاشی، پاشا باسی خەسیەتی دانە میوەکانی بۆ وەزیر کرد. وەزیر لە حەسوودییان هەموو گیانی لەرزی. بڕیاری دا ئیشی تووتی ببینێ، ئەوەبوو بە پاشای گوت:

ــ پاشا، بەرژەوەندی لەوەدایە، ئێوە ئێستا ئەم میوەیە نەخۆن. با تاقیی بکەینەوە. ئەگەر ئەنجامێکی باشی هەبوو، ئەوسا بفەرموون بیخۆن. پاشا ڕازی بوو و وەزیر دوو دانە میوەکەی وەرگرتو ژەهری کوشندەی تێکردنو هێنایەوە لای پاشاو گوتی:

ــ ئێستا ڕووخسەت بدەن میوەکان تاقی بکەینەوە.

دوو تاوسیان هێناو دوو دانە میوەکەیان لە پێش دانان. هەر هێندە تاوسەکان دانە میوەکانیان خوارد، دەستبەجێ مردن.

ئەوسا، وەزیر ڕووی کردە پاشاو گوتی:

ــ ئەگەر ئێوە ئەم میوانەتان بخواردایە، چ دەبوو؟

پاشا گوتی:

ــ دیارە چ دەبوو. منیش دەمردم. ئیتر بەوپەڕی تووڕەیی چووە لای تووتیو ئەو بەدبەختەی لەناو قەفەس دەرهێناو سەری لێکردەوە. تووتیی بەدبەخت، ئاوها پاداشی خزمەتی خۆی لە پاشا وەرگرتەوە. زۆری پێنەچوو، پاشا لە پیرەمێردێك لە ڕك ڕاچوو و دەستووری دا ئەو دانە میوەی ماوە دەرخواردی بدەن. پیرەمێرد، کە میوەکەی خوارد، یەکسەر مووی ڕەشی لە سەرو ڕیشیو لەشی هاتو ددانی تازەی هاتەوەو چاوی وەکوو چاوی گەنجان ڕوونو بریقەدار بووەوە و بوو بە گەنجێکی بیست ساڵە. پاشا تازە زانی قسەی تووتی ڕاست بوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

سالم، کە لە قسەکانی گەیشتە ئێرە، گوتی:

ــ ئێستا دەمەوێ باس بکەم کاتێ ئێوە لە خەودا بوون چ ڕووی دا. سالم ئەمەی گوتو ئەو مارەی کوشتبووی هەردوو لەتی لەناو باخچە دەرهێناو هەموو بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە.

پاشا داوای بوردنی لە سالم کرد. سالم گوتی:

ــ پاشا، ڕووخسەت بدەن منو براکانم بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان. ژیانی خۆشو ئارام لەگەڵ سوڵتانو فەرمانڕەوایان نابێ. ڕەفتاری پاشایان لەگەڵ دەستو پێوەندو نۆکەرو غولامەکانیان لەسەر یەك بار نییە، بە هەواو هەوەسەو هەمیشە جێی مەترسییە. پاشایان ناتوانن بەسەر ڕقو قینی خۆیاندا زاڵ بنو لە کاتی تووڕەییدا فەرمانی سەختی وا دەردەکەن کە پاشان لێی پەشیمان دەبنەوە. خۆت لە خزمەتی سوڵتان دوور بخەرەوە، چونکە سوڵتان



وەکوو منداڵ زوو تووڕە دەبێو زووش تووڕەیی دەنیشێتەوە، بەڵام وەکوو شێر چەپۆك دەوەشێنێ.

یاوەری پاشا وەکوو پیاوێکە سواری شێر بووبێ. خەڵك لەو دەترسێ بەڵام ئەو لە هەموویان زیاتر لەو شێرە دەترسێ کە سواری بووە.

پاشاکانی جیهان ستەمکارو بێ وەفانو هەرکەسێ زیاتر لێیان نزیك بکەوێتەوە، زیاتر دەکەوێتە مەترسی.

پاشایەك ئەشقی غولامێك بوو، ئەشقێکی وا، نەیدەتوانی دەمێ بە بێ ئەو هەڵ بکا. هەمیشە لە بەرچاوی بوو. پاشا، هەموو جارێ کە مەشقی تیراوێژیی دەکرد، سێوێکی لەسەر سەری غولامەکە دادەناو نیشانەی دەگرتو دەیپێکا. غولامەکە لە ترسان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگی زەردتر دەبوو. لێیان پرسی: تۆ ئەو هەموو ڕێزەت لای پاشا هەیە، بۆچی وا ڕەنگ زەردو لاوازی؟

گوتی:

ــ پاشا سێوێك لەسەر سەری من دادەنێو دەیکا بە نیشانە. ئەگەر ڕۆژێ تیرەکەی بە سەری من بکەوێو بکوژرێم، دەڵێن: دامنا غولامێکم نەبوو. ئەگەر سێوەکەش بپێکێ هەموو دەڵێن: ئەمە بەخت و سەعادەتی پاشایە.

بە کورتی: دوای ئەم قسانە، پاشا هەرچەندە پێی داگرتو پاڕایەوە کە سەلمانو سەلیمو سالم لەوێ بمێننەوە، بێهوودە بوو. گوتیان:

ــ ئێمە ناتوانین ببینە پیاوی دەربارو لە کۆشکی شاهانەدا بژین. ئێمە کرێکارینو بە ڕەنجو کارکردن ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ خۆمان دەستەبەر دەکەین.

پاشا گوتی:

ــ کەواتە، لانی کەم لێگەڕێن کچەکانم لێرە بمێننەوە.

کچەکان بە یەك دەنگ گوتیان:

ــ ئێمە ناتوانین لە مێردەکانی خۆمان دوورکەوینەوە. پاشا سەری سوڕماو ناچار بوو بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی ڕووخسەتیان بدا بڕۆن.

ئەم سێ پاڵەوانە بە خۆ و بە هاوسەرەکانیان گەڕانەوە ماڵی باوکیانو بە ڕەنجو کۆشش ژیانێکی خۆشیان گوزەراند.

# 3ـ شیراوژنی عەییار



هەبوو نەبوو، پێش سەدان ساڵ حاکم خانێك لە شاری بوخارا هەبوو، زۆر غەددارو خوێنخۆر بوو، خەڵك لە دەست زوڵمو زۆری بەتەنگ هاتبوونو بەرەو کێوو بیابان سەریان هەڵگرتبوو.

ئەو حاکمە هەموو ڕۆژێ باجو هەستەی گرانی دەخستە سەر ئەستۆی خەڵکەکەو لە نۆکەرو دەستو پێوەندو سامانو دەغلو دانو گەنم و خورماو، هەرچی خەڵکەکە بە دەردەسەری دەیانچاندو دەناویان دەهێنا، لە وەختی خۆیو لە کاتی هەڵگرتنی بەروبووم، فەرمانبەری حاکم خان، بە زۆرداری و ملهوڕی هەموویان لە وشتران بار دەکردو دەیانبردە عەنبارەکانی پاشاو خەڵکەکە تا ساڵی پاشی لە بەرهەمێکی نەمرو نەژی زیاتر هیچیان نەبوو و ساڵ بە ساڵ بارودۆخەکە خراپتر دەبوو.

بە کورتی: کەس نەبوو دڵی لە حاکم خان پڕ خوێن نەبێ و لە دەست حاکم خانو زۆرداری و بێدادییەکانی کەس ئاوی خۆشیی لە گەروو نەدەچووە خوارێ.

بە دەستووری حاکم خان، هەموو دەبوایە تەرمی مردووەکانیان ببەن لەسەر کێوێك بینێژن کە چەندین کیلۆمەتر لە گوندان دوور بوو.

ڕۆژێ، پاشا فەرمانی دا هەر کەسێکی تەمەنی لە چل ساڵی زیاتر بێ، لە شارو دێ بیانگرن و شاربەدەریان بکەن و لێنەگەڕێن بێنەوە شار، با ببن بە خۆراکی گورگو شێران.

ڕۆژێکی تر دەستووری دا هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە سی ساڵ بەرەوژوورە، لە لەشکر دووریان بخەنەوەو هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە بیست ساڵ کەمترە، دەبێ لەسەر زەویو لە ئاشو ئۆردوگا دوو ساڵی ڕەبەق بە بێگاریو بێ کرێ کاری سەختەتو تاقەتبەر بۆ حاکم خان بکەن.

بە کورتی: پاشا هەر ڕۆژە و فەرمانێکی تازەی دەردەکردو پێستەی خەڵکی کەوڵ دەکرد. کەس هەقی بەرپەرچدانەوەو قسەکردنی نەبوو. هەر بەس بیانزانیایە یەکێ چاوو

گوێی دەجووڵێ و خەڵك هوشیار دەکاتەوە دەمودەست لەناویان دەبرد. سیخوڕەکانی پاشا لە هەموو شوێنێ خەریکی گەڕان و پشکنین بوون و وەکو و سایە بە دوای خەڵکەکەوە بوون بۆ ئەوەی بزانن کێ چ دەکا. هەر هێندە شتێکیان بدیبایە، یەکسەر حاکم خانیان ئاگادار دەکردەوەو میرغەزەب و جەللادانی حاکم خان هەمیشە خەریکی دروونەوەی سەری ئەم مرۆڤە هوشیارانە بوون و یەکسەر یان بە تیغی جەللاد سەریان دەپەڕاندنو یان بە پەتی سێدارەوە هەڵیاندەواسین.

ڕۆژێ لە ڕۆژان، پیرەمێردێکی بێ نەوا، کە لە دارای دونیادا جگە لە پیرەژنەکەی و کوڕە بچووکەکەی هیچی تری نەبوو، ژنە داماوەکەی لەبەر برسێتیو خەمو خەفەت کۆچی دوایی کردو بۆ خۆی لە ئەشکەنجەو بێگاری حاکم خان حەسایەوە.

پیرەمێردو کوڕەکەی یەك حەفتە بوو، برسیو بێ ئازووقە بوون، ئیتر پیرەمێرد ڕووی لە حاکم خان ناو گوتی:

ــ خانم سەلامەتدار بێ، ژنەکەم مردووەو لە کوڕەکەم زیاتر کەسم نییەو وا ئێمەش لە برسان دەمرین. بەڵکو و بەزەییت پێماندا بێتەوەو هەندێ نانو خواردنمان بدەیتێ، ئێمەش بەرامبەر بەمە ئیشتان بۆ دەکەینو تۆڵەتان بۆ دەکەینەوە. یاخوا، خوا سایەتان لەسەر سەرمان کەم نەکاتەوە.

حاکم خان چاوە چنۆكو مفتەخۆرەکانی زەق کردەوەو وەکوو جانەوەرێ بۆنی نێچیرێکی بەتامی کەوتبێتە بەر لووت، یەکسەر ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی کە لەشاخ لەو بەندە بەسەزمانانەی خوا بداو وەکوو زێروو چۆن خوێن دەمژێ، ئاوها شیلەی گیانیان بژێ. نەختێ بە سووکایەتی تەماشای کردنو گوتی:

ــ من خواردنی زیادەم نییە فڕێی دەمە بەر سەگان. تۆ دەبێ لە پێشا حیسابو کیتابت یەك لا بکەیتەوە، ئەوسا من لوتفێکت لەگەڵ دەکەم و ئیشێکت بۆ دیار دەکەم.

لەبەر ئەوەی کوڕەکەت بچووکە بەکەڵکی ئیش نایەو خۆیشت پیرو خەرفاوی، کەواتە هەردووکتان لاپرەسەنگ و نانخۆری جێگرن.

پیرەمێرد بە حەپەساوی سەیری کرد، خەنجەرت لێدابا خوێنی لێنەدەهات، گوتی:

ــ بۆچی ئاغا، من قەرزاری ئێوەم؟ ئێوە هێشتا هیچتان بە من نەداوە.

حاکم خان بە چاوی لەقەپێڵك دەرپۆقیوەوە، قامچییەکەی ڕاکێشاو کەوتە گیانی پیرەمێردو گوتی:

ــ وسکت بە، پیرە سەگ!دیارە دەتەوێ قەرزەکەم بخۆی.دەبێ چێشتێکت بۆ لێبنێم یەك بست ڕۆنی بەسەرەوە بێ.

پیرەمێرد لەبەر لێدانی ڕۆحتەزێنێ قامچی، تاقەتی چوو و کەوتە زاریو واوەیلا. کوڕە داماوەکەشی سەرەدەری لەم ڕووداوە دەر نەدەکرد، خۆی بە باوەشی پیرە باوکی داداو لە پڕمەی گریانی دا. هەردووکیان ئەوەندە گریان تا لە هۆش خۆیان چوون. ئاویان لە دەم و چاویان ڕشاندو هێنایاننەوە هۆش خۆیان، پیرەمێرد گوتی:

ــ خوا شایەدە، هیچ ئاگام لەوە نییە قەرزاری ئێوە بم. لانی کەم پێم بڵێن من قەرزاری چی ئێوەم، تا بە دڵو گیان قەرزەکەتان بدەمەوە.

کوڕەکە خۆی بە پیرەمێردەکەوە قرساندبوو، حاکم خان لە باوەشی باوکی دەری هێناو فڕێی دایە ئەولا، ئینجا توند بەرۆکی پیرەمێردی گرتو ڕایهەژاندو بەسەریدا نەڕاند:

ــ هەی بۆرە پیاوی لەوجڕی بێ غیرەت، لەبیرت چوو، کە ژنەکەت مرد کێ پارەی مردووشۆرو ڕەوزە خوێنو عارەبانەو هێنانو بردنی دا؟ یانی تۆ نازانی کێ مەسرەفی خواردنی سەد میوانی داوە. هەرچابوو خۆتو کوڕەکەشت ئەو خواردنەتان بەسندان کرد. ئێستاش خۆت لەولا دێنیتەوەو دەڵێی گوایە ئەم شتانەت بەبیر نەماوە. هەی نمەك بە حەرام! خوا کەری ناسی بۆیە شاخی نەدایێ!

پیرەمێرد نەیدەزانی چۆن پشتی لەژێر باری ئەم هەموو بوختانو تۆمەتو درۆو فێڵە، قیت کاتەوە. چما بەسەزمانەی دەیتوانی قسە لە قسەی ئاغا بکاو بەرگری لە خۆی بکا. لەولاشەوە پیریو برسێتی وەکوو لوو لە گەرووی گیر ببوونو خەفەیان کردبوو. هیچ چارەی نەبوو. دووبارە کەوتە پاڕانەوە:

ــ حاکم خان، بەزەییت بە منی بەدبەخت و بێ نەوادا بێتەوە، من هیچم نییە ئێوە چاوی تێببڕن، مەگەر ئێوە بۆ خاتری ژنی من پارەتان مەسرەف کردووە؟ ئەگەر سکتان بە منیش ناسووتێ، هەر هیچ نەبێ سکتان بەم منداڵە بێ نەوایە بسووتێ.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، میرزای خان هاتە مەیدانی نەبەرد. خان هەر هێندە چاوی پێکەوت، بۆ ئەوەی زیاتر پیرەمێرد بتۆقێنێ، دەنگی بەرز کردەوەو میرزای بە شایەد گرتو گوتی:

ــ ئەمەش شایەد! ئێستا دەمەوێ لە حزووری ئەویشدا خۆتی لێ گێل بکەیتو دەست بە درۆیان بکەی.

میرزای حاکم خان بە چاپلووسیو زمان لووسی گوتی:

ــ ئاغا، مەگەر باوکی (شیراوژن)یش وای لێهات زاتی شتی وا بکا؟

حاکم خان گوتی:

ــ ئەی هەر ڕەمەزانی پار نەبوو، خێراتمان بۆ ژنی ئەم بۆرە پیاوە لەوجرە کرد؟

میرزا سەرە داوەکەی کەوتە دەست و یەکسەر گوتی:

ــ حاکم خان سەلامەتداربێ، جا کەس نکووڵی لەوە کردووە؟

حاکم خان سەرنجێکی لە پیرەمێرد داو گوتی:

ــ گوێت لێبوو، هەی بەدنەمەك! ئاوها ئاو لە كانی دەخۆنەوەو بەردی تێ داوێن[1]. لەناو كەشتی دانیشتووی‌و كونی دەكەی، ئەوە هیچ“ چاوی كەشتیوانیش دەردێنی؟ ئەو ڕۆژەی كە پێویست بووی هەمموو شتێكم بۆ كردی، ئێستاش كە كاتی حیساب‌و كیتاب هاتووە، بە تەواوی نكوولی لە هەمموو شتێ دەكەی؟

میرزا ڕووی كردە باوكی (شیراوژن)و گوتی:

ــ ئاخر ، خوا لە باوكت خۆش بێ، قیامەت هەیە!! تۆ ئیتر ردێنت سپی بووەو ڕۆژی پەسلان چ جوابێك دەدەیتەوە؟ دەبێ حیساب‌و كیتابت بدەیتەوە، مەگەر تۆ كەشكی؟

پیرەمێرد، ئیتر حەوسەڵەی ئەم هەمموو فرتو فێڵ‌و تەفرەی نەبوو، زار زار دەگریاو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ــ بووم بە قەمبووری سەر قەمبوور! نانی ورگمان نەبوو، ئێستا كەشكی كەشكی بووینە قەرزاریش.

كوڕەكەی گرتە باوەش‌و گوتی:

ــ كوڕم، ئەوە ئەمن تێپەڕیم، بەدبەختی لە تۆ، كە بووی بە دیلی بەردەستی ئەم گورگ سیفەتانە.

میرزا، بۆ ئەوەی پیرەمێرد باش گرفتار بكا، سیمایەكی دڵسۆزی بەخۆیەوە گرتو گوتی:

ــ ئاخر ئەوەی پیاوێ ناگری. ئاغا ئێستا پارەكەی ناوێتەوە. برا تۆ تەنیا شتێ بنووسەو لە بنەوە پەنجەمۆری پێوە بنێ كە ئەوەندە پارەیە قەرزاری خانی، پاشان هەركاتێ پارەت بوو، وەرە قەرزەكەت بدەوە. سوپاس بۆ خوا كوڕەكەشت وردە وردە گەورە دەبێ، ئیشێكی بۆ دەدۆزیتەوەو دەستگیرۆییەكت دەكا.

---

[1] لە دەقەكەدا دەڵێ: ئاوها، خوێ دەخۆن‌و خوێدان دەشكێنن.

پیرەمێرد، لەبەر ئەوەی هیچ چارەی نەبوو، قبووڵی کردو لە بەرخۆیەوە گوتی: لە ئێستاوە تا ئەوسا خوا کەریمە!

میرزا یەکسەر دەستی دایە قەڵەمێکو دەستی بە نووسین کردو لە حاکم خانی پرسی:

ــ قەرزی پیرەمێرد چەندە؟

حاکم خان، نەیهێناو نەیبرد، یەکسەر گوتی:

ــ پانزە لیرە.

پیرەمێردی بێ نەوا، ئاگری لە مێشکی بەر بوو.. ئاخر بە درێژایی تەمەنی خۆی، تەنانەت بە خەونیش یەك لیرەی نەدیبوو، ئێستا بە پیری ئەم پارەیەی لە کوێ پێ پەیدا دەبێ. میرزا نووسینەکەی تەواو کردو دایە دەست پیرەمێرد. پیرەمێرد لە ژێرەوە پەنجەمۆری پێوە نا. میرزا (شیراوژن)شی ناچار کرد لە ژێر نووسینەکە پەنجەمۆر بکا. بەم جۆرە، باوكو کوڕ بە دەست بەتاڵی لە ماڵی حاکم خان گەڕانەوە، پازدە لیرەش قەرزیان کەوتبووە سەر.

پیرەمێرد، لە ڕێگادا هاوسێ پینەدۆزەکەی خۆی بینیو ڕووداوەکەی بۆ باس کردو داوای لێکرد ڕێگایەکی پیشان بدا. هاوسێکەی پیاوێکی دونیا دیتە بوو، چووە بنو بۆتکەی مەسەلەکەو گوتی:

ــ ئەی پیرەمێردی داماوو بەدبەخت! تۆ چەند بە ئاسانی کەوتیتە داوی ئەم ناجسنانە..! حاکم خان خەزووری وەزیرە، هەر ئەمڕۆ سبەیە لە ڕەگو ڕیشەوە هەڵتدەتەکێنن.

پیرەمێرد، شیراوژنی هەڵگرتو هاتەوە ماڵێ. ئەو شەوە بە سکی برسی نووستن. شیراوژن تاقەتی نەمابوو، پیرەمێردیش تا دەهات زیاتر دڵی دەبوو بە کەباب.

نیوەشەو بوو، چەند زرتە زەلامێك بە ناو ماڵی پیرەمێرد وەربوونو گەیشتنە سەر سەریان. یەکێکیان پێلەقەیەکی لە پیرەمێرد داو گوتی:

ــ هەستە، هەی بەدنەمەك!

پیرەمێرد چاوەڕوانی ئەم میوانە نەخوندییانەی نەدەکرد، گوتی:

ــ من هیچم نییە، چیتان لە گیانی من دەوێ؟

یەکێکیان گوتی:

ــ خێرا ئەم ماڵە چۆل کەو هەر ئێستا گۆڕت گوم کەو لێرە نەمێنی.

ئینجا ئەو کاغەزەی دەرهێنا کە پەنجەمۆری پیرەمێردو شیراوژنی لە بنەوە درابوو و، گوتی:

ــ بە پێی ئەم نووسراوەیە تۆ خانووەکەتت بە پازدە لیرە فرۆشتۆتە پاشاو پارەکەشت کاش وەرگرتووە. حاکم خان بە جوامێریو پیاوەتیی خۆی، تا ئێستا داوای هیچی لە تۆ نەکردووە، بەڵام تۆ کابرایەکی ئەوەندە پیسو نامەردی، خۆت لە هەموو شتێ گێل کردووە. وەزیر ئێمەی ناردووە، دەست بەسەر ماڵەکەتدا دەگرینو پاشان دەیگوازینەوە ماڵی حاکم خان.

پیرەمێرد، هەرچەندە سوێندی خواردو دادو فوغانی کرد کە خانووی خۆی بە کەس نەفرۆشتووە، پیاوەکانی وەزیر گوێیان پێ نەداو نەدا.

پیرەمێرد کە دیتی دەرەقەتیان نایەو لەوانەیە خۆی و کوڕەکەی تووشی بەڵایەك ببنو بکەونە مەترسیی مردنەوە، شیراوژنی هەڵگرتو بە ناچاری لە ماڵەوە چووە دەرێ. نەیدەزانی بەم شەوە تاریكو نوتەکە بچێتە کوێ. ئاخیری ملی ڕێگایەکی گرتو پشت بە خوا هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە بێشەیەك. ئەوەندە ماندوو بوون، خەویان لێکەوت. کە چاویان کردەوە دیتیان دوو ورچ لەسەر سەریانەوە وەستاون: یەکێکیان گەورەو ئەویتر بچووك بوو. دیار بوو باوكو کوڕ بوون. بەڵام لەسەر سەریان وەستان. هیچ خۆیان لە پیرەمێردو کوڕەکەی نەگەیاندو نیازیان نەبوو پەلاماریان بدەنو ئازاریان پێبگەیەنن.

بە کورتی، ورچەکان دەستی پیرەمێردو شیراوژنیان گرتو بە ترسو لەرزەوە هەردووکیان بردە ناو ئەشکەوتێکی ئەو نزیکانە. خێرا دەبەیەکی پڕ هەنگوینیان لە بەر میوانەکانی خۆیان داناو گوتیان:

ــ فەرموون، بخۆن!

ورچە زلەکە، هەندێ نانو شیری لەناو کودو و تەمبەڵە کردبوو، چوو هێنایو لە بەر پیرەمێردی داناو فەرمووی لێکردن بیخۆن.

پیرەمێردو کوڕەکەی ترسیان نیشتەوەو تێریان خواردو سوپاسی خودایان کردو ئینجا پیرەمێرد باسی دەردەسەریی خۆی کردو ورچەکە گوتی:

ــ بابە گیان، ئیتر پێویست ناکا غەم بخۆی. منیش بە کوڕی خۆت دابنێ. هەموومان پێکەوە لێرە ئیش دەکەینو خواردنی ڕۆژانەمان پەیدا دەکەین.

لە ڕۆژی پاشییەوە، پیرەمێرد دەستی بە دارکردن کرد. ئێواران دارەکانی لە ورچەکە بار دەکردو دەیبردە بازاڕو دەیفرۆشتو کەلوپەلی دەکڕیو دەگەڕایەوە. شیراوژنیش لەگەڵ بێچووە ورچەکە ڕاهاتبوو، یاریو زۆرانەی لەگەڵ دەکرد.

ڕۆژێ، شوانان شیراوژنیان دی زۆرانە لەگەڵ ورچ دەکا، هەر واقیان وڕما. وردە وردە ناوبانگی شیراوژن بەم ناوەدا بڵاوبووەوەو هەموو نازناوی شیراوژنی پاڵەوانو عەییاریان پێبەخشی. چونکە یارمەتیی هەموو کەسی دەداو بەرگریی لە مافەکانیان دەکرد. لە پاڵەوانێتیو تیراوێژیو ڕاوێژو ئەقڵو هوشیاری هیچ ئاوقەرانی نەبوو.

ڕۆژێ، پیرەمێرد لەگەڵ شیراوژن لە بازاڕ دەگەڕایەوە، دیتیان سوارێکی کەوا ماهووتی قامچی بە دەست، دەسووڕایەوە. پیرەمێرد یەکسەر ناسییەوەو بە شیراوژنی گوت:

ــ ئەمە حاکم خانی سەگو سەگبابە کە ئێمەی تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە کرد.

لە هەمان کاتدا، دەنگی هەراو هەڵهەلە لەناو خەڵك بەرز بووەوە. شیراوژن خۆی گەیاندە ناو خەڵکەکەو دیتی چەند ڕاوکەرێك بێچووی ورچەکەیان خستۆتە داوو وا بە

ڕاکێش ڕاکێش دەیبەن. شێراوژن بواری نەدا، بە پەلامارێکی کتوپڕ هەمووی غافڵگیر کردن و پەتی ملی ورچی بچکۆلەی پچڕاندو ئازادی کرد. ئینجا پەلاماری ڕاوکەرەکانی دا: دەستی لە بەر کەمەری ڕادەکردنو لەسەر ئەسپ بڵندی دەکردنو دوو سێ جار لەسەر سەری خۆی دەیسووڕاندنو تووڕی هەڵدەدان. ڕاوکەرەکان کە بینییان ناحەزەکەیان ئەوەندە بەتاقەتەو دەرەقەتی نایەن، یەکسەر کووزەکەیان کردو هەڵاتن. حاکم خانیش کە ئەم ڕووداوەی بە چاوی خۆی بینی، یەکسەر تێی تەقاندو هەڵات.

خەڵکەکە لەم هەموو ئازایەتیو پاڵەوانییەی شێراوژن ماتو مەندەهۆش بوون، ئافەرینیان لە شێراوژن کرد. ئەم پاڵەوانێتیو ئازایەتییەی شێراوژن دەم بە دەم ڕۆیشتو کەوتە بەرگوێی وەزیر. وەزیر یەکسەر فەرمانی دا، چەکدارەکان کۆ بکەنەوەو پەلاماری شێراوژن بدەنو بە دەستی بەستە بیهێننە لای. بەڵام شێراوژن بە جۆرێ زارە ترەکی کردنو لە ڕەگو ڕیشەوە هەڵیکەندن کە هەموو قوچاندیانو گەڕانەوەو بە درۆ بە وەزیریان گوت شێراوژنمان نەدۆزییەوە.

ئیتر خەڵك لە شارو دیاری خۆیان باریان دەکردو بەرەو چیاکان هەڵدەکشان تا لە سایەی شێراوژنی پاڵەوان بە ئارامیو ئاسایشی بژین. ئەو کاتە، حاکم خان تازە زانیبووی شێراوژنی پاڵەوان کوڕی هەمان ئەو پیرەمێردەیە کە قۆڵی بڕیبوو و خانووی لە چنگ دەرهێنابوو، بۆیە زۆر تووڕە بوو و سەد سواری هەرە چاکی خۆی کۆ کردەوەو چووە جەنگی شێراوژنو کە گەیشتە بیشە، فەرمانی دا سوارەکان پشوو بدەنو شەو شەبەیخوون بکەنە سەر شێراوژنو لەناوی بەرن.

ئەو ڕۆژە، پیرەمێرد لەگەڵ برادەرەکانی چووبووە شارو شێراوژن لەگەڵ بێچووە ورچەکە لەسەر تەپۆلکەیەك درێژ ببوو، شنەبای خۆشو ختووکەدەر، قژو لەشی مەشقدراوی ختووکە دەدا. لەو کاتەدا، ورچەکە پەیدا بوو، شێراوژنی لە خەو بەئاگا هێناو گوتی:

ــ ئەوە چییە دانیشتووی! حاکم خان بە خۆو بە سەد سوارەوە ئابڵووقەی داوین.

شیراوژن گوتی:

ــ باشه، ئێستا چ بکەین باشه؟

ورچ گوتی:

ــ بە هەر جۆرێ بێ، دەبێ تۆ خۆت نەجات بدەی، ئەوان تیر بە سێبەری تۆوە دەنێن.

شیراوژن گوتی:

ــ بۆچی پێ نەچەقێنینو بەرگری لە خۆمان نەکەین. ئەی نابێ یەکێ لە رووی ئەم نامەردانەدا بوەستێو لە جێی خۆیان ڕایانبگرێو هەقی خۆیان لە دەست بنێ؟

ورچ گوتی:

ــ بەڵام ئێستا کاتی ئەم ئیشانە نییە. برادەر کە منو هەموو لە شارو لەملاو لەولا بڵاوبوونەتەوە. ورچ هەرچەندە پێی داگرت سوودی نەبوو. شیراوژنو بێچووە ورچەکە بە توندو پتەوی وەستا بوونو دەیانەویست بەرگری لە خۆیان بکەن. ئاخیری ورچیش دایە پاڵ ئەوانو ئامادەی بەرەنگاربوونەوە بوو.

نیوەشەو، سوارانی حاکم خان بە نیازی شەبەیخوون بە گردۆلکەکاندا هەڵگەڕانو، خۆیان لە پشت بەردان شاردەوەو شیراوژنو برادەرەکانیان تیرباران کرد. کەچی شیراوژنو ورچەکان بەردی گەورەیان هەڵدەکەندو لەسەر چیاوە گلۆریان دەکردەوە سەر دوژمنەکانیان. ئەم بەردانە کە بەو خێراییە دەهاتن هەرچی دەکەوتە پێشیان وردو خاشیان دەکرد. دوژمن ئامانی لێبڕابوو، هەموو برینداو کەلو کلۆم ببوونو ڕایاندەکرد. حاکم خان کە زانی وەزعەکە شڕە خۆشی هەڵات بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێ. شیراوژن لەم شەڕو هەڵات هەڵاتە، دەستکەوتێکی زۆری پێبڕا.

ڕۆژی پاشی، بەیانی هەموو عالەم لە مەسەلەکە ئاگادار بوونەوەو حاکم ئابڕووی نەماو ڕووی نەبوو لە ماڵەوە بێتە دەرەوەو هەمیشە پیلانی دادەنا چۆن شیراوژن لەناو بەرێ.

پیرەژنێکی رمووزن هەبوو، دراوسێی حاکم خان بوو، زۆر ناشیرینو بەدفەساڵ بوو، نە تاڵە موویەکی بە سەرەوە بوو و نە ددانێکی لە زاردا مابوو و چاوێکیشی کوێر بوو. هەر ئەو رۆژە پیرەژن هاتە لای حاکمو گوتی:

ــ ئەی حاکمی زەبربەدەست، ئەگەر چیم دەوێ بمدەیتێ، بەڵێنت دەدەمێ شیراوژنت بە دەستی بەستە تەسلیم بکەم.

حاکم گوتی:

ــ من بەو هەموو سوارەوە نەمتوانی هیچ بە هیچ بکەم، ئیشی وا چۆن بە تۆ دەکرێ؟

پیرەژن گوتی:

ــ ئاخر مەسەلەکە ئەوەیە کە بە زۆرو بە هێز نەتتوانی کارێ ئەنجام بدەی، دەبێ پەنا بەریتە بەر فێڵو ساختە. تۆ (دە) جەنگاوەرم بدەرێو ئیتر هەقت نەبێ، بەڵێن بێ شیراوژنت بە دەستی بەستە تەسلیم بکەم.

حاکم لە بەرخۆیەوە گوتی:

ــ بەرد خۆڕاو چۆلەکە خۆڕا! چ دەبێ، تیرێکەو بە تاریکییەوە دەنێین، بەڵکو نیشانەکە بپێکێ.

پیرەژن پیلانێکی دانایەوەو قژی سەرو ریشو سمێڵی هەموو جەنگاوەرەکانی تاشیو خوێنی لە دەموچاوی هەڵسوینو بەرگی ژنانەی لەبەر هەموویان کردو بەرەو ئەو بێشەیەی شیراوژنی لێ بوو، کەوتنە رێ. کاتێ گەیشتە لای شیراوژن، هەموو دەستیان بە گریەو زاری کرد. شیراوژن کە چاوی پێکەوتن، هاتە لای پیرەژن. پیرەژن کە شیراوژنی دی، کەوتە سەر دەستو پێی، سەری خۆی لە دەرو دیوار دەداو بە چاوی بە گریانو خوێناوییەوە دەیگوت:

ــ ئەی پاڵەوان! خوا سایەت لەسەر ئێمەمانان کەم نەکا. سەیرکە، ئەم حاکم خانە خوانەناسە چی پێکردووین. ئاخر زوڵمو زۆرداریش سنووری هەیە. ئێمە لە تۆ بەولاوە هیچ

پشتو پەنایەکمان نییە. تۆڵەی ئێمە لەم زاڵمە خوانەناسە بکەوە. لە هەمان کاتدا، ئەوانی تریش هەموو کەوتنە سەر دەستو پێی شیراوژنو دەستیان بە گریان کرد.

شیراوژن گوتی:

ـ دایکو خوشکەکانم! ئەوە چیتان بەسەر هاتووە؟ چ بووە؟ ئەوە بۆچی وا هەموو گیانتان خوێنو خوڕو برینە؟

پیرەژن بە گریەو زاری گوتی:

ـ دایە، یاخوا، ناخۆشی بە چاوی خۆت نەبینی! ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە بەسەر گورگی بیابان نەیەت. ئەم حاکم خانە کە لە شەڕی تۆدا شکستی خوارد، گەڕایەوە شارو هەرچی قینی لە دڵا بوو بەسەر سەری ئێمەی داماویدا ڕشت. پیاوەکانی خۆی بەردایە گیانمان. پیاوەکانیان گرتینو فڕێیان دانە زیندانو ئێمەشیان دارکاری کردو شار بە دەریان کردین. ئێستا ئێمە خاکی کوێ بە سەری خۆمان دا بکەین؟ دایە!

پیرەژن ئەمەی گوتو هۆڕهۆڕ گریا.

شیراوژن فرمێسکی لە چاوان قەتیس ما. تا پێی کرا دڵی دانەوەو شوێنێکی بۆ ئامادە کردنو خواردنی بۆ هێنان.

لەوە بەدواوە، هەموو ئیشیان دەکردو بەشداریی غەمو شادیی یەکتریان دەکرد، تا ڕۆژێ ورچەکەو بێچووەکەی چووبوونە جێگایەکی دوور، شیراوژنیش لەسەر سەکۆی خۆی ڕاکشابوو، تەماشای ئەستێرانی دەکرد، خەبەریان هێنا پیرەژن حاڵی شڕەو لە هۆش خۆی چووەو خەریکە دەمرێ.

شیراوژن یەکسەر هەستا هاتە سەرینگانی پیرەژن. پیرەژن وای پێشان دا کە هەر بە ڕاستی لەبەر ئاوزینگاندایەو دوا هەناسەی ژیانیەتی، کە چاوی بە شیراوژن کەوت، دەستەکانی کردەوە بۆ ئەوەی بۆ دواجار شیراوژن بگرێتە باوەش. هەر هێندە شیراوژن

پیرەژنی گرتە باوەش، پیرەژن دەرمانی بێهۆشیی خستە بەر لووتیو شیراوژن لە هۆش خۆی چوو و تخێڵی زەوی بوو.

لەو کاتەدا پیاوەکانی حاکم خان داوەرانو دەستو پێی شیراوژنیان بەستو شەو بەرەو شار کەوتنە رێ.

حاکم خان، کە شیراوژنی بێهۆش‌و بە دەستو پێ بەسراوی لە بەردەستی خۆیدا بە دیلی دەدی، لە پێستی خۆی نەدەحەوایەوە. پیرەژنی گرتە باوەش‌و ئافەرینی لێکردو پاداشتێکی زۆری دایەو ویستی سبەینەی رۆژی پاشی لە مەیدانی شار شیراوژن لە دار بدا، بەڵام پیرەژن نارەزایی پێشان داو گوتی:

ــ ئەم ئیشە باش نییە، چونکە لەوانەیە شیراوژن لە هەر چرکەیەکا بە هۆش خۆی بێتەوەو پەتەکە بپسێنێو رابکا. دەبێ هەر ئێستا بیبەنە (تەپەی شەیتان)و فرێی دەنە ناو ئەشکەوتی (بێ بن) بۆ ئەوەی ببێ بە خۆراکی دێوو ئەژدیهاو جانەوەری هۆڤی. حاکم تەگبیری پیرەژنی پەسندکردو گوتی:

ــ پیرەژن، تۆ شەیتانیش دەرزی دەدەی.

هەر ئەو شەوە، شیراوژنیان بردو فرێیان دایە ناو ئەشکەوتی (بێ بن).

لەولاوەش، دارکەران هەموو رۆژێ سبەینێ زوو لەگەڵ دەنگی شمشاڵی شیراوژن لە خەو رادەبوونو مێگەلەکانیان رادەدا بۆ لەوەرو دەچوونە لێرو داریان دەکرد. ئەو رۆژە، هەرچەندە چاوەرێیان کرد گوێیان لەدەنگی شمشاڵی شیرواژن نەبوو، هاتنە شوێنەکەی. باوکی شیراوژن کڵاوی کورەکەی لەسەر نیگانی دیو زانی شیراوژن نەماوە. هەموو شوێنێکیان پشکنیو شووشەی دەرمانی بێهۆشییان دیتەوەو زانییان بەڵایەکیان بەسەر شیراوژن هێناوەو هەموویشی لە بن سەری پیرەژنو هاورێکانی بووە.

شیراوژنیش کاتێ کە چاوی کردەوە، خۆی لەناو ئەشکەوتێکی تاریك دۆزییەوەو دوای تەقەلایەکی زۆر دەستەکانی خۆی کردەوەو ماوەیەك رۆیشت، هەر نەتری دەداو رەتی

دەبردو بەردەبووەوە، زانی بێهۆش بووەو ئیشی پیرەژنو هاورێکانیەتی، بەم ڕۆژە ڕەشەیان گەیاندووە. بە کورتی ملی لێناو گوێی بە مەترسی نەداو ڕۆیشت بۆ ئەوەی خۆی لەم ئەشکەوتە نەفرەتییە نەجات بدا. حەفت شەو و حەفت ڕۆژ بە ناو ئەشکەوتەکەدا ڕۆیشت، تا ڕۆژێ ڕووناکییەکی کزی لێ دەرکەوت. بەرەو لای ڕووناکییەکە چوو و بە هەر جۆرێ بوو لە کلاوڕۆژنەوە خۆی هەڵکێشاو دیتی بێشەیەکی خۆشەو کانیاوێکی پێدا دەڕوا. هێشتا چاوی لەبەر ڕووناکی ئەزیەتی دەخوارد، دوای نەختێ چاوی لە ڕووناکی ڕاهات. دەق بەرەبەری بەیانی بوو، نەختێ ئاوی خواردەوەو دەستو دەموچاوی خۆی شووشت. لەو کاتەدا دەنگی زریکەو هاواری ژنێکی کەوتە بەرگوێ، ئەویش یەکسەر خۆی لە پەنایەك شاردەوە.

لێرەوە بۆرایی شار دیار بوو، بەرەو لای دەنگەکە چوو، کابرایەکی دی خەریك بوو بە بێڵ قۆرتێکی لێدەدا، خۆی لە پەنا درەختێك شاردەوەو چاوی بڕییە کابراکە، دیتی کابرا دوای لێدانی قۆرتەکە، شتێکی لەناو قۆرتەکە ناو خۆڵی بەسەردا کردو چووە دوای ئیشی خۆی. تا ئەو حەلە دونیا تەواو ڕووناك ببوو، ببووە ڕۆژ، شیراوژن چوو بۆ ئەوەی بزانێ مەسەلە چییە. خۆڵەکەی هەڵگێڕایەوەو دیتی کیسە شعادەیەکی خوێناویی تێدایە، کچێکی گەنج لەناو کیسەکە خەڵتانی خوێنەو لە گیانەلادایە، کچەکە لە جۆری جلوبەرگی خوێناوی دیار بوو لە چینی خانەدانو ماقووڵان بوو.

شیراوژن بە دەنگێکی بەرز گوتی:

ـ ئەم تاوانبارە چ جۆرە بنیادەمێکە، ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانەی لەگەڵ کچێکی وا گەنج کردووە؟ یا خوا، خودا تۆڵەی ئەم کچەی لێبکاتەوە.

شیراوژن وایدەزانی کچەکە گیانی لە بەردا نەماوە، بەڵام کچەکە گوێی لە قسەکانی بوو و گوتی:

ــ ئەی موسڵمان، فریام کەوە، بەزەییت پێمدا بێتەوە، ئەگەر خودای بە هەق دەناسی دلۆپە ئاوێکم پێبگەیەنە خەریکە لە تێنوان دەمرم!

شیراوژن بە پەلەپرووزێ چووە سەر کانیو بە خەنجەر قامیشێکی زلی بڕییەوەو پڕ ئاوی کردو هات، کچەکەی تێر ئاو کرد. کچەکە، دوای ئەوەی تێنوێتی شکا، چاوەکانی کردەوەو تەماشایەکی کردو گوتی:

ــ گەنجۆ! ئێستا مادام هاتیتە فریام، خوێنم ڕاگرە، وابزانم برینەکانم غەدارن، ژیانم ڕزگار کە، پەشیمان نابیتەوە.

شیراوژن دەمو دەست پارچەیەکی لە جلوبەرگی خۆی کردەوەو برینەکانی کچەکەی بەستەوە.

ژنەکە گوتی:

ــ ئەو چاکەیەت هەر کردووە، بە تەواوی بیکە، ببەوە شارو پەرستاریم بکە.

شیراوژن گوتی:

ــ خانمی ئازیز! من بابایەکی بێگانەمو لەم شارە کەس ناناسم. ئەگەر بە ڕێکەوت یەکێ لێی پرسیم: ئەم کچە بریندارە دەبەیتە کوێ؟ چ وەڵامێکی بدەمەوە؟

ژنەکە گوتی:

ــ بڵێ کە من خوشکی تۆمو ئەوەی تر بۆ من لێگەڕێ.

شیراوژن خانمەکەی کردە کۆڵو چووە شارو لە کاروانسەرایەك دابەزی. نوێنی بۆ ژنە ڕاخستو پاشان لە دوای نوژدارێکی نارد بۆ ئەوەی برینەکانی بۆ تیمار بکا. نوژدار دڵنیای کردەوە کە خانم برینەکانی زۆر سەخت نینو هەر زوو چاك دەبێتەوە.

ژنە لە ماوەی یەك مانگ چاك بووەوە. لە ماوەی چاکبوونەوەدا، کاغەزو مەرەکەبی لە شیراوژن وەرگرتو نامەیەکی نووسیو دایە شیراوژنو گوتی:

ــ برۆ ئەو شوێنەی بازرگانی تێدا کۆ دەبنەوە، سۆراغی (ڕەفیع) بکەو ئەم نامەیەی منی بدە دەستو چی دایە تۆ وەری بگرەو بۆم بێنە.

شیراوژن یەکسەر چووە بازاڕو ڕەفیعی دۆزییەوەو نامەکەی دایە دەست. ڕەفیع هەر هێندە چاوی بە نامەکە کەوت، خوێندییەوەو ماچی کردو لەسەر سەری خۆی دانا، ئینجا دوو کیسەی پڕ لیرەی زێڕی دەرهێناو دایە دەست شیراوژن.

شیراوژن پارەکەی وەرگرتو گەڕایەوە لای خانم.

خانم، شیراوژنی نارد خانوویەك بە کرێ بگرێ. کە گواستیانەوە ناو خانووە نوێکەیان، خانم نامەیەکی تری بۆ ڕەفیع نووسیو ئەم جارە شیراوژن چوار کیسە زێڕی لە ڕەفیع وەرگرتو هێنای.

شیراوژن، بە دەستووری خانم، چەند دەستە بەرگێکی بۆ خۆیو بۆ خانم کڕیو چەند کەنیزو خزمەتکاری ڕاگرت بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەن. شیراوژن، لای خەڵکی، خۆی بە برای خانمەکە ناساندبوو و وەکوو برای ڕاستەقینە لە خزمەتی خانمدا بوو.

شیراوژن چەند جار ویستی لە خزمەت خانم بڕوا، بەڵام خانم ڕووخسەتی نەدەداو هەمیشە دەیگوت:

ــ نەختێکی تر لەلام بمێنەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی زەحمەتو ماندووبوونەکەت بکەمەوە. بەم زووانە تۆ من دەناسی کێمو منیش خزمەتت دەکەم.

هەر کاتێ شیراوژن بیویستایە ناو ونیشانی ژنە بزانێو لێی بپرسیبایە بۆچی ئەو کابرایە ویستی بیکوژێ، خانم خۆی لە گێلی دەداو بێدەنگ دەبوو و دەیگوت: پاشان پێدەکەوی.

ڕۆژێ، خانم کیسە زێڕێکی دایە شیراوژنو ناردییە بازاڕ بۆ ئەوەی چەند مەترە قوماشێکی گرانبەها لە کابرایەکی (هاموون) ناو بکڕێو هیچ قسە نەکا.

شیراوژن چووە بازاڕ، کابرای مەبەستی دۆزییەوەو ئەوەی دەیەویست کڕیو هاتەوە.

دوای دوو ڕۆژ، خانم دوو کیسە زێڕی دایەو گوتی: بڕۆ لای هاموونو چەند مەتر قوماشی تر بکڕە.

شیراوژن دووبارە چووە لای هاموونو بەنرخترین قوماشی لێکڕیو هیچ قسەی نەکرد.

بەم جۆرە هاموون، شیراوژنی کەوتە بەردڵ، ڕۆژێ بۆ شێو داوەتی ماڵەوەی کرد.

شیراوژن بە ڕووخسەتی خانم داوەتەکەی قبووڵ کرد، چووە ماڵی هاموونو لەسەر قسەی خانم، دوای شێوکردن، ئەویش هاموونی داوەت کرد بۆ ئەوەی ببێ بە میوانی ئەمو خانم. هاموونیش قبووڵی کرد.

ڕۆژی پاشی، خانم چەند چێشتکەری تێگەیاند چەندین خواردنی خۆشو جۆراوجۆریان لێناو ئێوارە داهاتو هاموون بۆ میوانداری هاتە ماڵی شیراوژن. شێویان خواردو خەریکی پشوودانو خۆشیو ڕابواردن بوون، شیراوژن شەو، لێنەگەڕا هاموون بگەڕێتەوە ماڵی خۆی، ژوورێکیان بۆ ئامادە کردو چوارپایان ڕێکخست بۆ ئەوەی بخەوێ. خانم بە درێژایی ماوەی میوانداریی، خەوی لە خۆی خستبوو و لە میوانداریيەکە ئامادە نەبوو.

شیراوژن چووە ژووری نووستنو ویستی بخەوێ، دیتی خانم وا هات چرایەکی بە دەستێکەوەیەو کێردێکیشی بە دەستەکەی ترەوەیە، بە شیراوژنی گوت:

ــ گەنجۆ، هەستە میوانەکەت ببینە چۆن خەڵتانی خوێن بووە.

شیراوژن بە تۆقاوی دەرپەڕیو بە پەلە جلی کردە بەرو لەگەڵ خانم چووە ژووری نووستنی بازرگانو دیتی ئەم کابرا بەدبەختە بێ جووڵە لە ناو جێ کەوتووەو قنیاتی لەبەر براوە. هاواری کرد:

ــ ئای، کەتنکەری بێ مروەت، ئەوە چ کارێکە تۆ کردووتە؟ چۆن ئەم کارە پڕ شەرمەزارییەت کردووە ؟و منت کردووە بە ئامرازی پیلانی پیسی خۆت؟

خانم وەڵامی دایەوە:

ــ گەنجی بێگانە! توورە مەبە کە بووی بە هاودەستم بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆم لە هاموون بکەمەوە. هاموون کابرایەکی ناپاك بوو، ئەگەر بزانی پێشتر چ جۆرە تاوانێکی کردووە، نارەحەت نابی. بە شێوەیەکی باشتر بڵێم: تۆ ئەگەر بزانی هۆی بەدبەختیو داماویی من، ئەم هاموونە بوو، گلەیی لە من ناکەی. ئینجا گوتی:

ــ من کچی سوڵتانی ئەم شارەم. ڕۆژێ دەچوومە گەرماوی شار، لە دوکان چاوم بە هاموون کەوت، یەکسەر دڵی لێسەندمو سەرو سیمام پەسند کرد. وردە وردە هەستم کرد خۆشم دەوێ. یەکەم جار بەسەر هەستو نەستی خۆمدا زاڵ بوومو هاموونم بە شیاوی خۆم نەزانیو ویستم ڕێگای ئەقڵو مەنتیق بگرمە بەر. بەڵام بەداخەوە هیچم بە هیچ نەکردو خۆشەویستیی هاموون بەسەر باییبوونو شکۆمەندیمدا زاڵ بوو. وردە وردە غەمگینو نارەحەت بوومو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنجو دەردەسەریم زیاتر دەبوو. تا وای لێهات نەخۆش کەوتم. پیرەژنێکی سەر سپی لە پزیشکان باشتر دەردی منی دەستنیشان کردو فریام کەوت، ئەگەر نا تێدەچووم. لای ئەو پیرەژنە دانم بە ئەشقی خۆمدا ناو مەزەندەی ئەوم بە ڕاست زانی. بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە چۆن گرفتاری ئەشق بوویم. ئەویش پشتی بۆچوونی منی گرت، دڵی بە حاڵی من سووتاو بەڵێنی دا چارەی دەردم بکا.

شەوێ، بازرگانە گەنجەکەی بە بەرگی ژنانە هێنایە حەرەمسەراو خستییە ژوورەکەی من. منیش بە دیداری خۆشحاڵ بوومو زانیم ئەویش منی خۆش دەوێ.

چەند ڕۆژێك لە ژوورەوە دەرگام لەسەر داخستو گلم دایەوە. پاشان پیرەژنی سەر سپی لە حەرەمسەرا بردییە دەرەوەو لەوە بە دواوە جاروبار بەم جۆرە دەیهێنایە ژووری من.

شەوێ، حەزم کرد هاموون لە ماڵی خۆیدا ببینم، نەمدەزانی بەو جۆرەی من ئەوم خۆش دەوێ، ئەو ئاوها منی خۆش ناوێ. بە تاقی تەنێ لە کۆشك هاتمە دەرەوەو ڕووم کردە ماڵەکەی. بە ئاسانی ماڵەکەیم دۆزییەوە، چونکە لە هاتوچۆی گەرماو، پێکەوتبووم ماڵی لە کوێیە. لە دەرگام دا، نۆکەرێ دەرگای کردەوەو لێی پرسیم:

ــ تۆ کێی؟و چ ئیشت هەیە؟

پێم گوت من کچێکی ئەم شارەمو دەمەوێ قسە لەگەڵ ئاغاکەت بکەم.

نۆکەرەکە وەڵامی دایەوە:

ــ ئێستا ژنێکی لایە، وا چاکە سبەی بێیتەوە.

من کە گوێم لە وشەی (ژن) بوو، بەدگومانییەکی وام لا پەیدا بوو، ئاگام لە خۆم نەما، ئەوەندە تووڕە بووم، لەباتی ئەوەی بگەڕێمەوە، پاڵم بە نۆکەرەکەوە ناو چوومە ژوورەوەو ڕووم کردە ئەو ژوورە ڕووناکەی میوانەکەی لێبوو، لەوێ دیتم بازرگانەکە لەتەك کچێکی گەنجو جوان دانیشتووە، خەریکی بەزمو خواردنەوەو ڕابواردنە. کە ئەم دیمەنەم دی، بە جۆرێکی وا چاوم تاریك داهات، نەمدەتوانی بەرپێی خۆم ببینم. چوومە ژوورەوەو خۆم فڕێدایە سەر کچەکەو دامە بەرمشتو پێ لەقانو ئەگەر لە دەستم هەڵنەهاتایە، بێشك لە حەسوودییان دەمکوشت. ئینجا پەلاماری هاموونم دا. هاموون یەکەم جار کەوتەسەر دەستو پێمو تەوازۆی هێنایەوەو لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەوە. هێور بوومەوەو سوێندو گوێڕایەڵیم قبووڵ کرد. داوای لێکردم لە تەنیشتی دابنیشم. لەپڕ پەلاماری دامو چەند چەقۆیەکی لێدام. من بە بێهۆشی بەربوومەوە سەر زەوی. ئەو وای زانی من مردووم. لەناو کیسەیەکی گەورەی شعادەی پێچامو کیسەکەی بە کۆڵی داداو بردییە دەرەوەی شار، ئەوەبوو کە تۆ ڕزگارت کردم.

کاتێ کە گۆڕی بۆ لێدەدام، هاتمەوە هۆش خۆمو ناڵاندم، بەڵام گوێی بە ئاهو ناڵەم نەداو بە زیندوویی چاوان منی لەناو گۆڕ نا. خراپ نییە شتێکیش لەبارەی ڕەفیعەوە بزانی:

ــ ئەوە بزانە، ڕەفیع بازرگانی حەرەمسەرایە. بۆم نووسی پێویستم بە پارەیەو باسی سەربردەی خۆمم بۆ کردو داوام لێکرد تا تۆڵەی خۆم دەکەمەوە ڕازەکە ئاشکرا نەکا. گەنجۆ! ئەمەیە سەربردەی من. من نەمویست پێشتر ئەم شتانەت پێ بڵێم، نەوەك نێچیرەکەم بۆ نەهێنی. وا بزانم ئیشو کردەوەکەم بە شتێکی نادروست نازانیو دەبێ هەق

بە من بدەی کە تۆڵەی خۆم لە کابرایەکی ناپاکو شەیتان سیفەتو تاوانباری وەکوو هاموون کردۆتەوەو دڵم کون کون کردووە.

ئینجا گوتی:

ـ کە ڕۆژ هەڵات، هەردووکمان دەچینە کۆشکی باوکم. باوکی من سوڵتانی ئەم وڵاتەیەو منی زۆر خۆش دەوێو لە بەردەمیا دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم. بە ئومێدم ببەخشێو لێی ڕەچاو دەکەم تۆش نوقمی خۆشبەختی بکا.

شیراوژن بە شازادەی گوت:

ـ خانمەکەم! من کە ئێوەم لە مردن ڕزگار کردووە، چاوم لە پاداش نییە. خوا دەزانێ لەم کارەما پەشیمان نیم، بەڵام دان پێدا دەنێم لەوە نارازیو پەشیمانم کە هەموو داوایەکارییەکانی تۆم گرتە ئەستۆ. ئێوە میهرەبانی منتان بە خراپی بەکار هێناو لە تاوانەکەتانا منتان کرد بە هاوکارو هاودەستی خۆتان.

وا باش بوو داواتان لێکردبام، بە پیاوەتیو سەربەرزی تۆڵەتان بکەمەوە. ئەو کاتە ئامادە بووم خۆم بە تەواوی فیدای ئێوە بکەم. خانمی بەڕێز، هەرچەندە هاموون لەبارەی برادەرایەتیو دادپەروەرییەوە بە سزای خۆی گەیشت بەڵام من داخم ئەوەیە کە من بووم ڕامکێشایە ناو داوی تۆ.

شیراوژن دوای ئەوەی ئەم قسانەی کرد، دەستبەجێ خانمی جێهێشتو گوێی بە بەڵێنو هەڕەشەکانی نەدا. هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، لە شار هاتە دەرەوەو چاوی بە کاروانی بازرگانان کەوت لە چیمەنێکا خستبوویان. بەگەڵ کاروانەکە کەوت. کاروانەکە دەچووە بەغداو ئەویش دەیەویست بچێتە ئەوێ، ئیتر بەگەڵیان کەوت. بە بێ هیچ کێشەیەك ڕێگایان بڕیو گەیشتنە بەغدا، بەڵام شیراوژن بە ڕستی وەزعی زۆر خراپ بوو، ئاهی لە سەر سفرەدا نەبوو. هەموو سەرمایەی یەك لیرەی زێڕ بوو. خوردی کردەوەو هەندێ گوڵی سوورو ڕۆنی تەیلەسانو نوقڵو نەباتی کڕی. هەموو ڕۆژێ دەچووە لای بازرگانەکان لە

بازارو شوێنی کۆبوونەوەی بازرگانان چەند کەسێ هاتوچۆیان بوو و قسەیان دەکرد. ئەوەی کڕیبووی لەناو زەمبیلی دەناو دەچووە لایانو هەریەکە شتێکی لێدەکڕیو بڕێکی پارە دەدایە. بەم جۆرە، ڕۆژگاری دەقەتاند.

ڕۆژێ، وەکوو جاران، گوڵەکانی بەناو بازرگاناندا دەگێڕا، پیرەمێردێکی لە گۆشەیەکی ژوورەوە بینی، تا ئەو کاتە هەرگیز سەرنجی ڕانەکێشابوو. کابرا هیچ کاتێ قسەو مامەڵەی لەگەڵ نەکردبوو. پیرەمێرد، کە چاوی بە شیراوژن کەوت، بانگی کردو گوتی:

ــ برادەر! تۆ شتی خۆت، بە من نەبێ، بە هەموو کەس دەفرۆشی. مەگەر من بە پیاو حیساب ناکەی؟ یان وا دەزانی من پارەی کڕینی ئەو شتانەم نییە؟

وەڵامی دایەوە:

ــ جەنابی خاوەن شکۆ، زۆر داوای بوردن دەکەم، دڵنیام ئێوەم نەدیوە. ئەوەی هەمە هەموو هی ئێوەیە، بیبەنو هیچیشم لە ئێوە ناوێ.

ئەمەی گوتو زەمبیلەکەی لە بەردەم دانا. پیرەمێرد هەندێ گوڵی سووری هەڵگرتو پێشنیاری کرد شیراوژن لە تەنیشتی دابنیشێ. ئەویش دانیشت چەند. پرسیارێکی لێکرد. لە ناوو نیشانی پرسی. ئەویش ئاخێکی هەڵکێشاو وەڵامی دایەوە:

ــ تکایە باسی ئەم شتانە مەکە. ئەگەر سەربردەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە، نەك هەر ئێوە مەراقتان پێ داناکەوێ، بەڵکو ئەو برینانەی بە ڕابردنی ڕۆژگار سارێژ بوون، سەرلەنوێ دەکولێنەوە.

ئەم قسانەو بە تایبەتی ئاوازەی دەنگی شیراوژن وای کرد پیرەمێرد پێ لەسەر داواکەی دانەگرێ. بابەتی قسەکەی گۆڕیو دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ دە لیرەی زێڕی لە کیسەکەی دەرهێناو دایە دەست شیراوژنو لێی جیا بووەوە.

شیراوژن سەری لە جوامێریی پیرەمێردەکە سوڕما. چونکە ئەو چاوناسانەی تا ئەوسا شتیان لێکڕییوو، تەنانەت یەك لیرەیان نەدابوویە، نەیدەزانی چ دادوەرییەك دەرهەق بەم پیاوە بکا.

ڕۆژی پاشی، دیسان چووە لای بازرگانەکانو پیرەمێردەکەی لەوێ بینی. ئەم جارەیان پیرەمێردەکە دوا کەس نەبوو سەرنجی ڕابکێشێ. ئەم جارە، یەکەم جار زەمبیلەکەی بۆ ئەو ڕاداشتو ئەویش نەختێ ڕوونی تەیلەسان هەڵگرتو شیراوژنی لە تەنیشت خۆی داناو داوای لێکرد سەرگوزەشتەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. شیراوژنیش هەرچی بە سەری هاتبوو هەر لە دەوری منداڵییەوە تا ئێستا، بێ کەمو کورتی، هەمووی بۆ گێڕایەوە.

پیرەمێرد گوتی:

ــ من بازرگانێکی خەڵکی بەسرەم، هیچ کوڕم نییەو لە منداڵ بوونیش بێ ئومێدم، ئێوەم بە دڵییەوە نووساوەو بە کوڕی خۆمتان قبووڵ دەکەم. ڕۆڵە گیان، دەردەسەرییەکانی ڕابردوو لەبیر خۆت بەرەوە. تۆ باوکێکت دەست کەوتووە لە سوڵ

تانە گەورەکانی دونیا دەوڵەمەندترەو ئێوەی بەقەد هەموو سامانی خۆی خۆش دەوێ.

شیراوژن، بەو شانازییەی ئەم پیرەمێردە خێرومەندە پێیبەخشی زۆر شادومان بوو، سوپاسی کردو کەوتە شوێنییەوە.

پیرەمێرد زەمبیلو گوڵەکانی شیراوژنی تووڕ هەڵداو شیراوژنی بردەوەماڵی خۆیو خانوویەکی (قاپی باغلەمە)ی دایەو چەند خزمەتکارێکی لە بەردەست دانا. بە دەستووری کابرای بازرگان جلوبەرگی نایابیان بۆ هێنا. شیراوژن هەستێکی سەیری هەبوو، هەمیشە باوکی خۆی دەهاتەوە بەرچاوو ڕقو گریانی لە گەرووی مابوو، هەمیشە دەیگوت: خودایە دەبێ باوکم مابێ؟

کاتێ بازرگانەکە ئیشوکاری خۆی لە بەغدا تەواو کردو کەلوپەلەکانی خۆی فرۆشت، بەرەو بەسرە کەوتنە ڕێ.

شیراوژن هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە بە جۆرێ هەڵسوکەوت بکا کە جێگای پەسندیو ڕەزامەندیی پیرەمێرد بێ. پیرەمێرد هەوەسی بە شیراوژن دەهاتو هەمیشە دەیگوت:

ـ شیراوژن خۆشحاڵم کە تۆم لە بەغدا یینی. تۆ شایانی ئەو شتەی کە من بۆت دەکەم.

شیراوژن بە جۆرێ کەوتبووە ژێر کاریگەریی پیرەمێرد، هەرچی ئەو پەسندی دەکردو پێی خۆش بوو، ئەم پێشوەخت ئەنجامی دەدا. لەجیاتی ئەوەی شوێن ئەوانەی هاوزێ خۆی بکەوێ، هەمیشە لەگەڵ پیرەمێرددا بوو و هەرگیز لێی جیا نەدەبووەوە. لە بەدبەختیی خۆی، پیرەمێرد نەخۆش کەوتو پزیشکان نەیانتوانی چارەسەری بکەن. پیرەمێرد کە گەیشتە سەرەمەرگ، ژووری چۆڵ کردو بە شیراوژنی گوت:

ـ ڕۆڵە گیان، ئێستا کاتی ئەوەیە ڕازی خۆمت پێ بڵێم. ئەگەر جگە لەم خانووەو ئەم هەموو سەرو سامانەم سەرمایەیەکی ترم نەبایە، هەستم دەکرد شتێکی باشت بە میرات بۆ بەجێ نایەڵم. بەڵام هەموو ئەم داراییەم کە لە سەرانسەری ژیانم بەدەستم هێناوە، ئەگەرچی بۆ بابایەکی بازرگان شتێکی بەرچاوە بەڵام بەرامبەر بەو گەنجینەیەی شاردوومەتەوەو دەمەوێ ئێستا بە دەستی تۆی بسپێرم ئەوەندە گرنگ نییە. من بە تۆ ناڵێم ئەم گەنجینەیە لە چ ماوەیەکو لەلایەن کێو بە چ ڕێگایەك لێرە کۆبۆتەوە، چونکە من خۆیشم ئەم شتانە نازانم. من هەر ئەوەندە دەزانم باپیرم لە سەرەمەرگا ئەم گەنجینەیەی بە دەستی باوکم سپاردو ئەویش بە دوری خۆیەوە پێش مردنی بە دەستی منی سپارد. بەڵام شتێ هەیە دەبێ پێتان بڵێمو ئێوەش دەبێ هەوڵ بدەن بە پێی وەسیەتی من ڕەفتار بکەن. ئێوە بە سروشت پیاوێکی سەخین، بەڵام کاتێ کە لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکەنو پارە لە خەڵك خەرج بکەن، یان دیارییان پێشکەش بکەنو هەر کەسێ داوای یارمەتیی لێکردن زوو بە زوو بە دەنگییەوە بچن، بێشك قەڵۆش دەبن. ئەگەر بە شکۆمەندیو هەیبەتو هووتو گەورەییش بژین، سوڵتانی بەسرەو وەزیرو کارمەندەکانی ئێرەییتان پێدەبەنو وا تێدەگەن گەنجینەیەکتان لە بن سەری دایەو ئیتر هەوڵ دەدەن بە هەر ڕێگایەك

بێ دەست بەسەر ئەو گەنجینەیەدا بگرنو لە دەستتان دەربێنن. جا بۆ ئەوەی رێ لەم بەدبەختییە بگرن، دەبێ ئامۆژگاریی من جێبەجێ بکەنو وەکو و من بژین. منیش وەکوو باوکو باپیرم هەمان رێگام گرتە بەرو کەوتمە سەر کاسبیو بازرگانیو بە کڕو بێدەنگی خەریکی کاروباری خۆم بووم. زێدە مەسرەفیم نەکردو پارەی خۆم لەمو لەو سەرف نەکرد تا خەڵك سەرسام بکەم.

ئەوەبوو بەڵێنم دا بە پێی ئامۆژگاریی پیرەمێرد کار بکەمو ئەویش جێگای گەنجینەکەی پێشان دامو گوتی:

ـ ئەندازەی ئەم گەنجینەیە لە ئەندێشەو خەیاڵ بەدەرە.

دوای وەفاتی پیرەمێرد، لەبەر ئەوەی شیراوژن تاکە میراتگرێکی پیرەمێرد بوو، هەموو ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر ئەو بەجێهێناو بوو بە خاوەنی هەموو دارایی پیرەمێرد، ئەم خانووەش بەشێ بوو لە میراتەکە. ئەوسا چووە سەر گەنجینەکە بۆ ئەوەی بیبینێ.

دەبێ دانی پێدا بنێین کە شیراوژن دوای بینینی گەنجینەکە ماتو مەندهۆش بوو. ئەگەر بڵێین ئەم گەنجینە هەرگیز بنی نەدەهات زێدەڕەویمان نەکردووە. دەتوانین بڵێین ئەگەر خودا عومری شیراوژنی دە هێندە زیاد بکردایەو ئەویش بە درێژایی ژیانی ئەو گەنجینەیەی خەرج بکردایە، هێشتا هەر تەواو نەدەبوو.

شیراوژن لە پلیکانەیەکی نهێنی شۆربووەوە خوارێ و چووە ناو باخێکی گەورە. لە چەند جێیەك گەڕاو گەیشتە ئەو شوێنەی گەنجینەکەی لێ شاردرابووەوە. قۆرتێك لە بن عەرد هەبوو، زارکەکەی بە بەردێك گیرابوو. بەردەکەی لادا، بە دالانێکی تاریکو درێژدا تێپەڕیو لە کۆتایی دالانەکەدا گەیشتە هۆڵێکی گەورە بە چەند گەوهەرێکی شەوچرا ڕووناك ببووەوە. کە چووە ناو ئەو هۆڵە، حەوزێکی مەڕمەڕی سپی لە ناوەڕاستی هۆڵەکە بینی، تیرەی پەنجا پێو قووڵیی سی پێ بوو. حەوزەکە پڕ پارچە زێڕ بوو. دوازدە ستوونی

زێڕ لە دەوراندەوری حەوزەکە چەقابوون، هەریەکە پەیکەرێکی دوڕو گەوهەربەندی لەسەر بوو، پەیکەرەکان زۆر بە جوانی دروست کرابوون.

شیراوژن بیری کردەوە قوولآیی ئەم حەوزە سی مەتر دەبێ. سەیرێکی ئەم هەمەوو زێڕەی کرد، تەنیا دوو ئەنگوستی حەوزەکە بەتاڵ بوو. ئایا ئەم هەمەوو زێڕە وا زوو تەواو دەبێ؟ نەخێر، هەرگیز! بە ڕاستی هەمەوو سامانی دونیا لێرە داکراوە.

شیراوژن چووە ناو ژوورێکی تر، ئەمە چەند پلەیەك لەهۆڵی یەکەم ڕووناکتر بوو. چەند سەکۆی زێڕی سووری مرواری بەندو ئەلماس نیشانی تێدا بوو. حەوزێکی مەڕمەڕی تریش لە ناوەڕاستی ئەم ژوورەدا هەبوو، هەرچەندە بەقەد حەوزی زێڕی یەکەم پانو قووڵ نەبوو بەڵام بەرامبەر بەمە، پڕی یاقووتو زمرووتو بەردی گرانبەها بوو.

شیراوژن زۆر سەرسام بوو، بەر لە دیتنی ئەم هەمەوو گەواهیراتە، هەرگیز ئەو هەمەوو شتەی بە خەیاڵدا نەدەهاتو باوەڕی نەدەکرد ئەوەی دەیبینێ ڕاستەو خەون نییە. ئەم حەوزەی بەلاوە حەوزێکی جادوویی بوو. بەو جۆرەی کە چاوی بڕیبووە ئەم گەنجینەیە. لەپڕ تەختێکی زێڕی لە بەرچاو بەرجەستە بوو، دوو کەسی لەسەر بوو، وەکوو ئەوە وابوو کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم گەنجینەیە بن. ئەم دووە، شازادەو شازادە خانمێك بوون. هەردووکیان تاجی ئەڵماسیان لەسەر بوو. دەتگوت هەردووکیان زیندوون. هەردووکیان لە تەنیشت یەك خەوتبوونو سەریان لە تەنیشت سەری یەکتر بوو. مێزێکی عەبەنووسیان لە پێینگانی بوو، ئەم وشانەی بە گەورەیی لەسەر نووسرابوو:

(من ئەم گەنجینەیەم لە سەرانسەری ژیانی خۆم کۆ کردەوە. شارو قەڵام داگیرکردنو تاڵانم کردن. وڵاتانم داگیر کردو دوژمنانی خۆم لەناو برد. من بەهێزترینو بەدەسەڵاتترین شارداری ڕووی زەوی بووم، بەڵام ئەم هەمەوو هێزو توانایەم بەرامبەر بە مردن هیچ نەبوو، سەرەنجام خۆم بە دەست مەرگەوە دا. ئەوەی چاوی بە من دەکەوێ، با پەند لە چارەنووسی من وەربگرێو چاوی خۆی باش بکاتەوەو باش بیر بکاتەوەو بزانێ منیش وەکوو ئەو

ژیاوەو ئەویش وەکوو من شەربەتی مەرگ دەچێژێ. بەڵام خۆتان بۆ لە بن هاتنی ئەم گەنجینەیە سەخڵەت مەکەن، چونکە هەرگیزاو هەرگیز لە بن نایە. وا چاکە ئەم گەنجینەیە بۆ ڕاکێشانی دڵی خەڵك و برادەران خەرج بکرێ و ژیانێکی خۆش و دڵپەسندیان لەگەڵ دەستەبەر بکرێ. چونکە ئەویش، چ زوو و چ درەنگ، شەبەرتی مەرگ دەچێژێ و هەرچی سامانی هەیە ناتوانێ لەو چارەنووسە ڕزگاری بکا کە بۆ هەموو کەس داندراوە).

شیراوژن لێرەوە چووە هەیوانێکی ترو دیتی پڕ درەختی زێڕینە، هەموو گەڵا و میوەیان یاقووت و زمرووت و زەبەرجەدو ئەڵماسە.

ئیتر لەبەر ئەوەی خەوی دەهات، وازی لە بینینی جێگاکانی تری گەنجینەکە هێناو گەڕایەوە ژووری خۆی و نووست.

لە سبەینەی ڕۆژی پاشییەوە، بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنەی بە پیرەمێردی دابوو، سامانی خۆی بەملاو بەولادا پەخش کردو لە بەسرە کەس نەبوو لە چاکە و یارمەتیی شیراوژن بێ بەش بێ. دەرگای ماڵی بۆ هەموو کەس کراوە بوو. هەموو بە ڕەزامەندی و دڵخۆشی لەو ماڵە دەردەچوون.

شیراوژن لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە: (ئەگەر گەنجینەیەکمان هەبێ و هیچ دەستی لێنەدەین، ئایا ئەو گەنجینەیە هیچ نرخی هەیە؟ ئەگەر هەر شاردنەوە بێ، چە بەردو چ زێڕ، هەردووکیان یەك شتن! من ئەم گەنجینەیە لە کاری چاکە خەرج دەکەم و ئارامی بە دەردەداران دەبەخشم و خزمەتی بێگانان دەکەم و ژیانێکی خۆش و دڵبزوێن دەستەبەر دەکەم).

سەرەتا، خەڵکەکە وایان دەزانی شیراوژن قەلۆش دەبێ و دەیانگوت شیراوژن ئەگەر هەموو گەنجینەی دونیاشی هەبێ، ڕۆژێ هەر دێ و مایەپووچ دەردەچێ. بەڵام کە دیتیان ژیان و کاروباری شیراوژن هیچ درزی تێنەکەوت، سەرسام بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ شادو

کەیفخۆشتر دەبوون. کەس نەیدەزانی، شیراوژن کە ئەوەندە دەستبڵاویشە، چۆنە سامانەکەی هەر لە زیادبووندایە.

بەهەرحاڵ، شیراوژن ئەوەندە زێدە مەسرەفی کرد، تاوەکوو ئەوەی پیرەمێرد پێشبینیی کردبوو، حەسوودیی خەڵکی بەرامبەر بە خۆی وروژاند.

لە شار وا بڵاو بووەوە گوایە شیراوژن گەنجینەی دۆزیوەتەوە، ئیتر سەروسەکوتی تەماعکاران پەیدا بوو.

ڕۆژێ دارۆغەی شاری بەسرە هاتی سەردانی شیراوژنو گوتی:



ـ من دارۆغەی ئەم شارەم هاتووم داواتان لێدەکەم نیشانەی ئەو گەنجینەیەم پێ بدەن کە شەو و ڕۆژ خەرجی دەکەن.

شیراوژن لە قسەی دارۆغە حەپەساو زمانی گیرا. دارۆغە لە سەروسیمای شیراوژنەوە زانی ئەم سەرو سەدایە دەرهەق بە گەنجینەکەی، خۆڕا نییە. بەڵام پێش ئەوەی هێز بخاتە کار، لە کۆتایی قسەکانی دا گوتی:

ـ شیراوژنی خاوەن شکۆ، من ئەهلی مامەڵەم، ئەندازە پارەیەکی باشم بدەیێ، من چاو لەم مەسەلەیە دەپۆشم.

شیراوژن پێی گوت:

ـ چەندت پارە لە من دەوێ؟

دارۆغە وەڵامی دایەوە:

ـ ڕۆژێ ده لیرەی زێڕم دەوێ.

ـ ئەندازە پارەیەکی زۆرتان لێ داوا نەکردووم. ئامادەم ڕۆژێ سەد لیرە زێڕتان بدەمێ. ئێوە هەموو ڕۆژێ، یان هەموو سەرە مانگێ وەرن و ئەم ئەندازە پارەیە لە خەزنەدارەکەم وەربگرن.

دارۆغە، کە گوێی لەم ژمارەیە بوو، زەوقی هەستاو بە شیراوژنی گوت:

ـ جەنابی خاوەن شکۆ! بریا هەزار گەنجینەت بدۆزییایەوە. بۆ خۆتو بە گەنجینەکەت بە ئارامی بژینو من هەرگیز ناڕەحەتتان ناکەم.

شیراوژن بڕە پارەیەکی زۆر باشی وەکوو پێشەکی دایە دارۆغەو ئەویش چووە دوو ئیشی خۆی.

دوای ماوەیەك، وەزیر لە دوای شیراوژنی نارد، کە چووە ژوورەوە، وەزیر گوتی:

ـ گەنجۆ! بیستوومە گەنجینەیەکت دۆزیوەتەوە، خۆت دەزانی دەبێ پێنج یەکی لە ڕێی خوا لێ دەربکەیو بیدەی بە سوڵتان. جا پێنج یەکی گەنجینەکەت بدەو بۆ خۆت بە ئارامی بژی.

شیراوژن پێی گوت:

ـ جەنابی خاوەن شکۆ، دان پێدا دەنێم گەنجینەیەکم لە بەردەستدایەو سوێندم بەو خودایەی خالیقی ئێمەیە، نەمدۆزیوەتەوە تا دابەشی بکەم. بەڵام بەڵێن بە ئێوە دەدەم، ڕۆژی هەزار لیرەی زێڕتان پێشکەش بکەم بەو مەرجەی ئیتر سەخڵەتم نەکەن. وەزیریش وەکوو دارۆغە ڕازی بوو. پیاوێکی جێ بڕوای

لەگەڵ شیراوژن ناردو خەزنەدارەکەی سی هەزار لیرەی زێڕی بۆ مانگی یەکەمی بڕیارەکە دایە.

بەڵام وەزیر ترسا نەوەك یەکێ مەسەلەکە بە سوڵتان بگەیەنێ، ئیتر خۆی هەستا چووە حزوور سوڵتانو چی ڕووی دابوو هەمووی بە سوڵتان ڕاگەیاند. سوڵتان بە وردی گوێی دایە

قسەکانیو لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پێویستی بە ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوە هەبوو بوو، لە دوای شیراوژنی نارد. بە پێکەنینەوە بە شیراوژنی گوت:

ـ گەنجۆ! تۆ بۆچی گەنجینەی خۆتم نیشان نادەی؟ وا تێدەگەی ئەوەندە بێ ویژدانم دەمەوێ گەنجینەکەت لێ بسەنم؟

شیراوژن وەڵامی دایەوە:

ـ جەنابی خاوەن شکۆ! ئومێدەوارم شاردار تەمەنی سەد ساڵ زیاتر بێ. ئەمە ویژدانە؟ ئەگەر بە گازی سوورکراوە گۆشتم لە لەش بکەنەوە گەنجینەی خۆم پیشانی هیچ کەس نادەم، بەڵام ڕازیم ڕۆژی دوو هەزار لیرەی زێڕ پێشکەش جەنابی خاوەن شکۆ بکەم. ئەگەر شاردار بەو بڕە پارەیە ڕازی نەبێو ئەمر بکا بمکوژن، ئەوە کەیفی خۆیەتیو ئامادەم هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك قبووڵ بکەم، بەڵام شوێنی گەنجینەکە ئاشکرا ناکەم.

سوڵتان تەماشای وەزیری کرد، ویستی ڕای بزانێ.

وەزیر گوتی:

ـ قیبلەی عالەم! ئەو بڕە پارەیەی کە پێشنیاری دەکا تا بڵێی زۆرە، وەکوو ئەوە وایە تۆ گەنجینەکەت دەستکەوتبێ. واز لە گەنجەکە بێنەو لێگەڕێ ئەویش با بۆ خۆی بە دەبدەبەو شکۆمەندی بژی بە مەرجێ ئەو گفتەی بە خاوەن شکۆی داوە بیهێنێتە جێ.

سوڵتان ئەم بۆچوونەی قبووڵ کردو میهرەبانی بەرامبەر شیراوژن نواندو بە پێی ئەو بڕیارەی لە بەینی ئەمو شیراوژندا درابوو، سەرجەمی ئەو پارەیەی ساڵانە بە سوڵتانو وەزیرو دارۆغەی دەدا دەگەیشتە ملیۆنێك و شەست سەد هەزار لیرەی زێڕ.

کە شیراوژن ویستی لە کۆشکی پاشا بڕوا، یەکێ لە قەرەواشەکانی دەربار هاتە لایەوەو پێی ڕاگەیاند کە شازادە خانمی گەورەو سەروەری لە کۆشکی خۆیدا چاوەڕوانی دەکاتو دەیەوێ چاوی پێ بکەوێ.

شیراوژن ناچار بوو قبووڵی کردو لەگەڵ قەرەواشەکە چووە بارەگای شازادە خانمو کە چاوی پێکەوت یەکسەر ناسییەوەو زانی ئەمە ئەو کچەیە کە خۆی نەجاتی دابوو.

بە کورتی ئەمانە زۆر بە دیداری یەکتر خۆشحاڵ بوون. شازادە خانم زۆر شادومان بوو و شیراوژنی بردە لای باوکیو پێی ناساندو بۆی باس کرد کە ئەمە کاتی خۆی لە مەرگ نەجاتی داوەو پەنای داوەو خزمەتی کردووە.

پاشا زۆر شادو کەیفخۆش بوو و شیراوژنی لە تەنیشت تەختی سەڵتەنەتی خۆی لەسەر تەختێك داناو کردی بە کوڕی گفتەنی خۆیو ڕێزێکی زۆری لێنا. تا شیراوژن ڕووخسەتی لە شازادە خانمو پاشا خواست بۆ ئەوەی بۆ دیدەنیی باوکی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆیانو، بۆ ئەم مەبەستەش چل بارە وشتر زێڕو گەواهیراتو یاقووتو زمرووتی بار کردو چل پاڵەوانی عەییاری کەمەر زێڕینو بەکەلەشی بەگەڕخست.

پاشا، نیوەی لەشکرو سەرکردە بژاردەکانی سوپای لەگەڵ کوڕی گفتەنی خۆی نارد بۆ ئەوەی پاسەوانی بکەن، نەوەك مەترسییەك لە ڕێگادا هەبێ.

ئەمانە بەرەو وڵاتی شیراوژن کەوتنە ڕێ. دوای چەند حەفتە ڕێگا تەیکردن، گەیشتنە ئەو شارەی شیراوژن باوکی لێ بەجێهێشتبوو. شەو چادریان هەڵداو بەیانی بە دەستووری شیراوژن وەکوو ئەنگوستیلەی پەنجە، شاریان ئابلووقە دا.

شیراوژن یەکەم جار سەرێکی لە بێشە داو لەوێوە چووە گوندەکەی خۆیان، دیتی داری لەسەر بەردی نەماوە. ڕوح لەبەرێکی تێدا نییە. بە غەمگینی لەسەر بەردێك دانیشتو داڵغەی لێدا. لەو کاتەدا ورچە کە بە خۆو بە بەچکەوە لە پشت بەردێك دەرکەوتن. شیراوژن کە چاوی پێکەوتن، بانگی کردنو بە هەڵەداوان چووە لایانەوە. ئەو برادەرە دێرینانە بە گەرمی یەکتریان گرتە باوەشو یەکتریان ماچ کرد. شیراوژن سۆراغی پیرە باوکیو برادەرەکانی تری لێ پرسین.

ورچەکە سەرێکی لەقاندو گوتی:

ــ ئەو ڕۆژەی تۆیان فڕێ دایە ناو ئەشکەوتی (بێ بن)، بۆ بەیانی حاکم خانو وەزیر ڕژانە ئێرەو ئاگریان لە هەموو شتێ بەرداو برادەرەکانی ئێمەیان زنجیر کردو بە ڕاکێش ڕاکێش لەگەڵ خۆیان بردنو ئەمڕۆ بڕیارە هەموویان لە مەیدانی شار لە سێدارە بدەن.

شیراوژن زۆر خۆشحاڵ بوو و لە بەرخۆیەوە گوتی چابوو لە کاتی خۆی گەیشتم، ئەو خەونەی دیبووم کە باوکم لە مەترسیدایە، ڕاست دەرچوو. یەکسەر لەشکرەکەو هەر چل پاڵەوانی عەییاری بەگەڵ خۆی داو ورچەکانیشی سواری وشتران کردو هەموویان بەرەو شار بوونەوە. خەڵکێکی زۆر لە مەیدانی شار کۆ ببوونەوە. سوارەکانی حاکم خان، قامچی بە دەست، لەملاوە دەچوونە ئەولاو خەڵکیان پەرتو بڵاو دەکردەوە.

سێدارەیەکی زۆریان لە ناوەڕاستی مەیدان چەقاندبوو. سێدارەکان قەفەسیان لە بندا بوو و منداڵی زیندانییەکانیان بە ڕووتیو سووتاوی لەناو دانابوون. هەموو لەهەموو برسێتیو تینوێتیان بە پێستەو گۆشتو ئێسقانەوە دیار بوو.

یەکێ لە قەفەسەکان کچی پینەدۆزی هاوسێی دێرینی ماڵی شیراوژنی تێدا بوو کە شیراوژنو باوکی جاروبار بۆ پرسو میوانداری دەچوونە ماڵیان. کچەکە، سەرەڕای ئەشکەنجەو برسێتیش، جوانیی لە ڕادەبەدەری خۆی لەدەست نەدابوو و بە مانگو ئەستێرەی دەگوت: من هەڵاتووم، ئێوە هەڵمەیێن. شیراوژن بە منداڵی لەگەڵ ئەم کچە گەورە ببوو و زۆری خۆش دەویست. لە سەرەتای گرفتاربوونو ڕاکردنی لە شارو وڵاتی خۆی تا ئێستا خۆشەویستی کچەکە لە دڵیدا هەر بڵێسەی دەداو هەر لەبەر ئەو خۆشەویستییەش بوو ئەم هەموو ماوەیە بیری لە ژنهێنان نەکردبووەوەو لەگەڵ ئەم هەموو سەرو سامانەش چاوی لە دوو هیچ کچێك نەبوو.

بە کورتی: شیراوژن کە چاوی بە کچەکە کەوت، کە ناوی (ئیلهام) بوو، هەموو گیانی ئاگری تێبەربووو لە ڕقو تووڕەییان ددانی لێك سویو مووی لەشی بوو بە نەشتەرو ڕەنگی وەك زەعفەرانی لێهاتو کەللەی خوێنی تێدا گەڕاو هەروەخت بوو لە ڕکان بتەقێ، چونکە

لەو كاتەدا چاوی بە باوكی كەوت لە پێش چلو حەفت حوكمدراوەوە دەڕۆیشت، دەیانباردنە بەر داری سێدارە بۆ ئەوەی لە سەریان بدەن. دەنگی بۆقو كەڕەنا بەرز بووەوە، پاسەوانەكان دڕیان بە خەڵكەكە دەداو ڕێگایان دەكردەوە. میر غەزەبان بەدەركەوتن. زندانییەكان بۆ دواجار ماڵاواییان لە یەك كرد. لە بن سێدارەكانو لەتەك قەفەسی منداڵەكانیان وەستان. كابرا فرمێسكی لە چاو قەتیس مابوو. كچی كابرای پینەدۆز وەكوو هەوری بەهاری دەگریاو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (بریا شیراوژن لێرەبایەو هەقی ئەو زاڵمانەی لە دەستی خۆیان بنایە!).

حاكم خانو نزیكەكانی لە جێگایەكی تایبەتی وەستا بوونو بە ڕیشی ئەم خەڵكە داماوە پێدەكەنین. لەو كاتەدا، حاكم خان هاتە ناوەندی مەیدان، فەرمانی وەزیری خوێندەوەو دووبارە دەنگی بۆقو كەڕەنا بەرز بووەوە. میر غەزەبان لە بەرچاوی حەپەساوی خەڵكەكە، قوڵفی پەتەكانیان لە ملی برادەرانی شیراوژن كردو چاوەڕێی ئاماژەیەكی دەستی حاكم خان بوون.

لەپڕ دەستێكی توند حاكم خانی لەسەر ئەسپ فڕێ دایە خوارێ. باوكی شیراوژن پێش هەموویان كوڕەكەی خۆی ناسییەوەو هاواری كرد:

ـ شیراوژنی كوڕمە!

یەكسەر لە ناو خەڵكەكە بوو بە غەڵبەغەڵبو هەراوهۆریا!

ـ شیراوژن ماوە! شیراوژن ماوەو لە ناوماندایە!

یەكسەر چل پاڵەوانو عەییارەكەی شیراوژن كە مەیدانیان ئابڵوقە دابوو بۆ ئەوەی هیچ پیاوێكی حاكم خان ڕانەكات، وەكوو هەورەتریشقە داوەرانە سەر میر غەزەبو پاسەوانانی حاكم خانو بە چاوترووكانێك سەری هەموانیان بە شمشێر پەل دا. خەڵكەكەش زاتیان چووە بەرو هەموو چەلاوخۆرو سیخوڕو وزەراو و كەلاو كاربەدەستانی حاكم خانیان لەگەڵ حاكم خان خۆی بەو سێدارانەوە كرد كە بۆ خەڵكی شۆڕشگێڕیان چەقاندبوون. هەموویان

دەستبەجێ قنیاتیان لەبەر برا. منداڵو ژنو پیرەمێردەکانیان لە قەفەسەکان ئازاد کردو هەرکەسەیان بردەوە ماڵی خۆیان بۆ ئەوەی چاکیان بکەنەوە. بە چاوترووکانێك سیمای شار گۆڕاو پرسەی خەڵك بوو بە ئاهەنگو خۆشیو ئەو هەموو لەشکرەی شیراوژن لەگەڵ خۆی هێنابووی، چوونە ناو شارو دوای چەند سەعاتێك خۆیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی وەزیری ناپاكو خەزووری حاکم خان ئامادەو تەیار کرد. دوای سێ ڕۆژ شەڕو لێکدان شکستیان بە وەزیر داو بە دەستووری شیراوژن خەڵکەکە پاشایەکی دادپەروەریان لە ناو خۆیانەوە هەڵبژاردو پینەدۆزیشیان بە وەزیر هەڵبژارد چونکە پیاوێکی دونیا دیتە بووو ساردیو گەرمی دونیای چەشتبوو و زاناو تێگەیشتوو بوو.

بە کورتی: دوای تەواوبوونی جەنگو خوێنڕێژیو تۆڵەسەندنەوە وەکوو هەمیشە دەڵێن (ستەمنامەی لادانی شاهان بوو). دوای لادانو دانانی شاو وەزیر، خەڵکەکە چل شەوو چل ڕۆژ ئاهەنگی زەماوەندیان بۆ شیراوژنو ئیلهامی کچی پینەدۆز سازداو ئەو زێڕو گەوهەرەی شیراوژن بە باری وشتران لەگەڵ خۆی هێنابووی، لە بەینی خەڵکی ستەمدیدەو بەدبەختو برسیدا دابەش کراو هەموو بوون بە خاوەن سەرو سامانو ماڵو لانەو کاری چاکیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردو دوعایان بۆ شیراوژن کرد.

شیراوژن پیرە بابی خۆیو بووکە خانو دوو ورچەکەی هەڵگرتو لەگەڵ چل پاڵەوانو لەشکری پاشاوە بەرەو بەسرەی شاری سامانو گەنجینەی خۆی کەوتە ڕێ. ئەوانە تا مابوون خواردیانو بە نازو نیعمەتو دادپەروەری ژیان. ئێوەش هەر شادو سەرکەوتوو بن.

# 4 ـ جەمشید پاشا



(بیرگون واریدی، بیرگون.. یوخودی، الاهین کرمی چوخ چوخودی، بیر دانا شاه واریدی)

(واتە: هەبوو نەبوو، کەرەمی خوا زۆر زۆر بوو، پاشایەك هەبوو).

ئەم پاشایە سێ کوڕی ڕەشیدو ئازای هەبوو بە ناوی: محەمەد پاشاو ئەحمە پاشاو جەمشید پاشا.

دایکی دوو کوڕ لە کوڕەکانی پاشا، واتە محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشا، کچی پاشای وڵاتێکی دراوسێ بوو، بەڵام دایکی جەمشید پاشا کچی کابرایەکی سادەو زەحمەتکێشی ئەو شارە بوو. بۆیە خەڵکەکەی دەربارو پیاوماقووڵو خانەدانەکان زۆر بە ڕێزەوە سەیری محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشایان دەکردو مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، وەکوو دەڵێن ئەوان لە جەمشید پاشا بەنازو نەوازشتر بوون. کچەکانی پاشاش بەردەوام سووکایەتییان بە جەمشید پاشا دەکردو بە کەمیان دادەناو لە بەردەم پاشادا هەمیشە قسەیان پێ هەڵدەبەستو بوختانیان پێ دەکرد، بۆیە جەمشید پاشا هەمیشە لە ڕاو و جەنگو باخەوانیو کارو کۆششدا بوو و لەگەڵ دایکیا بە تەنێ لە باخێکی پڕ ئاوی سازگارو هەوای خۆش دەژیاو کەم هاتوچۆی ناو پیاوماقووڵو خانەدانو پیاوانی دەرباری دەکرد.

پاشا تووتییەکیشی هەبوو. ئەو تووتییەی لە ڕۆحی خۆی خۆشتر دەویستو عەزیزی بەردڵی خۆی بوو. ڕۆژێ تووتی بە پاشای گوت:

ــ ڕووخسەتم بدەن بچمەوە هیندستانو سەردانی خزمو کەسوکارەکانم بکەمو بێمەوە.

پاشا گوتی:

ــ چەند ڕۆژت پێدەچێ؟

تووتی گوتی:

ــ دە ڕۆژ زیاتر نامێنمەوە، یەکسەر دێمەوە.

وەزیر لەوێ بوو، بە پاشای گوت:

ــ قوربان، ئەم تووتییە ئەگەر بڕوا، هەر ئەو ڕۆیشتنەیەو ئیتر ناگەڕێتەوە.

تووتی گوتی:

ــ پاشا، ئەم وەزیرە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵم خراپ بووەو درۆ دەکا. من هەڵبەت بە دە ڕۆژ دەگەڕێمەوەو قسەی خۆیشم بەجێدێنم.

پاشا ئاخیری ڕازی بوو و تووتی ڕۆیشت، بەڵام وەزیر هەر جەختی دەکرد ڕووخسەت بە تووتی نەدا، چونکە ناگەڕێتەوە.

کە بوو بە ڕۆژی دەیەم، وەزیر فەرمانی دا هەموو تیراوێژە نیشانەشکێنەکانی شاریان لە دەروازەکانی شار دامەزراندو فەرمانی پێکردن هەر کاتێ تووتییان بینی یەکسەر بە تیر بیئەنگێونو بیکوژن.

تیراوێژەکان خۆیان لە کەمین ناوو، چاوەڕێی تووتییان کرد، بەڵام تووتی کە دەرکەوت، لەپڕ هەستی کرد تیراوێژ لە هەموو لاوە خۆیان لێ لەکەمین ناوەو چاوەڕێی دەکەن. یەکسەر خۆی لە ناو درەختەکان شاردەوە.

لەولاوەش پاشا دیتی دە ڕۆژەکە تەواو بوو و تووتی نەهاتەوە، زۆر سەخڵەتو ناڕەحەت بوو.

وەزیر هاتە لای پاشاو گوتی:

ــ قیبلەی عالەم، دیتت قسەکەم ڕاست دەرچوو. ئەوە ڕۆژی دەیەم تەواو بوو و تووتی هەر نەهاتەوە.

بەڵام پاشا گوتی:

ــ من ئەم تووتییە دەناسم. بەڵێنی خۆی ناشکێنێ، بێشك شتێکی لێقەوماوە.

نیوە شەو، پاشا لە شیرین خەودا بوو، لەپڕ هەستی کرد دەنگێك لەلای پەنجەرەوە دێو شتێك توند توند خۆی لە شووشەی پەنجەرە دەدا. پاشا یەکسەر پەنجەرەی کردەوەو تووتی هاتە ژوورەوە. پاشا زۆر کەیفخۆش بوو و پرسی: بۆچی تاخیر بووی؟

تووتی گوتی:

ــ قوربان، نەمگوت ئەم وەزیرە دوژمنداری لەگەڵ من هەیە. کە گەیشتمە ناوشار دیتم کەوانداران لە هەموو لایەکەوە لێم چوونەتە کەمینو دەیانەوێ بە تیر بمئەنگێون، بەڵام من یەکسەر خۆم لەناو درەختان شاردەوەو نیوەشەو فڕیمو خۆم گەیاندە لای ئێوە، بەڵام دیارییەکم بۆ ئێوە هێناوە. ئەوسا دەرحاڵ، یەك ناوکە سێوی بە دەنووکەوە بوو، دایە پاشاو گوتی:

ــ ئەمەم لە هیندستانەوە بۆ ئێوە هێناوە. یەکسەر ئەمر بکەن باخەوان لە باخچەدا بیچێنێ. ئەم درەختە سێوی زێڕو ئەفسووناوی دەدا.

بەیانی ڕۆژی پاشی، پاشا دەستووری دا یەکەم جار وەزیریان هێنایە حزوورو گوتی:

ــ دیتت، تۆ هەڵەبووی. تووتی وا هاتۆتەوەو من ناچارم سزات بدەم چونکە تۆ تۆمەتت هەڵبەستووەو بوختانت کردووە، ئەمەش گوناهێکی گەورەیە. ئینجا فەرمانی بە باخەوان کرد ناوکە سێوەکە لەناو باخچەی کۆشك بچێنێ. باخەوان خۆی ناوکە سێوەکەی لەناو باخچە چاندو هەموو ڕۆژێ ئاوی دەداو خزمەتی دەکرد.

دارسێوەکە لە کۆشکی پاشادا ڕسکاو چلو گەڵایەکی زۆری دا، بەڵام هیچ سێوی نەگرت. تا بەهارێك، ئەم درەختە حەفت گوڵی دەرکردو بوون بە حەفت سێوی زێڕ، بە شەو دەدرەوشانەوە. پاشا ئەم سێوانەی زۆر خۆش دەویست. دوو سەربازی بە پاسەوانی بۆ ئەم درەختە دانابوو.

دوای ماوەیەك، ڕۆژێکیان سەرلەبەیانی، سەربازەکان سەیریان کرد دیتیان شەش سێو ماوە. زۆر ناڕەحەت و تەنگاو بوونو خەبەرەکەیان بە پاشا ڕاگەیاند.

پاشا گوتی:

ــ لەمڕۆوە دەبێ دە سەرباز پاسەوانی ئەم درەختە بکەن، بەڵام دوای چەند ڕۆژێ دیسان سێوێکی تر کەمی کرد.

محەمەد پاشای کوڕە گەورەی پاشا داوای لە پاشا کرد ڕووخسەتی بدا ئەم شەوێك پاسەوانی درەختەکە بکا. پاشا قبوولّی کردو ئەو شەوە محەمەد پاشا بە خۆو بە دە سەربازەوە لەتەك درەختەکە خەوتن، بەڵام ڕۆژی پاشی، بەیانی دیتیان تەنیا چوار سێوی زێڕ ماوە. شەوی دووەم کوڕەکەی تری پاشا، واتە ئەحمەد پاشا، بوو بە پاسەوانو بیست سەربازیشی لەتەك خەوتن، بەڵام دیسان بەیانی ڕۆژی پاشی، سێوێك دیار نەبوو. شەوی سێیەم، جەمشید پاشا کە ئاگاداری مەسەلەکان بوو، چووە لای باوکیو داوای کرد ڕووخسەتی بدا ئەویش شەوێك پاسەوانی درەختەکە بکا.

پاشا گوتی:

ـ کوڕم، خۆت بینیت دوو براکەت و سەربازەکانم چییان لەدەست نەهات. دزی سێوەکان کابرایەکی زرنگە، بە ئێمە ناگیرێ.

جەمشید پاشا زۆر پێی داگرت تا پاشا ڕازی بوو جەمشید پاشایش شەوێك پاسەوانیی درەختەکە بکا.

کە شەو داهات، جەمشید پاشا بە سەربازەکانی گوت بچنەوە خەوگەی خۆیانو بۆ خۆیان بخەون.

ئەوان ڕۆیشتن و جەمشید پاشا لەژێر درەختەکە دانیشت. کەمێکی پێچوو، جەمشید پاشا دیتی خەوی دێ. نەختێ خوێی پێبوو، یەکەم جار پەنجەی خۆی بە شووشە بڕیو ئینجا خوێی پێوە کرد بۆ ئەوەی لەبەر ژانی پەنجەی خەوی لێنەکەوێ. ماوەیەك پێچوو، جەمشید پاشا گوێی لە دەنگی گەڵاکان بوو دەهەژانەوە. شمشێری هەڵکێشاو سەیری درەختەکەی کردو دیتی دەستێکی گەورەو پڕ موو سێوێکی لێکردەوەو ویستی بیبا، لەو کاتەدا جەمشید پاشا شمشێرێکی لە دەستەکە داو دەستەکە سێوەکەی لێ بەربووەوەو خاوەنی دەستەکە، کە خوێن لە برینی دەستی دەهات ڕۆیشتو بزر بوو.

سبەینەی پاشی جەمشید پاشا ئەم خەبەرەی دایە پاشاو ڕووخسەتی خواست بچێتە دوای دزەکە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە.

پاشا گوتی:

ـ کوڕم، تۆ ناتوانی بەتەنێ بچی، براکانیشت با لەگەڵت بێنو بە هەمووتان دزەکە دەدۆزنەوە.

جەمشید پاشا قبوولّی کرد. بە دوای شوێنی خوێنە ڕژاوەکەدا ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تا لە شار چوونە دەرەوەو گەیشتنە بیرێکی قووڵو زۆر تاریك.

محەمەد پاشا گوتی:

ـ پەتێك لە ناو قەدم ببەستنو شۆڕم کەنەوە بنی بیرەکە. براکانی ڕازی بوون، بەڵام دوو سێ هەنگاو نەڕۆیشتبوو کردییە هاتو هاوار: سووتام! سووتام! دەرم بێنن.

پەتەکەیان هەڵکێشایەوە. براکانی لێیان پرسی مەسەلە چ بوو، گوتی:

ـ هەوای ئەوەندە گەرمە، پیاو نەفەسی نایە.

ئەحمەد پاشای برای دووەم گوتی:

ـ ئێستا پەتەکە لە کەمەری من ببەستنو ئەگەر هاواریشم کرد: سووتام! سووتام! پەتەکە هەڵمەکێشنەوە.

ئەوەبوو شۆڕیان کردەوە ناو بیرەکە. ئەحمەد پاشا هەرچەندە هاواری کرد: سووتام! دەریان نەهێنا. بەڵام دوای ئەوەی چەند هەنگاوێکی تر چووە خوارێ، هاواری کرد: مردم! خنکام! دەرم بێنن.

براکان ئەحمەد پاشایان دەرهێناو لێیان پرسی مەسەلە چی بوو؟ گوتی:

ـ هەوای بیرەکە هەم گەرمەو هەم قورسە، پیاو نەفەسی نایە.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ برایینە! ئێستا پەتەکە لە کەمەری من ببەستنو هەرچەندە هاوارم کرد گوێ مەدەنیو پەتەکە بکەنەوە.

براکان دەیانزانی جەمشید پاشا ئازاو نەترسە، ڕازی بوونو شۆڕیان کردەوە ناو بیرەکە. تا چیتر پەتەکە نەڕۆیشتو زانییان جەمشید پاشا گەیشتۆتە بنی بیرەکە. پەتەکەیان هەلکێشایەوەو زانییان جەمشید پاشا بە سەلامەتی گەیشتۆتە بنی بیرو پەتەکەی لە پشتی خۆی کردۆتەوە، بەڵام دووبارە پەتەکەیان هاویشتەوە بنی بیرەکەو زەنگۆلەیەکیان بە سەرییەوە کرد بۆ ئەوەی هەر کاتێ جەمشید پاشا هەژاندییەوە، ئەوان بزانن‌و دەری بێنن.

ئێستاش گوێ لە باسی جەمشید پاشا بگرن:

جەمشید پاشا کە گەیشتە ناو بیرەکە، یەکەم جار هەوای زۆر گەرم بوو، بەڵام جەمشید پاشا دانی بە خۆیدا گرتو زانی ئەمە هەمووی جادووە. ئینجا گەیشتە هەوایەکی پیس نەیدەتوانی هەناسە بدا بەڵام لەوێش تێپەڕیو دیتی ئەژدیهایەکی سەوز لە بنی بیرەکە دەمی باش کردۆتەو دەیەوێ قووتی بدا. جەمشید پاشا نووکی شمشێری لە چاوێکی ئەژدیهاکە چەقاندو بە پێڵاوی ئاسینینی لە سەری ئەژدیهای دا. خوێن لە سەرو چاوو دەمی ئەژدیها فیچقەی کردو پاش پەلەقاژەیەکی زۆر گیانی دا. جەمشید پاشا بەتەك ئەژدیهاکەدا تێپەڕیو گەیشتە بنی بیرەکە. چەند هەنگاوێك ڕۆیشت، ڕووناکییەکی کزی دی. ڕووی کردە ڕووناکییەکەو هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە نزیك ڕووناکییەکە، دیتی دەرگایەکی بچووکەو بەسەر باخێکی زۆر گەورەو خۆشدا دەڕوانێ. بە وریایی چووە ناو باخەکە، بەڵام هیچ بنیادەمی نەدی. زیاتر چووە پێش، تا لە ناوەڕاستی باخچەکە گەیشتە کۆشکێکی گەورەو جوان. بە هێدی چووە ناو کۆشکەکە. هەموو شوێنێ پڕ شتی بەنرخ بوو. لە هۆڵێکا چاوی بە دەفرێك کەوت سێوە زێڕەکانیان لەناو دانابوون. جەمشید پاشا هەر گەڕاو گەڕا تا گەیشتە ژێر زەمینەکانی کۆشك، بەڵام سەری سوڕما بۆچی ئەو کۆشکە بنیادەمی تێدا نییە. کە چووە ناو ژێر زەمینەکە، دەنگی ناڵە ناڵێکی

کەوتە بەرگوێ، شمشێری هەڵکێشاو بە هێواشی بەرەو دەنگەکە چوو، دیتی دەنگەکە لە پشت دیوارەکەوە دێ. لەبەر ئەوەی هیچ دەرگای نەدی، پێلەقەیەکی توندی لە دیوارەکە دا بەڵام دیوارەکە نەجووڵایەوە. جەمشید پاشا دەستی لە هەموو شوێنێکی دیوارەکە خشاند، چاوی بە مێخ زنجیرێکی گەورە کەوت لە دیوارەکە کوترا بوو. بە هێواشی دەستی بۆ لای مێخەکە بردو لەپڕ دەرگایەکی گەورەی لە بەردەم کرایەوە. شمشێر بە دەست چووە ژوورەوەو لە ترسو سەرسامییان لە جێی خۆی وشك بوو، چەندان کچی زۆر جوان لەو ژێر زەمینە بە زنجیر بەسرابوونەوە. هەندێکیان بە قژ بە ساپیتەوە هەڵواسرا بوونو هەندێك قاقا پێدەکەنینو هەندێك دەگریانو دەپاڕانەوە. جەمشید پاشا چووە پێشتر، کچێکی زۆر جوان دەستو پێی بە زنجیر بەسرابووەوە، لەو کچەی پرسی:

ـ ئێوە کێن؟و لێرە چ دەکەن؟

کچەکە گوتی:

ـ لاوۆ! ئەوە تۆ لە گیانی خۆت بێزاری، هاتوویتە ئێرە؟

جەمشید پاشا پرسی:

ـ بۆ ئێرە کوێیە؟

کچە گەنجەکە گوتی:

ـ ئێرە باخی دێوێکی گەورەیە، سامانێکی زۆری هەیە، کچی جوان جوان دەدزێو دەیانهێنێتە ئێرەو ئەوەندە ئەشکەنجەیان دەدا، هەموو شێت دەبنو دەمرن.

جەمشید پاشا زۆر سکی بە کچەکان سووتاو گوتی:

ـ من چۆن دەتوانم ئێوە لێرە نەجات بدەم؟

کچەکە گوتی:

ـ لاوۆ، تۆ هەرگیز ناتوانی لەگەڵ ئەم دێوە بجەنگی. تۆ تەنیا ئەو کاتە دەتوانی خۆتو ئێمەیش نەجات بدەی کە تەلەسمی ڕۆحی دێوەکە بشکێنی.

جەمشید پاشا پرسی:

ـ ئەو تەلەسمە لە کوێ بدۆزمەوە؟

کچەکە گوتی:

ـ ئەو تەلەسمە شووشەیەکی بچووکە، لەناو هۆڵی گەورەی کۆشک، لەسەر تەقچکەیەکی زۆر بڵنددایە، تەنیا دێوەکە دەستی دەگاتێ.

جەمشید پاشا گوتی:

ـ خەمتان نەبێ، من دەبێ ئەم دێوە بکوژمو ئێوە ئازاد بکەم.

هەموو ئەو کچانەی هۆشیان لە سەردا مابوو و هێشتا شێت نەببوون، گوتیان:

ـ لاوۆ! بەزەییت بە گەنجێتیی خۆتدا بێتەوەو بۆ خۆت لێرە ڕاکە!

بەڵام جەمشید پاشا گوێی بە قسەکانیان نەدا، چووە ناو هۆڵی گەورەی کۆشکو لەژێر تەقچکەکەدا وەستا. دێوەکە بە سواری هەورێکی ڕەش، بە نەعرەتە لێدان هاتە ناو باخو چووە ناو هۆڵەکەو چاوی بە هەموو لایەکدا گێڕاو گوتی:

ـ (ادم مادام ایسی گلیر، شاقلی بادام، اییسی گلیر) واتە: (بۆنی بنیادەم دێ، بۆنی بادەمی بۆ دراو دێ).

ئینجا گوتی: (هن یمیسن دیشیون دیبینن گلیر) واتە: (بەڵام بنادەمت خواردووەو، بۆنەکە لە بن ددانت دێ).

ئینجا سەری دانەواندو چاوی بە جەمشید پاشا کەوت. گوتی:

ـ ئاها! ئەوە زانیم!

ئینجا جەمشید پاشای لەسەر دەستی داناو بڵندی کردو گوتی:

ـ تۆ ئەو جەمشید پاشایەی دەستی منت بریندار کرد، ئێستا چۆنە لە عەردت بکوتمو داغانت بکەم.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ ئەگەر لێرەوە فڕێم دەی هیچم لێنایە، بەڵام ئەگەر نەختێ بڵندترم بکەیتەوە ئەوسا لە عەردم بکوتی، بێشك دەمرم.

دێوە قاقا پێکەنیو جەمشید پاشای بڵندتر کردەوە. جەمشید پاشا لەپڕ خۆی هەڵدایە ناو تەقچکەکەو تەلەسمەکەی هەڵگرتو کە دێوەکە ویستی دەستی بۆ درێژ بکا، جەمشید پاشا شووشەکەی زۆر بە هێزو بە توندی لە عەردی دا. لەپڕ بوو بە زریانو، هەموو شوێنێ هەژاو جەمشید پاشا لەسەر تەقچکەکە بەربووەوە. دێوەکەش چەند جارێك خولی خواردو بەربووەوەو مرد. دوای کەمێ هەموو شوێنێ ئارام بووەوەو جەمشید پاشا لە شوێنی خۆی قیت بووەوەو چووە لای ژێر زەمینەکە. هەموو کچەکان هۆشیان هاتبووەوە سەرو دەیاننالاند. جەمشید پاشا بە شمشێری خۆی زنجیرەکانی پچڕاندو کچەکانی ئازاد کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای دایبابی خۆیان. هەموو کچەکان دەستی جەمشید پاشایان ماچ کردو ڕۆیشتن بەڵام لەو کچانە سێیان کە یەکێکیان کچە جوانەکەی هەوەل بوو، گوتیان:

ــ لاوۆ، تۆ دەچیتە هەر کوێ ئێمە لەگەڵ خۆت بەرە.

جەمشید پاشا، لە دڵەوە هەوەسی بە کچە گەنجەکە دەهات کە ناوی (دڵشاد) بوو، ئیتر ڕازی بوو لەگەڵ خۆیان ببا. ئەوەبوو چوونە بنی بیرەکە. گەواهیراتێکی زۆریشیان لەگەڵ خۆیان هێنا. پەتەکەیان هەژاندەوە. براکانی جەمشید پاشا، کە گوێیان لە دەنگی زەنگۆڵەکە بوو، چوونە سەر بیرەکەو پەتەکەیان هەڵکێشایەوە. جەمشید پاشا گەواهیراتەکەی ڕەوانەی سەرەوە کردو براکان بە سەرسامییەوە پرسییان: ئەوە جەمشید پاشا ئەمانەی لە کوێ پەیدا کردووە..؟

بۆ چەندەمین جار، کە پەتەکەیان هەڵکێشایەوە کچێکی جوان، بەڵام لەڕوو نەخۆشیان بینی. پاشان کچێکی تریان دەرهێناو هەموو جاریش سەرسامتر لە جارانی پێشوو، دەیانپرسی: ئەوە بنی ئەو بیرە چیی تێدا بووە؟

کاتێ جەمشید پاشا ویستی (دڵشاد) ڕەوانەی سەرەوە بکا. دڵشاد گوتی:

ــ جەمشید پاشا! ئەگەر یەکەم جار من ڕەوانە بکەی، براکانت حەسوودی دەبەنو تۆ لە بنی بیر جێدێڵنو هەڵت ناکێشنەوە.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ من ناتوانم تۆ لەناو ئەم بیرە جێبێڵمو خۆم بچمە دەرەوە. تۆ بڕۆو دڵنیابە منیش دێم.

دڵشاد بە ناڕەحەتی لە جەمشید پاشا دابڕاو بە پەت لەناو بیرەکە سەرکەوت بۆ دەرەوە.

کە دڵشاد لەناو بیرەکە هاتە دەرەوە، محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشا، کە لە دڵەوە دوو کچەکەی پێشوویان بۆ خۆیان بە دەزگیران کردبوو، بە دیتنی دڵشاد پەشیمان بوونەوەو زانییان ئەمە جەمشید پاشا بۆ خۆی بە دەزگیرانی کردووە بۆیە لە پاش هەموویان ڕەوانەی سەرەوەی کردووە.

کاتێ جەمشید پاشایان هەڵدەکێشایەوە، هەر هێندە گەیشتە ناوەڕاستی بیرەکە، براکان لەگەڵ یەک کەوتنە فسکەفسکو پەتەکەیان پچڕاندو جەمشید پاشا بەربووەوە بنی بیرەکە. جەمشید پاشا زانی بۆچی براکانی فڕێیان دایەوە بنی بیرەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێی بە دڵشاد دابوو، دانیشتو بیری کردەوە چ بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بگەیەنێتە دڵشاد. لەولاوەش، براکان لە کچەکانیان پرسی لە کوێ بوونو لە بنی بیرەکە چ هەبوو.

کچەکانیش هەموو شتێکیان بۆ محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشا باس کرد. ئەو دوو برایە کچەکانیان بردەوە کۆشکی پاشا. پاشا بە کەیفخۆشی بە پیر کوڕەکانییەوە هات، بەڵام کە جەمشید پاشای نەیینی، بەلایەوە سەیر بوو و هۆی نەهاتنەوەی پرسی.

براکان بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە گوتیان:

ــ کە ویستمان جەمشید پاشا لەناو بیر هەڵکێشینەوە، پەتەکە تۆقی نەمابوو، پچڕاو جەمشید پاشا بەربووەوە بنی بیرەکەو مرد.

پاشا زۆر نارەحەت بوو. دوای چەند مانگ ماتەم، دوو کچەکەی لە کوڕەکانی مارە کردو دلّشادیشی ڕەوانەی حەرەمسەرای خۆی کرد. بەلاّم دلّشاد داوای پاشای قبوولّ نەکردو چاوەڕێی جەمشید پاشای کرد.

ئێستا گوێتان لە باسی جەمشید پاشا بێ:

کاتێ جەمشید پاشا فێلّو ناپاکیی براکانی بینی، زانی ناتوانێ هیچ بکات. هەستا لەناو باخەکە چووە دەرەوەو بە بیاباندا هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت، تا لە دوورەوە درەختێکی بینیو گوتی: وا چاکە بچم نەختێ لە سێبەری ئەو درەختە پشوو بدەم، بەلاّم هێشتا مابوو بگاتە درەختەکە، دیتی سیمرغ[2] هێلانەی لەسەر درەختەکە کردووەو مارێك خەریکە بە دارەکەدا هەلّدەگەڕێ بۆ ئەوەی بچێ بێچووەکانی سیمرغ بخواو بێچووەکانیش هەر جووکە جووکیانە.



جەمشید پاشا شمشێری هەلّکێشاو پەلاماری مارەکەی دا، یەکەم جار سەری لە لەش جودا کردەوەو ئینجا کەلەشی پارچە پارچە کردو چوو لە ژێر درەختەکە نووست.

کاتێ سیمرغ گەڕایەوە هێلانەی خۆی، دیتی جەمشید پاشا لە ژێر درەختەکە خەوتووە. لە دلّی خۆیدا

(2) عقاب واتة هةلَؤ نووسراوة، بةلآم لة كر سيمرغ.

گوتی: (ئێستا زانیم کێ بێچووەکانم دەخوا).

ویستی پەلاماری جەمشید پاشا بدا، بێچووەکان کردیانە هاتو هاوار:

ـ دایە، نەکەی، شتی وا نەکەی، ئەم گەنجە ئێمەی لە دەست مار نەجات دا.

سیمرغ، کە چاوی بە سەری مارەکە کەوت، زانی بێچووەکانی ڕاست دەکەن.

ڕۆژ لە جەمشید پاشای دەدا، جا بۆ ئەوەی جەمشید پاشا نارەحەت نەبێ، سیمرغەکە باڵەکانی لێك کردەوەو سێبەری لەسەر کرد.

دوای ماوەیەك، جەمشید پاشا لە خەو بەئاگا هات، دیتی سیمرغێك سێبەری لێ کردووە.

هەموو شتێکی بیرکەوتەوەو سوپاسی سیمرغی کرد. سیمرغ گوتی:

ـ تۆ ڕۆحی بێچووەکانی منت قوتار کردووە، بۆیە دوو سێ پەڕی خۆمت دەدەمێ، هەر کاتێ پێویستت بە یارمەتی بوو، پەڕێك هەڵکڕووزێنە، من حازر دەبم.

جەمشید پاشا پەڕەکانی وەرگرت و گوتی:

ـ ئێستا تکات لێدەکەم بمگەیەنە نزیکترین شار.

سیمرغ جەمشیدی سواری پشتی خۆی کردو ڕۆیشت ڕۆیشت، چوو لە شارێك دابەزیو جەمشید پاشای لەسەر زەوی داناو ڕۆیشت.

جەمشید پاشا نەختێ لەناو شار پیاسەی کردو دیتی برسییە. دەرگایەکی بچووکی بینی، پیرەژنێك لە بەردەرگاکە دانیشتبوو. لێی چووە پێشو سەلامی کرد. پیرەژن بە میهرەبانی سەلامی لێوەرگرتەوە. جەمشید پاشا گوتی:

ـ دایکە، برسیم، نەختێ نانم دەوێ.

پیرەژن جەمشید پاشای بردە ژوورەوەو هەندێ خواردنی بۆ هێنا.

جەمشید پاشا خواردنەکەی خواردو گوتی:

ـ دایکە، نەختێ ئاویشم بدەرێ!

پیرەژن ڕۆیشت و گەڕایەوە، کاسەیەکی دایە دەست جەمشید پاشا. جەمشید پاشا دیتی کاسەکە بەتاڵە، هیچ ئاوی تێدا نییە. گوتی:

ــ دایکە، ئەم کاسە بەتاڵەت بۆچی هێناوە؟

پیرەژن بە شەرمەزاری گوتی:

ــ کوڕم، ئەم شارە، لە کانییەك زیاتری تێدا نییەو ئەویش لە بەدبەختیی خۆمان ئەژدیهایەکی گەورە بەری ئەم کانییەی گرتووەو خەڵك بە بێ ئاو دەژین. ئەم ئەژدیهایە دەبێ ڕۆژێ کچێکی گەنجی بۆ ببەن، بیخواو ئەو کاتەی خەریکی لرفکردنی کچەکەیە خەڵك دەتوانن تێ ڕۆبێن‌و نەختێ ئاو بۆ خۆیان ببەن. منیش لەبەر ئەوەی پیرم‌و ناتوانم بچمە سەر کانی، هەمیشە بێ ئاوم. بۆیەش ئەم کاسەیەم هێنا تا شەرمەزاری تۆ نەبم کە میوانی منی.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ دایکە، ناڕەحەت مەبە. بە پشتیوانیی خوا دەچمە جەنگی ئەو ئەژدیهایەو دەیتۆپێنم.

پیرەژن گوتی:

ــ کوڕم، بە هەموو پاڵەوانانی شار نەیانتوانیوە لەم ئەژدیهایە نزیك بکەونەوە. ئەمڕۆش دوا کچی شار، کە کچی حاکمە، بۆ ئەم ئەژدیهایە دەبەن.

جەمشید ناوی خوای لێهێناو دەستی دایە شمشێرو ڕووی کردە لای کانییەکە. هەموو خەڵکەکە بە سەرسامی تەماشایان دەکرد، بەڵام جەمشید پاشا هەر دەچووە پێش. کە ئەژدیهاکە چاوی پێکەوت، دەمی کردەوەو جەمشید پاشای بە هەناسە هەڵکێشاو بۆ لای خۆی ڕایکێشا. جەمشید پاشا هەردوو سەری شمشێری ڕووتی بە دەستەوە گرت‌و دەمە تیژەکەی دایە لای پێشەوەو لەگەڵ هەناسەی ئەژدیها ڕۆیشت‌و ڕۆیشت تا گەیشتە دەمی

ئەژدیهاو ئەژدیها ئاگای لە هیچ نەبوو، بە هەموو هێزی خۆیەوە جەمشید پاشای قووت داو شمشێری جەمشید پاشا ئەژدیهای لە هەردوو لا لغاوەوە بڕی تا گەیشتە کلکی.

کانییەکە پڕ خوێن بوو، ئەژدیها دەستبەجێ تۆپیو خەڵك لە دەستی حەسانەوە.

خەڵکەکە، کە دیتیان ئەژدیها تۆپی، چوونە سەر کانیو هیزبارەکانیان پڕ ئاو کرد.

لەولاشەوە، کچی حاکمیان بە دەبدەبەو هەیبەتو هووت دەهێنا. حاکمو ژنەکەیشی بە گریانو واوەیلا لە دووی دەهاتن. کچەکەیان هێنایە شوێنی ئەژدیهاکە، کە گەیشتنە نزیك کانییەکە، دیتیان خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوەو کانی پڕ خوێنە. پرسییان مەسەلە چییە؟ خەڵکەکە بە خۆشحاڵی جەمشید پاشایان نیشانی حاکم دا کە ئەژدیهای کردبووە دوو لەت.

حاکم، جەمشید پاشای بردە بارەگای خۆیو زۆر ڕێزی لێناو گوتی:

ــ سەبارەت بەوەی کە تۆ هەم گیانی خەڵکت قوتار کردو هەم گیانی کچی من، دەمەوێ کچی خۆمت دەقەبەر بکەمو بتکەم بە جێنشینی خۆم.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ جەنابی حاکم! من کوڕە لادێیم، لە دابو دەستووری بارەگای شاهانە نازانم. لێم گەڕێ بکەومە دوو ئیشی خۆم.

حاکم ڕازی بوو و وازی لە جەمشید پاشا هێنا.

جەمشید پاشا هەر هاتو هات تا گەیشتە گوندێکی خۆشو ئاوەدان. لەو کاتەدا، جەمشید پاشا زۆر نارەحەت بوو، پەڕێکی سیمرغی هەڵکڕووزاندو سیمرغ حازر بوو.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ دەمەوێ بگەڕێمەوە ولاتی خۆم، بەلام ئەم شارانە هیچیان شارەزا نیم، دەبێ تۆ ڕێنماییم بکەی.

سیمرغ گوتی:

ـ که چوویته ناو دێ، یەکەم جار دوو بەران دەبینی: یەکی ڕەش‌و یەکی سپی. دەسماڵەکەت فڕێ دە سەر بەرانە سپییەکەو خۆشت سواری بەرانە ڕەشەکە بە. ئەوسا بەرانی ڕەش هەڵت دەداتە سەر بەرانی سپی‌و بەرانی سپی فڕێت دەداتەوە دونیای ڕوناك‌و شاری خۆت، بەڵام ئەگەر سواری بەرانی سپی بی، بەرانی سپی هەڵت دەداتە سەر بەرانی ڕەش‌و بەرانی ڕەشیش تێت هەڵدەداتە دونیای تاریکی‌و دەبێ حەفت ساڵی تر بگەڕێی تا شاری خۆت دەدۆزیتەوە.

جەمشید پاشا ڕازی بوو، سوپاسی سیمرغی کردو ڕۆیشت. گەیشتە ناو دێ. لە دوورەوە دوو بەرانی سپی‌و ڕەشی بینی، لەبەر ئەوەی زۆر پەلەی بوو، سواری بەرانی سپی بوو و بەرانی سپی دایە بەرانی ڕەش‌و بەرانی ڕەشیش تێی هەڵدایە دونیای تاریکی. کاتێ کە جەمشید پاشا هاتەوە هۆش خۆی، خۆی لە شارێکی بێگانەدا بینی، هەمووی تاریك‌و نوتەك بوو، خەڵك لە بەر چرا ئیشیان دەکرد.

جەمشید پاشا چەند مانگێك بە ناخۆشی لەو شارەدا ژیاو ئاخیری زانی هیچ چارەی نییە ئەوە نەبێ کارو کاسبییەك بۆ خۆی پەیدا بکا. چووە دوکانی کابرایەکی پینەدۆزو گوتی:

ـ برا، من بابایەکی غەریبەم، دەمەوێ لای تۆ ئیش بکەم.

کابرای پینەدۆز قبووڵی کردو جێی جەمشید پاشای لە دوکانی خۆی کردەوە.

جەمشید پاشا، بە ڕۆژ ئیشی دەکردو شەویش لەناو دوکانەکە دەخەوت.

ڕۆژێ جەمشید پاشا لە کابرای پینەدۆزی پرسی:

ـ هۆی چییە ئەم شارە وا تاریکە؟

کابرای پینەدۆز ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

ـ ئەم شارە دێوێکی خوێنخۆری تێدا دەژی، بەری ڕۆژی گرتووە.

جەمشید پاشا پرسی:

ـ ئەی بۆچی خەڵك ناچنە جەنگی ئەم دێوەو نایتۆپێنن.

پینەدۆز پێکەنیو گوتی:

ـ برا، کێ بەم دێوە حەفت سەرە دەوێرێ. تاکە رێگای چارەو رزگاربوونمان ئەوەیە داواکانی جێبەجێ بکەینو رزیبی بکەین بەری خۆری شارەکەمان بەر بدا.

جەمشید پاشا پرسی:

ـ داواکانی ئەم دێوە چین؟

پینەدۆز گوتی:

ـ جووتە پێلاوێکی دەوێ، هەر کاتێ لە پێی بکا هەر شوێنێکی بیەوێ، بیباو بیهێنێتەوە.

جەمشید پاشا گوتی:

ـ تۆ سبەی خەبەر بە دێوەکە بدە کە ئەم پێڵاوەی بۆ دەبەی.

پینەدۆز گوتی:

ـ کورە تۆ شێت بووی، چییە! ئێمە ئەم جۆرە پێڵاوەمان چۆن پێ دروست دەکرێ؟

جەمشید پاشا گوتی:

ـ سبەی سبەینێ من ئەم پێڵاوەت بۆ ئامادە دەکەم.

پینەدۆز قبووڵی کردو چووە لای دێوەکەو گوتی پێڵاوەکە سبەی ئامادەیە. دێوەکە هەرێی دا یەکێ لە سەرەکانی لە بەرامبەر خۆر لابدا.

رۆژی پاشی، سبەینێ هەموو خەڵك لە بەردەم دوکانی پینەدۆز ئاپۆرەیان داو چاوەرێ بوون پینەدۆز دوکان بکاتەوەو پێڵاوەکە ببینن. بەڵام جەمشید پاشا، شەو، کە پینەدۆز رۆیشت، مۆمێکی داگیرساندو پەری سیمرغی لەسەر هەڵکرووزاند. سیمرغ حازر بوو.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ سیمرغی میهرەبان! پێویستم بە جووتە پێڵاوێکە، کە هەر کاتێ خاوەنەکەی ویستی بچێتە هەر کوێ، بیباتە ئەوێ.

سیمرغ ڕازی بوو، دوای سەعاتێك جووتە پێڵاوەکەی بۆ جەمشید پاشا هێنا. جەمشید پاشا جووتە پێڵاوەکەی لە دوکان داناو خۆی چووە کووچەیەكو پاڵی دایەوەو نووست.

ڕۆژی پاشی، بەیانی لەگەڵ خەڵك لە بەردەم دوکان ڕاوەستاو کڵاوێکی گەورەشی لەسەر نا بۆ ئەوەی پینەدۆز نەیناسێتەوە. پینەدۆز زۆر بە ترسو لەرزەوە دەرگای کردەوە. جووتە پێڵاوێکی زیادەی لەناو دوکاندا بینی، زانی ئەمانە پێڵاوە جادووییەکەن. جووتە پێڵاوەکەی هەڵگرتو چووە لای دێوەکە. خەڵکەکەش بە چراو فانۆس دوا بە دوای چوون. دێو، کە چاوی بە جووتە پێڵاوەکە کەوت، گوتی:

ــ ئا، ئەمە ئەو پێڵاوەیە کە من دەمەویست.

ئیتر یەکێ لە سەرەکانی لابردو نەختێ ڕوناکی خۆر بە شار کەوتو خەڵکەکە بە شادومانی پینەدۆزیان لەسەر دەستی خۆیان دانا. بەڵام پینەدۆز گوتی:

ــ ئەم جووتە پێڵاوە شاگردەکەم دروستی کردووە.

خەڵکەکە هەرچەندە گەڕانو سووڕان شاگرد پینەدۆزیان نەدیتەوە.

جەمشید پاشا بە هەمان بەرگو سیماوە چووە دوکانی بەرگدروویەكو گوتی:

ــ برا، من غەریبەمو بۆ پەیداکردنی نان دەمەوێ لای تۆ کار بکەم. کابرای بەرگدروو ڕازی بوو و جەمشید پاشا لەو دوکانەدا دەستی بە کار کرد.

ڕۆژێ لە ڕۆژان جەمشید پاشا لە بەرگدرووەکەی پرسی:

ــ ئەرێ برا، ئەوە بۆچی ئەم شارە وا تاریکە؟

بەرگدروو ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

ــ دێوێکی خۆپەرستی حەفت سەر لەم شارەدا هەیە، بەری ڕۆژی گرتووە. ئەو دێوە حەفت مەرجی هەیە بۆ ئەوەی بەری خۆر بەر بدا. یەکێ لەو مەرجانە کوڕێکی نەناسیاو

ئەنجامی داوە کە لای پینەدۆزێك ئیشی دەکردو دێوەکە سەرێکی لە بەرامبەر ڕۆژ لا بردووە، بەڵام کەس ناتوانێ مەرجەکانی تری ئەم دێوە جێبەجێ بکا.

جەمشید پاشا گوتی:

ـ مەرجەکانی تری ئەم دێوە چین؟

بەرگدروو گوتی:

ـ من هەر ئەوەندە دەزانم، ئەم دێوە کراسێکی دەوێ تەقەڵی دەرزیی تێدا نەبێ. بەڵام ئاخۆ ئەم جۆرە کراسە بە کێ دەدوورێ؟

جەمشید پاشا گوتی:

ـ برا، تۆ سبەی برۆ لای دێوەکەو پێی بڵێ کە کراسەکەی بۆ دەبەی.

بەرگدروو گوتی:

ـ کوڕم، ئەوە تۆ شێت بووی قسەی وا دەکەی؟ ئەگەر بەڵێن بدەینو بەڵێنەکەمان پێ نەیەتە جێ، دێوەکە لەناومان دەبا.

جەمشید پاشا گوتی:

ـ تۆ بڕۆو بە دێوەکە بڵێ من سبەی کراسەکە ئامادە دەکەم.

خەبەر بە ناو هەموو شاردا بڵاو بووەوە کە بەرگدروو دەیەوێ کراس بۆ دێوەکە بدوورێ.

ڕۆژی پاشی، بەیانی بەردەم دوکانی بەرگدروو پڕی خەڵك بوو، چاوەڕێی دیتنی کراسە سەیرو سەمەرەکەیان دەکرد.

شەو، دوای ڕۆیشتنی بەرگدروو، جەمشید پاشا مۆمێکی داگیرساندو پەڕی سیمرغی هەڵکرووزاند. سیمرغ حازر بوو و جەمشید پاشا داوای کراسەکەی لێکرد. سیمرغ بە چەند لەحزەیەك کراسەکەی ئامادە کردو دایە جەمشید پاشا. جەمشید پاشا کراسەکەی لە دوکان داناو لەوێ هەڵات. بەرگی خۆی گۆڕیو لەگەڵ خەڵکەکە بەرامبەر دوکان ڕاوەستا.

بەرگدروو بە ترسەوە دوکانی کردەوەو دیتی وا کراسەکە لەوێیە، هەڵیگرتو بۆ دێوەکەی برد.

دێو کراسەکەی وەرگرتو سەرێکی تری لە بەر تیشکی خۆر لابردو شار نەختێ ڕوناکتر بووەوە. خەڵك زۆر خۆشحاڵ بوون، بەڵام هەرچەندە بە دوای کوڕە نەناسیاوەکەدا گەڕانو سووڕان نەیاندۆزییەوە.

دوای ماوەیەك، جەمشید پاشا چووە لای ئاشەوانێكو داوای لێکرد کارێکی بداتێ. ئاشەوان ڕازی بوو و جەمشید پاشا دەستی بە کار کرد.

ڕۆژێ لە ڕۆژان جەمشید پاشاو ئاشەوان لە ڕۆخ ئاشەکە دانیشتبوون قسەیان دەکرد.

جەمشید پاشا گوتی:

ـ باوکە، ئەوە بۆچی ئەم شارە وا تاریکە؟

ئاشەوان هەمان قسەی پینەدۆزو بەرگدرووی کردو گوتی کوڕێکی نەناسیاو دوو داوای دێوەکەی ئەنجام داوەو بەشێکی شاری ڕوناك کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە کەسی تر ناتوانێ مەرجەکانی تری ئەم دێوە ئەنجام بدا.

جەمشید پاشا گوتی: باشە مەرجی تری ئەم دێوە چییە؟

ئاشەوان گوتی:

ـ هەر ئەوەندە دەزانم ئەم دێوە ئاشێکی دەوێ بە بێ دەستو ڕۆژو باو ئاو ئیش بکا، بەڵام کێ دەتوانێ ئەم جۆرە ئاشە دروست بکا؟

جەمشید پاشا گوتی:

ـ باوکە، خەمت نەبێ. بەیانی برۆ لای دێوەکەو پێی بڵێ ئاشەکەی ئامادەیە.

ئاشەوان ڕازی نەبوو، بەڵام جەمشید پاشا گوتی:

ـ بێشك ئاشەکە دروست دەکەم.

ڕۆژی پاشی لەگەڵ گەردو گۆڵی بەیانی دیسان هەموو خەڵك بەرامبەر ئاشەکە دانیشتبوونو چاوەڕێی بینینی ئاشە سەیرو سەمەرەکەیان دەکرد. ئاشەوان جەمشید پاشای ناسی بووو دەیزانی ئەوە هەمان پێڵاودروو و هەمان کراس درووە، بۆیە ئەو شەوە، ئاشەوان کە ڕۆیشت لە پشتەوەڕا ئاشەکەی کلیل دا تا جەمشید پاشا نەتوانێ ڕا بکات.

شەو، جەمشید پاشا پەڕی سیمرغی دەرهێناو دیتی لە یەك پەڕ زیاتر نەماوەو ئەگەر ئەو پەڕە هەڵکڕووزێنێ ئیتر ناتوانێ بیبینێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێی بە ئاشەوان دابوو، ناچار بوو پەڕەکە هەڵکڕووزێنێو داوا لە سیمرغ بکا ئەو ئاشەی بۆ بێنێ.

سیمرغ چوو و هاتەوە ئاشێکی سەیری هێنا. ئەو ئاشە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوەو گەنمێکی دەهاڕی کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێ، دەیکردە ئاردو فڕێی دەدا.

جەمشید پاشا زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی:

ــ ئەی سیمرغی میهرەبان، ئەمە دوا زەحمەت بوو دامە بەر تۆ، لەبەر ئەوەی پەڕەکانت تەواو بوون، چیتر ناتوانم بتبینم، ماڵاوا!

سیمرغ گوتی:

ــ تۆ کوڕێکی بوێرو میهرەبانی، پەڕێکی تریشت دەدەمێ.. هەر کاتێ گیروگرفتێکت تووش هات ئاگادارم بکەوە.

جەمشید پاشا سوپاسی کردو پەڕەکەی لە گیرفانی خۆی نا. سیمرغ ڕۆیشتو جەمشید پاشا چووە لای دەرگا بۆ ئەوەی بیکاتەوەو ڕابکات، بەڵام بینی دەرگا لە پشتەوەڕا کلیل دراوە، ناچار بوو هەر لەوێ خەوت.

بەیانی، ئاشەوان بە خەڵکەکەی گوت کوڕە نەناسیاوو ڕزگارکەرەکەی شارەکەمان ئێستا وا لەناو ئاشی مندایە. خەڵك زۆر حەزیان دەکرد کوڕەکە ببینن، هاتنە لای ئاشەکەو جەمشید پاشایان لەگەڵ خۆیان بردە چیا بۆ لای دێوەکە.

دێو، کە چاوی بە ئاشەکە کەوت، گوتی:

ــ تەواوە! ئەمە ئەو ئاشەیە کە من دەمەویست. ئەوە کێ دروستی کردووە؟

ئاشەوان جەمشید پاشای نیشانی دێوەکە دا. دێوەکە قاقایەکی کردو گوتی:

ــ ئەها! من ئەم گەنجە دەناسم. ئەمە گەورەترین دوژمنی منی کوشتووە کە دێوی ڕەشە. لاوۆ! من بۆ خاتری تۆ لە بەرامبەر خۆر لا دەکەوم بۆ ئەوەی شار روناك بێتەوە. جگە لەوەش بخوازە مالّی دونیایە هەرچی دەتەوێ بلّێ.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ دێوە! بیستوومە تۆ جامی جیهان نمات هەیە. سەیری ئەو جامە بکەو پێم بلّێ بزانم ولاّتی من کەوتۆتە کام لا.

دێو سەرنجی لە جامەکە داو گوتی:

ــ بەرەو رۆژهەلاّت برۆ، دەگەیتەوە شاری خۆت!

جەمشید پاشا سوپاسی دێوەکەی کرد. دێوەکە بە نەعرەتە لێدان بەرەو ئاسمان تەنوورەی بەستو شار روناك بووەوەو خەلّك دەستیان بە ئاهەنگو هەلّپەرکێ کرد.

حاکمی شار جەمشید پاشای بردە بارەگای خۆیو خزمەتی کرد، بەلاّم جەمشید پاشا پەلەی بوو زوو خۆی بە دلّشاد بگەیەنێ، ئیتر لەوێ نەمایەوەو بەرەو رۆژهەلاّت کەوتە رێ. هەر رۆیشتو رۆیشتو رۆیشت تا رۆژێ بە شەکەتیو بێتاقەتی لەژێر درەختێك بەربووەوەو خەوی لێکەوت. جەمشید پاشا دوای ماوەیەك لە دەنگی چەند کەسێ بەخەبەر هات، دیتی گالیسکەیەك لەتەك درەختەکە وەستاوەو چەند کەسێك لەژێر درەختەکە دانیشتوونو قسە دەکەن.

کە جەمشید پاشا بەخەبەر هات، ئەوان لێیان پرسی:

ــ گەنجۆ، ئەوە بۆچی لێرە خەوتووی؟

جەمشید پاشا گوتی:

ــ رێبوارمو دەگەرێمەوە شاری خۆم.

پرسییان:

ــ کام شار؟

جەمشید پاشا ناوی شاری خۆی گوتو ئەوانیش گوتیان: ئێمەش دەچینە ئەو شارە، بۆ ئەوەی پێشبڕکێ گەورەکەی ئەوێ ببینین.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ پێشبڕکێی گەورەی چی؟

ئەوانیش گوتیان:

ــ کچێکی جوان لە حەرەمسەرای پاشادایە، دەزگیرانی کوڕی جوانەمەرگی پاشای ئەو شارەیە. گەنجەکان بۆ ئەوەی کچەکە مارە بکەن، بەشداری پێشبڕکێیەکی گەورە دەکەنو هەرکەسێ لە پێشبڕکێ بیباتەوە، کچەکە بۆ ئەو دەبێ بەڵام ئەگەر هیچ کەس نەتوانێ هەموو مەرجەکانی پێشبڕکێکە جێبەجێ بکا، پاشا کچەکە لە خۆی مارە دەکا.

جەمشید پاشا کە زانی مەسەلە چییە، گوتی:

ــ براینە، توخوا منیش لەگەڵ خۆتان بەرن.

بەڵام ئەوان گوتیان:

ــ ئێمە لەناو گالیسکەدا جێگامان نییەو ئەسپەکانیش لەوەندە زیاتر نەفەریان پێ هەڵناگیرێ.

ئەوان ڕۆیشتو جەمشید پاشا بەتەنێ مایەوە.

جەمشید پاشا دەیزانی ئەگەر بە پێ بڕوا، بە مانگێك ناگاتە شار. ئیدی بۆ دواجار پەڕی سیمرغی هەڵکڕووزاندو سیمرغ حازر بوو.

جەمشید پاشا باسی مەسەلەکەی بۆ سیمرغ کردو داوای لێ کرد بیگەیەنێتە شار.

سیمرغ گوتی:

ــ تۆ هەندێ گۆشتو ئاو ئامادەکەو سواری پشتم بە. هەر کاتێ گوتم: ئاو! گۆشتم بدەرێو هەر کاتێ گوتم: گۆشت! ئاوم بدەرێ.

جەمشید پاشا رێوییەکی گرتو سەری بڕیو ئاوی لە پێستەکەی کردو گۆشتەکەی بە شمشێر پارچە پارچە کردو سواری پشتی سیمرغ بوو.

هەر رۆیشتنو رۆیشتن تا لە دوورەوە تارماییی شار دەرکەوت. سیمرغ گوتی:

ــ ئاو.

جەمشید پاشا تەماشای کرد سیمرغ هەموو گۆشتەکەی خواردووو هیچ گۆشت نەماوە. بە هێواشی هەندێ گۆشتی لە ڕانی خۆی بڕیو دایە سیمرغ. گەیشتنە قەراخ شارو جەمشید پاشا لەسەر پشتی سیمرغ هاتە خوارێو مالآوایی کرد. سیمرغ نەفڕی، هەر لەوێ وەستا.

جەمشید پاشا گوتی:

ــ سیمرغی میهرەبان! بۆچی نافڕی؟

سیمرغ گوتی:

ــ دەمەوێ یەکەم جار تۆ بڕۆی، دوای تۆ ئینجا من دەفڕمو دەڕۆم.

جەمشید پاشا بەڕێ کەوت، هێشتا دوو سێ هەنگاو نەڕۆیشتبوو، سیمرغ گوتی:

ــ هۆ کوڕی میهرەبان! ئەوە بۆچی دەشەلیت؟

جەمشید پاشا، کە نەیدەویست سیمرغ بزانێ، گوتی:

ــ قاچم نەختێ بریندارەو ناتوانم بە باشی بڕۆم.

سیمرغ گوتی:

ــ لاوۆ، درۆ مەکە. تۆ گۆشتی قاچی خۆت بڕیوەو داوتە بە من. سیمرغ گۆشتی قاچی جەمشید پاشای هەر لە زاردا بوو، دەری هێناو لەسەر قاچی جەمشیدی دانایەوەو هەندێ خووزی خۆی لە برینەکە داو قاچی جەمشید پاشا چاك بووەوە.

سیمرغ ماڵاوایی کردو ڕۆیشتو جەمشید پاشا بەرەو شار کەوتە ڕێ. ئەوەندەی نەمابوو پێشبڕکێ دەست پێبکا، مەیدان پڕی خەڵك بوو. حاکمو کوڕەکانی لە شوێنی تایبەتی دانیشتبوونو چاوەڕێی دەست پێکردنی پێشبڕکێ بوون. پێشبڕکێ دەستی پێکرد: یەکەم جار دوازدە داری گەورەیان لە ناوەڕاستی مەیدان دانا. داخوازیکەرەکان یەك یەك هاتنە ناو مەیدانو لەبەر ئەوەی نەیانتوانی دارەکان بکەنە دوو کەرت، گەڕانەوە. لە دوای هەموویان ئینجا محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشا هاتنو هیچێکیان دارەکانیان بۆ نەشکا. کە هەمو کپو بێدەنگ بوون جارچییان جاڕیان دا: کەسی تر نەماوە؟ دەمانەوێ دارەکان کۆکەینەوە.

لەناکاو جەمشید پاشا بە جلی شڕو وڕو دڕاوەوە هاتە ناو مەیدان. خەڵك کردیانە قەشمەریو پێکەنین: کوڕە دەرۆزەکەرێك بۆ بردنەوەی دلشاد هاتۆتە پێشبڕکێ. بەڵام جەمشید پاشا دارەکانی یەك یەك لەناوەندێ کردە دوو کەرتو هەر یەکێکی فڕێ دایە لایەك. دەنگی ئافەرینی خەڵك هەموو مەیدانی پڕ کرد. حاکمو کوڕەکانی بە سەرسامی سەیری یەکتریان کرد. پێشبڕکێی دووەم شەڕ بوو لەگەڵ شێرێکی هۆڤی. کەس نەوێرا بچێتە مەیدان. تەنیا جەمشید پاشا بوو کە هاتو بە شمشێرەکەی سەری شێرەکەی لە لەش جودا کردەوە.

حاکم زۆر تووڕە ببوو، دەیزانی ئەگەر ئەم کوڕە پێشبڕکێی سێیەم بباتەوە ناچارە دلشادی بداتێ. پێشبڕکێی سێیەم پچڕاندنی زنجیرێك بوو لە دەستو ملی داخوازیکەرەکەیان دەکرد. خەڵکێکی کەم لەم پێشبڕکێیە بەشدارییان کرد. تەنانەت محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشایش نەیانتوانی بێنە مەیدانو کە جارچییەکان ویستیان زنجیرەکان کۆ بکەنەوە، جەمشید پاشا هاتە مەیدانو زنجیرەکانی بە زۆری بازووی خۆی پچڕاند. ئیتر حاکم ناچار بوو دلشاد بداتە جەمشید پاشاو فەرمانی دا کوڕەی جل شڕیان هێنا لایەوە. کاتێ جەمشید پاشا گەیشتە لای حاکم، دلشاد قیژاندیو خۆی بە باوەشی

جەمشید پاشادا دا، حاکمیش کوڕەکەی خۆی ناسییەوە بەڵام براکانی نەیانتوانی لە شەرمەزارییان سەریان بڵند بکەن.

هەر ئەو ڕۆژە ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ دڵشادو جەمشید پاشا گێڕاو سەراپای شارو وڵاتیان کردە چراخان. حاکم، جەمشید پاشای کرد بە جێنشینی خۆیو سەراپای وڵاتی پێ بەخشی.

# 5 ـ کچی پاشای سەمەرقەند



هەبوو نەبوو، پاشایەك هەبوو، لە داری دونیادا یەك تاقە کوڕی هەبوو بە ناوی محەمەد. محەمەد کوڕێکی کەڵەگەتو ئازاو کۆك بوو. ئەگەر لێی گەڕابای تا نیوەڕۆ هەر دەخەوت.

محەمەد گەورە بوو، کە گەیشتە تەمەنی بیست ساڵی، ڕۆژێ چووە لای باوکیو گوتی:

ــ ئەی باوکی میهرەبان! زۆر لەمێژە نەچوومەتە هیچ جێگایەك، دڵم تەنگ بووە، ڕوخسەتم بدە گەشتێ بەناو موڵكو وڵاتی خۆماندا بکەم.

باوکی، یەکەم جار ویستی ڕازی نەبێ، بەڵام کە محەمەد پێی داگرتو دەستی بە تکاو پاڕانەوەو ناورانەوەو نووزانەوە کرد، پاشا دەستووری دا لەگەڵ وەزیر بچن، بەڵام لە سنووری وڵاتەکەیان دەرنەچن.

خۆیان ئامادە کردو بەڕێ کەوتن.

چەند شەو و چەند ڕۆژ ڕۆیشتن، چیاو گەڵیو دەرو دەشتیان بڕی، ڕاویان دەکردو ڕایان دەبواردو دەگەڕان. چەند مانگێك پێچوو، ئیتر کاتی ئەوە داهات کە بگەڕێنەوە. لە ڕێگادا، مامزێك لە بەر پێی محەمەد دەرپەڕی. محەمەد بە سواری ئەسپ کەوتە دووی بۆ ئەوەی بە زیندوویی بیگرێ. لەشکریش کەوتە شوێنیانەوە. مامزەکە لە دیواری باخێك ئاودیو بوو و خۆی فڕێدایە ناو باخەکە. محەمەد لە ئەسپ دابەزی، ویستی بچێتە ناو باخی خەڵك، وەزیر ڕوخسەتی نەداو گوتی:

ــ محەمەد، باوکت تۆی بە من سپاردووە. ئێستا ئەوە بزانە سنووری وڵاتەکەی ئێمە لێرە تەواو دەبێ، ئەم باخە هی پاشای سەمەرقەندە. وەرە مەچووە ناو ئەو باخە.

محەمەد تکای لە وەزیر کردو گوتی:

ــ یەك ڕۆژ ڕووخسەتم بدە. لێرە چاوەڕێم بکە. دەچم بە ناو باخەکەدا دەگەڕێم، پیاسەیەك دەکەمو دێمەوە.

وەزیر گوتی:

ــ بە یەك مەرج ڕووخسەتت دەدەم، کە هیچ بە پاشا نەڵێی.

محەمەد گوتی: بەسەر چاو ! چووە ناو باخەکەو دیتی: بەها! بەها! باخێکی چەند خۆشە! لە دونیادا مانەندی نییە. هەموو جۆرە گوڵو میوەو سەوزەیەکی تێدایە. پیاو شێتو سەرسام دەکا. بولبولو باڵندە خەریکی خوێندنو چریکە چریکن، ئەقڵو هۆشی پیاو دەبەن. کوڕی پاشا نەختێ میوەی باخەکەی خواردو لەسەر چیمەن ڕاکشاو خەوی لێکەوت. ئەم باخە باخی سێوی پاشای سەمەرقەند بوو. کچە گچکەی پاشا زوو زوو بە پیاسە دەهاتە ناو ئەم باخە. ئەمڕۆیش بۆ پیاسە هاتبووە ناو باخو لەسەر لێوی (چوار حەوز)و گۆمی باخو لەسەر چیمەنەکە چاوی بە گەنجێکی ڕەعنا کەوت خەوی لێکەوتبوو. کچەکە، هەر کە چاوی پێکەوت یەکسەر دڵی کەوتە سەرو ئەشقی بوو. کچەکە کردییە هەراو هۆریاو گۆرانی چڕینو بەمەلاو بەولادا هاتوچوو، بەڵام کوڕە لە خەو بەئاگا نەهات. کچەکە سەبری نەماو ترسا نەوەك بێن لەوێ بە تەنیا بیانبینن. ئیتر هەندێ شەکرو کاو ئاوێنەیەکی گچکەو دەسڕۆکێکی بچووکو ئەنگوستیلەیەکی لە ناو گیرفانی چاکەتی خۆی دەرهێناو لە دەسماڵی کوڕەکەی بەستو لەناو گیرفانی کوڕەی ناو ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت. ماوەیەك دوای ڕۆیشتنی کچەکە، محەمەد بەخەبەر هاتو بەناو باخەکەدا گەڕاو چووە قەراخ گۆمو حەوزەکەو دەستو دەموچاوی خۆی لە حەوزەکە شووشتو هەندێ سێوو گولاّبی لێکردەوەو خواردیو هاتەوە لای وەزیرو سواری ئەسپەکەی بوو و گەڕانەوە ماڵێ. چاكو چۆنی لەگەڵ باوکی کردو دەستی ماچ کرد. باسی گەشتو گەڕانو سەفەری خۆی بۆ باوکی کرد. لەسەر سفرە بوون نانیان دەخوارد، لەپڕ محەمەد پێ کژیو دەستی برد دەسماڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، هەستی کرد شتێکی لەناو نراوەو گرێی لێدراوە. یەکسەر کردییەوە، دیتی دەسماڵەکە کلۆ شەکرێكو چەند زلەکایەكو ئەنگوستیلەیەكو ئاوێنەیەکی تێدایە. زۆری بەلاوە سەیر بوو، داخۆ کێ ئەم شتانەی لەناو گیرفانی ناوەو مەبەستی لەمە چی بووە؟

پاشا، کە بە مەسەلەکەی زانی، یەکسەر لە دوو وەزیری ناردو لە مەسەلەکەی پرسی. وەزیر سەیری کرد ئەگەر ڕاستی نەڵێ، ئیشەکە خراپتر دەبێ. ئیتر ئاشکرای کرد کە کوڕی پاشا چۆتە ناو باخی پاشای سەمەرقەند.

پاشا گوتی:

ــ ئێستا مادام تۆ ئەو ڕووخسەتەت بە کوڕەکەم داوە، ئەگەر تا چل ڕۆژی تر مانای مەتەڵی ئەم شتانەم بۆ هەڵ

نەهێنی، لە سێدارەت دەدەم.

وەزیر بە کزو غەمباری و پەشیمانی گەڕایەوە ماڵێ. ماڵاوایی لە ژنو منداڵەکانی کردو ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت.

وەزیر پرسی بە زۆر کەس کرد. پرسیاری لە دونیا دیتەو پیرەمێردی بە ئەزموونو زاناو هی تر کرد، بەڵام هیچ کەس مانای مەتەڵی شتەکانی ناو دەسماڵەکەی نەزانی. ئیتر بە خەفەتخانی گەڕایەوە ماڵێو دووبارە ماڵاوایی لە ژنو منداڵەکانی کردو ویستی بچێتەوە لای پاشا. مەیتەرێك لە ماڵی وەزیر هەبوو، ناوی (هەمزە کەچەڵ) بوو، ئەسپەکانی وەزیری ڕنەو قەشاویش دەکردو خزمەتی دەکردن. هەمزە کە بینی وەزیر غەمبارە، پرسی مەسەلە چییە؟

وەزیر گوتی:

ــ هەمزە تۆ بۆچی پرسیار دەکەی، خۆ گیروگرفتی من بە تۆ چارەسەر ناکرێ؟

بە کورتی هەمزە وازی نەهێنا، گوتی دەبێ هۆی پەرێشانی خۆتم پێ بڵێی.

ئاخیری وەزیر حاڵو مەسەلەی بۆ هەمزە باس کرد.

کەچەڵ گوتی:

ــ جەناب، ئێوە هیچ غەمتان نەبێ. من هەر ئێستا ماناو نهێنیی ئەم شتانەتان پێدەڵێم، بەڵام پێشتر تۆ بڕۆ لای پاشاو پێی بڵێ ئەسپێکی دوو پێ ڕەوانە بکا. بۆ ئەوەی من سواری بمو پێی بچمە لای پاشاو وەڵامو نهێنیی ئەم شتانەی پێ بڵێم.

وەزیر یەکسەر چووە لای پاشاو گوتی:

ــ ئێمە کەچەڵێکمان لە ماڵەوە هەیە، دەڵێ: ئەسپێکی دوو پێم بدەنێ، بۆ ئەوەی بێمو نهێنیی شتەکانی ناو دەسماڵەکەتان پێ بڵێم.

پاشا زانی کەچەڵ دەیەوێ یەکێ بچێتە دووی‌و بیهێنێتە ناو کۆشکو داوای ڕووخسەتی کردووە. جا وەکیلی نارده دوو کەچەڵو کەچەڵ لەگەڵ وەکیل چووە کۆشک.

کە کەچەڵ هات، سفرەی شاهانەیان پان کردەوەو خواردنی خۆش‌و بەتامیان هێنا. دوای ئەوەی کەچەڵ تێروپڕی خوارد، دەسماڵەکەیان لە بەردەم دانا. کەچەڵ دەسماڵەکەی کردەوەو گوتی:

ــ پاشام سەلامەتدار بێ! ئەوەی ئەم شەکرو کایەی لەناو دەسماڵەکە داناوە دەیەوێ بڵێ: من کچی پاشای سەمەرقەندم. ئەنگوستیلەکەش مانای ئەوەیە: من دەمەوێ ببم بە دەزگیرانی تۆ و، مانای ئاوێنەکەش ئەوەیە: من وەکوو ئاوێنە ڕوونو پاکو بێخەوشم. مانای دەسرۆکەکەش ئەوەیە: کوڕەکە، ئەگەر بە دوامدا نەیەیتو نەمبەی، پیاو نیت، بۆ خۆت ئەم دەسرۆکە لەسەر بکە.

پاشا دیتی کەچەڵ مانای شتەکانی بە دروستی لێکدایەوە. ڕووی تێکردو گوتی:

ــ هەرکەسێ منی خۆش دەوێ با کەچەڵ خەڵات بکاو پاداشی بداتێ. خەڵاتێکی زۆریان دایە کەچەڵ.

پاشا گوتی:

ــ هەمزە چ بکەین بۆ ئەوەی ئەو کچە بدۆزینەوەو بۆ محەمەدی بێنین؟

هەمزە گوتی:

ــ ئەم ئیشە بۆ من وەکوو ئاو خواردنەوە وایە. تۆ یەك مانگ کوڕەکەت بخەرە بەردەستی من، پێکەوە دەچین‌و کچەکە دێنین‌و دێینەوە.

پاشا دیتی هەمزە زۆر ژیرو ئاقڵە، بە قسەکەی ڕازی بوو. پاشا کوڕەکەی بەگەڵ هەمزەداو هەگبە زێڕێکیشی دانێ‌و ڕەوانەی کردن.

بەڵێ محەمەدو هەمزە کەچەڵ سواری ئەسپ بوون‌و لە گەڵێیان وەك (با)و لە تەپۆلکان وەك لێمشت ڕۆیشتن‌و وەکوو بای سەرسەر هاژوایان‌و گەیشتنە سەمەرقەند. لە قەراخ شار، لە ماڵی پیرەژنێك دابەزین‌و مستە زێڕێکیان دایە. ماوەیەك پشوویان داو ماندووییان سایەوە ئینجا کەچەڵ بە پیرەژنی گوت:

ــ دایکە گیان! ئایا تۆ هیچ لەبارەی کچی پاشای سەمەرقەندەوە دەزانی؟

پیرەژن گوتی:

ــ کوڕم، یەکەم جار من دایەنی کچە گچکەی پاشا بووم‌و هەموو ڕۆژێ دەچوومە دیدەنی، بەڵام بەر لە ساڵێ، ئەم کچە کەوتە بەر غەزەبی پاشاو پاشا لە خۆی دوور خستەوەو بە منیشی ڕاگەیاندووە کە کچەکەیم باش پەروەردەو سەرپەرشتیی نەکردووە، ئیدی ئەمری پێکردووم چیتر توخنی نەکەوم، منیش لە ترسان خەتێکم بە دەوریدا کێشاوەو ناچمە لایەوە.

هەمزە کەچەڵ گوتی:

ــ ئای دایکە! کەواتە دەزانی ئەم کچە داماوە بۆچی کەوتۆتە بەر غەزەبی پاشا!

پیرەژن یەکەم جار نەیویست وەڵام بداتەوە، بەڵام کەچەڵ مستە زێڕێکی تری دایەو پیرەژن گوتی:

ــ کوڕم گوێ بگرە، پێت بڵێم. پاشاکەمان سێ کچی هەیە. ڕۆژێ، پاشا کچەکانی بانگ دەکاتە لای خۆی‌و دەڵێ:

ــ کچەکانم! پێم بڵێن بزانم منتان چەند خۆش دەوێ؟

هەرسێ کچەکە یەکسەر دەڵێن:

ـ بێگومان تۆمان زۆر خۆش دەوێ.

پاشا دەڵێ:

ـ باشە، ئێستا پێم بڵێن بزانم وەکوو چی منتان خۆش دەوێ؟

کچی گەورە دەڵێ:

ـ باوکە! من تۆم وەکو و هەنگوین خۆش دەوێ.

کچی ناوەنجی دەڵێ:

ـ باوکە، من تۆم وەکو و خورما خۆش دەوێ.

کچی گچکەیش دەڵێ:

ـ من تۆم وەکوو خوێ خۆش دەوێ.

پاشا ڕای لە قسەی کچی گچکە نابێ، چاوی سوور هەڵدەگەڕێو بە ڕقو کینەوە بە وەزیر دەڵێ:

ـ وەزیر، من کچی گەورەم دەدەمە کوڕی تۆو کچی ناوەنجیم دەدەمە کوڕی وەکیلو، تۆش هەر کەسێ داوای کچی گچکەی کرد، جا سەگ بێ، گورگ بێ، هەرچی هەبێ بیدەرێ. لەمڕۆوە ئەمە ئیتر کچی من نییە.

پیرەژن گوتی:

ـ منیش لەو ڕۆژەوە لە ترسی خۆم ئیتر ناچمە لای.

هەمزە مستە زێڕێکی تری دا بە پیرەژنو گوتی:

ـ پیرەژن چەپکە گوڵێکت دەدەمێ، دەیبەی، دەیدەیتە کچی پاشاو هەرچیی گوت دێیتەوە پێمان دەڵێی.

پیرەژن، کە چاوی بە زێڕەکە کەوت، چاوی بریقەی دا. کەچەڵ گوڵەکانی لە دەسرۆکی کچەکە بەستو دایە دەست پیرەژن. ئەنگوستیلەکەشی لەناو گوڵەکان شاردەوە.

پیرەژن گوڵەکانی هەڵگرتو چووە لای کچەکە. دیتی خانم وا لەگەڵ چل کەنیزەی ناوقەد باریك خەریکی بەزمو ڕابواردنەو دەنگی قسەو پێکەنینیان لە سەراپای کۆشك دەنگ دەداتەوە. کچەکە، هەر هێندە چاوی بە پیرەژن کەوت، بانگی کردە لای خۆی، چەپکە گوڵەکەی لە دەست پیرەژن وەرگرتو دیتی ئەنگوستیلەکەی خۆی تێدایە. زانی محەمەد گوڵەکانی ناردووە. بۆ ئەوەی نهێنی ئاشکرا نەبێ، دەستووری بە کچەکانی دەوروبەری دا:

ــ دەرحاڵ بڕۆنە ناو باخی هەنارو چل شووڕکە هەنار ببڕنو بیهێنن، تا ئەم پیرەژنە ڕەپ ڕادەوەستێ، دارکاری بکەنو پاشان وەدەری نێن.

کە کچەکان ڕۆیشتن، کچە یەکسەر بە پیرەژنی گوت:

ــ تا ئەمانە نەگەڕاونەتەوە، هەستە تێی بتەقێنەو هەڵێ.

پیرەژن دووپێی هەبوو، دووی تریشی قەرز کردو ڕایکردو هاتەوە ماڵێ.

هەمزە کەچەڵ پرسی:

ــ پیرەژن، کچەکە چیی گوت؟

پیرەژن گوتی:

ــ کە زاری کردەوە بە کچەکانی گوت چل شووڕك لە باخی هەنار ببڕنو تا قنیاتم لەبەر دەبڕێ دارکاریم بکەن.

هەمزە گوتی:

ــ محەمەد، ئەمڕۆ کچەکە بەپیاسە دەچێتە ناو باخی هەنار. خۆت ئامادەکە و بڕۆ ئەو باخە، بەڵام وریابە خەوت لێنەکەوێ.

هەمزە کەچەڵ لەگەڵ محەمەد کەوتنەڕێ و چوونە باخی هەناری پاشای سەمەرقەند. محەمەد چووە ناو باخو هەمزە گەڕایەوە ماڵی پیرەژن.

محەمەد زۆر بەناو باخەکەدا گەڕاو پیاسەی کرد، دیتی کچەکە هەر نەهات، لەسەر چیمەنەکە درێژ بوو و نووست.

کە محەمەد خەوی لێکەوت، کچەکە هاتو دیتی محەمەد دیسان خەوتووە. دەستی بە گۆرانی چڕینو هاتو هاوار کرد، دیتی کوڕەکە هەر بە خەبەر نەهات، دوو جگو دوو گوێزی لەناو گیرفانی ناو ڕۆیشت.

بەرەبەری بەیانی، محەمەد چاوی کردەوە، دیتی کەس نییە. بە کزو غەمبار گەڕایەوە ماڵێ.

کەچەڵ پرسی:

ــ باشە، پێم بڵێ بزانم کچەکە هات؟

محەمەد گوتی:

ــ نەو، نەهات.

کە دەستی لەناو گیرفانی نا، دیتی دوو جگو دوو گوێزی لە گیرفاندایە. کەچەڵ کە چاوی بە جگو گوێزەکان کەوت، یەکسەر گوتی:

ــ هەی کوڕی بێ ئەقڵ، دەشڵێی کچەکە نەهات. ئەی کێ ئەمانەی لەناو گیرفانت ناوە؟ ئەوە دەیەوێ پێت بڵێ: تۆ هێشتا منداڵی، بڕۆ کۆڵانو جگانێو گوێزانێ بکە.

هەمزە کەچەڵ دووبارە تکای لە پیرەژن کرد کە جارێکی تریش بچێتە لای شازادە خانمو بە هەر جۆرێ بوو بەڕێی کرد. ئەم جارەش یەك قەفتە گوڵی دایە پیرەژنو گوتی:

ــ ئەمە ببە، بیدە بە کچەکە، بزانە ئەم جارە چ دەڵێ.

پیرەژن دەستی دایە قەفتە گوڵەکەو بە ترسو لەرزەوە هاتە لای کچەکە. ئەم جارەش شازادە خانم لەگەڵ چل کەنیزەکی خۆیا خەریکی بەزمو خۆشی بوو.

کچەکە، کە چاوی بە پیرەژن کەوت، گوتی:

ــ ئەوە دیسان هاتیتەوە؟

گوڵەکەی وەرگرتو فەرمانی بە کچەکان دا:

ــ بڕۆنە باخی بی‌و چل شووڕکە بی بێنن، تا پیرەژن دەمرێ دارکاری بکەن.

کچەکان ڕۆیشتن‌و پیرەژنیش گەڕایەوە ماڵێ.

هەمزە کەچەڵ گوتی:

ــ پیرەژن! ئەی ئەم جارە چ بوو؟

پیرەژن گوتی:

ــ دەتویست چ بێ! ئەم جارەش ئەمری بە کچەکان کرد شووڕك لە باخی بی بێنن‌و بەو شووڕکانە دارکاریم بکەن.

کەچەڵ گوتی:

ــ ئەم قسەیە بۆ من بەسە! کەواتە ئەم جارە کچەکە دمیەوێ لەناو باخی بی دەیدەنیت لەگەڵ بکا.

هەمزە کەچەڵ سەرکۆنەی محەمەدی کردو گوتی:

ــ کوڕی تەمبەڵ‌و تەوەزەل! ئەوە شەوێك نەخەوی، دەمری؟ چییە؟ ئەم جارە دەبێ بچیتە باخی بی‌و بەڵام خەو نەتباتەوە، ها!!

محەمەد چوو، لەناو باخی بی چاوەڕێی کچەکەی کرد. کچەکە دیسان نەهات. محەمەد لە خەوان چاوی هەڵنەدەهات، لەبەر خۆیەوە گوتی: با درێژ بم‌و نەختێ بخەوم، زوو هەڵدەستم.

دیسان لەسەر چیمەنەکە درێژ بوو و نووست. دیسان نیوەشەو، کچەکە هاتو دیتی کوڕەکە خەوتووە. زۆر تووڕە بوو. نەختێ نانە وشکەو چەقۆیەکی لەناو گیرفانی ناو ڕۆیشت.

محەمەد هەر هێندە لە خەو هەستا، دەستی بردە ناو گیرفانی، کە نانە وشکەو چەقۆکەی دی، زانی کچەکە دیسان هاتووە. بە کزی و پەشیمانی گەڕایەوە ماڵێ. شتەکانی ناو گیرفانی پیشانی هەمزە کەچەڵ دا.

هەمزە کەچەڵ گوتی:

ــ محەمەد، کچەکە دەیەوێ بڵێ: سوێندم بەم نانە، ئەگەر ئەم جارە بخەوی، بەم چەقۆیە سەرت دەبڕم.

کەچەڵ دوای ئەوەی زۆر سەرزەنشتو ئامۆژگاریی محەمەدی کرد، دیسان لە پیرەژن پاڕایەوەو ناورایەوەو مستە زێڕێکی دایەو گوتی: ئەم جارە ئیتر دواجارە کە دەچیت.

بە کورتی دەسکە گوڵێکی دایەو ڕەوانەی کۆشکی کرد.

خانم کە چاوی بە پیرەژن کەوت، گوڵەکەی وەرگرتو بە کچەکانی گوت:

بڕۆن چل شووڕکی دڕکاوی لە باخی گوڵی سوور بێننو پیرەژنی پێ دارکاری بکەن.

کە کچەکان چوونە دەرەوە، کچی پاشا ڕووی کردە پیرەژنو گوتی:

ــ پیرەژن، ئیتر ئەمە دواجارە تۆ دێیتە ئێرە، ئەگەر نا وا دانێ مردووی!

پیرەژن گەڕایەوە ماڵێو هەموو حاڵو مەسەلەکەی بۆ هەمزە گێڕایەوە.

هەمزە بە محەمەدی گوت:

ــ ئەمە دواجارە، کچەکە تۆ داوەت دەکاتە ناو باخی گوڵی سوور.

محەمەد خۆی تاسو لووس داو چووە باخی گوڵی سوورو دیتی ئێرە لە هەموو باخێکی دونیا جوانو قەشەنگترە. بۆنی گوڵو خونچە مرۆڤ شێتو شەیدا دەکا. محەمەد زۆر چاوەڕێی کرد، شەو لە نیوەی تێپەڕی، دیتی خەوی دێ، یەکسەر پەنجەی خۆی بڕیو خوێی پێ وە کرد. لەبەر ژانی برینی خۆی تا بەیانی خەوی لێ نەکەوت. بەیانی زوو، تازە بنی ڕوون کردبوو، کچەکە بە نازو غەمزە هات، خۆی بە حەفتاو حەفت قەڵەم ئارایش دابوو. ئەوەندەی نەمابوو محەمەد ئەقڵی لە سەردا نەمێنێ. محەمەد سەیری کرد کچێکی چەند

ناسكو نازداره، بەمانگ دەڵێ: من هەڵاتووم تۆ هەڵمەیەیێو بەرۆژ دەڵێ : من دەرکەوتووم تۆ دەرمەکەوە. کەمەر باریك و بەژن بەرزو لێو غونچە، ددانەکانی وەکوو مرواری دەدرەوشێنەوە. بە کورتی: وەکوو حووریو پەری وایە. محەمەد نەك بە دڵێ، بە سەد دڵ ئاشقی بوو.

کچەکە گوتی:

ــ ئەگەر ئەمشەویش بخەوتبای، بە سەلامەتی لە دەستم دەرباز نەدەبووی، تۆ چ پیاوێکی؟ ناتوانی یەك شەو بە بێداری ببەیتە سەر.

دوای ئەوەی کچە نەختێ سەرکۆنەی محەمەدی کرد، دەستیان بە قسە کرد، باسی ئەمو ئەویان کرد، ئاخیری هەردووکیان خەویان هاتو لەژێر بنە گوڵە سوورەکان لەسەر چیمەن کەوتنە خەوێکی خۆش.

با ئەوەشتان بۆ باس بکەم:

کچی پاشا پسمامێکی هەبوو، ئاشقی ئەو کچە ببوو، ماوەیەك بوو بە دوایدا دەگەڕاو دەیەویست زەماوەندی لەگەڵ بکا، بەڵام کچەکە ڕازی نەدەبوو. کوڕە دەیەویست بە هەر جۆرێ بێ ڕازیی بکا شووی پێبکا. ئەو پسمامە ڕێی کەوتە باخی گوڵی سوورو دیتی دۆتامی لەگەڵ کوڕێك بەیەکەوە خەوتوون. یەکسەر هەردووکی گوریس پێچکردنو هێنانیو فڕێی دانە زیندانو هەموو ڕووداوەکەی بە پاشا گەیاند کە مامی خۆی بوو.

پاشا قینی جۆشاو فەرمانی دا هەردووکیان لە سێدارە بدەن. کچە دیتی خراپیان لێقەوماوە، گوتی: محەمەد کێ مانای ئەو شتانەی لێکدەدایەوە کە لەناو دەسماڵەکەم دەنان؟

محەمەد ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوەو گوتی:

ــ من برادەرێکم هەیە، ئێستا لەگەڵ من هاتۆتە ئێرە، ئەو مانای شتەکانی دەزانی.

کچەکە گوتی:

ــ کەواتە دیارە ئەوە پیاوێکی زیرەکو تێگەیشتووەو لە ئیش دەزانێ، ئێستا تەنیا ئەو دەتوانێ فریامان کەوێ. بە هەر جۆرێ بێ دەبێ پەیوەندیی پێوە بکەین بۆ ئەوەی بمانگاتێ.

محەمەد گوتی:

ــ هەمزە لە قەراخ شار، لە ماڵی ئەو پیرەژنەیە کە دەهاتە سۆراغی تۆ.

کچەکە، گوارەو سینەریزو ئەنگوستیلەو گەواهیراتو هەرچییەکی پێی بوو هەمووی دایە دەرگەوانی زیندانو گوتی: برۆ قەراخ شار، فلانە ناونیشان، یەکەم جار بە بەرد لە دەرگا بدە، کە ماڵەکە هەستیان پێکرد، ئەوسا دوو بەرد لە دارتووی ناو حەوشەکە بدە، پاشان دوو بەردیش لە کلاو ڕۆژنەی بانەوە فڕێ دی ناو ماڵەوەو بگەڕێوە.

دەرگەوان کە چاوی بە گەواهیراتی ژنەکە کەوت، خەنی بوو و چوو بە بەرد لە دەرگای ماڵی پیرەژنەکەی دا. پیرەژن کە گوێی لە لێدانی دەرگا بوو بە هەمزەی گوت لە دەرگا دەدەن. کە تەماشایان کرد، کابرای دەرەوە دوو بەردی لە دارتووەکە دا.

هەمزە بە پیرەژنی گوت: ئەوە خەبەری محەمەدی هێناوە، هەردووکیان دەستگیر کردوون. ئینجا کابرا لە سەربانەوە دوو بەردی هاویشتە ژوورەوە.

هەمزە گوتی:

ــ هەردووکیان لەناو زیندان دان.

بە کورتی: هەمزە خۆی تاخیر نەکرد. یەکسەر چووە بازاڕ، دەستە بەرگێکی گرانبەهای بازرگانانی کڕی و لەبەری کردو چووە لای بازرگان باشیو گوتی:

ــ من بازرگانێکی گەورەم، تازە لە یەمەنەوە هاتوومەتە ئەم شارە. کارەکەرێکم پێ دەوێ، بۆ ئەوەی ئەو چەند ڕۆژەی لەم شارەدا خەریکی کڕینو فرۆشتنم، خواردنم بۆ لێبنێو جلوبەرگم بۆ بشواو کە ڕۆیشتم دەتدەمەوەو پارەکەشی دەدەم. بازرگان باشی یەکێ لە کارەکەرەکانی خۆی پێ فرۆشتو هەمزە دەستە بەرگێکی شاهانەی بۆ کچەکە کڕیو لەگەڵ

خۆی بردییە زیندانو بە دەرگەوانی گوت هاتوومەتە دیدەنیی گیراوەکانو یەکسەر مستە زێڕێکی دایە. دەرگەوان دەرگای کردەوەو هەمزە بە مەحەمەدو کچی پاشای گوت:

ــ ئێوە بڕۆنو ئێمە لێرە لە جێگەی ئێوە دەبینو ڕاسپاردەی پێویستیشی بە کچی پاشا دا.

بە کورتی، مەحەمەد لەگەڵ کچی پاشا تێیان تەقاندو ڕۆیشتن.

کچی پاشا هەر هێندە گەڕایەوە کۆشك، هەستا نامەیەکی بۆ باوکی نووسی:

ــ ئەی باوکی میهرەبان! کاتێ کە بە تۆم گوت، تۆم وەکو خوێ خۆش دەوێ، تۆ کینەی منت لە دڵ گرتو وا ئێستاش ئەم قسە ناڕەوایانەت لە شار بڵاو کردۆتەوە کە بە تەمای لە سێدارەم بدەی، ئایا ڕەوای هەقە پاشایەکی زاناو دادپەروەر کچی خۆی ڕسواو بەدناو بکا؟

پاشا، کە نامەکەی خوێندەوە، یەکسەر زانی کچەکەی لەم تۆمەتانە بێبەرییەو کچەکەی وا لەناو کۆشکی خۆیدایە. دەرحاڵ وەزیری بەگەڵ خۆی داو چووە ناو زیندانو هەمزە کەچەڵو کچەکەی لەوێ بینی. پاشا پرسی:



ــ ئێوە کێن؟

هەمزە کەچەڵ گوتی:

ــ پاشام سەلامەتدار بێ! ئەمە چ وڵاتێکە؟ ئەمە چ یاسایەکە؟ من لەگەڵ کارەکەرەکەی خۆم دانیشتبووم، هاتن ئێمەیان دەستگیر کردو فڕێیان داینە زیندان. ئێستاش دەڵێن: ئەم خانمە کچی پاشایە. من سوێند دەخۆم دوێنێ ئەم خانمەم لە بازرگان باشی ئەم شارە کڕی بۆ ئەوەی ئەو چەند ڕۆژە بنەوانیم بکا.

ئەگەر باوەڕ ناکەن لە بازرگان باشی بپرسن.

پاشا دەمو دەست لەدوو بازرگان باشی ناردو لە حاڵو مەسەلەکەی پرسی. بازرگان باشی هەموو قسەکانی هەمزەی سەلماند کە ڕاست دەکا دوێنێ ئەم کارەکەرەکەی بەو بازرگانە فرۆشتووە.

پاشا زانیی بوختانیان بە کچەکەی کردووەو پسمامی ئەم فێڵو حیلەی ناوەتەوە. یەکسەر هەمزەو کارەکەرەکەی لە زیندان ئازاد کردو دەستووری دا برازاکەی لە وڵات دەر بکەن.

دوای ئەمە، هەمزە شکڵو سیماو جلوبەرگی خۆی گۆڕیو چووە داخوازیی کچی پاشا. دوای ڕێز نواندن، ئیکلامی کێشاو بە پاشای گوت:

ــ پاشای پایە بەرز! بەندە، بۆیە هاتوومەتە خزمەت جەنابتان، تا خوازبینیی کچە گچکەتان بۆ محەمەدی هاوڕێم بکەم کە کوڕی فلانە پاشایە. ئەو ئاشقی کچەکەتان بووە، بەڵکو ڕووخسەت بفەرموون ئەم دوو گەنجە زەماوەند لەگەڵ یەکتر بکەن بۆ ئەوەی خۆشەویستیو دۆستێنیی ئەم دوو وڵاتەش پتەوتر ببێ.

پاشا، کە ئەم قسەیەی بیست، بە بیری هاتەوە بە وەزیری گوتبوو هەر کەسێ هاتە داخوازیی کچەکەم بیدەنێو لە دڵی خۆیدا بیری کردەوەو گوتی: ئێستا کچەکەم ناوی کەوتۆتە سەر زمانانەوەو پاشملە هەزار قسەیان پێ هەڵبەستووە، سەرەڕای ئەمەش، داخوازیکەرەکە کوڕە پاشایە، لە کچەکەم سەرو زیادە! ... ئیتر ڕازی بوو.

هەمزە یەکسەر گوتی:

ــ ئەی پاشا، مادام ئێوە ڕازین دەمانەوێ زەماوەندەکە لە شارو وڵاتی خۆمان بکەین. لە ڕاستیدا پاشا خۆی دەیەویست بەهۆی هەندێ مەسەلەوە کە هاتبووە پێش، ئەمە پێشنیار بکاتو کەچەڵیش تێگەیشتبوو، بۆیە ئەم مەسەلەیەی هێنایە پێشەوە.

بە کورتی: پاشا ڕازی بوو و کەچەڵو محەمەدو کچەکە، بە کپو بێدەنگی، دەمو دەست بەرەو شارو دیاری خۆیان کەوتنە ڕێ.

باوکی محەمەد، خەبەری ساغو سەلامەتیو گەڕانەوەی محەمەدی پێگەیشت، چووە پێشوازیو بە دیداری یەکتر شاد بوونەوەو حەفت شەوو حەفت ڕۆژ کردیانە ئاهەنگو زەماوەند.

شەو هاتو شەو چوو، ڕۆژ هاتو ڕۆژ چوو، تا یەك ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی. ڕۆژێ کچەکە نامەیەکی بۆ باوکی نووسی:

ــ لێرە کەس قبووڵ ناکا بە من بڵێ شازادە. دەڵێن ئەگەر باوکت پاشا بوایە لە ماوەی ئەم ساڵەدا بەلانی کەمەوە جارێك سەری لێدەدای. ئێستاش وا داوەتتان دەکەم بۆ ماڵی خۆمان، هیوادارم داوەتەکەم ڕەت نەکەنەوەو لەگەڵ وەزیرەکەتان تەشریف بێنن.

پاشا کاتێ نامەی بە دەست گەیشت، سکی بە کچەکەی سووتاو دڵی نەرم بوو. وەزیری بەگەڵ خۆی داو چووە ماڵی کچەکەی. کە چووە ناو ماڵیان، دیتی ئێرە شکۆو دەبدەبەیەو سەرو سامانێکە خەزێنەکەی ئەم نیو ئەوەندەی تێدا نییە، بە کورتی دەمی لە دیار بەش بووەوە.

کچەکە بە ڕێزو خۆشەویستییەوە بەخێرهاتنی باوکی کرد. سفرەی شاهانە ئامادەکراو هەموو نازو نیعمەتو خواردنێکی دونیا لەسەر ئەو سفرەیە ریز کرا، بەڵام کچەکە چێشتکەرەکانی تێگەیاندبوو، خوێ لە هیچ خواردنێك نەکەنو بە تەواوی چێشتەکە بێ خوێ لێبنێن. کاتێ کە پاشا تێری خواردو دەستی کێشایەوە، کچەکە یەکسەر پرسی:

ــ باوکە گیان خواردنەکە چۆن بوو؟ بە دڵتان بوو؟ یان نا؟

پاشا گوتی:

ــ دەستتان نەرزێ، بەڵام هەمووی بێ خوێ بوو. تامی چێشت بە خوێیە. خواردنی بێ خوێ تامی تێدا نییەو لە دونیادا هەموو شتێ بە خوێ خۆشو بەتامە، بۆیە لە دونیادا هیچ شتێ لە خوێ باشتر نییە.

کچە یەکسەر ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو گوتی:

ــ باوکە گیان! ئەی بۆچی کە من گوتم: ئێوەم بەقەد خوێ خۆش دەوێ، لێم لەرك ڕاچوونو دەرتانکردم.

پاشا دیتی خراپ تێکەوتووەو کچەکەی لە وەختێکی خراپ خستووتیە داوەوە. سەری دانەواندو نەختێ بیری کردەوەو ئێنجا گوتی:

ــ کچم! هەقی تۆیە. من ئەو کاتە هەڵە بووم.

پاشا ئافەرینی لە ئەقڵی کچەکەی کردو ناوچەوانی ماچ کرد.

# 6ـ چیرۆکی ئیبراهیم



هەبوو نەبوو، لە شاری ئەسفەهان بازرگانێکی دەوڵەمەند هەبوو، ناوی (خواجە حەسەن) بوو، لە هیندستانیش بازرگانێکی تری دەوڵەمەند هەبوو، ناوی (خواجە عەزیم) بوو. ئەم دوو کەسە بە هێزترینو دەوڵەمەندترین بازرگانی سەردەمی خۆیان بوون. وەکوو دەڵێن لەندەهۆری ئەو سەردەمە بوون.

ڕۆژێ خواجە حەسەن بە باییبوونو لووتبەرزی گوتی:

ــ ئایا لە دونیادا کەس هەیە لە من بەهێزتر بێ؟

پێیان گوت:

ــ لە هیندستان بازرگانێك هەیە بە ناوی (خواجە عەزیم)، ئەو لە تۆ دەوڵەمەندترو بەهێزترە.

ڕۆژێ، (خواجە عەزیم)یش لە بارەگای خۆی ئەم قسەیەی کرد:

ــ ئایا لە دونیادا کەسی لەمن بەهێزتر هەیە؟

بەویشیان گوت:

ــ لە شاری ئەسفەهان، بازرگانێك هەیە بە ناوی (خواجە حەسەن)، ئەو لە تۆ بەهێزترو دەوڵەمەندترە.

(خواجە حەسەن) بۆ دیدەنیی (خواجە عەزیم) بەرەو هیندستان کەوتە ڕێ، بۆ ئەوەی هەم بازرگانییەك بکاتو قازانجێك بەدەست بێنێو هەم بە دیداری (خواجە عەزیم) شاد بێ بەڵکو برادەرێکی تازەو دەوڵەمەندی گیر کەوێ.

چەند مانگێك ڕۆیشت، گەیشتە هیندستانو بە پرسیاران (خواجە عەزیم)ی دۆزییەوەو پێشنیاری دۆستێنی بۆ کرد. دیتی خواجە عەزیم بە ڕاستی دەوڵەمەندەو سامانو دارایی

له ڕاده دەرچووەو سەری گەیشتۆتە کەشکەشانی فەلەك. ئەم دووانە بەڵێنی برایەتیان بەستو بوون بە برای گفتەنی.

دەڵێن (خواجە حەسەن) کوڕێکی کۆکی هەبوو بە ناوی ئیبراهیمو (خواجە عەزیم)یش کچێکی جوانی هەبوو بە ناوی (ئاناهیت).

ئەم دوو بازرگانە پایە بەرزە، بەڵێنیان دا کە منداڵەکانیان گەورە بوون بیاندەنە یەکتر، وەکوو دەڵێن شیرینیان خواردەوەو منداڵەکانیان بەو تەمەنە بچووکە کرد بە دەزگیرانی یەکتر.

(خواجە حەسەن) ماوەیەك لەلای (خواجە عەزیم) مایەوەو ئینجا گەڕایەوە ئەسفەهان.

هەروەکوو جارانو یاران گوتوویانە: ڕۆژگار لەگەڵ هیچ کەس تا سەر سازو لەبار نییە، گاوێ مرۆڤ سەر بەرز دەکاتو تاوێ تووشی خواروخێچی دەکاتو عومر وەفای بۆ کەس نییەو هەموو دەبێ هەر بڕۆن. ئاخیری (خواجە حەسەن)ی بەدبەختیش بۆ دونیای باقی بارو بنەی تێك ناو هەموو ماڵو سامانی خۆی بۆ کوڕەکەی جێهێشتو تەنیا یەك مەتر کفنی لەگەڵ خۆی بردە بن خاك.

چەند ساڵێك دوای وەفاتی (خواجە حەسەن)، دایکی ئیبراهیم تەدارەکی سەفەری بۆ کوڕەکەی ڕێکخستو گوتی:

ــ کوڕم، بڕۆ دوو بووکەکەت و لە هیندستان بیهێنە.

کوڕە گوتی:

ــ من هەمووی یەك جار چوومەتە هیندستان، ئەوسا بچووك بووم، شارەزای ماڵی (خواجە عەزیم)ی مامم نیم، لە کوێ بیدۆزمەوە؟

دایکی گوتی:

ــ ئەو وشترەمان ماوە کە باوکت سواری دەبوو و پێی دەچووە هیندستان. سواری بەو بڕۆ. وشترەکە ڕێت پێ نیشان دەدا. وشترەکە لە کوێ یخ بوو، بزانە ئەوە ماڵی (خواجە عەزیم)ی مامەتە.

کوڕە سواری وشترەکە بوو و بەرەو هیندستان کەوتە ڕێ. بیابانو ڕێگەو کێوو ڕەوەزە شاخی بڕی تا پاش چەند مانگێك گەیشتە هیندستان. وشترەکە بردی، ڕاستەوخۆ لە کەناری (چوار حەوز) چۆکی دا. ئیبراهیم لەبەر ئەوەی شەکەتو ماندوو بوو، لە تەنیشت وشترەکە پاڵی دایەوەو خەوی لێکەوت.

کچی (خواجە عەزیم) هاتبوو ئاو ببا، دیتی وشتری مامی چۆکی دا داوەو کوڕێ لەتەکیا خەوتووە. لە خەو بەئاگای هێناو لە ناو و ناونیشانی پرسی.

کوڕەکە گوتی:

ــ من کوڕی خواجە حەسەنم. لە ئەسفەهانەوە هاتووم. لە خواجە عەزیم دەگەڕێم.

کچەکە گوتی:

ــ من کچی خواجە عەزیمو ناوم ئاناهیتە.

ئیبراهیم گوتی:

ــ لە کوێ دەتوانم باوکت ببینم؟

کچەکە گوتی:

ــ دەچیتە بازاڕ، لە دوکانی خواجە عەزیم دەپرسی. باوکم پیاوێکی سەرو ڕیش سوورەیە. هەر بیبینی دەیناسی.

کچەکە ناونیشانەکەی دایە کوڕەکەو لێی جیابووەوەو ڕۆیشت.

کوڕەکە هەستا، چووە دوکانی خواجە عەزیم، کابرای ڕیش سوورەی دۆزییەوە. خواجە لێی پرسی:

ــ کوڕم! تۆ کێی؟ دەڵێی غەریبەی؟

کوڕەکە گوتی:

ـ مامە، من کوڕی خواجە حەسەنم.

خواجە سەرو ڕوومەتی ماچ کردو بردییەوە ماڵێ. لە ماڵەوە، دوای چاکو چۆنی، خواجە عەزیم پرسی:

ـ خواجە حەسەن چۆنە؟

کوڕەکە گوتی:

ـ باوکم وەفاتی کردووە.

خواجە عەزیم، کە ئەم خەبەرەی بیست گریاو وەرگەڕا سەرو پۆتەڵاکی خۆی. چل شەوو چل ڕۆژ تازیەی دانا. خێرو سەدەقەی بۆ برای کرد.

ڕۆژێ، خواجە عەزیم بە ژنەکەی گوت:

ـ ئافرەت، ئەم کوڕە بنێرە لای دەزگیرانەکەی.

ژنەکەی، کوڕەی بردە لای کچەکەی.

کچە پێشتر کوڕەی لەسەر (چوار حەوز) بینی بوو.

کچەکە گوتی:

ـ با بچینە ناو باخ، بچینە سەر چوار حەوز، قسە بکەین. چوونە ناو باخچەو دیتیان چەند کچە خانمێك لەناو چوار حەوز مەلەیان دەکرد. کچەکە یەکسەر ناسینی. کچی شای پەرییان بوون.

کچەکە پێی گوتن:

ـ بەخێربێن.

کچە گچکەی شای پەرییان گوتی:

ـ منیش ئیبراهیمم خۆش دەوێ.

ئەم قسەیەی کردو لە شەققەی باڵیان داو ڕۆیشتن. ئەم قسەیە وەکو تیر دڵی کچەی سمیو داغی بە جەرگییەوە نا. لەگەڵ ئیبراهیم، سەراپای باخچە گەڕانو قسەیان کردو هاتنەوە.

ماوەیەك بوو ئەم دوو گەنجە بەیەکەوە دەچوونە گەڕان.

ڕۆژێ، ئیبراهیم بە خواجە عەزیمی مامی گوت:

ـ مامە! ئەگەر ڕووخسەت بدەن، ئێمە زەحمەتمان هەڵدەگرین، چونکە دایکم چاوی لە ڕێیە.

خواجە عەزیم ڕەزامەندیی پیشان دا. ئیبراهیمو ئاناهیتی زۆر بە گەرمی بەرێ کرد. بە ماڵو سامانو خزمەتکارو حەشیمەتێکی زۆرەوە ڕەوانەی ئەسفەهانیان کردن.

پێش ئەوەی بڕۆن، خواجە عەزیم ئیبراهیمی گرتە باوەشو کەمەربەندی خۆی لە پشت کردەوەو دایە ئیبراهیمو گوتی:

ـ کوڕم، ئەم کەمەربەندە لە پشتت ببەستە، وەکوو گلێنەی چاوەکانت هەڵیگرەو هەرگیز نەیچوێنی، چونکە ئەمە کەمەربەندێکی جادووییەو لە دەردو بەڵا چەپاڵەت دەدا.

ئیبراهیم کەمەر بەندی مامی لە پشتی خۆی بەستو بۆی دەرچوون. لە ڕێگادا، کچی خواجە عەزیم زۆر چاك شارەزای هەموو ڕەوشتو کارو کردەوەی ئیبراهیم بوو. گەیشتنە سەر کانییەکو چادریان هەڵداو لەوێ خستیان.

دوای نانخواردن، هەموو نووستن، ئیبراهیم نەبێ خەوی لێنەکەوت. جلوبەرگی خۆی کردە بەرو لەناو چادر چووە دەرەوەو بە دەوروبەری ئێورگادا کەوتە گەڕانو سووڕان. نە مانگ بە ئاسمانەوە بوو و نە ئەستێرە، لەگەڵ ئەوەشا دەوروبەری وەکوو ڕۆژ ڕووناك بوو. سەری سوڕما. ئەمە چ حیکمەتێکە! ماوەیەك بە بێ جووڵە وەستا، هەستی کرد ڕووناکییەکە لە کەمەربەندەکەی خۆیەوە بەو دەوروبەرەدا بڵاو دەبێتەوە. زانی ئەمە کەمەربەندێکی ئاسایی نییە، بەڵکو کەمەربەندێکی جادووییە.

ئیبراهیم زۆر شەکەت بوو، چووە ناو گۆمێك بۆ ئەوەی مەلە بکاو شەکەتی سەفەر لە خۆی بتەکێنێ. لەپڕ باڵندەیەکی ڕەش هاتە خوارێو پڕی دایە کەمەربەندی ئیبراهیم کە خواجە عەزیم بە یادگار دابوویێ" بردیو فڕییە ئاسمانو لە بەرچاو بزر بوو.

ئەمە کارێکی خراپی لە ئیبراهیم کرد. ئیبراهیم نائومێدو هەناسە ساردو ناڕەحەت بوو. بە کچەکەی گوت:

ــ ئازیزەکەم! نووری چاوانم، تۆ لێرە چاوەڕێ بکە، من دەچمە دوای کەمەربەندەکەم.

کچەکە یەکەم جار ڕازی نەبوو ئیبراهیم بچێتە دوای کەمەربەندەکە، بەڵام پاشان ڕازی بوو و گوتی:

ــ بڕۆ، بەڵام زوو وەرەوە!

ئیبراهیم ملی ڕێی گرتو باڵندە ڕەشەکە چووبووە چ لایەك، ڕووی کردە ئەو لایەو ڕۆیشت. کچەکە چاوەڕێی ئیبراهیمی کرد. یەك ڕۆژ، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ چاوەڕێی کرد، بەڵام دیتی ئیبراهیم هەر نەهاتەوە. لەلایەکی تریشەوە برادەرەکانی دەیانەویست بگەڕێنەوە شارو وڵاتی خۆیان، ئیتر کچەکە نەیدەتوانی بە تەنیا لەوێ بمێنێتەوە. ئەوەبوو جلوبەرگی ئیبراهیمی پۆشیو خۆی وەکوو ئیبراهیم لێکرد. کەنیزەیەکیشی هەبوو، زۆر لە خۆی دەکرد، ئەویشی فێرکردو لە جێی خۆی داناو بەڕێ کەوتنو ڕۆیشتن. دوای چەند هەفتە ڕێگە تەیکردن، کاروان گەیشتە ئەو شارەی دایکی ئیبراهیمی لێبوو و چاوەڕێی کوڕەکەی دەکرد. یەکسەر خەبەر گەیشتە دایکی ئیبراهیم کە کوڕەکەت بە خۆو بە بووکەوە وا هاتەوەو گەیشتەوە ناو شار.

بە کورتی چوونە پێشوازیی ئیبراهیمی ناڕاستەقینەو ئەو کەنیزەی خۆی کردبووە ژنی. بە دەبدەبەو هەیتو هووت هەردووکیان هێنایەوەماڵێو خزمەتیان کردنو بوو بە خۆشیو شادیو کەلوپەلی بازرگانیشیان داگرت.

بە کورتی: دایکی ئیبراهیم و دۆستو ناسیاوەکان ویستیان ئاهەنگی زەماوەند بگێڕن، بەڵام ئیبراهیمی ناڕاستەقینە گوتی:

ــ من دەبێ یەکەم جار خانوویەکی نوێ دروست بکەم، ئینجا زەماوەند بکەم.

ویستی بەم کارە، مەسەلەکە ماوەیەک دوا بخا بەڵکو ئیبراهیمی ڕاستەقینە دەربکەوێ.

با باسی ئیبراهیمتان بۆ بکەم:

ئیبراهیم ئەوەندە بەدوو باڵندەی ڕەشدا چوو تا گەیشتە بێشەیەک. زور شەکەتو ماندوو بوو. لەژێر درەختێك نووست. لەو کاتەدا سێ کۆتر هاتن لەسەر درەختەکە نیشتن، کەوتنە قسان، یەکێ گوتی:

ــ خوچە گیان!

ئەوەی تر گوتی:

ــ گیانی خوچەی!

ئەوەی تر گوتی:

ــ دەزانی ئەم کوڕەی لەژێر ئەم درەختەدا خەوتووە، بە دوای چیدا کەوتۆتە سەفەر؟

ئەوەی تر گوتی:

ــ بە دوای کەمەربەندی خۆیدا دەچێ کە خەزووری پێشکەشی کرد بوو.

ئەوەی تر گوتی:

ــ ئەم کوڕە، کە لە خەو هەستا دەبێ گەڵای ئەو دارمێوە لێبکاتەوە کە لە بنی نووستووە، ئەندازەیەکی زۆر لەو گەڵایە کۆ بکاتەوە، لە ڕێگادا تووشی هەندێ مێرووڵە دەبێ، با گەڵاکان بە بەر مێرووڵەکان وەربکا. دارەبەنێك دەبینێ، هەندێ بنێشت لە دارەکە بکاتەوە، کە ماوەیەك ڕۆیشت تووشی پیرەژنێك دەبێ، با بنێشتەکە لە زاری پیرەژنەکە بنێ، پیرەژن کەمەربەندەکەی بۆ دەدۆزێتەوەو دەیداتەوە. تومەز ئیبراهیم لە مابەینی خەوو هوشیاریدا گوێی لەم قسانە بوو و باش لەبەری کردن.

که کۆترەکان فڕین، یەکسەر هەستاو هەندێ گەڵای درەختەکەی لێکردەوەو لەگەڵ خۆی هێناو هەر هێندە مێروولەکانی بینی، کە هەریەکە بەقەدەر ئەسپێك دەبوو، گەڵاکانی لەبەر ڕۆکردنو مێروولەکان ڕێیان بۆ چۆڵ کردو ڕێیان نیشان دا. کەمێ ڕۆیشت دارەبەنێکی دی، هەندێ بنێشتی لێکردەوەو هێنای هاویشتییە زاری ئەو پیرەژنەی لەسەر ڕێ دانیشتبوو. پیرەژن دەستی بە جوینی بنێشتەکە کرد، ئیبراهیم داوای کەمەربەندی خۆی لە پیرەژن کرد.

پیرەژن پێی گوت:

ـ کە ماوەیەك ڕۆیشتی (چوار حەوز)ت لە بەردەمدا دەردەکەوێ. لە قەراخ حەوزەکە خۆت حەشار بدە، دەبینی سێ خوشك پەیدا دەبن. مەلەوانی دەکەن کە ئەوان خەریکی مەلەوانی بوون، کەمەربەندەکە لە کەمەر دەکەنەوەو لەتەك حەوزەکەی دادەنێن، تۆ یەکسەر پڕ بکە بە کەمەربەندەکەو ملی ڕێی خۆت بگرەو بڕۆ، ئیتر ئیشت بە کاری ترەوە نەبێ.

ئیبراهیم سوپاسی پیرەژنی کردو بەرێ کەوت. هەر ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە حەوزەکەو یەکسەر خۆی لەناو درەختان شاردەوە. دوای چەند دەقیقەیەك دیتی سێ کچە پەری هاتن. پەرییەکان جلوبەرگو کەمەربەندیان داکەندو دەستیان بە مەلەوانی کرد. کە ئەوان سەرگەرمی مەلەوانی بوون، ئیبراهیم دەرفەتەکەی قۆستەوەو هێدی پڕی دایە کەمەربەندەکەی خۆیو لە پشتی خۆی بەست. کچەکان هەستیان پێکردو ئەوەندەی پاڕانەوەو ناورانەوە ئیبراهیم کەمەربەندی خۆی نەدانێ.

ئاخیری کچەکان پێشنیاریان کرد بچنە لای پیرەژن بۆ ئەوەی بیکەن بە ناوبژیکارو هەرچی گوتی پێی ڕازی بن. ئیبراهیم ڕازی بوو. هاتنە لای پیرەژنو هەریەکە قسەی خۆی کردو پیرەژن بە خوشکی گچکەی گوت:

ـ کەمەربەندەکە هی ئیبراهیمە، دەبێ بۆ خۆی ببباتەوە.

خوشکی گچکە گوتی:

ــ بە یەك مەرج، ئەویش ئەوەیە ڕازی گوڵو سنەوبەرمان پێ بڵێ، بۆ ئەوەی بزانین گوڵ چی لە سنەوبەر کردو بە پێچەوانەشەوە چ چەقەوماو گوڵو سنەوبەر چارەنووسیان بە چی گەیشت. ئەگەر ئەم ڕازە ئاشکرا بکاو بۆمان بێنێ، هەم خۆم مێردی پێدەکەمو هەم کەمەربەندەکەشی دەدەمەوە.

ئیبراهیم ناچار بوو قبووڵی کردو گوتی:

ــ ڕووخسەت بدەن، بچم پێ بکەومو بێمەوە.

پیرەژن گوتی:

ــ کوڕم تۆ دەبێ لە حەفت دەریا بپەڕیتەوە. لە کەناری هەمو دەریاکاندا تووشی کوڕەکانی من دەبی. ئەم کاغەزانەم بۆ نووسیون، بیاندەرێ بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەنو لە دەریا بتپەڕیننەوە. پاشان ئەوەی تر خۆت دەزانی.

ئیبراهیم کاغەزەکانی وەرگرتو کەوتە ڕێو لە گەڵبیان وەك (با)و لە تەپۆلکان وەك لێمشت دەڕۆیشت. ڕویشت تا گەیشتە قەراخ دەریا. دیتی نەڕە دێوی هێرشی بۆ هێناو ئەوەندە نەمابوو بیگرێو پارچە پارچەی بکاو بیخوا. یەکسەر کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دایە دێوەکە. دێوە، کە چاوی پێکەوت، نامەی دایکی ناسییەوەو ڕێزی بۆ نواند. ئیبراهیمی لە کۆڵی خۆی کردو بردییە ئەوبەری دەریاو لەسەر زەوی داینا. تومەز ئێرە وڵاتی دێوانە.

ئیبراهیم ماوەیەك ڕۆیشت، دیتی سێ کێوی بەرز دەجووڵێنەوە، کە نەختێ نزیك کەوتەوە، دیتی ئەمانە کێو نین، دێوی وەکوو غول وان، خەریکی بینەو بەرەو شەڕو دەعوان.

ئیبراهیم لێی پرسین گیروگرفتیان چییە، بۆ ئەوەی دارێك بە بەینیاندا ڕابێنێو گیروگرفتەکەیان چارەسەر بکا.

دێوەکان گوتیان:

ــ تاجێكو خالیچەیەكو دارعەسایەکمان لە باوکمان بە میرات بۆ ماوەتەوە. ئەمانە هی حەزرەتی سلێمان بوونە. ئێمە ناتوانین لە بەینی خۆمانا دابەشیان بکەین. ئەم شتانە خەسیەتیان ئەمەیە:

تاجەکە، هەر کەس لە سەری بنێ لە بەرچاو بزرو نەپەنی دەبێ.

خالیچەکە، هەر کەس لە سەری دابنیشێ، هەر شوێنێکی بیەوێ بۆ ئەوێ دەفڕێ.

دارعەساکەش لە هەر کەسێکی بدەی، بتەوێ بکەوێتە سەر هەر شکلێك، ئەو کەسە دەکەوێتە سەر ئەو شکڵە.

ئیبراهیم گوتی:

ــ هیچ خەمتان نەبێ، من سێ تیر لە بەر کەوان ڕادەکەمو دەیانهاوێم. ئێوە شوێنی تیرەکان بکەون. هەر کەسێ زووتر تیرەکەی بۆ هێنامەوە، تاجەکە بۆ ئەو دەبێو بە هەمان شێوە شتەکانی تریش دیار دەکەین داخۆ هەریەکە دەبێ بە هی کێ!

یەکسەر تیرو کەوانی ئامادە کردو تیرێکی هاویشت. دێوەکان، کە چاویان بە تیرەکە کەوت، کەوتنە شوێن تیرەکەو ئیبراهیم یەکسەر خالیچەو دارعەساکەی هەڵگرتو تاجەکەی لە سەری ناو لە چاو بزر بوو. دێوەکان گەڕانەوە دیتیان کابرا هیچ دەوسی دیار نییە. ئاخیری ئەوەندە پەشیمان بوونەوە، لە داخان سەری خۆیان لە بەردو کەوران داو مردن.

ئیبراهیم دەرحاڵ خالیچەکەی پان کردەوەو لەسەری دانیشتو گوتی:

ــ ئەی خالیچە! بەشقی حەزرەتی سلێمان بمگەیەنە بەر دەرگای ماڵی گوڵو سنۆبەر.

خالیچەکە بەرز بووەوە ئاسمانو بە چاوترووکانێك ئیبراهیمی لە بەر دەرگای ماڵی گوڵو سنۆبەر لەسەر زەوی دانا.

ئیبراهیم لە دەرگای داو گوتی:

ــ میوان قبووڵ ناکەن؟

سنۆبەر شا ئیبراهیمی برده ژوورەوەو گوتی:

ــ فەرموو، چت دەوی؟

ئیبراهیم باسی حاڵو مەسەلەی خۆی کردو پێی گوت بۆ پێکەوتنی سەربردەی ئەمو دۆتامی، ڕەنجی سەفەری کێشاوەو پێی داگرت کە سنۆبەر سەربردەی خۆی تۆ بگێڕێتەوە.

سنۆبەر پاشا، کە دیتی ئیبراهیم زۆر جەخت دەکا، بۆ ئەوەی لە هەوکی خۆی بکاتەوەو بە کوشتنی بدا، ڕەوانەی ڕێی هاتو نەهاتی کردو گوتی:

ــ ئازیزەکەم! محەمەدو گوڵچەهرە دۆتامو پسمامی یەکترنو ژیانیان پێچەوانەی ژیانی منو دۆتامەکەمە، ئەگەر تۆ سەربردەی ئەوانە وەربگریو بێی بۆم بگێڕیتەوە، منیش سەربردەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

ئیبراهیم گوتی: باشە. ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت. لەبەر ئەوەی نەیدەزانی محەمەدو گوڵچەهرە لە کوێ بدۆزێتەوە، داوای یارمەتیی لە خالیچەکە کرد. لەسەری دانیشتو گوتی:

ــ بمگەیەنە بەر دەرگایماڵی محەمەدو گوڵچەهرە.

بە کورتی، بە چاو قوچانێك ئیبراهیم گەیشتە بەر دەرگای ماڵی محەمەد.

لە دەرگای داو گوتی:

ــ میوانتان ناوێ؟

پیرەمێردێك هاتو دەرگای کردەوەو گوتی:

ــ میوان خۆشەویستی خودایە، فەرموون! سەرچاوان!

بە کورتی ئیبراهیمی بردە ژوورەوە. کوڕێکی ڕەشید لە ژوورەوە دانیشتبوو، لە دەریای خەمو خەفەت نقووم ببوو. دوای سەلامو چاکو چۆنیو بەخێرهێنان، ئیبراهیم پێی گوت کە

بۆ پێکەوتنی سەربردەی محەمەدو گوڵچەهرە هاتووە. بە کورتی باسی ژیانی خۆشی بۆ کرد. کوڕەکە گوتی:

ـ من خۆم محەمەدمو گوڵچەهرە دۆتمامی منە. دۆتمامەکەم ئێستا دیلی دەستی دێوێکە تۆ دەبێ بەڵێن بدەی ئازادی بکەی، بۆ ئەوەی منیش سەربردەی خۆمت بۆ باس بکەم.

ئیبراهیم قبوولی کردو محەمەد دەستی بە گێڕانەوەی سەربردەی خۆی کردو گوتی:

ـ منیش وەکوو تۆ کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەند بووم. دوای چەند ساڵێ، مامەم، کە خەڵکی ئەم وڵاتە بوو، کچێکی بوو ناویان نا (گوڵچەهرە). هەر لە منداڵییەوە ئێمەیان بە دەزگیرانی یەکتر کردو شیرینییان خواردەوە. باوکم منی لای پیرەمێردێکی زاناو دونیا دیتە دانا بۆ ئەوەی فێری زانستو زانیاری ببم. ئەم پیرەمێردە زانایە تەنیا ئەو عەیبەی هەبوو کە لە ڕادەبەدەر ڕقی لە ژنان بوو، هەر دەیگوت:

ـ ژنان ترسنۆکو ناپاکو فێڵبازو کرێگرتەو تەلەکەبازن. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەموو بەدبەختیو شکستو ناکامیو دواکەوتوویی مرۆڤ لە ئەنجامی ناپاکیی ژنانەوە هاتووە. زۆربەی سوڵتانو دەسەڵاتدارانی جیهان تەنانەت ئەسکەندەر خۆیشی بەو هەموو گەورەییو زەبر بەدەستییەوە، دیلی دەستی ژنانو گوێڕایەڵیان بووەو ئەو شکستانەی لە ژیان تووشیان هاتووە لە ئەنجامی فەرمانبەرداریی هەواو هەوەسی ژنەکانی خۆی بووە. مامۆستاکەم ئەوەندە ئەم قسانەی دووبارە دەکردەوەو لە مێشکی دەچەسپاند تا سەرەنجام بڕوام بە قسەکانی هێناو لەوە بە دواوە ڕقم لە ژنان دەبووەوەو خۆم لێ دوور دەخستنەوەو سووکایەتیم پێدەکردن. ئەم دونیایە وەفای بۆ کەس نەبووەو دێتو دەڕوا. دوای ماوەیەك باوکم وەفاتی کردو دایکم هەرچەندە هەوڵو تەقەلای دا بمکا بە بازرگانێکی ناودار، گوێم پێنەداو نەداو لە ئەنجامی ڕێنماییەکانی پیرەمێرد من تەنیا مەراقم کەوتە سەر کتێب خوێندنەوەو شیعر نووسینو خواردنەوەو ڕابواردن. ڕۆژو شەو، لەگەڵ برادەرەکانم خەریکی

بەزمو ڕابواردنی خۆشو بێ خەم بووین، وەکوو دەڵێن نەماندەزانی غەم چییەو ئاگامان لە ڕەنجی کارو مەشەققەت نەبوو.

دایکم، دوای ماوەیەك بە نائومێدی کۆچی دوایی کرد. مامەم کە ئەم خەبەرەی پێگەیشت، هاتە لامو هەرچەندە هەوڵی دا بمهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست، کەڵکی نەبوو. مامۆستاکەم بەلای خۆیەوە زیاتر تێدەکۆشا بڕوام پێبێنێ کە دونیا شتێکی پووچەو ژنیش لە دونیا بێ وەفاترن.

مامەم بیری خستمەوە کە من دەزگیرانی کچی ئەوم، بەڵام من پابەندی بیروباوەڕی خۆم بووم. مامەم نەیتوانی هیچم لەگەڵ بکاو وازی لێهێنام. لە ماوەی چەند ساڵێك، منو برادەرەکانم چیمان بە میرات بۆ مابووەوە هەمووومان خواردو وردە وردە من لە مانای پێویستی گەیشتم، تەنانەت پێویستی پارووە نانێکیش. هەموو برادەران لێم دوور کەوتنەوە. من دوا جلوبەرگی خۆم بە چەند پوولێك فرۆشتەو زگی خۆم پێ تێر کردو لە دەوروبەری شار بە دوای گۆڕی باوکمدا گەڕام بۆ ئەوەی دەردەدڵی لەلا بکەمو ئاخیری دوای بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر، گۆڕی باوکمم دۆزییەوەو نەختێ گریەو زاریم کردو خەنجەرم هەڵکێشا بۆ ئەوەی خۆم بکوژمو لە ڕەنجو دەردەسەریی دونیا بحەسێمەوە. بەڵام لەو کاتەدا دوو دەستی بەهێز لە پشتەوە بازووەکانی گرتمو من بە هەموو تاقەتی خۆمەوە هەوڵم دا بازووەکانم ڕەها بکەم، بەڵام نەمتوانی. سەیری دەوروبەری خۆم کرد، سێبەری بۆراتییەکم بینی وەستا بوو. دەستم بڵند کرد زەبرێکی لێبدەم، بەڵام زللەیەکی کوشندەی وام بە بناگوێ کەوت، تخێلی زەوی بوومو بێهۆش کەوتم. کاتێ کە چاوەکانم کردەوە، خۆم لە ژوورێکی بە تەنتەنە دۆزییەوەو دیتم پیرەمێردێ خەریکی تیمارکردنو خزمەتی منە. لێم پرسی:

ــ من لە کوێم؟ ئێرە کوێیە؟ ئێوە کێن؟

پیرەمێرد گوتی:

ــ ئێرەماڵی گوڵچەهرەی دۆتامی خۆتانە، منیش یەکێکم لە کارگەرانی باوکی گوڵچەهرەو گوڵچەهرە من بەخێوم کردووەو وەکوو کچی خۆم خۆشم دەوێ.

لەو کاتەدا، ژنێکی بەرگ ڕەش، بە ڕێزو ئەدەبێکی لە ڕادەبەدەرەوە هاتو بەرامبەر بە من، لەسەر لا تەختێك دانیشتو گوتی:

ــ من گوڵچەهرەی دۆتامی ئێوەم. باوکم، کە هەوڵی دا ئێوە ڕازی بکا زەماوەند لەگەڵ من بکەنو هەوڵەکەی بە هەدەر چوو، لە خەفەتان دیقی کردو مرد. چونکە ئێوە گوتتان ژن ناپاكو شەرمنو بوونەوەری گەلۆرنو ئێوە ڕقتان لە ژنانەو لەبەر ئەوەی منو تۆ بە منداڵی بە دەزگیران کرابووین، پیرەباو نەیتوانی بەرگەی ئەم داغی شەرمەزارییە بگرێو کۆچی دوایی کرد. ئێوە یەکەم جار هەڵسوکەوتتان لەگەڵ پیاوان بوو، ژنتان خۆش نەدەویستو ئاخیری بینیتان برادەرەکانتان چ دەردێکیان پێکردن. ئەوانە مێشو مەگەزی دەوری شیرناتی بوون.. بەڵام من ئێستا وا هەموو سامانی خۆم دەخەمە بەر دەستی تۆو ئەم پیرەمێردە چاوەدێریت دەکا بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەکی ڕاستو دروست سامانەکە بەکار بێنیو بازرگانی بکەیتو ئابڕووی تکاوت بگێڕیتەوەو ئەوەش بزانە ئەگەر دووبارە ڕێگەی پێشووت بگریتە بەر، خۆم ڕۆحت دەردێنمو دەتکوژم.

لەو ڕۆژەوە، منو پیرەمێرد دەستمان بە بازرگانی کرد. سبەینان دەچووینە ئەو دوکانە بازرگانییەی دامانابوو، شەو دەگەڕاینەوە. بووم بە یەکێ لە بازرگانە هەرە دەوڵەمەندو ناودارو بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆمو دووبارە سەرو سامانم پێکەوە نا. دەستی داماوو لێقەماوانم دەگرتو چاکەم دەکردو خوداش دەرگای بووژانەوەو پێشکەوتنی بۆ کردبوومەوە. شەوان، کتێبم بۆ پیرەمێردەکە دەخوێندەوەو ئەویش سەربردەی خۆیو خەڵکیی بۆ دەگێڕامەوەو لە تاقیکردنەوەی ڕابردووی خۆی ئاگاداری دەکردمەوە. بەم جۆرە ژیانێکی شادو شیرینمان بەیەکەوە دەبردە سەر.

ڕۆژێ، دۆتمامم لە بەر کۆسپەی دەرگا پەیدا بوو، هەمان جلی ڕەشی لەبەر بوو. هێزێکی نهێنی پاڵی پێوە نام لە بەری هەستمو ڕێزێکی لە ڕادەبەدەری بگرم. سەلامم لێکردو سەلامی لێوەرگرتەوەو بەرامبەرم دانیشت، رووی کردە پیرەمێردو گوتی:

ــ مامە، سوپاست دەکەم! ئێوە هەوڵو کۆششێکی زۆرتان بۆ پەروەردەکردنی من داو ئێستاش پسمامەکەم باش پەروەردە دەکەن. ئێمە دەبێ سوپاسی خودا بکەینو قەدری ئێوە بزانین کە یارمەتیو پشتگیریی ئێمەتان کردووەو هەرچی هەمانە لە سایەی یارمەتیی بێ غەڵو غەشی ئێوە بووە.

پسمام! دە ئێوەش پێمان بڵێن بزانین ئێستا ڕاتان لە بارەی ژنانەوە چۆنە؟ ئایا بیروباوەڕتان بەرامبەر بە ژنان گۆڕاوە، یان هەر پێ لەسەر بیروباوەڕی جارانتان دادەگرن؟

من زۆر حەپەسامو سوور هەڵگەڕامو گوتم:

ــ ئێوە زۆر شتتان بۆ من سەلماند. تێگەیشتم کە چاکە و خراپە لە هەموو شوێنێ هەیە. لەناو ژنانیش مرۆڤی چاکی وەکوو ئێوە پەیدا دەبێ کە فریشتەنو لەناو پیاوانیش مرۆڤی خراپی وەکوو من هەن کە سەرەڕۆو کەمتەرخەمو بێباکن.

دۆتمامم زەردەیەکی هاتێو گوتی:

ــ باش پێشکەوتووی!

پیرەمێرد سروودێکی لە وەسفو پیاهەڵدانی ژنان خوێندەوەو ئاخیری گوتی:

ــ باشە، ئەگەر ڕازی بن، با زەماوەندێکی گەورە بۆ ئەم ئامۆزایانە بگێڕین.

کچەکە وەڵامی دایەوە:

ــ ئەمە پەیوەندیی بە ئێوەوە هەیە. ئەگەر ئێوە حەز دەکەن من هیچ قسەم نییە.

بە کورتی، دوای گفتوگۆیەکی زۆر بڕیار دراو زەماوەندێکی گەورەمان کردو چل شەوو چل ڕۆژ لە بەزمو ڕابواردندا بووینو ژیانێکی خۆشو شیرینمان هەبوو. تا ڕۆژێ دۆتمامەکەم بۆ ڕاو چووە ناو لێڕەوارو نەگەڕایەوەو ئێمە لەو ڕۆژەوە ژیانمان ڕەشو تاریک داهاتووە. ئیتر

من ئارەزووی کارکردنم نەماوەو لە غەمی تەنیایی ڕۆحتەزێنی خۆمدا نقووم بوویم. ئێستاش برای بەڕێز، من وای بۆ دەچم دێو دۆتمامی منی ڕفاندبێ، چونکە بەو جۆرەی کە پیرەمێرد باسی دەکا زۆربەی کچەکانی ئێرە بزر دەبن‌و ئیشەکەش ئیشی دێوە، بە دیلیان دەبا.

من دوای ئەوەی گوێم لە سەربردەی محەمەدو گوڵچەهرە بوو، دڵی محەمەدم دایەوەو گوتم: خەمت نەبێ، بە هەر جۆرێ بێ دۆتمامەکەت لە چنگ دێوە ئازاد دەکەم‌و بۆت دێنمەوە.

ئیبراهیم شوێنی دێوەکەی لە پیرەمێرد پرسی‌و ماڵاوایی لێکردن‌و گوتی:

ـ من کارێکی دژوارم لە پێشە، ئەگەر تا ڕۆژاوا گەڕامەوە، ئەوە هیچ، بەڵام ئەگەر نەگەڕامەوە، بزانن جێم لەم دونیایەدا نەماوە.

ئەمەی گوت‌و ڕۆیشت. ماوەیەك ڕۆیشت گەیشتە دامێنی چیایەك. گەڕا، بیرێکی دۆزییەوە، داهاتەوە، سەرنجێکی لە ناوەوەی بیرەکە دا. دااڵنێکی دی دەچووە لای دەستە چەپ. چووە ناو دااڵنەکەو هەر ڕۆیشت‌و ڕۆیشت تا گەیشتە ئەشکەوتێك. کچێکی لەناو ئەشکەوتەدا بینی بە کەزی بە ساپیتەوە هەڵواسرابوو. پاژنەی پێیان کون کردبوو، دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێدەچۆڕایەوەو لەناو دەفرێکی زێڕین کۆ دەبووەوە.

کچەکە هەر هێندە کە چاوی بە ئیبراهیم کەوت، گوتی:

ـ لاوۆ، تا زووە بڕۆو لێرە مەمێنە. بەزەییت بە ژیانی خۆتدا بێتەوە، ئەگەر دێوە بەسەردا بێتەوە پارچە پارچەت دەکاتو دەتخوا.

بەڵام ئیبراهیم یەك وشە چییە وەڵامی نەدایەوەو چاوەڕێی هاتنەوەی دێوەکەی کرد.

ئەگەر جەنابتان بە بیرتان مابێ ئیبراهیم تاج‌و خالیچەو دارعەسای هەبوو، بۆیە هیچ باکی بە دێوەکە نەبوو. لەو کاتەدا، لەپڕ، زەوی لەژێر پێی لەرزی‌و هەژا، بوومەلەرزە هەموو شوێنێکی گرتەوەو دێوە بەدەم نەڕەیەکی تۆقێنەر دەرکەوت‌و گوتی:

ــ بۆن دێ، بۆنی بنیادەم دێ.

دێوەکە، کاتێ ئیبراهیمی بینی خۆشحاڵ بوو کە خواردنێکی چەورو خۆشی دەست کەوتووەو پەلاماری ئیبراهیمی دا بۆ ئەوەی بیگرێو بیکا بە پارووەیەکی چەور. دەق لەو کاتەدا، ئیبراهیم تاجەکەی لەسەر ناو بزر بوو. دێوەکە سەری سوڕمابوو، هەر دەیگوت:

ــ حەیفە، ئەوە تۆ چوویتە کوێ؟

هەر بە دەوری خۆیدا دەخولایەوەو بە دوای ئیبراهیمدا دەگەڕا.

بە کورتی: ئیبراهیم هەر تاجی لەسەری دادەگرتو لە بەردەم دێوەکە دەردەکەوتو کە دێوەکە دەیەویست بیگرێ، تاجەکەی لەسەر دەنایەوەو بزر دەبوو. ئەوەندە چاوشارکێی لەگەڵ دێوەکە کرد تا دێوەکە شلو شەکەت بوو. کە دانیشت پشوو بدا، ئیبراهیم دارعەسای جادوویی لە ملی داو کردی بە سەگو قەلێتێکی دروست کردو لە ملی دێوەی کرد کە ببوو بە سەگو لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکە بەستییەوەو گوتی:

ــ لێرە چاوەڕێ بکە.

ئینجا چووە سۆراغی کچەکەو ئازادی کردو تیماری کرد. کە کچەکە تەندروستیی چاك بووەوە زۆر کەیفخۆش بوو و سوپاسی ئیبراهیمی کرد.

ئیبراهیم بە دارعەساکەی کچەکەی کردە تووتییەکی جوانو خستییە سەر شانی خۆیو سەگەکەشی ڕاکێشاو بەرەو ماڵی محەمەدو پیرەمێرد بووەوە.

محەمەدو پیرەمێرد نوقمی دەریای غەم بوون، دیتیان لە دەرگا درا، خۆشحاڵ بوونو یەکسەر دەرگایان کردەوەو دیتیان ئیبراهیم هاتۆتەوەو تووتییەکی لەسەر شانەو سەگێکیشی سەمەندۆك کردووە، ڕایدەکێشێ.

بە کورتی هاتنە ژوورەوەو ئیبراهیم ڕووداوەکەی گێڕایەوەو بە دارعەساکە تووتی کردەوە بە گوڵچەهرەی دۆتامی محەمەدو دایەوە دەست محەمەدو پیرەمێرد. ئەوانە هەر

وەخت بوو لە خۆشییان پەڕ دەربکەن، کەوتنە سەر دەستو پێی ئیبراهیم و پێیان ماچ کرد.

ئیبراهیم سەگەکەی بە دارعەساکەی کردە ئێسترو گوتی:

ــ لەبەر ئەوەی دێوەکە کەوتۆتە سەر شکڵی ئێستر، بە هیچ هێزو ناوێکی گەورە ناکرێ بگەڕێتەوە سەر شکڵی دێو. با ئەمەتان لابێ، بۆ خۆتان کەلوپەلی بازرگانیی خۆتانی لێ بار بکەن. تا ماوە ئیش بۆ ئێوە دەکا، بۆ ئەوەی بە کارو کۆششو زەحمەتکێشی تۆڵەی ئەو ستەمو زۆردارییەی لێببێتەوە کە لە خەڵکی کردووە.

ئیبراهیم ئێسترەکەی دایە محەمەدو گوڵچەهرەو دەستو دەمی یەکتریان ماچ کردو ئیبراهیم ماڵاوایی کردو لەسەر خالیچەکە دانیشتو هاتەوە لای سنۆبەر پاشاو بە خالیچەلەبەر دەرگی ماڵیان نیشتو لە دەرگای دا. سنۆبەر شا، کە چاوی بە ئیبراهیم کەوت، سەری سوڕماو گوتی:

ــ ئەوە چۆن توانیت لە دەست دێوە دەرباز بی؟

بە کورتی: ئیبراهیم سەرگوزەشتەی محەمەدو گوڵچەهرەی گێڕایەوە، بەڵام نەیگوت دێوەکەی دیل کردووەو کردوویەتی بە ئێستر . بەسنۆبەر پاشای گوت:

ــ ئێستا، کە من بەڵێنی خۆم هێنایە جێو سەرگوزشتەی محەمەدو گوڵچەهرەم گێڕایەوە، دەبێ تۆش بەڵێنی خۆت جێبەجێ بکەیتو سەرگوزەشتەی خۆت لەگەڵ گوڵی دۆتمامت چییە، بۆم بگێڕیتەوە.

سنۆبەر گوتی:

ــ برا، ڕاستە تۆ چوویتو بەڵێنی خۆت جێبەجێ کردو سەرگوزەشتەی محەمەدو گوڵچەهرەت وەرگرتو هاتی بۆ منت گێڕایەوە، بەڵام من تۆم ڕەوانەی ڕێی هاتو نەهات کرد بوو، بۆ ئەوەی بەڵکو لەم ڕێیە بە هەر جۆرێ بێ، ببی بە دیلی دەستی دێوەکەو نەتوانی گیانت دەرببەیتو من لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆم کە لەلا ببمەو

نەیگێڕمەوە، بەڵام ئێستا کە بە سپو ساغی گەڕایتەوە، دیارە گەنجێکی ئازاو نەبەردی. تا ئێستا هیچ کەسێ ئاگاداری سەرگوزەشتەی من نەبووە، بە سەلامەتی لێرە دەرچوو بێ. سەری خۆی دۆڕاندووە. ئەوسا دەستی ئیبراهیمی گرتو بردییە حەوشە. کەللەی چل کەسی داماوی پیشان دا کە خۆی سەری بڕیبوونو گوتی:

ــ دەبینی، ئەمانە سەری ئەو کەسانەن کە دەیانەویست ئاگاداری ڕازی ژیانی من بن، بەڵام سەری خۆیان دۆڕاند. ئەگەر تۆش دەتەوێ سەری خۆت بدۆڕێنی، ناوی خوای لێبێنە، ئەمە گەزو ئەمەش جاو.

ــ قەیدی نییە. کە ڕازی خۆت ئاشکرا کرد، سەری منیش ببڕە، خۆ خوێنی من لە خوێنی ئەوان ڕەنگینتر نییە. بەڵام ئێستا دەمەوێ بزانم، گوڵ چی لە سنۆبەر کردووە.

خانەخوێ، کە مەرجەکانی لەگەڵ ئیبراهیم بڕاندەوە، یەکسەر چوو چۆلەکەیەکی زێڕینو تووڵە سەگێکی هێناو هاتەوەو گوتی:

ــ من سنۆبەر پاشامو ئەم چۆلەکە زێڕە گوڵی دۆتامی منە. دوای گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکەم، کوڕە، سەرت دەبڕم، ها! ڕازیت؟

ئیبراهیم گوتی:

ــ ڕازیم، بیگێڕەوە.

سنۆبەر گوتی:

ــ لاوۆ، ڕۆژێ دوو ئەسپیان بە دیاری بۆ هێنام. لەبەر ئەوەی ئەسپی ڕەسەنو حدوود بوون، هەریەکە مەیتەرێکی جیام بۆ ڕاگرت. دوای سێ ڕۆژ چوومە تەویلە، بینیم ئەسپەکان لەڕو لاواز بوونە. یەکێ لە مەیتەرەکانم هەڵاتو ئەوەی تریش تا ڕەپ ڕاوەستا لێم دا. ئەو مەیتەرەی هەڵاتبوو گەڕایەوەو پێی گوتم:

ــ بۆچی لەم بەسەزمانە دەدەی، وەرە با ڕووداوەکەت بۆ باس بکەم.

مەیتەرەکەم بردە جێگەیەکی چۆڵو گوتی:

ــ دۆتمامەکەت، شەوان سواری ئەسپەکان دەبێ‌و نازانم دەچێتە کوێ، بەرەبەری بەیانی دەگەڕێتەوە. هەموو ڕۆژێ ئەمە ئیشی بووە، لەبەر ئەوەی ئەسەپەکان ئیسراحەتیان نییە، لەڕو لاواز بوونە.

لێم پرسی:

ــ ئەمشەویش دەچێ؟

مەیتەر گوتی:

ــ هەڵبەت دەچێ.

شەو پەنجەی خۆم بڕی‌و خوێم پێ وەرکرد، بۆ ئەوەی خەوم لێنەکەوێ. خەوم لە خۆم خست، دیتم دۆتمامەکەم جلوبەرگی منی کردە بەر. ئەسپی لە تەویلە دەرهێناو سواری بوو و کەوتە ڕێ. منیش سایە بە سایە تاقیبم کرد. دۆتمامەکەم چوو، گەیشتە چیایەك‌و بەسەر چیاکە کەوت، ئەسپەکەی بەستەوەو چووە ناو ئەشکەوتێك. زیاتر چوومە پێشەوە، دیتم چل دز لەناو ئەشکەوتەکە خەریکی بەزم‌و ڕابواردنن. سەرۆکی دزان، کە چاوی بە دۆتمامم کەوت، نەڕاندی‌و زللەیەکی توندی خێواندە بناگوێی‌و گوتی: بۆچی پاشات نەکوشت‌و بێی.

دۆتمامم کەوتە سەر پێی‌و بەدەم گریانەوە گوتی:

ــ ڕووخسەت بدە، سبەی دەیکوژم‌و دێم.

سەرۆکی دزان دارێکی دایەو گوتی:

ــ ها ئەمە بگرە، بەمە لێی دەو هەر شکڵێ بڵێی‌و بتەوێ دەکەوێتە سەر ئەو شکڵە.

من کە ئەمەم بینی، مێشکم گڕی گرت. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دوو سێ ئێشکچیم کوشت‌و خۆم فڕێ دایە ناو ئەشکەوتەکەو لەگەڵ سەرۆکی دزان کەوتمە جەنگ. ئەو لە من بەهێزتر. دەرەقەتی نەدەهاتم. سەگێکی میهرەبانم هەبوو، لەگەڵ خۆم هێنابووم، سەگەکەم لە پشتەوە پەلاماری سەرکردەی دزانی داو دەلینگی گرت. من یەکسەر دەرفەتەکەم

قۆستەوەو شمشێرێکم لە تەوقی سەری داو حەواڵەی دۆزەخم کرد. سەرم بڕیو ملی ڕێم گرت. دۆتمامم گوتی:

ــ جەرگت سووتاندم! داغت بە دڵمەوە نا. تۆڵەی خۆم دەکەمەوە. بەم قسانە منی خافڵاندو لەپڕ پەلاماری دامو دارێکی لێدامو گوتی:

ــ بڕۆ، هەی تاژی نەفرەتی.

من یەکسەر بووم بە تاژی. لە سبەینێوە تا ئێواری لەگەڵ سەگان دەگەڕامو هەموو جارێ سەگەکان دەیانەویست بمخنکێنن. ڕۆژێ، وەزیر منی بردەوە ماڵی خۆیان. وەزیر سەیری کردمو گوتی:

ــ ئەم سەگە پاشایە.

لەبەر ئەوەی سەگێکی باش بووم، وەزیرو کوڕەکەی باش خزمەتیان دەکردم.

ڕۆژێ، کوڕی وەزیر منی بردە ڕاو. مامزێکم بۆ گرت. لەوە بە دواوە ئیتر نەیاندەبەستمەوە، بە ئازادی دەسووڕامەوە. من وام دەزانی تا دەمرم هەر بە تاژی دەمێنمەوە.

ڕۆژێ، بە بەردەم ماڵی جادووگەرێ تێدەپەڕیم، جادووگەرەکە منی بینیو سەیری کردمو گوتی:

ــ ئەمە سنۆبەر پاشایە، کەوتۆتە سەر شکڵی توولە سەگ!

جادووگەرەکە بەزەیی پێدا هاتەوەو منی گێڕایەوە سەر شکڵی جارانم. چووم بۆ ئەوەی دۆتمامەکەم بکوژم.

دۆتمامم منی بینیو ناسیمیو قامچییەکی[3] لێدامو گوتی:

ــ هەی کەرە! ئەوە لێرە چ دەکەی؟

---

[3] تا ئێستا (دار) بوو، لێرە بە دواوە دەڵێ (قامچی).

دەرحاڵ گۆڕام‌و بووم بە گوێدرێژ. بە ناو سووچ‌و کەناری کەلاواندا دەگەڕام، کابرایەك منی گرتەوەو بردمیەوە ماڵی خۆی. لە سبەینێ هەتا ئێوارێ درك‌و بەردی پێدەکێشام. پشتم هەمووی جەڕ بوو. شەو کاو جۆو وێنجەی دەدامێ، من ئەو شتانەم نە دەخوارد. ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕو لاواز دەبووم.

ڕۆژێ، حەوسەلەم نەما، چوومە لای کابرای جادووگەرو دەستم بە گریەو زاری کرد. جادووگەرەکە دووبارە منی گێڕایەوە سەر شکڵی جارانی خۆم‌و گوتی:

ـ ئەم جارە ئەگەر دۆتامت بتبینێ، یان دەتکاتە بەرد، یان دەتکاتە کۆترو ئیتر من هیچم لەدەست نایەو تەنیا سیمرغ دەتوانێ بتگێڕێتەوە سەر شکڵی جارانی خۆت. کە بووی بە کۆتر. دەفڕی، سواری بەلەمێك دەبی‌و تا ناوەڕاستی دەریا دەڕۆی‌و خۆت بە ئاو دادەی‌و لە دەریای ڕەش سەر دەردێنی، هێلانەی سیمرغ وا لەوێیە، ئەو چارەسەرت دەکا.

جادووگەرەکە دوعای کردو گەڕامەوە بۆ ئەوەی دۆتامم بە سزای خۆی بگەیەنم. ئەم جارەش دۆتامم بە چوستو چالاکی قامچییەکی لێدام‌و گوتی:

ـ بڕۆ، هەی کۆتری بێ حەیا!

من بووم بە کۆترو بەرەو ئاسمان لە شەققەی باڵم دا. هەندێ قامیش‌و چیلکەو چواڵم لەسەر ئاوی ڕووبار بینی، لەسەری هەڵنیشتم‌و چەند هەفتە بەسەر ئاوەوە ڕێم بڕی، تا گەیشتمە دەریای ڕەش‌و سیمرغم دۆزییەوە. سیمرغی داماو چقڵێکی ڕەشی لە پێ چەقی بوو، لێی پیس کردبوو. یەکسەر هێدی هێدی چقڵەکەم بە دەنووك لە پێی دەرهێناو هەتوانم لەسەر برینی داناو خستمە خەوەوە. سیمرغ زۆر مەمنوونم بوو. یەکسەر منی خستەوە سەر شکڵی جارانم‌و خستمیە سەر باڵەکانی‌و منی هێنایەوە ماڵێ‌و جێگەی قامچیی دۆتامەکەمی نیشان دام. منیش یەکسەر دەستم دایە قامچییەکەو خۆم لە جێیەك شاردەوە، دۆتامم چووبووە دەرەوە، کە هاتەوە ماڵێ، قامچییەکم لێداو خستمە سەر شکڵی ئێسترێك. شەو و ڕۆژ درکم پێدەکێشا، کە چل ڕۆژی پێچوو کردم بە باڵندەیەکی زیڕین‌و ئەویش ئەوەیە کە تۆ دەیبینی.

قسەی سنۆبەر پاشا لێرە تەواو بوو، قامچییەکەی قیت کردەوە بۆ ئەوەی لەسەری ئیبراهیمی بداو بیخاتە سەر شکڵێکەوە، ئیبراهیم پێشتر خۆی ئامادە کردبوو، دەمو دەست تاجەکەی لەسەر ناو لە بەرچاو بزر بوو و لەسەر خالیچەکە دانیشتو گوتی:

ـ ئەی خالیچە، بەشقی حەزرەتی سلێمان، بمبە لای پیرەژنو سێ پەرییە خوشکەکان.

خالیچە دەرحاڵ فڕیو ئیبراهیمی لای پیرەژنو کچە پەرییەکان دانایە سەر زەوی.

ئیبراهیم، سەرگوزشتەی گوڵو سنۆبەری، مـن چۆن بۆ ئێوەم گێڕایەوە، ئاوها بۆ کچەکان گێڕایەوە.

کچەکە بەڵێنی خۆی هێنایە جێو کەمەربەندەکەی دایەوە ئیبراهیمو خۆیشی لەسەر خالیچەکە لەتەك ئیبراهیم دانیشتو داوایان لە خالیچە کرد بیانباتە ماڵی ئیبراهیم. ئیبراهیم ماڵی خۆی نەناسییەوە، چونکە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمیی گەورەو جوان لە جێی خانووی خۆی قیت ببووەوە.

پرسی:

ـ کێ ئەم باڵەخانەی دروست کردووە؟

گوتیان:

ـ ئیبراهیم دروستی کردووە.

لە دەرگای داو دایکی دەرگای کردەوەو کوڕەکەی ناسییەوەو لە خۆشییان پەڕی دەرکرد، بەڵام حەپەساو هێدم گرتی، ئەمە کوڕی خۆیەتی، ئەی کوڕەکەی پێشووی کێ بووە؟

بە کورتی: ئیبراهیم، سەرگوزشتەی خۆی، مـن چۆنم گێڕایەوە، ئاوها بۆ هەمـوو میوانو دانیشتوان گێڕایەوەو هەمـووی سەرسام کردنو خۆیشی بە تایبەتی سەری لە کارو کردەوەکانی دەزگیرانەکەی سوڕمابوو کە خۆی کردبووە ئیبراهیمو ئەو هەمـوو ئیشو کارەی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بردبوو.

چل شەوو چل ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕاو زەماوەندیان کردو بە خۆشیو شادی ژیان.

# 7 ـ چیرۆکی (ئۆخەی جادووگەر)



لە زەمانی کۆن، کابرایەك هەبوو بە کاسبیو دەردەسەری دەژیا . دەچووە سەر دەریا، تۆڕی دەهاویشت، ماسیی دەگرتو بە فرۆشتنی ماسییەکانی دەریا ڕۆژگاری دەقەتاند. لە داری دونیادا تاقە کوڕێکی هەبوو بە ناوی (ئەحمەد). کاتێ کە ئەحمەد تەمەنی گەیشتە چواردە ساڵی، باوکی بانگی کردە لای خۆیو گوتی:

ــ کوڕم، تۆ ئیتر گەورە بوویو من خۆم هیچ جۆرە زانستو زانیاریو خوێندەواریم نییە کە تۆ فێری خوێندنو نووسین بکەم، چونکە من هەر لە سەرەتاوە ئیشم تۆڕ هاویشتنو ماسی گرتن بووە، ئێستاش ئەوە دەبینی لە کار کەوتوومو ئیشم پێناکرێ، نامەوێ تۆش وەکوو من بەدبەختو بێچارە بیتو ژیانت بێهوودە بڕوا. دەمەوێ تۆ بۆ خۆت بخوێنیو ببی بە کەسێکی وا هەم لەم ڕۆژگارەی پیریدا دەستی من بگریو هەم تۆش وەکوو من دەستکورتو بێ پارە نەبی، بەڵکو ببی بە پیاوێکی تەواو و بە کەڵك خەڵك بێی.

ئەحمەد گوتی:

ــ ئەی باوکی میهرەبان. هەرچی تۆ بڵێی من لە خزمەتدامو هەرچۆنت پێ باشە بڵێ، با وا بکەم.

ــ خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، کوڕم! ئامادە بە، بۆ ئەوەی میرزایەکی باشت بۆ پەیدا بکەین، فێری زانستو زانیاریت بکا.

باوکو کوڕ، شەو نووستنو بەیانی زوو لە خەو هەستانو نانو پەنیریان لەناو توێشەبەرەیان ناو کەوتنە ڕێ. گوند بە گوندو شارۆچکە بە شارۆچکە گەڕان، بەڵام هیچ میرزایان دەست نەکەوت. بە شلو شەکەتی لەدەم سەرچاوەو رووبارێك دانیشتن بۆ ئەوەی هەم ئاوێك بخۆنەوەو هەم دەستو دەموچاوی خۆیان بشۆنو شەکەتی لەشیان دەربکەن.

یەکەم جار، پیرەمێرد نەختێ ئاوی فێنکی ڕووبارەکەی خواردەوەو لەپڕ گوتی:

ــ ئۆخەی! ئاوێکی چەند خۆشە!

لەو کاتەدا یەکێ لەناو ئاوەکە دەرکەوت‌و گوتی:

ــ فەرموو!

پیرەمێرد مات‌و سەرسام بوو، ئەوە لە کوێ پەیدا بوو؟!

پرسی:

ــ تۆ کێی؟

گوتی:

ــ من ناوم (ئۆخەی)یە. ئێوە بانگی منتان کرد. منیش هاتم. ئێستا هەر ئەمرێکتان هەیە بڵێن تا بۆتان جێبەجێ بکەم.

پیرەمێرد نەختێ بیری کردەوەو گوتی:

ــ هیچ! بە دوای میرزایەکدا دەگەڕام، کوڕەکەم فێری زانیاری بکا.

(ئۆخەی) یەکسەر گوتی:

ــ ئەمە هەر هیچ نییە! میرزای چاکت دەوێ، من خۆم میرزام.

سێ مانگ مۆڵەتم بدە بۆ ئەوەی هەموو زانست‌و هونەری دونیا فێری کوڕەکەت بکەم، ئینجا وەرەوە لێرە، وەری بگرەوە.

بە کورتی: پیرەمێرد لەگەڵ کوڕەکەی نەختێ قسەیان کردو لەبەر ئەوەی چاریان ناچار بوو، خۆش‌و ناخۆش، ئاخیری ڕازی بوون. پیرەمێرد زۆر گریا:

ــ لە داری دونیادا هەر ئەم تاقە کوڕەم هەیە، بە دەستی تۆی دەسپێرم. توخودا ئاگاداری بە.

ئاخیری کوڕەکەی بە دەستی (ئۆخەی) سپاردو ڕۆیشت.

(ئۆخەی) یەکسەر (ناوی گەورە)ی هێناو لەگەڵ کوڕەکە چوونە ناو ئاو. لەپڕ کوڕەکە خۆی لەناو قەڵایەك بینی، بەڵام هەستی کرد هیچ شوێنێکی جلوبەرگی تەڕ نەبووە. زۆری بەلاوە سەیر بوو.

کە گەیشتنە ناو قەڵاکە، (ئۆخەی) دەرحاڵ کوڕەکەی بردە ژوورێك‌و گوتی:

ــ تۆ لێرە چاوەڕێ بکە، تا من دەگەڕێمەوە.

ئەحمەد تەماشای کرد، دیتی قەڵایەکی زۆر جوان‌و خۆشە، خشتێکی زێڕو خشتێکی زیوە. لە ژوورەکە هاتە دەرەوەو نەختێ گەڕاو سەیری کرد ژوورەکان هەموو پڕ شتی گرانبەهان، هەموو شتێ لە یاقووت‌و زمرووت‌و زوبەرجەدو مرواری‌و زێڕو زیوە. بە کورتی هەموو شتێکی جوان‌و بەنرخە. لە قەڵا هاتە دەرەوە، سەیری کرد لای دەستە ڕاستی لێڕەوارێکی خۆشە، پڕ گوڵ‌و ڕێحانەی بۆنخۆش‌و جانەوەری هۆڤی‌و شێرو بەورو پڵنگ‌و گورگ‌و سەگ‌و یووزو هیترو هیترە. بە کورتی هەر جانەوەرێ چاوت پێکەوتبێ، لێرە هەن، بەڵام هەموو کپ‌و بێ وەین. سەرنجی لەلای دەستە چەپی دا، سەیری کرد هەموو شتێ لەناو ئاگردا دەسووتێ‌و هاڵاوی لێ بەرز دەبێتەوەو دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتووە. هاتە پێشتر، بینی دەریای عوممانە، تا چاو بڕ دەکا ئاوە. بەلەمێکی بەتاڵی لە کەناری ئاوەکە بینی، گوتی:

ــ (ئۆخەی) بۆ ئەوە قەولی بە باوکم نەدابێ‌و منی هێنابێتە ئێرە، تا بەڵایەکم بەسەر بێنێ؟

لەپڕ بیرێکی بە مێشکدا هات، سواری بەلەمەکە بوو و خێرا خێرا سەولی لێدا. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت تا گەیشتە دیوارێکی بڵند، سەری گەیشتبووە کەشکەشانی فەلەك. کە باش تەماشای کرد دیتی، تواهوو!! دیوارەکە هەمووی کەللەسەری بنیادەمە، لێك دراون و بوونەتە منارەو وەکوو دیوار دیارە.

لەو حانەدا، دەنگێ لە کەللەسەرەکانەوە هات:

ـ کوڕە، ئەوە تۆ بۆ هاتووی؟ (ئۆخەی) پیلانی لێداناویتەوە. ئێمەش وەکوو تۆ بە قسەی (ئۆخەی) تەفرەمان خواردو هاتینە ئێرە ئێستا وەزعمان ئەوە ئاوهایە! هەرچی دەیلێین باش لە گوێی بگرە. ئێستا (ئۆخەی) لێرە پەیدا دەبێ، کە تۆی بینی بلێ دلم تەنگ ببوو، سواری بەلەم بوومو هاتم بۆ ئەوەی پیاسەیەك بکەم. (ئۆخەی) کچێکی میهرەبانی هەیە، ئەو چیی گوت تۆ جێبەجێی بکە، بەڵکوو لەم مۆلەکەیە ڕزگارت بێ، نەوەك وەکوو ئێمە مانانت لێ دێ.

دەق لەو کاتەدا، ناوەڕاستی دەریا شەقی بردو (ئۆخەی) سەری لەناو ئاو دەرهێناو کە کوڕەکەی بینی، بە تووڕەیی پێی گوت:

ـ کورە، هەی گەلحۆ! ئەی نەمگوت لێرە بە تا دەگەڕێمەوە. ئەوە بۆچی هاتیتە ئێرە؟

کوڕەکە گوتی:

ـ بەخوا دیتم تۆ دواکەوتی، دلم تەنگ بوو، گوتم با پیاسەیەك بکەم بەڵکو دلم بکرێتەوە. هیچ مەبەستم نەبووە.

بە کورتی، (ئۆخەی) هیچی نەگوت. کوڕەکەی هەلگرت و هێنایەوە ناو قەلاو دەستە کلیلێکی دایەو گوتی:

ـ هەر کاتێ دلت تەنگ بوو، دەتوانی بە ژوورەکانمدا بگەڕێیو سەیریان بکەیو وەختت پێ ڕاببوێری. سیو نۆ ژوورن، بەلام هەقت نییە پێ بنێیتە ناو ژووری چلەمین، نەوەك تووشی ڕۆژە ڕەشی خۆتت دەکەم، ها!

بە کورتی ئەحمەد هەر ڕۆژەی دەچووە ژوورێكو سەیری شتەکانی ناو ژوورەکەی دەکردو خۆی دەخافلاند. ڕۆژێ شەیتان چووە بن کلێشەیو ویستی ژووری چلەمیش ببینێ، هەرچەندی هەولی دا، خۆی پێ نەگیراو گوتی: هەرچی دێ بە خێر بێ! قوفلی ژوورەکەی شکاندو چووە ژوورەوە. کە چووە ژوورەوە هەر واقی وڕما کە دیتی هەموو شتەکانو هەموو پەردەو فەرشەکانی ئەم ژوورە، بە پێچەوانەی ژوورەکانی دی، هەموویان ڕەشن.

خەریك بوو تەماشای شتەکانی دەکرد، لەپڕ دیتی کچێ لەسەر چینچکان دانیشتووە، هەموو جلوبەرگی ڕەشەو کچەکە، هەر هێندە چاوی بە ئەحمەد کەوت، نوقمی تەماشاکردنی بوو و دیتی کوڕێکی خۆش سیماو کۆکو ڕێکوپێکە. ئەحمەدیش دیتی ئەو کچە کچێکی جوانو شایستەیە. هەردووکیان یەکتریان پەسند کردو خۆشەویستیی یەکتریان کەوتە دڵ.

کچەکە گوتی:

ـ تۆ کێیت؟ بۆچی هاتوویتە ئێرە؟ ئەگەر باوکم بزانێ، تۆش وەکوو ئەوانی دی دەکوژێ.

بە کورتی، کوڕەکە حاڵو مەسەلەکەی بۆ باس کرد. کچەکە سکی پێ سووتا، دەستی پێکرد بۆی باس کردو گوتی:

ـ ئەم قەڵایە هی باوکمەو هەمووی تەلسمو جادووە. ئەو جانەوەرانەی بینیت هەموو ئەو مرۆڤانەن کە تا ڕادەیەك فێری قسەکانی باوکم بوونەو ئەوانەی کە لە دەریادا بینیتن، ئەوانە هەموویان موو بە موو فێری قسەکانی باوکم بوونەو ئاقڵییان وەرگرتووەو ئەو ئاگرو دووکەڵەی بینیت، هەمووی لە ئاهو ناڵەو فریادی کوژراوانی دەستی باوکم پەیدا بووە. ئاوی دەریاش ئاوی چاوی ئەوانەیە.. بە کورتی: من چەند داوە مووم بە سەریەوە هەیە، ئەوەندە گەنجو پاڵەوان هاتوونەتە ئێرەو هەموو گیانی ئازیزی خۆیان لەدەست داوەو بوونەتە تەلەسمو جادوو. دەبینی منیش لەبەر دەردو فوغانی ئەوان بەرگی ڕەشم پۆشیوەو ئەمەش ژووری منە کە هەموو شتێکی تێدا ڕەشە، چونکە من دژی ڕەفتارو کردەوەکانی باوکمم.

ئێستا لەبەر ئەوەی تۆم خۆش دەوێ، شتێکت پێ دەڵێم، باش لەگوێی بگرە هەرگیز لەبیری نەکەی. لە ئێستاوە باوکم هەرچی فێری کردی خۆت لە گێلی بدە. کە پرسیاری لێکردی، بڵێ: هیچ فێر نەبوویمو هیچ نازانم. ئەوسا باوکم ڕقی لە نەزانیو کەودەنی تۆ

هەڵدەسیّو ئازادت دەکات بڕۆی، ئەگەر نا چارەنووست وەکوو ئەو کەسانەی لیّ دیّ کە لێرە چاوت پیّ کەوتوون. ئەو شتانەی گوتم زۆر چاك لەبیرت بیّ، ها!

بە کورتی، ئەحمەد هاتەوە ژووری خۆی.

(ئۆخەی) هەر ڕۆژیّ شتێکی پێدەگوت و تەلەسمێکی فێر دەکردو بۆ تاقیکردنەوە لێی دەپرسییەوە. ئەحمەدیشیان خۆی لە گێلی دەداو بە پێچەوانەوە وەڵامی دەدایەوە، یان دەیگوت: تێنەگەیشتووم.

بە کورتی وەستا هەرچەندە لێی دەداو حەفتو هەشتی لەگەڵ دەکرد، ئەو خۆی لە وەڵامدانەوە لا دەدا.

وەستا دەیگوت:

ـ سەگباب، من ئەو هەموو شتەم پیّ گوتی، چۆن هیچت لەبیر نەماوە؟

ئەحمەد دیسان دەیگوت:

ـ هیچم بە بیر نەماوە.

ئاخیری کاتی ئەوە هات باوکی ئەحمەد هاتەوە سەر ڕووبارەکەو بانگی (ئۆخەی) کرد. (ئۆخەی)یش کە بینی کوڕەکە ئەوەندە دەبەنگە، یەکسەر بردی و دایەوە باوکیو گوتی:

ـ وەرە، باوکم ئەم کوڕە دەبەنگەت وەربگرەوە، هیچی بە مێشکدا ناچیّ، هەرچیم پیّ گوت هیچی فێر نەبوو.

باوکە مێشکی ئاگری گرتو کوڕەکەی وەرگرتەوەو ملی ڕێیان گرت.

ماوەیەکی کەم ڕۆیشتن، ئەحمەد بە باوکی گوت:

ـ باوکە! تۆ لە پێشدا بڕۆ، من ئێستا دێم.

یەکسەر چوو لە پەنا تەپۆلکەیەك خۆی شاردەوەو پێستەی خۆی گۆڕیو خۆی خستە سەر شکڵی پۆرێكو لە پێش باوکیدا کەوتە پیاسە. باوکی ئەحمەد هەرچەندە هەوڵی دا بیگریّ، پێی نەگیرا. ئاخری بە کریو غەمباری ملی ڕێی خۆی گرتو ڕۆیشت. لەو

ماوەیەدا ئەحمەد دووبارە پێستەی خۆی گۆڕیو هاتەوە سەر شکڵی جارانی خۆیو گەڕایەوە لای باوکی. باوکی گوتی:

ــ کوڕم، دەزانی تازە پۆرێکم بینی، حەیف تۆ لەوێ نەبووی، ئەوەك ڕاومان دەکردو بۆ فراوین دەمانبردەوە.

ئەحمەد پێکەنی.

باوکی پرسی:

ــ بۆ پێدەکەنی؟ چ قسەم کردووە جێی پێکەنین بێ؟

ئەحمەد گوتی:

ــ هیچ مەڵێ، پاشان هۆی پێکەنینەکەم دەزانی.

پیرەمێردی بێچارە لە کوێ بزانێ ئەحمەد نهێنیی هەموو ئەفسوونو تەلەسمەکانی دەزانیو دەیەویست خۆی تاقی بکاتەوە.

ئەحمەد گوتی:

ــ باوکە! هیچ نارەحەت مەبە. تۆ چۆنت دەویست، وابووە. لێرە بە دواوە تۆ لەماڵەوە دادەنیشی، من نان پەیدا دەکەمو تۆ بەڕێوە دەبەمو ژیانێکی خۆشت دەبێ!

پیرەمێرد گوتی:

ــ ئاخر، کوڕم، تۆ بە چ من بەڕێوە دەبەی؟

ئەحمەد گوتی:

ــ هەر ئێستا خۆم دەخەمە سەر شکڵی ئەسپێك، تۆ ببە بازاڕو بفرۆشە، بەڵام جڵەوەکەم مەفرۆشە، ئەوەك چاوت بە من ناکەوێتەوە. دووبارەی دەکەمەوە. جڵەوەکەم نەفرۆشی! ها!

پیرەمێرد گوتی:

ــ بە چاوان!

ئەحمەد یەکسەر کەوتە سەر شکڵی ئەسپێکی جوان. پیرەمێرد جلەوی گرتو بردییە بازاڕو نەختێ گەڕا. هەمود دەوریان لێداو پرسییان:

ـ مامە، ئەسپەکەت بە چەندی؟

ئەویش گوتی:

ـ سەد دینار.

ئاخیری کڕیارێکی زۆر پەیدا بوو و لەسەر ئەسپەکە بوو بە شەڕ. کابرایەکی کەتەو زەبەللاح پەیدا بوو، ئەسپەکەی بە سەد دینار لە پیرەمێرد کڕی. پیرەمێرد هەندێ خواردنی بۆ ماڵەوە کڕیو هاتەوە ماڵێ، جلەوی ئەسپەکەی نەفرۆشت، ئەویشی هێنایەوە. کە گەیشتەوە ماڵێ، دیتی ئەحمەد لە ماڵەوە دانیشتووە، هەر واقی وڕما.

بە کورتی ئەحمەد هەموو نهێنییەکانی خۆی بە پیرەمێرد گوتو دیسان ئاگاداری کردەوە کە نەکا جلەوەکەی بفرۆشێ نەوەك جارێکی تر چاوی بە ئەحمەد ناکەوێتەوە.

ڕۆژێ، دیسان پارەیان نەما بوو، ئەحمەد دووبارە چووە ناو پێستەی ئەسپێكو باوکی بردی بیفرۆشێ. ئەم جارە دەروێشێکی باڵابەرز و تێکسمراو ئەسپی پیرەمێردی کڕی. بەڵام بە جەخت و پێداگرتن و لاملی و کەللەڕەقی جلەوی ئەسپەکەشی لێوەرگرت.

پیرەمێرد گەڕایەوە ماڵێو هەرچەندە چاوەڕێی کرد، دیتی ئەحمەد نەهاتەوە. لەپڕ بیری کەوتەوە ئەحمەد گوتبووی ئەگەر جلەوی ئەسپەکە بفرۆشێ، چاوی بە ئەحمەد ناکەوێتەوە. بە هەردوو دەستان لەسەری خۆی دا. تومەز ئەو کەسەی ئەسپەکەی کڕیبوو، (ئۆخەی) بوو.

(ئۆخەی) ئەسپەکەی بە ڕاکێش ڕاکێش هێناو دایە دەست کچەکەیو گوتی:

ـ ها، ئەمە بگرە، تا دەچم شمشێرەکەم دێنمو سەری دەبڕم.

کچەکە یەکسەر زانی ئەمە ئەحمەدەو لەبەر ئەوەی خاتری ئەحمەدی دەویست، پێی گوت:

ـ من جلەوت شل دەکەم کە باوکم هاتەوە، یەکسەر جلەوەکە لەسەر سەرت داکەلێنەو ڕاکە.

لەو کاتەدا (ئۆخەی) گەڕایەوە، شمشێرێکی گەورەی بە دەستەوە بوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ـ کوڕە، بە من دەڵێی هیچ فێر نەبوویم، ئێستا خۆم هەموو دەرزێکت دەدەم.

ویستی شمشێری لە ملی نزیك کاتەوە، ئەحمەد یەکسەر جلەوەکەی لە سەری خۆی داکەلاندو ڕایکرد.

ئەحمەد دەرحاڵ بێستەی خۆی گۆڕی، بوو بە مامزێکی چاپووك، بە ڕاکردن کەوتە ناو بێشەو جەنگەڵ، (ئۆخەی) دەمو دەست بوو بە ڕاوکەرێکی ئازاو بە تیرو کەوان هاویشتن کەوتە دوایەوە. زۆری نەمابوو ڕاوی بکا، ئەحمەد زانی، یەکسەر خۆی کردە ماسییەکی سوورو کەوتە ناو ئاوی دەریا. (ئۆخەی)یش خۆی کردە ماسیگرو تۆڕی هاویشت بۆ ئەوەی ئەحمەد بگرێ، بەڵام هەرچەندە هەوڵو تەقەلای دا نەیتوانی. ئاخیری ئەحمەد دیتی، (ئۆخەی) واز ناهێنێ، خۆی گەیاندە کەناری ڕووبارێكو بوو بە سێوێکی سوورو چووە ناو سندووقێك. (ئۆخەی) بۆنی هەڵگرتو هات شوێنی ئەحمەدی دۆزییەوە. ئەحمەد دیتی دەروێش زانیویەتی ئەم لە کوێیە، یەکسەر خۆی کردە (حاجی فیروز)[1] و (ئۆخەی)ش خۆی کردە سازندەو دومبگ ژەنو کەوتە دوایەوە. ئەحمەد دیتی ناتوانێ لە دەستی دەربچێ، خۆی کردە هەرزنو بەسەر زەویدا بڵاو بووەوە، (ئۆخەی) خۆی کردە کەڵەشێرو کەوتە سەر خواردنی دنکە هەرزەکانو هەمووی خوارد تەنیا یەك دانە هەرزن نەبێ، چوو بوو بە پێی

[1] حاجی فیرۆز: کابرایەکە، لەڕۆژانی جەژنی نەورۆز دەموچاوی خۆی ڕەش دەکاتو جلی سوور لەبەردەکا و بەناو کۆڵانانددا دەسووڕێتەوە و بەپێکەنینو گاڵتەو هەڵسوکەوتی پێکەنیناوی پارە لەخەڵك وەردەگرێ.

پاشاوە لکابوو کە بە خۆو بە کوڕەوە بەوێدا تێدەپەڕیو بۆ هەواگۆڕین هاتبووە کەناری دەریا.

بە کورتی، کاتێ (ئۆخەی) دانەکانی خواردو تەواوی کرد، وای زانی ئیدی ئەحمەد مردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێ لە دانە هەرزنەکانی نەخواردبوو، ئەحمەد هێزو گوڕی لەو دنکە هەرزنە کۆببووەوە، ئەوەبوو ئەحمەد یەکسەر خۆی کردە چەقەڵێكو کەڵەشێرەکەی[2] تەفروتونا کردو سەری بڕیو فڕێی دایە لایەك. دەق لەو کاتەدا لە ئاسمان بوو بە هەورەتریشقەو بروسكو چەخماخەی داو هەورێکی ڕەش هەموو شوێنێکی داگرتو (ئۆخەی) مرد.

ئەحمەد، دوای ئەوەی تەلەسمی (ئۆخەی) شکاندو حەواڵەی دۆزەخی کرد، بیری کردەوە: کچی (ئۆخەی) منی لە مەرگی مسۆگەر ڕزگار کردو هەقی لە ملی منە. دەبێ ئێستا بچم بیدۆزمەوەو لەو دەردو ئەشکەنجەیە ئازادی بکەمو لەبەر ئەوەی کچێکی جوانە، ئەگەر ویستی زەماوەندی لەگەڵ دەکەم.

ئەحمەد یەکسەر ویردێکی خوێندو خۆی کردە چۆلەکەیەكو فڕییە ئاسمانو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە سەر ئەو کانییەی کە یەکەم جار لەوێ تووشی (ئۆخەی) هات. دیسان ویردێکی تری خوێندو دەرگاکانی قەڵا بوونەوەو یەکسەر چووە ناو قەڵاو خۆی کرد بە ژووری کچەکەدا، کە تەماشای کرد لەسەرسامییان دەمی بەش بووەوە، چونکە دیتی ژوورەکە هەمووی ڕەنگی زێڕی گرتبوو و دەبریقایەوە، بەڵام کچەکە جلوبەرگی هەر ڕەش بوو. هۆی جل ڕەشی لە کچەکە پرسی. کچەکە گوتی:

---

[2] دڵێ کەڵەشێرو جووجەڵەکانی خوارد. من جووجەڵەکانم لابرد، چونکە جووجەڵە لەگەڵ مریشکدایە، نەك کەڵەشێر. (و)

ــ لەبەر ئەوەی تۆ باوکی منت کوشتووە، من لەلایەکەوە خۆشحاڵم کە ئەو زۆرداره بێ ویژدانە، دەستی لە تاواندا نەما، بەڵام لەلایەکی ترەوە چ بکەم، باوکی خۆم بوو، سکم پێ دەسووتێ، تازیەم بۆ داناوەو جلی ڕەشم بۆ پۆشیوە.

ئەحمەد دڵی دایەوەو چەند ڕۆژ لەکن یەك بوونو ئەحمەد بە ڕەسمی هەجبینی کرد، بەڵام کچەکە ویستی تاقیی بکاتەوەو پرسی:

ــ منت چەند خۆش دەوێ؟

ئەویش گەڕایەوەو گوتی:

ــ ئەگەر تۆم خۆش نەویستبا، بە دواتدا نەدەهاتمو ئەگەر بوێرو ئازا نەبوومایە، (ئۆخەی)م بەم هەموو هێزو دەسەڵاتە لەناو نەدەبرد.

بە کورتی، کچەکە ڕازی نەبوو و گوتی:

ــ بۆ ئەوەی من بێنی، دەبێ ڕازی سێوی دێوی سپی پێ بکەویو وەڵامەکەم بێنی، ئەگەر نا شووت پێناکەم.

ئەحمەد دەمو دەست، دەستی خستە سەرچاوەکانیو گوتی:

ــ سەر هەردوو چاوانم.

دەرحاڵ لە قەڵا هاتە دەرەوەو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە بێشەیەك.

با ئەحمەد بە تەنیا لەناو بێشە جێبێڵین، بزانین کچەکە چی کرد:

کچەکە فڕیو چووە ناو ئەو بێشەیەی ئەحمەدی تێدا بوو و خۆی کردە پەریزادەیەکی جوانو نازدارو تەڕوپڕو لەسەر ڕێی ئەحمەد ڕاوەستاو پرسی:

ــ ببوورن، پرسیارێکم هەیە: ئەوە ئێوە لە کوێ دێنو دەچنە کوێ؟

ئەحمەد گوتی:

ــ هەروا وێڵ بوویمو ڕێم کەوتۆتە ئێرە.

کچەکە گوتی:

ــ ئەحمەد تۆ ناتوانی هیچ شتێ لە من بشاریتەوە. من کچی فلآنە پاشام. لە هەموو زانستێك دەزانم. کچی (ئۆخەی) تۆی ڕەوانەی سەفەری هاتو نەهات کردووە بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی خۆیت لێبکاتەوە. ڕەوانەی کردووی ڕازی سێوەکانی بۆ بێنی، وەرە واز لەم ئیشە بێنە، من لە جوانیدا هیچم لە کچی ئۆخەی کەمتر نییە. دەچینە شارو وڵاتی ئێمەو بەیەکەوە دەست بە ژیانێکی خۆشو پڕ بەختەوەری دەکەین.

ئەحمەد یەکسەر گەڕایەوەو گوتی:

ــ من بەڵێنم بە کچی (ئۆخەی) داوە، بەرم قسەی خۆم ناشکێنم، بڕۆ وازم لێبێنە. من لە کچی (ئۆخەی) بەولاوە زەماوەند لەگەڵ هیچ کچێ ناکەم.

ئەحمەد ڕێی خۆی گرتو ڕۆیشتو هەر ئاوڕیشی نەدایەوە.

کچەکە، یەکسەر پێستەی خۆی گۆڕی، لە شێوەی پاڵەوانێکی کەتەو زەبەللاح لەسەر ڕێی ئەحمەد پەیدا بوو و پرسی:

ــ گەنجۆ، ئەوە دەچیتە کوێ؟

ئەحمەد گوتی:

ــ دەچم ڕازی سێوەکان وەردەگرم.

پاڵەوان قاقا پێکەنیو گوتی:

ــ کوڕە، تۆ مەگەر شێت بووی! پاڵەوانێکی وەکوو من تا ئێستا نەیتوانیوە ڕازی سێوەکان وەربگرێ، هەزاران کەس سەری خۆیان دۆڕاندو نەیانتوانیوە هیچ بە هیچ بکەن، تۆ ئێستا بە خۆو بەو بەژنە نیو بستەتەوە دەتەوێ ڕازی سێوەکانی دێوە وەربگری، ئەوە چ قسەیە تۆ دەیکەی؟ کوڕە واز لەم ئیشەت بێنە، من خۆم ئاشقی کچی (ئۆخەی)مو دەبێ هەر خۆم ئەو ڕازە بەدەست بێنم، ئەگەر تۆ دەست لەو کارە هەڵنەگری، وەکو و چۆلەکە سەرت هەڵدەکێشم.

ئەحمەد گوتی:

ـ ئەگەر بتوانم ڕازەکە وەربگرم، ئەوە وەریدەگرم و ئەگەر نا هەرچی دێ بەخێر بێ. بەڵام من هیچ منەتم بە تۆ نییەو لێشت ناترسم.

یەکسەر شمشێری هەڵکێشاو خۆی بۆ شەڕ ئامادە کردو گوتی:

ـ تۆ قسەی زیاد دەکەی! ئەمە مەیدانو ئەمەش شەیتان! هەرکەسێ مرد خوێنی خۆی لەسەری خۆی.

پاڵەوان دیتی، نەخێر! ئەحمەد لەم تاقیکردنەوەیەش بە سەربەرزی دەرچوو، گوتی:

ـ بۆ من سووکایەتییە کابرایەکی بێ نموودی وەکوو تۆ بکوژم، ئەگەر نا ئێستا یەکێ لەو بەرداشانەت بەسەریدا بدەم، دەمریو لەناو دەچی.



کچەکە ئەم جارە پێستەی خۆی گۆڕیو خۆی خستە سەر شکڵی پیرەژنێکی ڕمووزنو لە بەردەرگای قەڵایەک دانیشت کە ئەحمەد ڕێی بەوێدا بوو. کاتێ ئەحمەد چاوی بە پیرەژن کەوت، پیرەژن گوتی:

ـ ئەی بنیادەم، چۆلەکە توخنی ئێرە بکەوێ باڵی دەوەرێ، ئێستر توخنی ئێرە بکەوێ سمی دەپەڕێ، ئەوە تۆ چۆن هاتیتە ئێرە. زوو کە، بڕۆ! هەر ئێستا دێوەکان دێنەوەو لەناوت دەبەن.

ئەحمەد گوتی:

ــ پیرەژن، من بۆ زانینی ڕازی سێوەکانی دێوی سپی هاتووم و لە کەس ناترسم. تا ئەو ڕازەش نەزانم، گەڕانەوەم نییە.

ژنەکە گوتی:

ــ کوڕی داماو، مەگەر لە گیانی خۆت بێزاری. بەقەدەر تاڵە قژەکانی سەری من پاڵەوان هاتوونەتە ئێرەو سەری خۆیان دۆڕاندووە، تازە تۆ دەتەوێ ڕازی سێوەکان بزانی. وەرە بچینە ژوورەوە بزانم تۆ چتۆ پیاوی!! .

پیرەژن کوڕەکەی لەگەڵ خۆی بردە ناو قەڵاو سێ سێوی سووری یەکسانو یەك شکڵو یەك ڕەنگو یەك ئەندازەی هێناو دایە دەست ئەحمەدو لێی پرسی:

ــ پێم بڵێ، بزانم ئەم سێوانە کامیان یەك ساڵەو کامیان دوو ساڵەو کامیان سێ ساڵەیە؟

ئەحمەد نەختێ تەماشای کردو گوتی:

ــ پیرەژن کاسە ئاوێکم بدەرێ تا پێت بڵێم.

پیرەژن یەکسەر کاسە ئاوێکی هێناو ئەحمەد هەر سێ سێوەکەی هاویشتە ناو ئاوەکە: یەکێ لە سێوەکان کەوتە بنی کاسەکەو یەکێ لە ناوەڕاستی وەستاو ئەوەی تریش لەسەر ئاوەکە مایەوە. ئەحمەد یەکسەر گوتی:

ــ ئەوەی کەوتە بنی ئاوەکە یەك ساڵەیەو ئەوەی لە ناوەڕاستی ڕاوەستا دوو ساڵەیەو ئەوەی لەسەر ئاو مایەوە سێ ساڵەیە، چونکە سێوە سێ ساڵەکە لە هەموویان سووکترەو بەو ماوە درێژە ئاوەکەی وشك بووەو لەسەر ئاو ماوەتەوە، ئەوەی دوو ساڵە نەختێ ئاوەکەی وشك بووەو لە ناوەڕاستەوە وەستاوە، ئەوەی یەك ساڵە هێشتا ئاوی زۆر وشك نەبووەو قورسایی ماوە، بۆیە کەوتۆتە بنی ئاوەکە.

پیرەژن گەڕایەوە گوتی:

ــ کوڕم، ڕازی سێوەکان ئەوە بوو کە تۆ خۆت زانیت. دەبینم تۆ کوڕێکی زرنگو ئاقڵی، ئێستا، هەستە بڕۆ.

کاتێ کە کوڕەکە ویستی بڕوا، پیرەژن یەکسەر پێستەی خۆی گۆڕیو بووەوە بە کچی (ئۆخەی)و گوتی:

ــ ئەحمەد، ئەوە منم!

ئەحمەد بە بینینی کچە زۆر خۆشحاڵ بوو، پرسی:

ــ ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی؟

کچەکە هەموو بەسەرهاتەکەی لە سیر هەتا پیواز بۆ گێڕایەوەو گوتی:

ــ کچی پاشاکەو پاڵەوانەکەو پیرەژنەکە، هەرسێکیان من خۆم بووم، دەمەویست تۆ تاقی بکەمەوە بزانم تا چ ڕادەیەك کچی (ئۆخەی)ت خۆش دەوێ.

ئەحمەد گوتی:

ــ دەبێ بچینەوە قەڵاو هەموو خەڵکە تەڵەسمبەندەکە ئازاد بکەین.

گەڕانەوە قەڵاو تەلەسمەکانیان شکاندو هەموو خەڵکەکەیان ئازاد کرد.

ئەو خەڵکە خۆیان بەقەد خەڵکی یەك شار دەبوون، داوایان لە ئەحمەد کرد لای ئەو بمێننەوە.

ئەحمەد گوتی:

ــ هەرکەسە چی زێڕو گەواهیراتی دەوێ با بۆ خۆی هەڵبگرێ‌و هەرکەس چ دەیەوێ لە ئاهەنگی زەماوەندی ئەحمەد بەشداری بکاو لای ئەو بمێنێتەوەو چ دەیەوێ بگەڕێتەوە شارو وڵاتی خۆی، کەیفی خۆیەتی.

ئەحمەدو کچی (ئۆخەی) دەستیان بەسەر هەموو سامانی (ئۆخەی)دا گرتو هێنایانەوە ماڵی خۆیان.

باوکی ئەحمەد بە کلۆڵی دانیشتبوو، دیتی وا کوڕەکەی هاتەوەو کچێکی جوانی لەگەڵ خۆی هێناوەو یەك لەشکرە خەڵکیشی بە دواوەیە، پرسی: حاڵو مەسەلە چییە؟ کە زانی چییە زۆر شادو کەیفخۆش بوو.

ئەوانە حەفت شەو و حەفت ڕۆژ زەماوەندێکی گەورەیان ساز داو پاشان ئەوانەی ویستیان بگەڕێنەوە شارو وڵاتی خۆیان، گەڕانەوە شارو وڵاتی خۆیانو ئەوانەی ویستیان لای ئەوان بمێنێتەوە، لای ئەوان مانەوە.

سێ سێو لە ئاسمانەوە بەربوونەوە: یەك بۆ من، یەك بۆ تۆ کە ئەم هەقایەتت گێڕایەوەو یەکێکیش بۆ ئەو کەسەی هەقایەتەکەی نووسیوە.

# 8 ـ کچی سەخی



هەبوو نەبوو، پاشایەکی لە خۆ ڕازی هەبوو، سەرەڕای ئەمەش هەموو خەڵك لێی ڕازی بوون.

ڕۆژێ دەروێشێ هاتە بەردەرگای ماڵی پاشاو قسیدەیەکی جوانی خوێندەوە. پاشا پارەی دایەو گوتی:

ـ بابە دەروێش! تۆ لە دونیا زۆر گەڕاویو زۆر جێگەت دیوە، ئایا هیچ کەسی وەکوو من سەخیو میهرەبانو هیچ کەسی لە من دادپەروەرترت دیوە؟

دەروێش گوتی:

ـ پاشام سەلامەتدار بێ! لە دونیادا هی لە تۆ میهرەبانترو بەڕەحمتریش هەیە.

پاشا بە تووڕەیی پرسی:

ـ شتی وا نابێ. پێم بڵێ، بزانم ئەو کەسە کێیە؟

دەروێش گوتی:

ـ پاشام سەلامەتدار بێ! لە فلانە شار، کچێ هەیە لە تۆ سەخیترو میهرەبانترو بەخشندەترە. یارمەتیی هەژارو بێنەوایان دەداو دەستگرۆییان دەکا. هەر کەسێ بچێتە ماڵەکەی، تێر دەخواو دەخواتەوەو پارەی خۆی وەردەگرێو دەڕوا.

پاشا فەرمانی دا دەروێش زیندانی بکەن. کە دەروێشیان برد، پاشا ڕووی تێکردو گوتی:

ـ بابە دەروێش! من دەچم ئەو کچە دەدۆزمەوە. ئەگەر ئەو لە من بە دڵترو سەخیترو بەخشندەتر بوو، دێمەوە لە ماڵی دونیا بێ نیازت دەکەم. ئەگەر واش نەبوو لە سەرت دەدەم.

بەڵێ، پاشا دەروێشی نارده زیندانو خۆیشی ڕۆیشت. چەندین گەڵـیو تەپۆلکەی بڕی، لەوێ چەند مانگو لێرە چەند ساڵ، هەقایەتەو کورتی کەینەوە، گەیشتە ئەو شارەی کچەکەی تێدا بوو.

کە گەیشتە ناو شار، هەر هێندەی زانی وا دوو کەس بن هەنگڵیان گرتووەو بە ڕاکێش ڕاکێش دەیبەن: تۆ میوانی ئێمەی. پاشایان برده ماڵی کچەکە.

پاشا دیتی ئێرە باڵەخانەیەکی خۆشە. شوورەیەکی بە دەورەدا کراوە سەری گەیشتۆتە کەشکەشانی فەلەك.

کە چووە ژوورەوە، بینی هەموو ئەو هێربارانەی لەسەر مێز داندراون لە زێڕ دروست کراون. خواردنیان لە قاپی زێڕ بۆ پاشا هێنا. پاشا تێری خواردو خواردەوەو کە ویستی بڕوا، خزمەتکارەکان گوتیان:

ــ هێربارەکان کۆکەوەو بۆ خۆت بیان بە. لێرە، دەستوور ئاوهایە: هەر کەسێ ببێ بە میوانی ئێمە، کە خواردنی خوارد قاپەکانیش بۆ خۆی دەبا.

پاشا زۆر سەری لەم کارە سوڕماو دیتی ئەم کچە بە ڕاستی بە ڕوحمو میهرەبانو بەخشندەیە. قاپەکانی هەڵگرتو کە ویستی بڕوا پرسی:

ــ دەمەوێ چاوم بە خانم بکەوێ.

یەکسەر پاشایان بردە لای کچەکە. پاشا دیتی کچ چ کچ!! هەر دەڵێی مامزی جوانو قەشەنگو دڵفریبە.. پاش نەختێ قسەو چاکو چۆنی، پاشا لە نهێنیی ئەم کارەی کچەکەی پرسیو گوتی:

ــ من دەمەوێ بزانم ئەمە چ نهێنییەکە، هەر کەسێ دێتە ئێرە، خواردنی خۆی دەخواو قاپە زێڕەکانیش بۆ خۆی دەبا. ئێوە ئەم هەموو زێڕەتان لە کوێ هێناوە؟

کچەکە گوتی:

ـ دەچیتە فلانە شار، پیرەمێردێك لە دەم ڕێگا دانیشتووە، ناوی سەلمان ڕاوچییە، هاونێکی لە بەردەمی خۆی داناوە، زێڕ لەناو هاونەکە دەکوتێو دەیکاتە تۆزو بە هەوای دا دەکا. هەر کاتێ زانیت سەلمان بۆ وا دەکاو هاتی بە منت گوت، ئەوسا منیش نهێنیی خۆمت پێ دەڵێم، ئەگەر نا، ناتوانم نهێنیی خۆمت بۆ ئاشکرا بکەم.

پاشا بە ناچاری ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت، دیسان چەندین مانگ ڕۆیشتو گەلێ گەڵیو تەپۆلکەی بڕیو گەیشتە ئەو شارەی پیرەمێردی لێبوو. بە شەلو شەکەتی دەڕۆیشت، لەپڕ، دیتی پیرەمێردێك لە دەم ڕێگا دانیشتووە، هاونێکی لە بەردەمی خۆی داناوە، زێڕی تێدەکاو دەیکوتێو دەیکاتە تۆزو بە هەوای دا دەکا.

پاشا زانیی کچەکە ڕاست دەکا، ئەمە پیرەمێردەکە خۆیەتی. چووە لایەوەو سەلامی کردو گوتی:

ـ پیرەمێرد، ئەرێ نهێنیی ئەم کارەی خۆتم پێ ناڵێی؟ من لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتوومو شەلو شەکەت بوویم. ئەوە چەند مانگە دوای ئەم کارە کەوتووم.

سەلمان ڕاوچی سەرنجێکی لە پاشا داو گوتی:

ـ ئەی ڕێبوار! دەچی، لە فلانە شار، پینەدۆزێك هەیە. نهێنیی ئەو پینەدۆزە پێدەکەویو دیێیەوە نهێنییەکەم بۆ ئاشکرا دەکەی. من تا لە نهێنی ئەو پینەدۆزە نەگەم، نهێنیی خۆم بە تۆ ناڵێم.

پاشا ماڵاوایی لە پیرەمێرد کردو کەوتە ڕێ. دیسان چەندین مانگ ڕۆیشتو گەیشتە ئەو شارەی پینەدۆزەکەی تێدابوو. بە پرسیاران شوێنەکەی دۆزییەوە. هات، دیتی پینەدۆز لە ژوورێك دانیشتووەو چەند پێڵاوێکی کۆنی لێرەو لەوێ بڵاو کردۆتەوەو پێڵاوێکی بە دەستەوەیەو درێشەیەکی پێیە، جارێ لە ئەژنۆی خۆی ڕادەکاتو دەری دێنێو جارێ لە زمانی خۆی ڕادەکا. یەك لە دوای یەك ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە، تا شەو دادێ، کە شەو داهات دەگەڕێتەوە ماڵێ.

پاشا واقی ورما، لێی پرسی هۆی ئەم کارەی چییە؟

پینەدۆز گوتی:

ــ بۆ ئەوەی هۆی ئەم کارەی خۆمت بۆ باس بکەم، تۆ دەبێ بچینە فلانە شار، بانگدەرێکی لێیە، هەڵسوکەوتێکی تایبەتیی دەکا، دەبێ هۆی ئەو هەڵسوکەوتەی بزانیو بێی بۆم باس بکەی، ئەگەر نا پێت نالێم.

پاشا دووبارە کەوتە رێو چەندین مانگ بەرێوە بوو، رۆژاوا بوو گەیشتە شارەکە. بە شەکەتیو ماندوویی بە دوای بانگدەرەکەدا دەگەرا، لەپڕ لە بڵندایییەك چاوی بە کابرایەك کەوت، زانی ئەمە بانگدەرەکە خۆیەتی. لێی چووە پێش، دیتی کابرا دەستی لە بناگوێی ناوە، هەر دەچێتە ئەملاو ئەولاو هیچ دەنگی بانگیش نایە، ئەوەندە ئەم لاو ئەولای کرد تا کاتی نوێژ بەسەرچوو، ئەوسا بە کزو غەمباری لەسەر بڵندایییەکە هاتە خوارێ. پاشا یەکسەر بەرایی لێگرتو بە تکاو پاڕانەوە هۆی ئەم هەڵسوکەوتەی لێپرسی.

بانگدەرەکە پێی گوت:

ــ بۆ ئەوەی هۆی هەڵسوکەوتی من بزانی، دەبێ بچیتە فلانە شار، پیرەمێردێکی لێیە بە ناوی (سیناوەر موسەییەب)، دەبێ هۆی هەڵسوکەوتی ئەم پیرەمێردە بزانیو بێی پێم بڵێی، بۆ ئەوەی منیش رازی خۆمت پێ بڵێم.

پاشا دیسان بە رێ کەوت. چەندین حەفتە رۆیشت، تا گەیشتە شارێك، لە جادەدا بە کفتیو شەکەتی بە دوای پیرەمێرددا دەگەرا. دیتی وا یەکێ بەرەو رووی دێ. پیرەمێردێکی کەترەو بە ساڵا چووبوو. کە گەیشتە لای پاشا، گوتی:

ــ لاوۆ! دیارە لەم شارەدا غەریبەی، ئەوە دەچیتە کوێو ئیشت بە کێیە؟

پاشا حاڵو مەسەلەکەو هۆی هاتنی خۆی بۆ باس کرد، کە هاتووە بە دوای موسەییەبدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی نهێنیی کارەکەی بزانێ.

پیرەمێرد، پاشای لەم کارە هوشیار کردەوەو زۆر ئامۆژگاریی کردو گوتی زۆر کەس بە دوای ئەم کارەدا هاتوونو گیانی خۆیان لەم پێناوەدا داناوە.

بە کورتی پیرەمێرد هەرچی کردی، پاشا گوێی نەدایەو نەدایە، هەر پێی داگرتو گوتی دەبێ نهێنی موسەییەب بزانم.

کاتێ کە پیرەمێرد زانی، نەخێر! ئەم گەنجە زۆر سوورە، بە میوانی لەگەڵ خۆی بردییەوە ماڵێ. تومەز ئەم پیرەمێردە موسەییەب خۆیەتی. کاتێ کە گەیشتنەوە ماڵێ، پاشا بینی ئێسترێکیان لە گۆشەیەکی ژوورەوە بەستۆتەوە. کاتێ نانیان خوارد، موسەییەب دەستی خۆی لەناو قاپێك شووشتو ئاوە پیسەکەی هێناو لە بەر ئێسترەکەی دانا بۆ ئەوەی بیخواتەوە. ئێسترەکە نەیخواردەوە. موسەییەب چوو، یەکسەر کەللەسەری براوی بنیادەمێکی هێناو شمشێری هەڵکێشاو ویستی زەبرێك لە کەللەسەرەکە بدا، ئێسترەکە ناچار بوو دەستی بە خواردنەوەی ئاوە پیسەکە کرد.

بە کورتی پاشا زۆر سەرسام بوو، بە واق وڕماوی سەیری ئەم ئیشانەی مۆسەییەبی دەکرد.

ئاخیری، دوای نانخواردن، پاشا دیسان سوور بوو هۆی ئەم کارە لە موسەییەب بپرسێ. جا پێی گوت:

ـ بەو نانو نمەکەی پێکەوە خواردمان سوێندت دەدەم، پێم بڵێ ئەوە بۆچی وات کرد؟

پیرەمێرد گوتی:

ـ لاوۆ، بزانەو ئاگاداربە، ئەگەر نهێنی خۆمت پێ بڵێم ناچارم دەبێ بتکوژم. زۆر کەس هاتنو نهێنیی منیان زانیو لەم ماڵە گیانیان دەرنەبرد. ئێستاش ئەگەر دەتەوێ نهێنیی خۆمت بۆ ئاشکرا دەکەم.

پاشا گوتی:

ـ قبووڵمە.

پیرەمێرد گوتی:

ــ ئەم ئێسترەی دەیبینی، ئەوە دۆتمامنە. من جادووم لێکردووەو خستوومەتە پێستەی ئێسترەوە. هەقایەتەکەشمان بەم جۆرەیە:

لە سەردەمی گەنجێتیدا، ئێمە ئاشقی یەکتر بووینو یەکترمان خۆش دەویست، تا ئەوەبوو زەماوەندمان کرد. من سەرو سامانێکی زۆرم هەبوو. جارێکیان نیوەشەو بوو، هەستم کرد دۆتمامم چۆتە دەرەوە. ئەم کارە هەموو شەو دووبارە دەبووەوە، تا ئەوەبوو شەوێ بڕیارم دا تاقیبی بکەم، بزانم دەچێتە کوێ. شەو، خەوم لە خۆم خستو دەستم بە پرخو هۆڕ کرد. نیوەشەو، بینیم دۆتمامم بە هێدی هەستاو جلی کردە بەرو شمشێری هەڵگرتو پەلاماری منی داو گوتی:

ــ ئەگەر خەوتووی ئەوە هیچ! ئەگەر بەخەبەریشی قسە بکە، دەنا هەر ئێستا سەرت لە لەشت جودا دەکەمەوە.

منیش هەناسەم لە خۆم بڕیو خەوم لە خۆم خست. کاتێ کە دیتی خەوتووم، لە ماڵەوە دەرچوو. چووە تەویلەو بە خزمەتکارەکەمی گوت:

ــ زوو کە ئەسپەکە بێنە، لە خەومابووم!

خزمەتکارەکەم ئەسپەکەی ڕاکێشایە دەرەوە. خانم سواری ئەسپەکە بوو و بە غار ڕۆیشت. منیش زوو هەندێ دەرمانی بێهۆشیم هەڵگرتو چەکم لە خۆم داو چوومە تەویلەو ئەسپێکی ترم دەرهێناو بە خزمەتکارەکەمم گوت هیچ شتێ بە کەس نەڵێو کەوتمە شوێن دۆتماممو ناڵ بە ناڵ تاقیبم کرد. هەر ڕۆیشتینو ڕۆیشتین تا گەیشتینە دەشتێکی ڕاستان. چادرێ لەناو ئەو دەشتە هەڵدرابوو ڕووناکی تێدا دیار بوو. دۆتمامم چووە ناو چادرەکە. منیش لە کونی چادرەکەوە سەیری ناوەوەم کرد، دیتم چل دز خەریکی ڕابواردنن. یەکسەر زانیم ژنەکەم خیانەتی لەگەڵ کردووم. لەو کاتەدا هەستم کرد خواردنو ئاو لە دەرەوەی چادرەکە لەسەر ئاگرە. یەکسەر دەرمانی بێهۆشیم لە خواردنو ئاوەکە

کردو چاوەڕێم کرد، کە هەموو خواردنەکەیان خواردو ئاوەکەیان خواردەوە، دوای نەختێ هەستم کرد هەموو بێهۆش کەوتوون. یەکسەر شمشێرم هەڵکێشاو سەری هەر چل دزم لە لەش جودا کردەوەو سەری سەرکردەکەیانم لەناو خورجینە ناو یەکسەر سواری ئەسپ بووم گەڕامەوە ماڵێ و ئەسپم بردەوە تەویلەو سەرەکەم لە شوێنێ شاردەوەو خۆم هاتم نووستم. بەرەبەری بەیانی، دیتم دۆتمامم هاتەوە، زۆر تووڕەیە. پێم گوت:

ــ چ بووە؟ بۆ وا تووڕەی؟

گوتی:

ــ سەرم ژان دەکاو حاڵم شڕە.

منو دۆتمامو پوورم، هەرسێکمان (ناوی گەورە - اسم اغظم)مان دەزانی. دۆتمامم (ناوەی گەورە - اسم اغظم)ی هێناو منی کردە سەگێکی ڕەشو چوومە بەردەم دوکانی کوڕی پوورمو تەماشام کرد. ئەو بە چاوەکانم منی ناسییەوەو بردمییەوە ماڵێ. پوورم دووبارە منی خستەوە پێستەی بنیادەمو گوتی:

ــ هەموو شتێ چارەی هەیە، بەڵام ئەگەر ببی بە ئێستر چارەی نییە. هەوڵ بدە تۆ دۆتمامت بکەیتە ئێستر.

گەڕامەوە ماڵێو هەوڵم دا دۆتمامم بکەمە ئێستر. بەڵام ئەو بەر لە من دەستی خۆی وەشاندو منی خستە سەر شکڵی پیشلەیەك. دووبارە چوومە دوکانی کوڕی پوورمو ئەویش منی بردەوە ماڵی خۆیانو پوورم دووبارە خستمییەوە سەر شکڵی جارانم. دووبارە چوومەوە ماڵێو خۆم لە پەنا دەرگا شاردەوە. کە دۆتمامم هاتەوە، یەکسەر دۆتمامم خستە سەر شکڵی ئێستر. ئێستا ئەوە پەنجا ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە.

من هەمیشە، پاش نانخواردن، دەستەکانم دەشۆم، ئاوە پیسەکەی لە بەردەم دادەنێمو ئەو نایخواتەوە، دەچم سەری سەرۆکی دزان دێنمو دەمەوێ بە شمشێر لێی بدەم، ئەو ئیتر دەست بە خواردنەوەی ئاوەکە دەکا.

موسەییەب قسەی تەواو بوو. پاشای هێنایە حەوشەو گوتی:

ــ دەبینی چەند تەرمی مردووان لێرە کەوتووەو چەند سەر بڕاوە؟ من یەکەم جار نهێنیی خۆم بەمانە گوتووەو پاشان سەرم بڕیون.

پاشا دیتی بە ڕاستی دیوارێکە لە تەرم دروست کراوە، دیوارەکە وەکوو شوورە وایەو لە ناوەڕاستی شوورەکە منارەیەك لە کەللەسەری بنیادەم چێ کراوە:

ــ کوڕەکە، دەبینم تۆ هێشتا گەنجیو هەقی ژیانت هەیە، بەڵام من ئەوا پیر بوویمو کەڵکم نەماوە.

موسەییەب شمشێری هەڵکێشاو خۆی کوشت.

پاشا، نهێنیی موسەییەبی زانیو ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت.

ڕۆژێ یەك قۆناغ بە قۆناغی بڕیو هاتە لای بانگدەرو حاڵو مەسەلەی موسەییەبی بۆ گێڕایەوە.

بانگدەر، شەو، پاشای بردەوە ماڵی خۆیو پاش شێوخواردن گوتی:

ــ گوێ بگرە. ئێستاش من نهێنیی خۆمت پێدەڵێم.. من لە سەرەتای لاویما بانگم دەدا. لەبەر ئەوەی دەنگم خۆش بوو، هەمیشە کە بانگم دەدا، فریشتە لە ئاسمانەوە دەهاتنە خوارێو گوێیان لە بانگی من دەگرت. ڕۆژێ، دیسان خەریك بووم بانگم دەدا، فریشتەیەك هاتو هەڵیگرتمو فڕییە ئاسمانو منی بردە ماڵی خۆیو پێی گوتم:

ــ من مێرد بە تۆ دەکەم، بەڵام بەو مەرجەی من هەر کارێکم کرد، تۆ هۆی کارەکەم لێنەپرسیو هەڵەوەڕی نەکەی.

دیتم فریشتەکە زۆر جوانە، بە مەرجەکەی ڕازی بوومو ژیانێکی تازەم لەگەڵ ئەو دەست پێکرد. چەند ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، بووم بە خاوەنی کوڕێكو کچێك.

ڕۆژێ نانمان بە تەنوور دەکرد، کچەکەم گریا. منیش گوتم:

ــ ئافرەت! هەستە نەختێ شیر بەو منداڵە بدە، هەڵبەت برسییەتی بۆیە دەگری.

ژنەکەم تووڕە بوو، هەر کچەکەی گرتو فڕێی دایە ناو تەندوور. من لە ترسان هیچم نەگوت، بەڵام زۆر سکم بە منداڵەکەم سووتا.

ڕۆژێکی تر، دیسان ژنەکەم لە دەم ڕووبار جلی دەشووشت، ئەم جارە کوڕەکەم گریا، دیسان من حەوسەڵەم نەماو گوتم: نەختێ شیر بدە ئەو منداڵە، نابینی دەگری؟

ژنەکەم یەکسەر ئەم جارەش کوڕەکەی گرتو فڕێی دایە ناو ئاوی ڕووبارو لەبەر ئەوەی ڕووبارەکە ئاوی زۆر بوو، ئاوەکە کوڕەکەی برد.

من ئیتر تاقەتم نەما، تووڕە بوومو گوتم:

ـ گیانەکەم! ئەوە تۆ شێت بووی؟ چییە؟ کچەکەمت فڕێ دایە ناو تەندوورو کوڕەکەشم ئاو بردی، ئاخر تۆ بۆچی منداڵەکانت فەوتاندم؟



ژنەکەم تووڕە بوو و گوتی:

ـ ئیتر ئێرە جێی تۆ نییە. من بە تۆم گوتبوو: هەر کارێکم کرد تۆ هەقت نییە لە هۆی کارەکەم بپرسی. ئێستاش ئەوە پرسیتو مەرجەکەت دۆڕاند. هەڵبەت من منداڵەکانم نەکوشتووە. یەکسەر گوتی: تەندوور کچەکەم بدەرەوەو تەندوور یەکسەر کچەکەی هێنایەوەو دیتم کچەکە بە ساغو سەلامەتی لەناو تەندوور هاتە دەرەوە. پاشان گوتی: ڕووبار، کوڕەکەم بێنەوە. ڕووباریش کوڕەکەمانی هێنایەوە. ئینجا

ژنەکەم گوتی: من ئەمانەم بە دایەن سپاردبوو بۆ ئەوەی چاوی لــێ بن، بۆ ئەوەم نەبوو بیانکوژم. تەندوورو ڕووبارەکە دایەنی منداڵەکان بوون.

من ئیتر هیچ قسەم نەبوو بیکەم. ژنەکەم بازووی منی گرتو هەڵفڕیو منی هێنایەوەو دووبارە لەتەك ئەو منارەی بانگم تێدا دەدا لەسەر زەوی دانیام. خۆیشی لە شەققەی باڵی داو ڕۆیشت.

ئێستا هەر کاتێ کە دەمەوێ بانگ بدەم، ژنو منداڵەکانم بیر دەکەوێتەوەو پێم ناکرێ بانگ بدەم. ئەمە بوو نهێنیو سەربردەی من.

پاشا ماڵاوایی لە بانگدەر کردو لەوێوە یەکە و ڕاست هاتە لای پینەدۆزو سەربردەی بانگدەری لە سیر هەتا پیواز بۆ گێڕایەوە. پینەدۆزیش بەم جۆرە دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی کرد:

لە هەرەتی لاویدا بووم، پێڵاوم دەدووری. زۆر دەستکورت بووم، موحتاجی نانی شەو بووم. قەت نوێژو ڕۆژووم نەدەچوو. ڕۆژێ لە مزگەوت نوێژم کردو لە دەرگای خودا پاڕامەوە:

ــ ئەی خودایە، بەزەییت پێمدا بێتەوە.. پارەی نانی ڕۆژانەم پێ کەرەم کە!

دوو ڕۆژ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا تێپەڕی، کڕیارێك هاتە دوکانەکەم، پێڵاوەکەی لە پێ کردەوەو گوتی:

ــ مامە، ئەم پێڵاوەم بۆ چاکەوەو سەرەکەی بدوورەوە.

سەری پێڵاوەکەم دوورییەوەو چاکم کردەوە. ئەویش لەباتی درهەمێك لیرەیەکی زێڕی دامێ.

گوتم:

ــ هەر بژی.

ڕۆیشتو فیتە بەدەورێکی لێداو دوای نیو سەعات هاتەوەو گوتی:

ــ مامە، سەرپەنجەم بۆ لەم پێڵاوەم بنێوە.

من ڕازی بووم کە دووبارە هاتەوە پێڵاوەکەی وەربگرێتەوە، ئەمجارە دوو لیرەی زێڕی دامێ.

بەم جۆرە ڕۆژێ سی چل لیرەی زێڕی دەدامێ تا بووم بە خاوەن پارەیەکی باش.

ڕۆژێ لەم ئیشانەی کوڕەکە بە گومان کەوتمو لەبەر خۆمەوە گوتم:

ــ ئەم پارەیەماڵی دزیاری نەبێ؟!

یەکسەر چووم خەبەرم دایە پاشا[1] و گوتم: کوڕێك هەموو ڕۆژێ دێ، سی چل لیرەی زێڕەم دەداتێ.

پاشا چوار پێنج کەسی ڕاسپارد بۆ ئەوەی بێن کوڕەکە دەستگیر بکەن.

نەفەرەکان لە دەرەوەی دوکان، خۆیان لە جێیەك شاردەوە، کە کوڕەکە دووبارە هاتەوە، من چاوم لێداگرتنو نەفەرەکان پەلاماریان دا بیگرن. لەو کاتەدا کوڕەکە تێگەیشتو خۆی خستە سەر شکڵی کۆترێکو فڕیو چوو لەسەر دەرگای دوکانێ نیشتو گوتی:

ــ ئەی بەندەی بەدبەختی خودا! من دەمەویست تۆ دەوڵەمەند بکەم، بەڵام تۆ قەدری منت نەزانی، هەی نمەك بە حەرام!

من لەو کاتەدا پەنجەی خۆم گەست، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

پیاوەکانی پاشا ڕۆیشتن، منیش تەماشام کرد دیتم هەموو زێڕەکانم بوونەتە ئاسن. ئێستاش هەر کاتێ دەست بە ئیش دەکەم، ئەم مەسەلەیەم بیر دەکەوێتەوەو درێشەیەك لە ئەژنۆو پێم ڕادەکەم کە بۆچی چووم خەبەرم دایە پاشاو درێشەکیش لە زمانم ڕادەکەم کە بریا لال بوومایەو قسەم بۆ پاشا نەکردایە.

برا، ئەمەیە سەرگوزەشتەی من.

---

[1] سەردار نووسراوە

پاشا ماڵاوایی لە پینەدۆز کردو هاتەوە لای سەلمان ڕاوچی، نهێنیو سەرگوزەشتەی پینەدۆزی بە سەلمان گوتو داوای لێکرد ئەویش سەرگوزەشتەی خۆی پێ بڵێ. سەلمان ئاخێکی هەڵکێشاو بەم جۆرە دەستی بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی کرد:

من بە گەنجی ڕاوم دەکردو پێیان دەگوتم سەلمانی ڕاوچی. بە ڕاستیش نێچیرگرو نێچیرپێکی باش بووم. ڕۆژێ لە ڕاو دەهاتمەوە، دیتم مارێکی سپیی جوان لەگەڵ مارێکی ڕەش جووت بووە. یەکسەر تیرم خستە بەر کەوانو ویستم نیشانە لە مارە ڕەشە بەد فەساڵەکە بگرم، بەڵام نازانم چۆن لە بەدبەختی خۆم، تیرەکەم بە مارە سپییەکە کەوتو ماری سپی بریندار بوو و هەردوو مارەکە ڕایانکرد، من لەم کارەم زۆر پەشیمان بوومەوەو گوتم: ئەوە چۆن بوو، من بە درێژایی تەمەنم هیچ جارێ تیرم سەری نەکردووە، ئەمە ئەم جارە چۆن بوو؟

ئاخێری گەڕامەوە ماڵێ. شتێکم خواردو چوومە مزگەوت، لە مزگەوت ئەم مەسەلەیەم بۆ یەکێ باس کرد. زۆر حەیفم بۆ ماری سپی دەهات.

بە کورتی: لە مزگەوت هاتمە دەرەوە، دیتم دوو ماری کەتەو زل پەیدا بوون. مارەکان یەکێ ئەم شانی گرتمو ئەوەی تر ئەو شانمو بە ڕاکێش ڕاکێش منیان بردو گوتیان:

ـ پاشای ئێمە تۆی دەوێ.

بەڵێ، منیان بە ناو زۆر کونو کەلەبەردا بردو لە ڕێگەدا پێیان گوتم: ئەو مارە سپییەی تۆ بریندارت کردووە کچی پاشای ئێمەیە. ئەو مارە ڕەشەیش کە تۆ دیتت کوڕە بازرگانێکە. لەبەر ئەوەی کچی پاشا هۆگری ئەم جۆرە مارە بەدفەساڵە ببوو و تۆ بە سزای کردەوەی خۆیت گەیاند، پاشا تۆی کەوتۆتە بەردڵو دەیەوێ خەڵاتت بکا. ئەگەر پاشا پرسی: چت دەوێ؟ تۆ بڵێ: ژووری چلەمینم دەوێ.

کاتێ گەیشتمە بەردەم پاشا، دیتم هەمــوو شوێنێ پڕ مارەو پیاو ناتوانێ لەبەر ماران بجوولێتەوە. دە هەنگاو مابوو بگەمە تەختی پاشا، پێڵاوەکانم داکەندو بە ئێکلام کێشانەوە چوومە پێش. پاشا کە چاوی بە من کەوت، گوتی:

ــ کچی من تۆ پێکاوتە؟

مـنیش ئیکلامم کێشاو گوتم:

ــ پاشام سەلامـەتدار بێ، یەکەم، من ویستم ماری ڕەش بکوژم، بەڵام تیرەکە چوو بە ماری سپی کەوت، دووەم من نەمدەزانی ماری سپی کچی ئێوەیە.

پاشا گوتی:

ــ ئەو مارە سپییە کچی منە. تۆ ئیشێکی زۆر چاکو بەجێت کردووە کە پێکاوتە. ئەو کچە تەواو نییە، من نامەوێ ناوی خۆمی پێوە ببەستمەوە.



پاشا دەستووری دا هەمـوو مارەکان یەك یەك لە بەردەمی من بە ڕیز ڕۆیشتن، گوتم: پاشام سەلامەتدار بێ! مارەکە لەناو ئەمانەدا نییە.

پاشا دەستووری دا لێبکۆڵنەوە بزانن کێ ماوە. گوتیان: کوڕی بازرگان ماوە.

بە کورتی: سەرتان نەیەشێنم. بە دوای کورە بازرگانەکەدا گەڕانو لەناو پێڵاوی من گرتیان. من کە چاوم پێکەوت ناسیمەوەو گوتم: خۆیەتی، ئەمە مارەکەیە!

پاشا تووڕە بوو و گوتی:

ـ هەی نەفرەتت لێدا! ئەوە دەچیتە ناو پێڵاوی سەلمان، بۆ ئەوەی کە ویستی بڕوا پێیەوە بدەی؟

دەستووری بە مارەکان دا:

ـ بیکوژن، ئەم تووکو نەفرەت لێباریوە بکوژن!

مارەکان، ماری ڕەشی بەدفەساڵیان تیکە بە تیکە کرد. ئەوسا پاشا ڕووی کردە منو گوتی:

ـ سەلمان ڕاوچی، ئێستا بخوازە ماڵی دونیایە، هەرچیت دەوێ بڵێ.

گوتم:

ـ پاشام سەلامەتداربێ، ئێوە بۆ من هەموو شتێکن. جگە لە سەلامەتیی ئێوە هیچ شتی ترم ناوێ.

پاشا کەیفی بەم قسەیەی من هاتو گوتی:

ـ نەخێر، سەلمان! ئەمە کەمە! هەرچی دڵت دەخوازێ بڵێ تا بتدەمێ.

ـ ئێستا مادام وایە، یەکێ لە ژوورەکانی خۆتانم بدەنێ.

پاشا یەکسەر دەستووری دا سەلمان ببەن، یەك یەك ژوورەکان ببینێ، هەر کامەی ویست بیدەنێ.

پاشان چل کلیلی دامێ، منیان برد بۆ ئەوەی ژوورەکان ببینم.

ژووری یەکەمیان کردەوە، چ ژوور!! هەرچی بیری لێبکەیتەوە تێیدا هەبوو. خالیچەی جوانو بالیفو پشتیو پەردە هەریەکە لە شوێنی خۆی داندرا بوو و ڕازابووەوە.

ژووری دووەمیان کردەوە، ئەمە لەوەی تریش جوانتر بوو، هەموو لایەك مێزی زێڕو زیوی لێدانرابوو.

سەرتان نەیەشێنم. زارم ئاوی تێدا گەڕاو ویستم بڵێم ئەمەم بدەنێ، بەڵام لەبەر خۆمەوە گوتم با ئەوانی تریش ببینم، ئەگەر خراپ بوون هەڵیانناگرم. بەم جۆرە سیو نۆ ژوور گەڕام، کە گەیشتمە ژووری سیو نۆیەم، دیتم چ ژوورێکە!! جووتە بەرداشێکیان داناوە زێڕ لێدەکەنو دەیکەنە ئارد.

لەبەر خۆمەوە گوتم: کوڕە ئیدی لەوە زیاتر چت دەوێ؟ ئیدی لەم ژوورە دەوڵەمەندتر چ هەیە ؟! گوتم: ئەم ژوورەم دەوێ. ژوورەکەیان دایە من.

لەو کاتەدا، ئەو دوو مارەی منیان هێنابوو، هاتنو پێیان گوتم:

ــ سەلمان، ئەی نەمانگوت بڵێ ژووری چلەمینم دەوێ؟ تۆ بۆچی بە گوێی ئێمەت نەکرد؟

منیش زوو پرسیم:

ــ ژووری چلەمین چیی تێدایە؟

گوتیان:

ــ دوو ئاشی تێدایە لەعلو گەوهەر دروست دەکەن.

من پەشیمان بوومەوە بۆچی ژووری چلەمینم هەڵنەبژارد. ئێستاش من ئەوا زێڕەکەم لەناو هاون دەکوتمو بە بای دەدەکەم، بەڵام هەر تەواو نابێ.

پاشا ماڵاوایی لە سەلمان ڕاوچی کردو یەکەوڕاست هاتەوە لای کچەی خاوەن کۆشکو تەلار کە شێوو هێرباری زێڕی دەدایە میوانەکانی. کە گەیشتە لای کچەکە، سەرگوزەشتەی سەلمان ڕاوچی، چۆن لە زاری سەلمان خۆی بیستبووی، ئاوها بۆی گێڕایەوە. کچەکەش قسەی خۆی هێنایە جێو بەم جۆرە دەستی بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی کرد:

من کاتی خۆی کچی پیاوێکی هەژار بووم، بەڵام زۆر لە ئێستام جوانتر بووم. دایکم نەبوو، تەنیا باوکم هەبوو. باوکم چیلکەی دەکردو دەیهێناو لە شار دەیفرۆشتو نانێکی نەمرو نەژیمان دەست دەکەوت. من داخوازیکەری زۆرم هەبوو، بەڵام باوکم ڕازی نەبوو بە مێردم بدا، دەیگوت:

ـ کچەکەم هێشتا منداڵە.

تا هاتو باوکیشم مردو من لەم دونیا بێ پەی و سنوورەدا بێ کەسو کار مامەوەو ژیانم بە سەختی دەبردە سەر، زۆر کەس بە دوامەوەبوون، ئەزیەتیان دەدام، دەترسام ئەوانە یان من بکوژن، یان لەسەر من یەکتر بکوژن.



شەوێ، لە ماڵ هاتمە دەرەوەو لەبەر خۆمەوە گوتم: وا باشترە بۆ خۆم بچم لە چۆڵو بیابان بژیم. هاتم خۆم گەیاندە بیابانێك. چەند مانگێك ئازارێکی زۆرم چەشت. هەمیشە دەمگوت: خودایە! بۆچی ئەو ساماندارانە ئەوەندە زۆردارن، خودایە تۆ سەرو سامانێك بە من کەرەم بفەرموو، بزانە چۆن دەستگرۆیی هەژارو لێقەوماوان دەکەم.

ڕۆژێ، باران دەباری. دیتم زەوی تەڕو شل بۆتەوە، بن بەردێکم هەڵکۆڵی بۆ ئەوەی بچمە بنیو خۆم لەوێ پەنا بدەم. نەختێکم هەڵکۆڵی دەستم بە شتێ کەوت، باش تەماشام کرد، دیتم زێڕە. نەختێکی ترم هەڵکۆڵی دیتم وردە وردە زێڕەکە زیاتر بوو. بەم شێوەیە زێڕێکی زۆرم بەدەست کەوت. تومەز ئەمە خەزێنەی زێڕە. یەکسەر دوو سێ پارچە زێڕم هەڵگرتو چووم لە بازاڕی شار خواردنم کڕیو چواردە، پازدە وەستاو کرێکارم هێناو ئەم حەوشەیەم دروست کرد کە دەیبینیو لە ناوەڕاستیشا باڵەخانەیەکی گەورەم بۆ خۆم دروست کرد. ئێستا ئەوە چەندین ساڵە، هەر کەسێکی بێرەدا دەڕوا میوانی منەو دوای چێشت خواردن قاپە زێڕەکانیشی دەدەمێ بۆ ئەوەی بیبا ژیانی خۆی پێ بەڕێوە ببا. لەوساوە تا ئێستا هێشتا زێڕەکەم تەواو نەبووەو تەواویش نابێ. من پەیمانم لەگەڵ خۆم بەستبوو ئەگەر دەوڵەمەند بم، دەستگرۆیی هەژارو لێقەوماوان بکەم. خودا ئەو سامانەی پێ بەخشیمو منیش بەڵێنی خۆم هێنایە جێ.

ئەمە بوو سەرگوزەشتەی منو نهێنیی ئەم کارانەی من.

پاشا ماڵاوایی لە کچەکە کرد، سواری ئەسپ بوو و گەڕایەوە شاری خۆی. فەرمانی دا دەروێشیان لە زیندان ئازاد کرد. ڕووی تێکردو گوتی:

ــ بابە دەروێش، تۆ ڕاستت کرد. بە ڕاستی ئەو کچە لە من میهرەبانترەو پشتو پەنای داماوو پەککەوتووانە. پاشا پارەو خەڵاتێکی زۆری بە دەروێش بەخشیو بەڕێی کرد.

## 9ـ نۆشیڕوانو بابای ئەمیر



بگێڕەوانی دەنگوباس‌و بگۆزەوانی نووچەو ئاسارو شەکرشکێنانی شیرین گفتار، دەگێڕنەوە دەڵێن:

پاشایەك هەبوو بە ناوی نۆشیێروان، لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتیدا زۆر غەددارو زۆردار بوو، بەڵام وەزیرەکەی پیاوێکی ژیرو زاناو بە مروەت‌و میهرەبان بوو. هەمیشە ئامۆژگاریی پاشای دەکرد کە دادپەروەرو میهرەبان بێ. پاشا هیچ منداڵی نەبوو، دەترسا نەوەك بمرێ‌و منداڵ‌و یادگارێکی لە پاش بەجێ نەمێنێ.

ڕۆژێ بە وەزیری گوت:

ــ وەزیر، من عومرم زۆری ڕۆیشتووەو کەمی ماوە، تەنانەت کچێکی کت‌و کوڕیشم نییە دڵی پێ خۆش بکەم‌و دوای من ببێ بە خاوەنی تاج‌و تەختی من‌و لەم وڵاتە پان‌و بەرینەدا بە یادگاری خانەوادەی من بمێنێتەوە.

وەزیر گوتی:

ــ قیبلەی عالەم! دوعای خەڵك‌و عەوام دوعای هەقە. لەبەر ئەوەی تۆ زۆر زوڵمت کردووە، هەموو کەس تووك‌و نەفرەتت لێدەکاو دوعای خراپت لێدەکا. ئێستاش بۆ ئەوەی تۆڵەی بکەیتەوە، دەبێ دەرگای خەزێنە بخەیتە سەرپشت‌و دەستی لێقەوماوو هەژارو بێوەژن‌و نەدارو بێ نەوایان بگری، بۆ ئەوەی ئەوانیش دوعای خێرت بۆ بکەن. بەڵکو خوا بکا، منداڵت ببێ.

لەو ڕۆژەوە، نۆشیێروان بە تەواوی ئامۆژگارییەکانی وەزیری بە دڵ‌و گیان قبووڵ کردو دەرگای خەزێنەی لە ڕووی داماوان کردەوەو هەمووی لە باج‌و هەستە جەبدان‌و چاکەی لەگەڵ دەکردن‌و پێویستیی پێك دەهێنان. ئەوانیش دوعایان بۆ پاشا دەکرد. ئەوەبوو پاشا کچێکی ماهرووی بوو. پاشا کچەکەی خۆی بێ سنوورو بێ ئەندازە خۆش دەویست. ڕۆژێ

پاشا لە خەودا دی قەلەڕەش هەموو ئاسمانی شاریان داگرتووەو ژمارەیان ئەوەندە زۆرە بەری ڕۆژیان گرتووەو هەموو شوێنێ تاریك داهاتووە. قەلەڕەشەکان ویستیان کچەکەی برفێننو بیخۆن ئەویش دەرحاڵ کچەکەی لە باوەشی خۆی شاردەوە. قەلەڕەشەکان چاویان دەرهێناو کەوتنە سەر کەول کردنی پێستەی سەری. زۆری نەمابوو کچەکەی لەدەست ڕابپسکێننو پارچە پارچەی بکەین، لەو کاتەدا سێ باڵندەی سپیو گەورە پەیدا بوونو هەموو قەلەرەشەکانیان تارومار کردو گیانی پاشاو کچەکەیان نەجات داو دووبارە هەموو شوێنێ ڕووناك بووەوە.

پاشا بە حەپەساوی لە خەو ڕاپەڕیو یەکسەر لە دوو وەزیری ناردو خەونەکەی بۆ گێڕایەوەو داوای لێکرد خەونەکەی بە دروستی بۆ لێك بداتەوە.

وەزیر خۆی ڕەملچیو خەونزانێکی شارەزا بوو، یەکسەر کتێبی ڕەملو ئوسترلابی هێناو گوتی:

ــ ئەی پاشای دادپەروەر، ئاگادار بەو بزانە کاتێ کە کچەکەت بوو بە سەرو عوزرشۆر، کابرایەکی نەشیاو دێتە خوازبینی، تۆ کچی خۆتی نادەیتێ، ئەویش لەشکرکێشی دەکاو دەبێ بە شەڕێکی گرانو تۆ دەشکێی. تۆو کچەکەت بە دیل دەگرن. قەلەڕەشەکان لەشکری ئەو کابرایەن. پاشان سێ گەنجی بوێرو ئازا لە ڕۆڵەکانی ڕەشەوەندی خۆت دەگەنە فریاتو لەشکری دوژمن تارومار دەکەنو تۆو کچەکەت نەجات دەدەنو تۆ دووبارە دەبیتەوە خاوەن تەختو تاجی خۆتو لەسەر تەختەکەت دادەنیشی، لەو ڕۆژە بە دواوە پلەوپایەو شانو شەوکەتت لە زیاد بووندا دەبێ.

پاشا گوتی:

ــ وەزیر، ئایا دەتوانی پێم بڵێی ئەم سێ قارەمانە لە کام شار یان شارۆچکەو دێو لە چ کاتێك لە دایك بوونە، یان لە دایك دەبن؟

وەزیر ماوەیەکی زۆر تاسی ڕەملی ڕشتە سەر خانەکانی کتێبی ڕەمل‌و خەریکی ڕەمالی بوو و پاشان گوتی:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ. بەگوێرەی ئەوەی کتێب نیشانی دەدا، هەر سێ قارەمانەکە ئەم ساڵ لە شارێکی دە قۆناغ دوور لە پایتەخت دێنە دونیاوە.

پاشا گوتی:

ــ وەزیر! کە ئەوانە لەدایك بوون، ئایا دەکرێ بیانناسین، واتە ئایا هیچ نیشانەیان لە کتێبی ڕەملدا هاتووە.

وەزیر گوتی:

ــ بەڵێ، قیبلەی عالەم، دەشێ. چونکە نیشانەکانی قارەمانەکان بە ئاشکرا لە کتێبی ڕەملدا نووسراوە.

پاشا گوتی:

ــ کەواتە، ئەندازە زێڕێکی زۆر لە خەزێنە وەربگرەو بڕۆ ئەو شارە. ئەم ساڵ هەر منداڵێ لەدایك بوو، بەقەد کێشی خۆی زێڕ بدەو بیکڕە. قارەمانەکان بە نیشانە بکەو ناویان بنووسەو بێنە ساڵ بە ساڵ مەسرەفیان لە خەزێنە بدە.

وەزیر یەکسەر تەدارەکی ڕێکخست‌و چەند ڕەمال‌و ئەستێرەناسێکی بردو چووە شارەکە. خەبەریان دایە خەڵکی شار هەرکەسێ منداڵی بوو، بیهێنێتە لای وەزیرو بەقەدەر کێشی منداڵەکە زێڕ وەربگرێ. وەزیر هەر خۆشی ناو لە منداڵەکە دەنێ.

بەڵێ، هەرکەسێ منداڵی دەبوو، دەیهێنایە لای وەزیرو ئەستێرەناسەکان‌و ئەوانیش تەماشای نیشانەکانی منداڵەکەیان دەکردو ناویان لێدەنا. بە کێشی منداڵەکە زێڕیان دەدایە داییابی.

یەکێ لە قارەمانەکان لەدایك بوو و هێنایانە لای وەزیر، هەموو ئەو نیشانانەی لە کتێبی ڕەملدا نووسرابوو، تێیدا هەبوو. خۆشی لە منداڵی یەکساڵە بەکەلەشتر بوو. ناویان

لە کتێبی ڕەملدا دۆزییەوەو ناویان نا (هەمزە). بە سەنگی هەمزە زێڕیان کێشاو دایانە دایبابی. بازووبەندێکی تایبەتییان بە ناوی هەمزە دروست کردو لەعلێکیان لەناو ناو لە بازوویان بەستو بە دایەنێکیان سپارد بۆ ئەوەی بەخێوی بکا.

دوای ماوەیەك، قارەمانی دووەم لەدایك بوو، نیشانەکانی ئەویشیان دۆزییەوە لەگەڵ نیشانەکانی کتێبی ڕەمل یەکی دەگرتەوە، لەسەر کتێبەکە ناویان نا (موقبیل).

بەڵام بەداخەوە وەزیرو وەکیل هەرچەندە چاوەڕێیان کرد قارەمانی سێیەم هەر دیار نەبوو. ساڵ لە تەواو بووندابوو، دوا ڕۆژی ساڵی کۆن بوو. وەزیر بە ئەستێرەناسانی گوت:

ـ بەرامبەر پاشا درۆزن دەرچووین. سێ چوار سەعات زیاتر نەماوە، ساڵ وەرسووڕێتەوە. قارەمانەکان دەبێ بن بە سێ کەس.

با ئەوانە لە بیرکردنەوەدا بن، باسی کامەرانی نێچیروانتان بۆ بکەم:

کامەرانی نێچیروان زۆر هەژارو دەستکورت بوو، بە درێژایی ژیانی لە ئازارو ئەشکەنجە زیاتر هیچی تری نەدیبوو. نێچیری هێناو هی هەر کەسێکی لەدەرگاوە دایەوە ماڵی خۆی و ئاخیری بە کفتو شەکەتی چووەوە ماڵی، ژنەکەی گوتی:

ـ پیاویژگە! توخودا، لەبیرم نەبوو، ئاوم نەهێناوە، بڕۆ سەتڵە ئاوێك بێنە.

کامەران دەستی دایە دارێكو گوتی:

ـ سەگباب! ژنی خەڵکی منداڵی دەبێو بەقەدەر کێشی منداڵەکە زێڕ وەردەگرێ، کەچی تۆ ناتوانی سەتڵە ئاوێك بێنی؟ بە داران وەرگەڕا ژنەکەی. ژنەکە گوتی:

ـ پیاویژگە! هەی خاکت بەسەر! ئاخر منداڵبوون بە زۆری نابێ. بۆچی لێم دەدەی؟ هەی دادو بێداد. خەڵکە بمگەنێ مردم. کوڕە بەسم لێدە، دڵم شەقی برد!

کامەران دستی دایە سەتڵو چووە سەر ڕووبار ئاو بێنێ. کە گەڕایەوە، دیتی دراوسێ هەموو لە بەردەم دەرگای ماڵیان کۆبوونەتەوە. ژنەکەی نووستووەو شتێکی بەقەدەر مستێکی لە تەنیشتە خۆی داناوە. بە وردی تەماشای شتەکەی کرد دیتی منداڵە، بەڵام

دەموچاوی بە ئەندازەی نینۆکێك بوو و چاوەکانی وەکوو کونەدەرزی دەدرەوشانەوەو سەری بەقەدەر فندقێكو ئەنگوستەکانیشی هەموو بەقەدەر نینۆکی چۆلەکە بوون.

لەبەر خۆیەوە گوتی:

ــ دامان نا من ئەمەم بردە لای وەزیر بۆ ئەوەی بەقەدەر کێشەکەی زێڕم بدەنێ. یەکەم ئەوان ئەمەیان بۆچییە؟ دووەم ئەگەر قبوولێشیان کردو ویستیان بیکوژنو بەقەدەر کێشەکەی زێڕم بدەنێ، مەگەر چ کێشی هەیە؟ کێشی پێنج پوولیش نابێ.

دوای نەختێ بیرکردنەوە، منداڵەکەی لە چەرچەفێك پێچاو هەندێ خشتو بەردیشی لەگەڵ پێچاو هەڵیگرت بردییە لای وەزیر. وەزیر بە بێ حەوسەڵەیی چاوەڕێی دەکرد. لەپڕ دیتی یەکێ لە دەرگاوە سەر لە ژوورەوە هەڵدەکێشێ. وەزیر یەکسەر بە پیرییەوە چوو و پرسی:

ــ منداڵت هێناوە؟

کامەران گوتی:

ــ هەم (ئا)و هەم (نا).

وەزیر گوتی:

ــ سەیرکە، منداڵەکەی تۆ سەری بەقەدەر فندقێكو دەموچاوی بە ئەندازەی نینۆکێكو چاوەکانی تەمەت کونی دەرزیو ئەنگوستەکانی هەندی نینۆکی چۆلەکەن، وایە، یان نا؟

کابرا گوتی:

ــ بەڵێ وایە!

ئیتر وەزیر لە خەنی خۆشییان سەیری ئەو بەردو خشتانەی نەکرد. کە لەگەڵ منداڵەکە پێچرابوون، کێشایو حەفت هێندەی کێشی منداڵەکە زێڕی دایە کامەرانو بە ڕێی کرد.

کامەران زێڕەکەی وەرگرتو بە خۆشحاڵی بەرەو ماڵ بووەوە. منداڵەکەیان بە دایەنێك سپاردو ناویشیان نا (بابای ئەمیر).

وەزیر دایەنەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوەو هەموو منداڵەکانی پێسپاردنو ڕایسپارد ئەگەر یەك موو لە سەری هەمزەو موقبیلو بابای ئەمیر کەم ببێ، پاشا تۆو توخماتیان لەسەر زەوی دەبڕێنێتەوە. ئینجا تەواوی پێویستی، یەك ساڵی ڕێك خستو دایە دایەنەکانو ڕۆیشتو گوتی ساڵێکی تر ئەو محەلانە دێمەوە سەردانی منداڵەکان.

دایەنەکان زۆر بە چاکی منداڵەکانیان بەخێو دەکردو سەرپەرشتیان دەکردن، بەڵام بابای ئەمیر لە هەموو منداڵەکان زیاتر دایەنەکانی ئەزیەت دەدا. هێشتا نەببوو بە شەش مانگی، جارێکیان لەگەڵ هەمزە لە یەك جێو بەرامبەر یەك خەوتبوون، لەپڕ دیتیان لەعلی ناو بازووبەندی هەمزە نەماوەو، گوپی بابا ئەمیریش ئاوساوەو بای کردووە. دایەنەکان هەرچەندە تەقەلایان دا نەیانتوانی زاری بابا ئەمیر لێك بکەنەوە. بابا ئەمیر سێ ڕۆژ برسی بوو، کە دیتیان خەریکە لە برسان دەمرێ، شوێنی ئاوساوی زاریان شەق کردو لەعلەکەیان دەرهێنا.

کە منداڵەکان بوون بە یەکساڵی، وەزیر هاتە سەردانیان. هەموو دایەنەکان گلەییان لای وەزیر کردو گوتیان:

ــ ئەم (بابای ئەمیر)ە، ڕۆحی هەموومانی هێناوەتە سەر لێومان.

کە منداڵەکان بوون بە حەفت ساڵی وەزیر هاتو لە مەکتەب داینان بۆ ئەوەی دەرز بخوێنن. (بابای ئەمیر) هەر منداڵەو ئامێرێکی موسیقی بۆ دروست کردبوو ئامێرەکە دەنگی لێوە دەهات. (بابای ئەمیر) ئاوازی جۆراوجۆری فێر دەکردن. مەکتەبدار لێی پڕ ببوو. ڕۆژی بە منداڵەکانی گوت:

ــ منداڵینە، دارو فەلاقە بێنن.

هێنایانو بابای ئەمیریان لە فەلاقە داو مەکتەبدار ئەوەندە لە پێیەکانی (بابای ئەمیر)ی دا تا خوێنی لە پێیەکان هات. کە پێیان کردەوە، بابا پێکەنیو دانیشتو گوتی:

ــ مامە، هەریتان پێ دەدەم ئیتر چەتوونی ناکەم، دەرزی خۆشم بە باشی دەخوێنم‌و بە پرسیاری جۆراوجۆر سەری مەکتەبداری گێژ کرد.

کاتێ ڕۆژاوا، (بابای ئەمیر) لە دەرەوەی مەکتەب، لە ناو درەختان، خۆی لە جێیەك شاردەوە. کاتێ مەکتەبدار بەوێدا تێپەڕی، بابا پاڵی پێوە ناو فڕێی دایە ناو زەندۆڵێکی پڕ ئاوو کردییە هاتو هاوار:

ــ هاوارە، وەرن هاوارە، مەکتەبدار کەوتۆتە ناو زەندۆڵۆ وا دەمرێ. خۆشی یارمەتیی دان‌و مەکتەبداریان دەرهێنا.

بێوەژنێ لەم نزیکانە بوو، بە تەنیا بوو لە ماڵەوە, بە زۆری مەکتەبداریان بردە ماڵی پیرەژن، بابای ئەمیر گوتی:

ــ خانم، ئەمە مەکتەبداری نۆشێروانە، باش خزمەتی بکە. جلوبەرگی بشۆو جێگەی بۆ ڕاخە با بحەسێتەوە، ئەویش تۆڵەت بۆ دەکاتەوەو خەلاتت دەکا.

ژنە ڕازی بوو و بابای ئەمیر یارمەتیی دا جلوبەرگیان لەبەر مەکتەبدار کردەوەو نواندیان. ژنەش خەریکی شووشتنو وشککردنەوەی جلەکان بوو.

بابای ئەمیر هەر زوو خۆی گەیاندە ماڵی مەکتەبدار، کە ناوی (یەعقووب) بوو و بە ژنەکەی گوت:

ــ پوورێ گیان، غەیبەت باش نییە، بەڵام ناچارم پێت بڵێم: مامە یەعقووب ژنێکی جوان‌و نازداری وەکوو تۆی هەیە، تۆی جێ هێشتووەو چووە بێوەژنێکی هێناوەو ئێستاش چۆتە ماڵی بێوەژنەکەو لەوێ خەوتووەو بە درۆ بە ئێمە دەڵێ کەوتوومەتە ناو زەندۆڵۆ جلەکانم قوڕاوی بوونە.

ژنە، هەر هێندە ئەم خەبەرەی بیست، حەفت کەسی بە کرێ گرتو دەستووری پێدان هەریەکە دەست بداتە دارێكو هەموو چوونە ماڵی ئەو ژنەی بابا ئەمیر گوتبووی. کاتێ ژنەکە چووە ژوورەوەو یەعقووبی لەناو دۆشەكو لێفەدا بینی، دەستووری دا، هەموو

کەوتنە سەری و تا ڕەپ بوو لێیان داو وردو خاشیان کردو لەگەڵ خۆیان هێنایانەوە ماڵێ. یەعقووبی داماو سێ مانگ لەناو جێ کەوت، تا چاك بووەوە. بابای ئەمیریش لەو ماوەیەدا خەریك بوو دەرزی گۆرانی بە منداڵەکان دەگوت. مەکتەبیان خستبووە پشتگوێ و هەر خەریکی بەزم و سەماو هەڵپەڕین بوون. دوای سێ مانگ، یەعقووب گەڕایەوە مەکتەب. پرسیاری لە یەکە یەکەی منداڵەکان کردو هەموو وەڵامیان دایەوە. کاتێ نۆرەی بابای ئەمیر هات، بابا ئەمیر گوتی:

ــ خوا لە باوکت خۆش بێ، بە درۆ بیانووت هێنایەوەو چووی سێ مانگ لە ماڵەوە پاڵت دایەوە، من ئەوەی دەشمزانی لە بیرم کردووە.

یەعقووب دیسان فەرمانی دا دارو فەلاقەیان هێناو بابای ئەمیریان بەستەوەو تا ڕەپ ڕاوەستا لێیان داو بە خوێن و خوڕەوە بەریان دا. بابای ئەمیر دیسان پێکەنی و هات لە جێی خۆی دانیشتەوەو گوتی:

ــ زۆر سوپاس. خوا سایەتان لەسەر من کەم نەکا. من تاوانبار بووم و سزای کارەکانی خۆمم وەرگرت، ئەگەر نا ئەی بۆچی ئەوانی تر سزا نادەی، بەڵێن بێ چیتر چەتوونی نەکەم و ببم بە هاوڕێی تۆ. تەنیا ڕووخسەت بدە، یەك سەعات بچمە دەرەوەو بێمەوە.

یەعقووب ڕووخسەتی پێدا. ئەویش یەکەوڕاست هاتە لای خەزنەداری پاشاو پێی گوت:

ــ نۆشیێروان ئەم هەموو پارەی بۆچی بە ئێوە سپاردووە؟

خەزنەدار گوتی:

ــ بۆ ئێوە!!

بابای ئەمیر گوتی:

ــ ئەی کوا؟ تا ئێستا یەك درهەمت داوەتە کامەمان؟ ڕاوەستە، با وەزیر بێ، ئەوسا خۆم دەزانم و ئێوە!

خەزنەدار لە ترسی وەزیر، یەکسەر کیسە زێڕێکی دایەو گوتی:

ــ بەساقەت بم، تۆ کەی داوای پارەت لە من کردووەو من پێم نەداوی؟ ها ئێستا ئەمە ببە بۆ خۆت خەرجی کە تا پاشان..

بابای ئەمیر چووە بازاڕ، هەندێ دەرمانی بێهۆشی کڕیو چووە گەرماو بە خاوەن گەرماوی گوت:

ــ یەعقووبی مەکتەبداری نۆشیرەوان گوتی حەمام قۆرخ بکەن، منو منداڵەکان ئەمرۆ دەمانەوێ بێین خۆمان بشۆین.

لەوێوە هاتە لای یەعقووبو گوتی:

ــ وەزیر بە خاوەن گەرماو خەبەری ناردووە دەڵێ سبەی دێتە سەردانی منداڵەکان، باش خاوێنیان بکەنەوەو بیانبێرنە گەرماو.

یەعقووب، کە ناوی وەزیری بیست، بە منداڵەکانی گوت:

ــ هەستن بچینە گەرماوو خۆمان بشۆین.

کاتێ هاتنە گەرماو، هەموو خۆیان ڕووت کردەوەو خەریکی خۆشووشتن بوون، بابای ئەمیریش خەریکی کیسە لێدانی یەعقووب بوو، بە دەم کارەکەیەوە بە هێواشی دەرمانی بێهۆشی لەسەر لووتی داناو یەعقووبی داماو بووراییەوەو خڕ خەوی لێکەوت.

بابای ئەمیر بە تەڕدەستی جلی کردەوە بەرو جلوبەرگی یەعقووبیشی هەڵگرتو هاتە ماڵی یەعقووبو گوتی:

ــ نۆشیرەوان دەستە بەرگێکی نایابی بۆ مامۆستام ناردبوو، ئەویش ئەم جلانەی دامێ بیانهێنمەوە ماڵێ بەڵام ڕایسپاردو گوتی: دوێ شەو لە خەودا بینیم مردوویەك زیندوو بۆتەوەو لەوانەیە سبەی شەو بێتە ماڵی ئێمە. هەموو شوێنێ باش بگرنو وریا بن لە دەرگاو پەنجەرەوە نەیەتە ژوورەوە. ئاخر لە داری دونیادا یەك منداڵمان هەیە ئەویش دەیەوێ بیخنکێنێ.

ژنی یەعقووب ترساو کارگەرەکانی کۆ کردەوەو گوتی:

ــ که ڕۆژئاوا بوو، ئاگاداری دەرگاو پەنجەرە بنو دار بە دەستەوە بگرنو خۆتان تەیارکەن هەر کەسێ ویستی بێتە ژوورەوە وردو خاشی بکەن.

بابای ئەمیر گوێزانێکی ڕیش تاشینو دەستێ کراسو دەرپێی سپی هەڵگرتو چووە گەرماو. هەموو مووی ڕدێنو سمێڵو برۆی یەعقووبی باش تاشیو ئینجا بەهۆش خۆی هێنایەوە. دونیا تاریك داهاتبوو، هەموو منداڵەکان چووبوونەوە ماڵی خۆیان، تەنیا یەعقووبو بابای ئەمیر مابوون. که یەعقووب بینی، مووی به لەشییەوه نەماوەو جلوبەرگی دیار نییە، له بابای ئەمیری پرسی. ئەویش گوتی هەڵبەت خەنەکە باش نەبووو نوورەی تێدا نەماوە بۆیە وای لێهاتووە. جلوبەرگەکەشت، لەوانەیە منداڵ وایانزانیبێ تۆ جلی تازە دەپۆشی، ئیدی جلە کۆنەکەیان بۆ بردوویتەوە ماڵێ. من دەستە کراسو پێجامەیەکم بۆ خۆم کڕیوە، ئێستاش شەوەو کەس نابینێ، ها، بیکە بەرو بەغار خۆت بگەیەنەوە ماڵێ.

یەعقووب ناچار بوو قبووڵی کرد، جلەکانی پۆشیو بە غارەغار بەرەو ماڵ بووەوە. ویستی زوو له دەرگای حەوشە بچێتە ژوورەوە، یاخوا ڕۆژی ڕەش بە چاوی خۆتان نەبینن، هەموو کارگەرەکان داوەرانە سەر ئەو داماوەو تا تێروپڕ بوو لێیان دا وردو خاشیان کرد. ئاخیری یەعقووب خۆی ناساندو گوتی:

ــ بابای ئەمیر ئەو بەلایەی بەسەر من هێناوە.

یەعقووب دووبارە سێ مانگ کەوتە ناو جێ، بەڵام ئیتر له ترسان نەیوێرا بێتەوە مەکتەب.

وەزیر دووبارە هاتە سەردانی منداڵەکان. یەعقووب شکاتی له بابای ئەمیر کرد، بەڵام وەزیر گوتی:

ــ ئەمە ئەگەر منداڵێکی تر بیکردایە، دەکرا فرێی دەینە دەرەوە، بەڵام بابای ئەمیر یەکێکە له سێ قارەمانەکەو دەبێ بەرگەی بگری.

یەعقووب ناچار بوو گەڕایەوە سەر دەرز گوتنەوە. ئەویش هەم لە بابا دەترساو هەم خەشمانیشی لێدەکێشا.

یەعقووبی مەکتەبدار دەرزی لە یەکە یەکەی منداڵەکان پرسی، ئەوانیش بە هەر جۆرێ بوو وەڵامیان دایەوەو خۆیان لە دەست قوتار کرد. کاتێ نۆرە گەیشتە سەر بابا، گوتی:

ــ ئاخر پیاوی باش، تۆ لەم ماوەیەدا چیت فێری من کردووە، ئێستا هاتووی لێم دەپرسیتەوە؟

یەعقووب یەکسەر داوای دارو فەلاقەی کرد، هێنایانو کەوتنە گیانی بابا.



بە کورتی بابا ئەم جارەش هیچی نەگوتو ڕووخسەتی خواستو یەکەوڕاست چووە لای خەزنەداو گوتی:

ــ ئێستا پێم بڵێ، وەزیریش وا لێرەیە، شکایەتت لای ئەو لێ بکەم یان نا؟

خەزنەدار پاڕایەوە:

ــ بابا، قوربانت بم، هەرچی بتەوێ بۆت حازر دەکەم، ئیتر شکایەتت بۆچییە؟

بابای ئەمیر گوتی:

ــ سبەی چەند چێشتکەرێك دەنێری بۆ باخەکەی نزیك مەکتەب. ڕۆنو برنجو دانەوێڵەو میوەو سەوزەو بە کورتی هەموو شتێکیان دەدەیتێ، دەیبەنو خواردنێکی باش بۆ هەموو منداڵەکان لێدەنێن، دەمەوێ هەموویان بۆ زیافەت داوەت بکەمە ئەوێ.

خەزنەدار یەکسەر گوتی:

ـ سەرچاو!

ئیتر خەریکی ڕێکخستنی کاروبارەکە بوو.

بەیانی یەعقووبی مەکتەبدار هاتە پۆلو ویستی دابنیشێ، بابا گوتی:

ـ وەزیر لە باخەکەی نزیکمانەوە پلاوی ئامادە کردووەو کاروباری ڕێکخستووەو ئێمەشی داوەت کردووە بچین.

کاتێ یەعقووب گوێی لە وشەی پلاو بوو، یەکسەر هەستاو بە منداڵەکانی گوت:

ـ با بچینە ناو باخ.

کە گەیشتنە ناو باخ، بۆن زەعفەران دەهات، بابا، یەعقووبی لە سەرەوەی مەجلیس داناو پلاوی هێناو دایەو ئەویش خواردیو چاك بووەوە.

بابا دوای خواردن، گوتی:

ـ وەرن، نەختێ یاری بکەین بۆ ئەوەی تاقەتمان نەچێ.

گوتیان:

ـ چ یارییەك؟

بابا گوتی:

ـ یاری (پاشاو وەزیر).

بە کورتی جگیان هەڵدا. یەعقووب بوو بە پاشاو بابا بوو بە دزو هەمزە بوو بە وەزیر.

پاشا فەرمانی دا سەد قامچی لە دز بدەن. یاری گەرم بوو، دووبارە جگیان هەڵدا. ئەم جارە، بابا بوو بە پاشاو موقبیل بوو بە وەزیر یەعقووب بوو بە دز. بابا بە موقبیلی گوت:

ـ بڕۆ، ئەو پەتەی کردوومانە بە جۆلانە لە درەختەکەی بکەوەو بیهێنە.

کاتێ کە هێنای گوتی:

ــ سەرێکی پەتەکە لە ملی یەعقووب ببەستنو سەرەکی تری لە چلی درەختەکە هەڵکێشنو بیدەن بە من.

منداڵەکان یەکسەر قسەکەیان موو بە موو جێبەجێ کرد. لەپڕ بابا هەمووی کۆکردنەوەو گوتی:

ــ ڕاکێشن.

هەموو پەتەکەیان ڕاکێشاو یەعقووبی داماو لە نێوان عەردو ئاسمان کەوتە پەلەقاژە. بابا ئەو سەرەپەتەی بە دەستییەوە بوو و هەموو ڕایاندەکێشا، یەکسەر لە قەدی درەختەکەی بەستو گوتی:

ــ منداڵینە ئێستا لێدەن تا یەعقووب سەماتان بۆ بکا.

منداڵەکان دەستیان بە لێدان کردو ئاخیری هاتن یەعقووبیان کردەوەو دیتیان یەعقووب لەمێژە مردووەو ڕەش داگەڕاوە.

هەمزە گوتی:

ــ بابا، هەی ماڵ کاول. تۆ ئەوە کوشتت! ئێستا چ بکەین؟ بچینە کوێ؟

بابا گوتی:

ــ منداڵینە، ئێوە هەمووتان بڕۆنەوە ماڵی خۆتان. هەمزەو موقبیلیش لەگەڵ من دێن.

بە کورتی: باباو هەمزەو موقبیل ڕوویان کردە چیایەکی ئەو ناوە، ماوەیەك گەڕان تا گەیشتنە ئەشکەوتێکو لەوێ گیرسانەوە.

هەمزە گوتی:

ــ بابا زۆر برسیم، نەختێ نانت پێیە، بمدەیتێ، بیخۆم؟!

بەرەبەری بەیانیی بوو.

بابا، ئەوانی لەوێ جێهێشتو خۆی لەو ناوەدا کەوتە گەڕانو سووڕان بۆ ئەوەی شتێ بدۆزێتەوە، ڕاوی بکاو بیخۆن، لەپڕ چاوی بە پیرەمێردێ کەوت خەریکی نوێژو خواپەرستیو ڕازونیاز بوو. وردە وردە هاتو دامێنی گرتو چاوەڕێی کرد تا لە نوێژەکەی بووەوەو لێی پرسی:

ــ تۆ کێی؟ بەو ناوەختە لێرە چ دەکەی؟

کابرا گوتی:

ــ من ناوم خدرە.

بابا توندتر دامێنی گرتو گوتی:

ــ سوێندم بە خوا بەرت نادەم.

بە ڕاکێش ڕاکێش هێنایە بەردەم ئەشکەوتەکەو یەکسەر بانگی کرد، موقبیلو هەمزە هاتن.

بابە گوتی:

ــ ئەی خدر، لە جێگایەکی باش دەستمان کەوتی. ئێستا پێم بڵێ بزانم چ بەم هەمزەی برام دەدەی؟

خدر گوتی:

ــ سەیرکە، ئەم شمشێرەی دەدەمێو، تا ئەم شمشێرەی پێ بێ کەس ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێو لە ئەنجامدا دەبێ بە ساحێبقران.

بابا گوتی:

ــ زۆر باشە چ بە براکەی ترم، موقبیل، دەدەی؟

خدر گوتی:

ــ تیرو کەوانێکیش دەدەمە ئەو ، تا لە دەستیدا بێ کەس زات ناکا لێی نزیك بێتەوەو بەسەر هەموو پاڵەوانانادا زاڵ دەبێو دەبێ بە باشترین تیراوێژی دونیا.

ــ هی ئەویش باشە! ئەی چ دەدەیتە من؟

خدر گوتی:

ــ وەرە، ئەم جامەش بۆ تۆ. پڕ ئاو، یان خۆڵی دەکەی‌و بەسەر سەری خۆتی دادەکەیت‌و هەر پێستێك‌و هەر شکڵێکت بوێ دەکەویتە ناو ئەو پێست‌و سەر ئەو شکڵە.

بابای ئەمیر گوتی:

ــ نا، خدر، ئەمە کەمە، چیترت بۆ من پێیە؟

خدر گوتی:

ــ نیمدەرێکت دەدەمێ کە خەزێنەو لەشکرو باڵاخانەو بە کورتی هەموو شتێکی پاشایەك، لەسەر ئەو نیمدەرە کۆکەیتەوەو بیبەستی، بە ئەندازەی یەك سێوی زێڕی لێ دێ، دەتوانی لە گیرفانی خۆتی بنێی، کە بیشی کەیتەوە ئەو شتانە هەموو وەکوو خۆیان لێدێتەوە.

بابای ئەمیر گوتی:

ــ ئەمەش هەر کەمە، چیترت پێیە بمەدەیتێ؟

خدر گوتی:

ــ وەرە جووتە چەکمەیەکت دەدەمێ، کە لەپێی بکەی‌و حەفت تەقڵە لێ بدەی، هەر شوێنێکی لەم دونیایەدا بتەوێ، بە چاوتروکانێك دەگەیتە ئەوێ، کە پاژنەی چەکمەکان کون بوون، ئەوسا تۆش دەمری.

بابای ئەمیر گوتی:

ــ کەواتە دەبێ ناڵچەی وا لە پاژنەی چەکمەکان بدەی، تا سەد ساڵی تر کون نەبن.

خدر یەکسەر ناڵچەی لە پاژنەی چەکمەکان داو دایەوەو گوتی:

ــ بگرە، لە پێی کە!

بابای ئەمیر چەکمەکانی وەرگرتو لەپێی کردن، لەپڕ سەیری کرد، دیتی خدر نەماوە. گوتی:

ـ ئاخ.. خدر، باش لە دەستم دەرچووی!! ئەگەر جارێکی تر بکەویتە بەردەستم، لە درەختت دەبەستمەوە. با ئەو شتانە تاقی بکەمەوە بەڵکو ڕاست بلێو چاکەی لەگەڵ ئێمە کردبێو من بە هەڵەدا چووبم.

جامەکەی پڕ خۆڵ کردو بەسەر سەری خۆیدا کرد، هەر شکڵێکی دەیەویست یەکسەر دەکەوتە سەر ئەو شکڵ و سیمایە.

نیمدەرەکەی لەسەر زەوی پان کردەوە. موقبیلو هەمزە بەردی گەورە گەورەیان لەسەر کەڵەکە کرد، کە دەقیان کرد بە ئەندازەی یەك سێوی لێهات.

چەکمەکانی لەپێ کردو حەفت تەقڵەی لێداو سەراپای دونیا گەڕاو دووبارە لە جێی جارانی ئۆقرەی گرتو بە موقبیلو هەمزەی گوت:

ـ ئافەرین خدر، پیاوێکی باش بووی! ئەگەر بتبینمەوە، تۆڵەت بۆ دەکەمەوە.

ئێستاش با باسی نۆشێروانو وەزیرەکەتان بۆ بکەین:

جوانیی گوڵچەهرەی کچی نۆشێروان ببوو بە باسی هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەكو دەم بە دەم دەڕۆیشت تا وای لێهات بە بەرگوێی پاشای یاجووجو ماجووج کەوت کە بارەگای لە کێوی سەرانديب بوو.

یاجووجو ماجووجەکان لە دێویش بەهێزتر بوون، گوێیان وەکوو گوێی فیل وابوو. وەکوو شێر تووڕەو وەکوو مەیموون چاپووكو ئازا بوون.

کاتێ پاشای ئەو یاجووجو ماجووجانە بە جوانیی گوڵجەهرەی زانی، گوتی:

ـ زەماوەند لەگەڵ گوڵچەهرە دەکەمو کوڕێکم لێدەبێ: لە جوانیدا بە دایکی دەچێو لە هێزو تاقەتیش وەکوو من وا دەبێ. بەمەوە نەوەیەکی لە یاجووجو ماجووان دەخەمەوە، هەم جوان دەبنو هەم بەهێزو تاقەت.

ئیتر داخوازیکەری ڕەوانەی لای نۆشیڕوان کردو داوای گوڵچەهرەی لێکرد.

نۆشیڕوان قسەی داخوازیکەرەکەی ڕەت کردەوەو بە وەزیری گوت:

ـ وەزیر، دەڵێی وەختی ئەو خەونە هاتووە کە دیبووم. بڕۆ قارەمانەکان بدۆزەرەوەو لەشکرێکیش پێکەوە بنێ‌و بیهێنە، بزانم شەڕمان لەگەڵ ئەم یاجووج‌و ماجووجانە ئەنجامی بە کوێ دەگا.

وەزیر یەکسەر چووە دوای منداڵەکان. خەبەریان دایە وەزیر یەعقووب مەکتەبدار مردووەو منداڵەکانیش ڕایانکردووە.

وەزیر گوتی:

ـ یەعقووب بە جەهەننەم! قارەمانەکان بدۆزنەوەو بیانهێنن.

با وەزیر لە سۆراغی قارەمانەکاندا بێ، من باسی پاشای یاجووج‌و ماجووجانتان بۆ بکەم:

پاشای یاجووج‌و ماجووجان کە زانی نۆشیڕوان کچی خۆی نەداوەتێ، وەکوو جەهەننەم گڕی گرت‌و حەفتا هەزار نەفەر لەشکری یاجووج و ماجووجی کۆ کردەوەو لە سەراندیب شۆڕ بووەوە. لە ڕێگەدا دەگەیشتنە هەر شارو گوندێك، خەڵکەکەیان دەگرت‌و دەیانکردنە کەباب‌و دەیانخواردن‌و وەکوو خۆشاو خوێنیان فڕ دەکردن.

ئەو شارەی لەشکری نۆشیڕوانی تێدا بوو، خۆیان پێڕانەگیرا، هەموو ڕایانکرد، ئەوەی مایەوە گرتیان‌و گوریس پێچیان کرد. نۆشیڕوان‌و گوڵچەهرەی کچیشیان بە دیل گرت. ئەو ڕۆژە، لەو شارە خەریکی بەزم‌و ڕابواردن بوون بۆ ئەوەی ڕۆژی باشی بەیانی بەرەو سەراندیب بکەونە ڕێ.

وەزیریش هەمان ڕۆژ، هەموو شوێنێ گەڕا تا گەیشتە ئەشکەوتەکەو باباو هەمزەو موقبیلی لەوێ دی‌و زۆر شادو کەیفخۆش بوو. یەکسەر کتێبی ڕەملی کردەوەو تاسەکانی ڕشت‌و ڕەنگی وەکوو مۆمی زەرد لێهات. دەستی لە ئەژنۆکانی وەرهێناو گوتی:

ــ نۆشیرەوان هەموو مەسرەفی ئێوەی کێشاو زەحمەتی بە ئێوە دی‌و گەورەی کردن بۆ ئەوەی لە کاتی پەلاماری دوژمن، فریای بکەون، بەڵام ئێوە نەتانتوانی هیچ یارمەتییەکی بدەن. وا نۆشیرەوان و کچەکەی دەخۆن و لرفیان دەکەن.

بابای ئەمیر یەکسەر گوتی:

ــ وەزیر مەترسە. من‌و هەمزەو موقبیلی برام بە چاوقوچانێك دەگەینە ئەوێ‌و تۆش خۆت دەزانی، هەرکاتێ ویستت، ئەوسا وەرە.

بابای ئەمیر یەکسەر نیمدەرەکەی کردەوە، موقبیل‌و هەمزەی لەسەر داناو دەقی کردو بە ئەندازەی یەك سێویان لێهات. یەکسەر لەناو گیرفانی خۆی ناو بە وەزیری گوت:

ــ خودا حافیز.

چەکمەکانی لەپێ بوو، تەقڵەی لێداو وەکوو دووکەڵ ڕەوییەوەو بزر بوو.

وەزیر چاوی لە مۆلەق وەستا. لە شوێنی خۆی وشك بوو.

بابا لە پەرگەی شار نیمدەرەکەی کردەوەو گوتی:

ــ دەبێ سەبر بکەین تا شەو دادێ. ئەوسا ئاهەنگێکیان بۆ ساز دەدەین، قەت تام‌و چێژی لەبیر نەکەن.

هەر هێندە ڕۆژ ئاوا بوو، بابا هەمزەو موقبیلی لەوێ جێهێشت‌و جامەکەی پڕ ئاو کردو بەسەر سەری خۆیدا کردو خۆی خستە سەر شکڵی تۆولە سەگێك‌و گوتی:

ــ دەچم بۆ ئەوەی خەبەرێکتان بۆ بێنم.

خۆی گەیاندە شارو یەکەم جار بە دوای بارەگای یاجووج‌و ماجووجاندا دەگەڕاو دۆزییەوە. هەموو مەستو بە کەیف بوون. پاشان گەڕا نۆشیرەوانی دۆزییەوەو بە هێواشی پێی گوت:

ــ ئەگەر ئەم دوژمنانەت تەفروتوونا بکەم‌و پاشایەتیت بۆ بگێڕمەوە، چیم دەدەیتێ؟

نۆشیرەوان سەری سوڕما، دیتی تۆولە سەگەو قسە دەکا! گوتی:

ــ هەرچی بتەوێ دەتدەمێ، بڵێ چت دەوێ؟

بابای ئەمیر گوتی:

ــ سەیرکە! من نیمدەرێکی بچووکم هەیە. ئەوەندەی لەسەر ئەو نیمدەرە جێی بووەوەو توانیم هەڵی بگرم. زێڕم لە خەزێنەی خۆت بدەرێ. گوڵچەهرە خانمی کچیشت بدە هەمزەی برام. ڕازیت؟

پاشا یەکەم جار لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە، ئەمە توولە سەگێکەو هیچی تر، هەڵبەت براکەشی یان توولەیە، یان سەگە، من کچی خۆم نەدایە یاجووجو ماجووجەکان کە لە بنیادەم دەچوون، ئێستا بیدەمە توولە سەگێ؟ بەڵام پاشان هەستی کرد سەگەکە دەڵێ: بیدە هەمزەی برامو یەکێ لەقارەمانەکانیش ناوی هەمزە یە، بێشك مەبەستی ئەوە، ئیتر گوتی:

ــ ڕازیم.

بابای ئەمیر گوتی:

ــ تۆ بەیانی لەسەر تەختی پاشایەتی دادەنیشی.

ئینجا چووە لای گوڵچەهرەو دیتی وەکو و هەوری بەهار فرمێسکی لە چاوان دەبارێ، یەکسەر گوتی:

ــ گوڵچەهرە، من ئەگەر لە دەست ئەمانە ڕزگارت بکەمو بتگێڕمەوە سەر پایەو شکۆمەندیی جارانت، مێرد بە هەمزەی برام دەکەی؟

کچە لەبەر خۆیەوە گوتی:

ــ سەیرکە، من چەند بەدبەختم، جاری یەکەم جانەوەرێکی گوێ پانو شۆڕ هاتە داخوازیمو ئێستاش توولە سەگێ هاتۆتە داخوازیم بۆ یەکێ لە بنەماڵەکەیان. بێشك بنەماڵەی توولە سەگیش هەر سەگە.

بەڵام پاشان گوتی:

ــ لە وڵاتی خۆما بکەومە باوەشی سەگ لەوە باشترە لە وڵاتی بێگانان غەریبەو ژنی پاشای یاجووجو ماجووج بم!

ئیتر گوتی:

ــ ڕازیم!

بابا گوتی:

ــ تۆش بەیانی لەسەر تەختی خۆت دادەنیشی.

ئەمەی گوتو ڕۆیشت.

کە گەیشتە لای هەمزەو موقبیل گوتی:

ــ من دەرمانی بێهۆشیم لە خواردنی پاشای یاجووجو ماجووجان کردووەو ئێستا بێهۆش بووە. هەر ئێستا دەچم، سەری دەبڕم، ئینجا وەلوەلە دەخەمە ناو لەشکرەکەیان بۆ ئەوەی بکەونە گیانی یەکترو یەکتر تارومار بکەن. ئیتر تا بەیانی هەموو یەکتر دەکوژنو کەس گیانی بە سەلامەتی دەرنابا. ئێوەش ئاگادار بن، هەر یەکێ ویستی ڕابکا، یەکسەر حەواڵەی دۆزەخی بکەن.

پاشان ڕاسپاردەی پێویستی پێدانو لەشکری دوژمنی نیشاندان. خۆیشی چووە ناو چادری پاشای یاجووجو ماجووجانو لەبەر ئەوەی خۆی خستبووە سەر شکڵی یەکێ لە یاجووجو ماجووجەکان، کەس نەیدەناسی. ئەوەندە چاوەڕێی کردن دەرمانی بێهۆشی بە تەواوی کاری خۆی کرد. ئیتر شمشێری هەڵکێشاو سەری پاشای بڕیو بە دەنگێکی بەرز خەبەری بە هەموویان دا کە پاشا کوژراوە. لەبەر ئەوەی شەو تاریکو نوتەك بوو، هەموو دەستیان دایە گورزانو کەوتنە گیانی یەکتر.

بابای ئەمیر هەر ساتەو تەقڵەیەکی لێدەداو لە لایەکی ئۆردووگاوە دەگیرسایەوەو دەیقیژاند. هەمزەو موقبیلیش داکەوتبوونە ناو جەرگەی دوژمنو تاروماریان دەکرد. دوای نەختێ لەناو لەشکر هاتنە دەرەوەو خۆیان کێشایەوە گۆشەیەكو تەماشایان کرد. تا بەیانی

ڕۆژی پاشی، یاجووجو ماجووجەکان هەر یەکتریان کوشتو یەکتریان تارومار کرد. بەرەبەری بەیانی هەموو کوژرانو لەناوچوون.

ڕۆژی پاشی، سبەینێ، نۆشیروان لەسەر تەختی پاشایەتی خۆی دانیشت. گوڵچەهرەش کە چاوی بە هەمزە کەوت، یەکسەر بەدڵێوە لکا.

پاشا دستی بابای ئەمیری گرتو بردییە ناو خەزێنەو هەموو خەزێنەیان لەسەر نیمدەرەکە کۆ کردەوە، کە بابا نیمدەرەکەی دەق کرد، بە ئەندازەی یەك سێوی لێهات. پاشا تەوازۆی بۆ بابای ئەمیر هێنایەوە کە نەیتوانی ئەو ئەندازە زێڕەی ئەو دەیەویست بۆی دەستەبەر بکاتو لەم بارەیەوە خۆی بە کەمتەرخەم پیشان دا.

لەو ڕۆژەوە، نۆشیروان خوو و ڕەوشتی خۆی گۆڕیو بوو بە پاشایەکی دادپەروەرو خەڵك پەروەر. دەستگرۆیی لێقەوامانی دەکردو بە هانای بێنەوایانەوە دەچوو، هەر بۆیەش نازناوی (نۆشیروانی دادپەروەر)یان پێبەخشی.

حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئاهەنگی زەماوەندیان گێڕاو گوڵچەهرەیان دایە هەمزە. ئەوانیش بە خۆشیو شادی ڕۆژگاریان گوزەراند.

## 10ـ چۆنیەتی هەڵبژاردنی برادەری باش



وا دەگێڕنەوە گوایە پاشایەك کوڕێکی هەبوو بە ناوی (پاشا)، عەزیزی دوڕدانەی بوو و لە بیلبیلەی چاوەکانی خۆی خۆشتری دەویست. ڕۆژێ، (پاشا) بەسواری ئەسپ لەقەراخ ڕووبار دەگەڕاو غەمی بەبادەدا لەپڕ چاوی بەدوو کەس کەوت ئاوقای یەکتر ببوون، شەڕیان بوو. یەکسەر لەسواری ئەسپ دابەزیو ناسینی یەکێکیان کەچەڵێ بوو بەناوی (**محەمەد**)و ئەوەی تر مەیتەری خۆیان بوو. لێکی کردنەوە.

مەیتەر گوتی:

ـ ئاغا، من دیتم جانتایەك بەئاو دادێ، یەکسەر چوومە ناو ئاو بۆئەوەی جانتاکە بگرمەوە، دەمو دەست ئەم کەچەڵە لەولاوە بەهەشتاوی هاتو گوتی ئەم جانتایە هی منە.

پاشا دەریهێنا، هەریەکە هەندێ پارەی دانێ. ڕستی، جانتاکەی لەهەردووکیان کڕی و لەگەڵ خۆی هێنایەوە.

لەڕێگادا، بیری کردەوە گوتی: بابیکەمەوە بزانم قسمەت چییەو جانتاکە چی تێدایە.

جانتاکەی کردەوە. دیتی جانتایەکی بچووکی تێدایە و ئەویش دیسان جانتایەکی بچووکتری تێدایە، ئاخر جانتا نووسینێکی تێدابوو. خوێندییەوە، سەیری کرد نووسراوە:

(( ئەی ئەو کەسانەی منتان دەست کەوتووە دەمخوێننەوە، ئاگادار بنو بزانن بۆ ناسینو هەڵبژاردنی برادەری باشو ڕاستەقینە و لەخۆبردوو، پێویستە ڕەنجی سەفەری قەڵای سێ پیرەمێرد بکێشن))

(پاشا) چووە لای باوکی، کەپاشا بوو، ڕووخسەتی لێ خواست ئیزنی بدا بۆ ماوەیەك بچێتە گەشتو گەڕان.

باوکی گوتی:

ـ خێرە ئیشەللا! دەچیتە کوێ؟ و مەبەستت چییە؟

کوڕەکە هیچی نەگوت، بەڵام باوکی پێیدا گرتو ئاخیری کوڕەش ناچار بوو باسی ڕووداوەکەی بۆ کردو گوتی: دەمەوێ لەنهێنی ناسینو هەڵبژاردنی برادەری ڕاستەقینە بگەم.

باوکە گوتی ئەمە پێویستی بەچوونە سەفەر نییە، دەتوانی لێرەش شتی وا بزانی. کابرایەکی بێئەقڵ ئەمەی نووسیوەو بەناوی داداوە، تۆش بەهەوای ئەم بێمێشکە، دەتەوێ ملی ڕێ بگری و بەدونیادا بگەڕێی؟ چییە؟ دەمەوێ لەنهێنی ناسینی برادەری ڕاستەقینە بگەم. کوڕم، ئەمەش بوو بەکارو ژیان؟

کاتێ (پاشا) بینی باوکی ڕەزامەندی لەسەر گەشتەکەی نەدا زۆر نارەحەت بوو. لەسەرای پاشا خۆی خزاندە ژوورێکو ئەژنۆی خەفەتی گرتە باوەشو بەرگی ڕەشی پۆشیو یەك حەفتەی تەواو لەژوورێ نەهاتە دەرەوەو ئەوەندە گریاو ئاهو زاری کرد تا ڕەنگی ئەو کاغەزەی بەدەستییەوە بوو وشتی لەسەر نووسرابوو، سڕایەوەو پاك بووەوە.

پاشا هەرچەندە چاوەڕێی کرد. دیتی کوڕەکەی دیار نییە. لەدووی نارد، گوتی بڕۆن هەموو شوێنێکی کۆشکو سەرا بپشکنن. ئاخری لەژوورێکی تاریکو غەموون دیتیانەوە. پاشا هاتە لای کوڕەکەی، دیتی ڕەنگی پەڕیوەو چاوەکانی ئاوساون. پاشا پرسی:

ــ کوڕم، ئەوە چ بووە؟ چ خێرتە؟

(پاشا) گوتی:

ــ ویستم نهێنی برادەرایەتی ڕاستەقینە بزانمو بچمە سەفەر، ئێوە ڕێتان نەدامو منیش دڵم تۆقی. هاتم لەم ژوورە بەتەنێ کەفو کوڵی خۆم بەگریان دەرکرد.

باوکە هەرچەندە ئامۆژگاری کرد، دیتی قسەکانی کار لەکوڕەکەی ناکا. سەرەنجام ڕازی بوو بچێتە سەفەر. لەگەڵ وەزیر ڕاوێژی بەرژەوەندی کردو بڕیار درا سەد سواری مەعلانی لەگەڵ بنێرن، بەڵام لەڕێگادا هەریەکە بەبیانوویەك جیاببێتەوەو وەکوو دەڵێن فیزمالکی لێ بدا بۆ ئەوەی ئاخیری (پاشا) بەتەنیاو بێیاوەر بمێنێتەوەو لەسەفەرەکەی پاشگەز بێتەوە.

بەپێی ئەم پیلانە، پاشا کوڕەکەی لەگەڵ سەد سوار ڕەوانەی سەفەر کرد، بەڵام (پاشا) لەکاتی ڕۆیشتندا محەمەد کەچەڵی بینی و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوەو داوای لێ کرد لەم سەفەرەدا لەگەڵیدا بێ.

محەمەد گوتی:

ــ دەبێ ڕووخسەت لەدایكو باوکم وەربگرم و تۆیشە لەگەڵ خۆم بێنم.

ئەوەبوو، بەیەکەوە چوونە ماڵی کەچەڵو ڕووخسەتیان لەدایكو باوکی وەرگرتو نانی جۆیان لەدەسماڵێك پێچاو بەڕێ کەوتنو ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تا گەیشتنە بێشەیەك. کەچەڵ لەپڕ هەستی کرد لەشکر وردە وردە کەمترو کەمتر دەبێتەوە، زانی ئەم ماستە موویەکی تێدایەو ئاخیری، دیتی لەخۆی و لە(پاشا) زیاتر کەس نەماوە.

ڕووی کردە (پاشا)و گوتی:

ــ ئیتر کەس نەماوە، وەرە ئێمەش بگەڕێینەوە، بەبێ لەشکر هیچمان بۆ ناکرێ.

پاشا گوتی:

ــ کەچەڵ گیان! دەبینم دڵت بۆ گەڕانەوە وەکوو گەڵای پوونگ دەلەرزێ.

ئەگەر دەتەوێ تۆش بگەڕێیتەوە، بڕۆ، من بەتەنیا دەڕۆم.

دەڵێن کەچەڵ زیرەكو زەین تیژن، کەچەڵ لەپاشا ورد بووەوەو گوتی:

ــجەنابی (پاشا) ! لەبیرت نەچێ ئەگەر یەك کەس هەبێ ئەو شوێنەی پێ بدۆزرێتەوە، ئەوە منم!

بەڕێکەوتن. ڕۆیشتن ڕۆیشتن، ماوەیەك ڕێگایان بڕی. لەپڕ دیتیان ئازووقەیان تەواو بووە. کەچەڵ گوتی:

ــ وەرە ئەو نانە جۆیە بخۆین کەمن هێناومە.

(پاشا) تا ئەو حەلە نانی جۆی نەخواردبوو. ئێستا ناچار بوو بیخوا.

پاش نان خواردن دووباره کەوتنەوە ڕێو ئەنجام گەیشتنە چیایەکو لەچیاکە شۆڕبوونەوە گەیشتنە بێشەیەکی پڕ گوڵو ڕەیحانە، هەر دەتگوت بەهەشتە. هەر گوڵو ڕەنگو بۆنێکی هەبوو، بۆنی ڕەیحانە بەهەموو لایەکدا بڵاوببوەوە، مرۆڤی مەست دەکرد. لەلایەکەوە بولبولو تەزەروو و کۆترو هەوێردەو تاوسو تووتی و هی تر دەفڕینو دەیانخوێند، لەلایەکی تریشەوە ئاسکو شوورو کەرەکێوی‌و کەروێشکو هی ترو هەرچی بەبەرچاوت دابهاتایە لێرە هەبوو و دەرمانی هەر دەردێکت بویستایە لێرە دەست دەکەوت. کۆشکێکیش لەناوڕاستی باخەکە هەبوو، خشتێکی زێڕو خشتێکی زیو بوو، سەری گەیشتبووە کەشکەلانی فەلەك، بەڵام لەهەر چوار لاوە قەڵای گەورەی لێ بوو، مرۆڤ هەر بەتەماشاکردن ترسی دەکەوتە دڵو سامی لێ دەنیشت.

(پاشا) بەکەچەڵی گوت:

ــ دەبینی جێگایەکی چەند خۆشە!!

کەچەڵ گوتی:

ــ من هەوەسم بەو قەڵایە نایە.

وردە وردە بەرەو قەڵا کەوتنەڕێ. لەنزیك قەڵا، لەپڕ زەوی لەرزی و دەنگێکی تۆقێنەر هاتو دەرگاکانی قەڵا لاشیپ بەلاشیپ بوونەوە. دەستێ لەغەیبەوە هاتو هەردووکی هەڵگرتنو بردنیە ناو قەڵاو دەستێکی‌تر ئەسپەکانی بردنە تەویلەو خورجینەو جلەوەکانی لێ کردنەوەو ئاو و ئالیکی لەبەر دانان.

کەس دیارنەبوو، ئەوان تەنیا دەستەکانیان دی. هەر ئەو دەستانە دوو نەفەرەکەیان بردە بارەگایەکی بەهەیبەتو هووت. (پاشا) دیتی ئێرە گەورەیی و شکۆمەندی‌و دەبدەبەیەکە، لەخەونیشدا شتی وای نەدیوە. باڵەخانەی باوکی لەچاو ئەمەیان وەکوو کۆڵێت وایە.

بەکورتی، دەستەکان سفرەی ڕەنگاوڕەنگیان بۆ دانانو خواردنی جۆراوجۆریان هێنا. دوای خواردنو خواردنەوە بردیاننە ژووری نووستن. میوانەکان لەبەر ئەوەی زۆر شەکەت بوون، هەرهێندە گەیشتنە سەر جێ، ڕاکشان بۆ ئەوەی بخەون.

بەڵام کەچەڵ زۆر عاقڵ بوو. کەخەوی هات، بیری کردەوە: ئەمە داوێك نەبێ بۆیان دانابنەوەو لەخەودا بیانکوژن؟ ئیتر لەسەر چوارپاکەی ڕاکشا بەڵام نەنووست. نیوەشەو، لەناکاو دیتی دەرگاکانی ژوورەوە لاشیپ بەلاشیپ بوونەوەو سێ پیرەمێرد بەمێزەری ڕەشو عەبای ڕەشو پێڵاوی ڕەش هاتنە ژوورەوە. ئەو پیرەمێردانە هەریەکە شتێکی بەدەستەوە بوو: یەکەم داردستێکی ڕەشو دووەم کتێبێكو سێیەم شمشێرێکی قەفتە ڕەشی بەدەستەوەبوو.

ئەو پیرەمێردەی شمشێری ڕەشی بەدەستەوە بوو، گوتی:

ـ چ دەڵێن؟ ئەمان بەشمشێر بکوژم؟ دەترسم بڕۆنو نهێنیمان لەهەموو شوێنێ ئاشکرا بکەن.

ئەو پیرەمێردەی کتێبی بەدەستەوەبوو، گوتی:

ـ ئەو کوڕە گەنجەی نووستووە کوڕە پاشایە. ئەگەر بیکوژی هەڵبەت باوکی بۆ تۆڵە سەندنەوە دێ. ئەوەی تریش محەمەد کەچەڵە، ئەویش هێشتا هەجەلی نەهاتووەو وەختی مردنی نییە.

ئەو پیرەمێردەی داردستی بەدەستەوەبوو، گوتی:

ـ ئەی چیان لێ بکەین؟

ئەو پیرەمێردەی کتێبی بەدەستەوە بوو، گوتی:

ـ ئێستا مادام ئەوان پەنایان بۆ ئێمە هێناوە، واچاکە یارمەتییان بدەین، کلۆڵو داماون!

که پیرەمێرد قسەکەی تەواو کرد، کەچەڵ لەجێی خۆی هەستاو کەوتە سەر پێی پیرەمێردو دەستی بەگریانو پاڕانەوە کردو گوتی درێغی لەیارمەتیدانمان مەکەن. ئێمە دەچین نهێنی برادەرایەتی دروستو ڕاستەقینە بزانین، یارمەتیمان لێ مەبڕن.

ــ پیرەمێرد گوتی:

ــ کوڕەکە! مادام ئەوەندە دەپاڕێیتەوە، باش گوێ لەقسەکانم بگرەو زۆر چاك لەبەریان بکە:

بەیانی زوو کەلەخەو ڕابوون، سواری ئەسپەکانتان بن، ڕێگای دەستەڕاست بگرنو بڕۆن. یەکەمجار ڕێوییەکتان دێتە پێش. ئەم ڕێوییە پیرەژنێکی جادووگەرە، لەحەفت ڕێیانێك دادەنیشێو قسە لەخەڵك دەردێنێو بەنهێنی دڵیان دەکەوێ. نەکەن نهێنی خۆتانی لەلا بدرکێنن. یەکەم جار نەختێ لەڕێوییەکە دوورکەونەوەو پاشان ئەسپەکانتان پاشو پێش ناڵ بکەن، بۆئەوەی ئەگەر هاتنە دواتان، ڕێگا وێڵ بکەن. ئینجا دەگەنە باڵندەیەکی کێوی هەر پەڕێکی ڕەنگێکە، هەندێ دان لەبەر ئەو باڵندەیە ڕووبکەنو خۆی لێ دوور بکەنەوە، نەکەن دەستی لێ بدەن، چونکە ئەویش تەلەسمی لێ کراوە.

دوای ئەوەی لەم دوو تەلەسمە دەربازبوون، دەگەنە کەناری دەریایەك. ئەسپەکانتان ناتوانن لەدەریا بپەڕنەوە. لەناو بێشە زار بەرەڵلایان کەن بۆ ئەوەی باش بلەوەڕێنو بحەسێنەوە. بەردێکی ڕەشی گەورە لەکەناری دەریا هەیە، ئەوبەردەرەشە جلەوی ئەسپێکی لەبنە. جلەوەکە هەڵگرنو لەناو ئاوی دەریای ڕابکەن. بەڵام با پێشتان بڵێم بەردە ڕەشەکە زۆر قورسە، کێشی هەزار کیلۆیە. ئێوە هەرچەندە هەوڵ بدەن ناتوانن لەشوێنی خۆی بیجووڵێنن. دەبێ لەتەنیشت بەردەکە بوەستنو بڵێن:

ــ ئەی بەردی ڕەش، تۆ لەئاسمان هاتیتە خوارێو زەوی پارێزگاری کردی، تۆش ببە پارێزگارو پشتیوانی ئێمەمانان.

که ئەم قسانەتان کرد، بەردەکە بجوولێننەوە. ئەو حەلە بەردەکە سووکتر دەبێ، جلەوەکە هەڵگرن، دەبینن ئەسپێکی سێ پێ لەناوەڕاستی دەریاوە دەردەکەوێ. سواری پشتی خۆتان دەکاو دەتانگەیەنێتە کەنارەکەی ئەوبەری دەریا. لەوبەریش بەردێکی ڕەش هەیە. ئێوە دەبێ جلەوەکە لەژێر ئەو بەردە ڕەشەی ئەوێدا بنێنو لەڕێی خۆتان بەردەوام بن.

ئەسپی سێ‌پێش دووبارە دەگەڕێتەوە ناو دەریا، چونکە ناتوانێ لەبەژووشکاتیدا بمێنێتەوە.

لەوبەری دەریا، دوو جووتە پێڵاوی ئاسنینو دوو دارعەسا لەتەنیشت درەختێك هەن. دەبێ پێڵاوەکان لەپێ بکەنو دار عەساکە بەدەستەوە بگرنو لەڕێی خۆتان بەردەوام بن. پێویستە ئەوەندە بڕۆن تا دەگەنە شوێنێ نووکی عەساکە دەسوێو پاژنەی پێڵاوەکان کون دەبن. ئەو شوێنە جێگای مەبەستی ئێوەیە. لەوێ تووشی پیرەژنێك دەبن. هەندێ پارەی بدەنێ بۆئەوەی ئەو جێگایەی بەدوایدا دەگەڕێن پیشانتان بدا.

پیرەمێردەکان قسەکانی خۆیان کردو ڕۆیشتن:

ئینجا کەچەڵ ویستی (پاشا) بەخەبەر بێنی، بەڵام هەرچەندە جوولاندییەوە تەکانی دا، دیتی بەخەبەر نایە، وەکوو مردوو ڕاکشاوە. ئاخری بەهەر دەردەسەرییەك بوو بەخەبەری هێنا. (پاشا) گوتی:

ــ هەی کەچەڵی غەدار! بۆچی بەخەبەرت هێنام، نازانی لەچ خەونێکی خۆشدا بووم. ئەگەر تۆبای لەجێی من، قەتاوقەت بەخەبەر نەدەهاتی.

محەمەد کەچەڵ گوتی:

ــ جەنابی (پاشا) خۆش بەحاڵت کەهیچ ئاگات لەدونیاو هیچ شتێکی دونیا نییە. ئەگەر بتزانیایە شەو پیرەمێردەکان چ قسەیان لەگەڵ کردم، دڵت دەبوو بەکەباب.

ــ پیرەمێردی چی؟ تۆخۆت دەزانی باسی چ دەکەی؟

کەچەڵ بەسەرهاتی ئەوشەوەی خۆی لەگەڵ پیرەمێردەکان هەمووی لەسیر هەتا پیواز بۆ باس کرد. تەنیا یەك شتی بەپێچەوانەوە گوت. ئەویش لێدانو کوشتنی باڵندەی کێوی هەزار ڕەنگ بوو، بەئەنقەستیش وایکرد بۆ ئەوەی ئەگەر جارێ (پاشا)لای خۆی دەری کرد، پەڕی باڵندەیەکی لا بێ و (پاشا) لەدڵی خۆیەوە نەڵێ ئەوا هەموو نهێنییەکم زانی و ئیتر پێویستم بەکەچەڵ نەماوە، با بڕوا بچێتە دوای ئیشی خۆی.

ئەوسا، کەچەڵ بەڵێنی لە(پاشا) وەرگرت کەلەڕێگادا کەچەڵ هەرچی گوت موو بەموو جێ بەجێی بکەن. پەیمانیشیان لەگەڵ یەك بەست دۆستی وەفادارو پشتی یەکتر بن. هەردووکیان ئەنگوستی خۆیان بڕی و خوێنی خۆیان تێکەڵ کرد کە

نابێ لەقسەی خۆیان پاشگەز بنەوە.

هاتنە دەرەوە، دیتیان ئەسپەکانیان بەهەموو تەدارەکەوە لەبەر دەرگا ئامادە و تەیارن. سواری ئەسپەکانیان بوونو کەوتنەڕێ.

هەروەکوو پیرەمێردەکان گوتبوویان، ڕێوییەکیان لەپێش پەیدا بوو. ڕێوی زمانی کردەوەو وەکوو بنیادەم بەقسەهاتو هەرچەندە جەختی کردو پاڕایەوە نەیتوانی لەنهێنییان بگات. (پاشا) و کەچەڵ نەختێ لەڕێوی دوورکەوتنەوە، یەکسەر ناڵی ئەسپەکانیان لێ کردەوەو بەپێچەوانە لەپێی ئەسپەکانیان دایەوە بۆئەوەی ڕێوی بەپێچەوانەی ئەوان بڕواو بزریان بکا. دوای نەختێ ڕێگا بڕین تووشی باڵندەیەکی کێوی هەزار ڕەنگ بوون (پاشا) دەستی دایە تیروکەوانو ویستی لەباڵندەکە بدا، بەڵام کەچەڵ ڕێی نەدا.

پاشا گوتی:

ـ بۆچی لەقسەی خۆت پەشیمان بوویتەوە.

محەمەد کەچەڵ گوتی:

ـ جەنابی (پاشا) دڵنیابە، من بەئەنقەست، ئەم شتەم بەپێچەوانەوە بەتۆ گوتبوو. ماوەیەك بەسواری ئەسپ ڕۆیشتن. گەیشتنە کەناری دەریاو زینیان لەئەسپەکان کردەوەو

بەریان هەڵدان. کەچەڵ بەردە ڕەشەکەی جووڵاندەوەو جلەوەکەی لەبن دەرهێناو فڕێی دایە ناو ئاوی دەریا. لەو کاتەدا دیتیان دەنگو سەدایەکی ترسناك هاتو دەریا کەوتە شەپۆڵ دانو ئەسپێکی سێ پێ لەناو ئاوی دەریا بەتەکان هات. کەچەڵ یەکسەر خۆی بەئاوەکە داداو جلەوی ئەسپەکەی گرتو سواری بوو.

(پاشا) یش خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەو بەچاوتروکانێك ئەسپەکە هەردووکی گەیاندنە ئەوبەری دەریا. کەچەڵ دەرحاڵ جلەوی لەسەری ئەسپەکە کردەوەو ئەسپەکەی ئیزنداو کە لەوبەری دابەزین، جلەوەکەی لەژێر بەردەرەشەکە نا. چوونە شوێن پێڵاو و عەسای ئاسنینو هەر زوو دۆزیانەوەو پێڵاوەکەیان لەپێ کردو عەساکەیان گرتە دەستو بەڕێکەوتن. وەکوو (با) گەلی و تەپۆلکەو کێوو کەوریان بڕی، لەپڕ هەستیان کرد پاژنەی پێڵاوەکان کون بوونەو عەساکان سواون، زانیان گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست. تەماشای ئەم لاو ئەولایان کرد، کوخێکیان بینی، لەدەرگایان دا، پیرەژنێك دەرگای کردەوە.

(پاشا) گوتی:

ــ دایکە، هیچ داڵدەمان نییە، ئەمشەو بەمیوانی ڕامان گرە، هەرچی بتەوێ دەتدەینێ.

پیرەژن گوتی:

ــ ڕۆڵەکانم ڕاستتان دەوێ، جێگای خەوتنم هەیە. بەڵام بۆ خواردن ئاهم لەسفرەدا نییە.

(پاشا) گوتی:

ــ خەم نییە، جێگە لەئێوە و خواردن لەئێمە.

یەکسەر پارچە لەعلێکی بەهاداری لەگیرفانی دەرهێناو دایە پیرەژنو گوتی: دایە، ها ئەمە بگرەو بیبە لەبازاڕ بیفرۆشەو نەختێ خۆراکو کەلوپەل بکڕەو بیهێنەوە.

پیرەژن چاوی لەقەپێلك دەرزۆیی. دەرحاڵ لەعلەکەی وەرگرتو هەیپەی لێ کرد بۆ بازاڕی گەوهەر فرۆشانو لەعلەکەی دایە گەوهەر فرۆشێكو گوتی:

ــ پارەکەیم بدەرێ

ــ بازرگان لەعلەکەی وەرگرت‌و سەیری کرد، دیتی زۆر بەنرخ‌و گرانبەهایەو پیرەژن بەتەنێ پارەکەی پێ هەڵناگیرێ، ئیتر بەپیرەژنەکەی گوت:

ــ برۆ بانگی کۆڵهەڵگرێك بکەو وەرەوە.

یەکەم جار،پیرەژن واقی وڕماو بیری کردەوە بازرگانەکە تەفرەی داوە. لەبەر خۆیەوە گوتی:

ــ دەچم کۆڵهەڵگرێك دێنم. ئەگەر زانیم بازرگانەکە تەفرەی داوم، دەردێکی وای پێ دەکەم ئەو شیرەی لەمەمکی دایکی مشتووە، لەچاوی بێتەوە.

هەر ڕایکرد چوو کۆڵهەڵگرێکی هێنا. بازرگان پارەکەی لەگونیەیەك کردو ئەو کەل‌وپەلەی پیرەژن دەیەویست، کڕی‌و هەمووی لەکۆڵی کۆڵهەڵگرەکە کردو بەڕێی کرد. کۆڵهەلگرەکە لەگەڵ پیرەژن هاتنەوە ماڵێ‌و پیرەژن کەل‌وپەلەکانی وەرگرت‌و پارەی کۆڵهەڵگرەکەی داو بەڕێی کرد.

(پاشا) و کەچەڵ، پیرەژنیان لاواندەوەو گوتیان:

ــ دایکە ئێمە ئیشێکمان هەیە، ئەگەر بۆمان بکەی ئەوەندەت لەم لەعل‌و گەوهەرانە پێ دەدەین کەنەزانی چییان لێ بکەی.

پیرەژن گوتی:

ــ کوڕەکانم، ئەوەندەی ئێستا بەمنتان داوە بەسیەتی. پێم بڵێن ئیشەکەتان چییە؟

**محەمەد کەچەڵ گوتی:**

ــ ئێمە هاتووین نهێنی دۆستێنی ڕاستەقینە بزانین. بیستوومانە دەتوانین ئەمە لەقەڵای جادووبەندی سێ پیری دەروێش فێر ببین.. تۆ دەبێ جێگای ئەم قەڵایە پێشانی ئێمە بدەی.

پیرەژن پێکەنی و گوتی:

ــ کوڕە باشەکانم! ئەو قەڵایەی ئێوە بەدوایەوەن، هەر ئەو قەڵایەیە کەسێ پیرەمێردەکەی تیا بوو و ئێوەیان ڕەوانەی لای من کرد.

پاشا پرسی:

ــ باشە، بۆچی ئێمەیان ڕەوانەی لای تۆکرد.

پیرەژنەکە گوتی:

ــ ئێوە کەدووبارە چاوتان پێکەوتنەوە، دەتوانن ئەمە لەخۆیان بپرسن. هەر ئێستا هەستن‌و بەرەو شار بکەونەڕێو کەلەدەروازەی شار ئاودیوبوون بپرسن باڵەخانەی ئەحمەدو محەمەد لەکوێیە؟ پێتان نیشان دەدەن ئەو دوو کەسە دەتوانن مەتەلەکەتان هەڵبێنن.

ئیتر ئەوانیش بەڕێکەوتن‌و ڕۆیشتن. لەپەڕگەی شارو لەناو بێشە تووشی شوانێك بوون‌و لێیان پرسی:

ــ ئەری ماڵی ئەو دوو برادەرە پێ نازانی کەناویان ئەحمەدو محەمەدە؟

شوانەکە گوتی:

ــ من شوانی مێگەلە مەڕی ئەم دوو کەسەم. بەدەست ئاماژەی کردو گوتی:

ــ ئەو باڵەخانە گەورەیە دەبینن، ئەوە ماڵی ئەوانە.

کەچەڵو (پاشا) سوپاسیان کردو کەوتنەڕێو گەیشتنە باڵەخانە گەورەکەو لەدەرگایان دا. ئەحمەد خۆی دەرگای کردەوە. (پاشا) یەکسەر گوتی:

ــ جەناب، ئێمە غەریبەین‌و هیچ داڵدەمان نییە. سەرەڕای ئەمەش ئیشێکی پێویستمان بەئێوە کەوتووەو ڕێگایەکی دوورو درێژمان بڕیوە، تا ئێوەمان دۆزیوەتەوە.

ئەحمەد گوتی:

ــ میوان خۆشەویستی خودایە، جێگای سەرچاوانە. فەرموون، وەرنە ژوورە.

میوانەکانی خۆی بردە ژووری میوانان‌و خواردن‌و خواردنەوەو میوەو شتی تریان هێناو خەریك بوون، لەوکاتەدا (پاشا) گوتی:

ـ ئێمه دەست لەنانو نمەکی تۆ نادەین، تا ڕەمزوڕازی دۆستێنی خۆتو محەمەدمان پێ نەڵێی !

هەرچەندە ئەحمەد پێی داگرتو سووربوو، میوانەکان دەمیان لەهیچ نەدا تا ئاخیری ئەحمەد پرسی:

ـ مەبەستتان لەزانینی نهێنی دۆستێنی من چییە؟

(پاشا) لەسەرەتاوە سەرگوزەشتەی خۆی هەمەوو بەدووورودرێژی بۆ ئەحمەد گێڕایەوەو گوتی:

ـ من لەپێناوی زانینی نهێنی تۆ درێغیم لەگیانی خۆشم نەکردووە.

کە ئەحمەد ئەمەی بیست، سکی پێ سووتانو سەرگوزەشتەو نهێنی دۆستێنی خۆی و محەمەدی بەم جۆرە باس کرد:

ـ من لەسەردەمی گەنجێتی زۆر برادەرم هەبوو. هەر ڕۆژە لەگەڵ یەکێ بەخۆشی دەژیامو کاتم دەگوزەراندو چێژم وەردەگرت. ڕۆژێ باوکم پێی گوتم:

ـ کوڕم، تۆ کە ئەم هەمەوو برادەرت هەیە، هیچ جارێ تاقیت کردوونەتەوە ئاخۆ ئەگەر ڕۆژێ پێویستت پێبوون بەکەڵکت دێنو پێویستت جێبەجێ دەکەن؟ چونکە دەبینم تۆ زۆر یارمەتییان دەدەیتو مەسرەفیان دەکێشی؟

منیش گوتم:

ـ باوکە! ئەوانە برادەری نزیکی منن. ئەی نابینی هەمەوو ڕۆژێ دێنە سەردانم. ئەگەر داوای ڕۆحیشیان لێ بکەم، درێغی ناکەن.

باوکم گوتی:

ـ کوڕم، تۆ هێشتا منداڵی. هەرکەسێ بەڕووی پیاو پێکەنی، نابێ بەبرادەر دابنرێ. ئەمانە زۆربەیان برادەری گیرفانی تۆن، نەك برادەری خۆت. ئەمانە بۆ خواردن دێن. چونکە

مێش و مەگەز لەدەوری شیرینی کۆ دەبنەوە. ئەگەر دەڵێی وانییە، تاقی کردنەوە هیچی تێناچێ. تاقییان بکەوە.

ڕۆژێ مەڕێکم سەربڕی و لەناو جواڵێکم ناو بەپشتی خۆمم داداو ملی ڕێم گرت، چوومە ماڵی یەکەیەکەی برادەرەکانم و گوتم: ئەمڕۆ زەرێکم لەدەست قەوماوە. باشترین مەڕی خانم کوشتووەکە لەگیانی خۆی خۆشتری دەوێ. ئەگەر خانی گەورە پێ بزانێ لەسەرم دەدا. ناچارم، کەلەشی مەڕەکەم هێناوە بۆئەوەی لەزەوی یان ماڵی ئێوە، لەشوێنێ بینێژم.

ئەویش گوتی: ڕاستە ئێمە برادەرین، بەڵام من ناتوانم ئەم جۆرە شتانە لەماڵی خۆم بنێژم، چونکە ئەگەر خانی گەورە پاشان بزانێ چی خراپە پێم دەکات. بەکورتی تا من زیاتر پێم داگرت و پاڕامەوە، برادەرەکەم خراپتر تووڕە بوو و گوتی: کاکە غەلەت نەبووین چەند ڕۆژێ برادەراتی تۆمان کرد، ئیتر براپەوە نایکەین!! بەم جۆرە چوومە ماڵی هەر سێ برادەرەکەم و داوام لێ کردن، بەڵام هەموویان دەرگایان بەڕووداخستم و ڕازی نەبوون یارمەتیم بدەن.

سەرەنجام بەشل و شەکەتی و بەکزی و غەمباری بەرەوماڵ بوومەوە. لەپڕ بیرم کەوتەوە ناسیاوێکی دێرینم لەدەم ڕێ هەیە، هەرچەندە هاوڕێیەکی نزیکی من نییە، بەڵام باشە، خراپ نییە ئەویش تاقی بکەمەوە.

ویستم لەدەرگای ماڵی بدەم، بەڵام وام بەدڵ داهات گوتم: ئەوانەی شەو و ڕۆژ لەماڵی من نانیان دەخوارد دەیانبردو دەیانماشییەوە چۆن قەشمەریان پێ کردم، داخۆ ئەم غەریبە نەناسیاوە چ قەشمەرییەکم پێ بکا. ئاخیری لەبەرناچاری و بۆئەوەی بەدەستی بەتاڵی نەگەڕێمەوە، لەدەرگای ماڵی (محەمەد) یشم دا. خۆی دەرگای کردەوە. سەلامم کردو گوتم لەدەستم قەوماوەو مەڕی خانی گەورەم کوشتووەو لەبەرناچاری هاتووم تۆ یارمەتیم بدەی ئەمە لەجێگایەك بنێژین.

ئەویش پێی گوتم:

ــ هەڵبەت کەمەرِی خەڵکت کوشتووە ئیشێکی خراپت کردووە، بەڵام ئەوەی چوو، چوو، تازە قەوماوە. دەبێ یارمەتیت بدەم، تۆ نابێ بۆخاتری مەرِێك بەکوشتن بچی.

کابرا دەستی دایە کوڵنگو بێڵۆ گوتی:

ــ پێشکەوە بچین کەلەشەکە لەناو زەوی من لەشوێنێ بنێژین.

کوڵنگو بێڵەکەی دایە منو گوتی:

ــ تۆ ماندووبووی.

خۆی کەلەشی مەرِەکەی بەشانی داداو هەر رِۆیشت رِۆیشت تا گەیشتینە زەوییەکی رِاستان. کەلەشی مەرِەکەی لەسەر زەوی دانا. دەستی دایە کوڵێنگو بێڵەکەو دەستی بەهەڵکۆڵینی زەوی کرد، جۆگایەك بەوێدا دەرِۆیشت، لەغەمێکی لەژێر لێداو کەلەشە مەرەکەی دەق لەو شوێنە ناشت کەئاوی جۆگای بەسەردا دەرِۆیشتو دیارنەبوو لەوێ نێژراوە. کەس گومانی لەمەسەلەکە نەدەکرد. بەکورتی، دوای تەواوبوونی کارەکە، زۆر سوپاسم کردو گەرِامەوە ماڵێ.

شەوی پاشی، دیسان چوومە سەردانی برادەرەکەم، گوتیان: لەماڵەوە نییەو چۆتە ماڵی (بووك) لەبەرخۆمەوە گوتم ئەم کابرایە بەکردەوە کابرایەکی رِاستگۆ بوو، ئێستا وەرە تاقی بکەوە داخۆ لەپاراستنی رِازو نهێنی چۆنە!

ئیتر چوومە ماڵی بووك. کەچوومە ناو کۆرِەکە، بینیم هەموو مرۆڤی لەخۆرِازی لەکۆرِەکە کۆبوونەتەوەو برادەرەکەم

لەسەرەوەی کۆرِەکە دانیشتووە. دەنگم هەڵبرِی و گوتم:

ــ هۆ محەمەد هۆ! دایکت واو باوکت وا. وەرە دەرەوە بزانە چیم بۆ لێناویو چ دەردێکت پێ دەکەم.

برادەرەکەم، بەم قسانەی من هیچ خۆی لەگوورە نەبرد، گوتی:

ئەحمەد برۆ، هەرچی دەتەوێ بیکەی، بیکەو مەترسە، من هیچ قسەم لێ دەرنایەو نالێم ئاو بەسەر چی شتی دا دەڕوا.

من کە ئەم قسانەم بیست، لەمەبەستی گەیشتمو زانیم قسەی بۆ کەس نەکردووەو پیاوێکی قورسو پتەوە. لەوڕۆژەوە خۆشەویستی و دڵبەندیم بەرامبەر بەمحەمەد هەزار هێندەی جارانی لێهات. هاتو چۆمان زیاتر بوو و بنەماڵەکانیشمان بوون بەئاشناو ناسیاوی یەکدی، زۆر لەیەکدی نزیکتر بووینەوە بەجۆرێ ڕۆژنەبوو یەکتر نەبینین.

ڕۆژێ ڕووداوێ هاتە پێشەوەو بنەماڵەی محەمەد. کۆچیان کرد بۆ شارێکی تر.

ماوەیەك بەسەر ئەم مەسەلەیەدا تێپەڕی. دایكوباوکم وەفاتیان کردو من لەکاروکاسبییدا خراپم بۆ هاتو تێ خرچامو ئاهێکم لەسفرەدا نەبوو. لەبنەماڵەکەمان یەك تاقە خوشکم مابوو. هەڵمگرتو لەگەڵ خۆم بەرەوشارێکی تر کەوتینەڕێ. لەهیچ شوێنێ کارم دەست نەکەوت. ئەو برە پارەی پێشمان بوو خواردمانو تەواو بوو. بەجلو بەرگی شڕو وڕ دەگەڕاین، بیستم (محەمەد)ی برادەرەم لەم شارە جێوار بووە. تەنانەت یەك پاروەە نانیشمان نەبوو بیخۆین. خوشکم خەریك بوو لەبرسان بمرێو بەتەواوی پرزەی لێ بڕابوو. بیرم کردەوە بچمە لای محەمەدو بیدۆزمەوەو هەندێ پارەی لێ قەرز بکەم. بەپرسیاران چومو ماڵی محەمەدم دۆزییەوەو دیتم وا لەگەڵ ژنو منداڵەکەی دەچێتە شوێنێ، یەکسەر جیام کردەوە لایەكو گوتم هیچ داڵدەم نییەو پارەم تەواو بووەو خوشکمم لەگەڵ دایە، هەندێ پارەم بەقەرز بدەرێ. دیتم محەمەد گوێی پێنەدام، هەر تەماشایشی نەکردمو دە (پازدە)، بیست دینارێکی دامێو لێیدا ڕۆیشت.

من کە ئەو ڕەفتارەم لەمحەمەد بینی ، ویستم دوای بکەومو پارەکەی بدەمەوە، بەڵام بیرم کردەوە خوشکم لەبرسان دەمرێ. هیچ نەبێ نانو گۆشتێ بەم پارەیە دەسەنینو خوشکم لەمردن ڕزگار دەبێ.

ئەو شەوە منو خوشکم لەکاروانسەرادا ماینەوە. بەیانی زوو، دیمان ژنێ بەخۆو بەکچێکی گەنجەوە هاتە لامانەوە و گوتی:

ــ دەبینم ئێوە لەم شارەدا غەریبەن ئێمە لەماڵی خۆماندا حەفت ژوورمان هەیە، هەموو بەتاڵن وەرن. ئێوەش وەکوو منداڵی من وان، وەرن بچین بەیەکەوە بژین.

سەیرم کرد لەم جێیانە بەبێ پارە خانوو بەمرۆڤ نادەن. ئیتر بەقسەی پیرەژنم کردو چووینە ماڵیان.

لەو ڕۆژەوە، ژنەکە وەکوو منداڵەکانی خۆی چاوەدێری دەکردین. ڕۆژێ لەماڵەوە چووبوومە دەرێ و دەگەڕام، لەپڕ پیرەمێردێ پێشی پێ گرتمو بەخورتی دوو کیسە زێڕی پێدامو گوتی:

کوڕم، من دوو کیسە زێڕ قەرزاری باوکت بووم، بەدواتدا دەگەڕام بۆئەوەی بتدۆزمەوەو قەرزەکەم بدەمەوە. ئێستا زۆر شادومانم کەتۆم دۆزییەوە، ها بگرە! هەر خۆش بی!

ویستم قبووڵ نەکەم بەڵام ئەو پیرەمێردە بەخورتی دوو کیسە زێڕەکەی پێدام.

لەو ڕۆژەوە ئیتر بێخەم بووین، و هەموو شتێ بەدڵی خۆمان بوو.

ڕۆژێ لەبازاڕ، لەدوورەوە محەمەدم بینی، یەکسەر ڕێگەی خۆم گۆڕی و ویستم بگەڕێمەوە، بەڵام تازە درەنگ داهاتبوو. محەمەد منی بینی بوو، لەدوورەوە بانگی کردمو گوتی: ئەحمەد دەڵێی لەمن تووڕەی!

منیش گوتم:

ــ هەڵبەت تووڕەم! کوڕی باش ئەمە دەستووری دۆستێنی نییە. داوای پارەم لێ کردی، هەر تەماشایشت نەکردم. هیچ لەحاڵت نەپرسیم. ئەمەش بوو بەدۆستێنی؟!

محەمەد گوتی:

ــ ئەحمەد ، چی دەڵێی سوێندی پێ دەخۆم، تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام منیش هەقم بوو، لەبەرئەوەی ژنو منداڵم لەگەڵ بوو نەمویست ڕابوەستمو تەماشات بکەنو بتناسنو بزانن

تووشی چ دەردوبەڵاو ڕۆژگارێك هاتووی و وەكوو سواڵكەرانت لێهاتووە. بەڵام پاشان دوو كیسە پارەم بەباوكم بۆ ناردی، دایكیشم نارد بۆ ئەوەی دالّدەت بداو بتباتە لای خۆی.

دیتم ئەو هەموو ئیشانە محەمەد كردوونی، ئەوەبوو پەشیمان بوومەوە كەئەم قسانەم لەگەڵ كردو یەكسەر تەوازۆم بۆ هێنایەوەو خۆشەویستیم بەرامبەر بەم، سەد جار زیادی كرد.

لەوساتەوە منو محەمەد بەیەكەوە لەم شارەدا دەژینو نهێنی دۆستێنیمان ئەوەیە كەگوتم.

(پاشا)و محەمەد كاتێ سەریان بلّند كرد دیتیان بانگی كەلەشێرە بەیانی داوە. یەكسەر سوپاسی خانەخوێیان كردو سواری ئەسپ بوونو بەغار كەوتنەڕێ. گەڕانەوە شارو وڵاتی خۆیان.

ئەمانە دەبوایە خاكی حەفت ئیقلیمو حەفت پاشا ببڕن تا دەگەنەوە وڵاتی خۆیان، دەبوایە بەنێوان دوو چیادا ڕەت بن، تومەز چل دز لە گەڵی نێوان ئەو دوو چیایە بوون.

دێدەوانی دزەكان، كەچاوی بەپاشا و محەمەد كەوت، یەكسەر خەبەری دایە سەردەستەی دزان. دزەكان بەدەستووری سەردەستەكەیان (پاشا)و محەمەدیان ئابلّووقەدا. یەكەم جار چوار پێنج كەس لەدزەكان هێرشیان هێنا، كەچەڵو محەمەد یەكسەر شمشێریان هەڵكێشاو دەست وەكەرییان كرد، بەڵام وردە وردە ژمارەی دزەكان زیاترو زیاتر بوو و ئابلّووقەیان دانو بەسەریاندا زاڵ بوون.

كەچەڵو محەمەد لەوە زیاتر چارەیان نەبوو كەبەهەر جۆرێ بێ ئابلّووقەكە بشكێننو ڕابكەن، وەكوو باڵندەی ئاسمان ئەسپیان هاژواو لەوكاتەدا ئەسپی كەچەڵ ساتمەی لەبەردێك كردو كەچەڵ بەربووەوە. لەبەدبەختی خۆی، دوژمن یەكسەر گەیشتنە سەری و دەستگیرییان كردو بردیانە زیندانی شارو تەسلیمی دارۆغەی شاریان كردو گوتیان:

ئەم كابرایە غەریبەیە سیخوڕو دوژمنی پاشایە

دارۆغە گوتی:

ــ تا سێ ڕۆژی تر لەسەری دەدەم.

بەڵام (پاشا) ڕۆحی خۆی دەربازکردو هەڵات. لەچیمەنێك لەئەسپ دابەزی. زۆر شەکەت بوو. ئەسپەکەی بەرهەڵداو خۆی لەژێر درەختێك خەریکی پشوودان بوو. تومەز ئەم چیمەنە پاوانی پاشایە. پاوانپارێزان، کەئەو ئەسپە غەریبەیان لەناو چیمەندا بینی، یەکسەر داوەرانە سەر (پاشا)و دەستگیریان کردو هێنایانە لای پاشاو گوتیان: ئەم پیاوە هاتۆتە ناو پاوانی ئێوەو ئەسپەکەی بەرهەڵداوە هەموو گیای چیمەنەکەی ئێوەی خواردووە.

پاشا، یەکسەر فەرمانی دا بیبەن فڕێی دەنە زیندان، تا سی و نۆ ڕۆژ لەوێ بێ‌و ڕۆژی چلەمین لەسێدارەی بدەن.

پاشا ویستی قسەیەك بکا، بەڵام دەرفەتی قسەکردنیشیان نەدا. بەڕاکێش ڕاکێش بردیانو فڕێیان دایە زیندان.

ئێستاش گوێتان لەباسی کەچەڵ بێ.



کاتێ کەکەچەڵیان فڕێدایە زیندان، لەگەڵ یەکێ بوو بەهاوژوور کەحەفت ساڵ بوو کەوتبووە بەر غەزەبی پاشاو زیندان کرابوو. ئەو شەوە کابرا تەندروستی تێکچوو و کەوتو مرد، کەچەڵ یەکسەر ئەم ڕووداوەی قۆستەوەو جلی خۆی لەگەڵ گۆڕییەوەو ئەوی لەجێگایەکی ناو ژوورەکە شاردەوەو خۆیشی مراندو لەبەردەمی دەرگای ژووری زیندان ڕاکشا. کەبەیانی دا، زندانەوان هاتن بۆئەوەی نانی بەیانی بەزیندانیان بدەن، دیتیان یەکێکیان مردووە. یەکسەر گۆڕهەڵکەنیان ئاگادار کردەوەو عارەبانەیەکیان هێناو مردووەکەیان دایە بۆئەوەی بیبباو بینێژێ. لەنیوەی ڕێگا، کەچەڵ دەرفەتی قۆستەوەو فیزمالکی بەستو تێی تەقاندو هەڵات.

گۆڕهەڵکەن کەگەیشتە گۆڕستان، ویستی مردووەکە بێنێتە خوارەوە. بەڵام دیتی مردووەکە هیچ دەوسی دیار نییە، مردوەکە ڕایکردووەو ڕۆیشتووە، بەڵام لەترسان دەنگی نەکرد. گەڕایەوە چووەوە ماڵێ.

ئێستاش گوێتان لەباسی کەچەڵ بێ:

کەچەڵ، کەلەعارەبانە هاتە خوارەوە، بەڕاکردن چووە شارو خۆی لەجێگایەك شاردەوە. دوای ماوەیەك دەستی بەخۆی داهێناو خۆی ڕێك خستو دەستەبەرگێکی لەجێگایەك پەیدا کردو پرسیاری کرد بەڵام هیچ خەبەری (پاشا)ی دەست نەکەوت.

لەوکاتەدا دیتی جارچییان لەشار جاڕ دەدەن کەئەمڕۆ یەکێ لەمەیدانی شار لەدار دەدرێ. کەچەڵ یەکسەر هاتە مەیدانی شار، دیتی بەڵێ دارێ لەناوەندی مەیدان چەقێنراوەو خەڵك کۆبوونەتەوەو جەنابی (پاشا)ی برادەری خۆی لەبەردەم دارەکە وەستاوەو دەستەکانی بەسراوەتەوەو میرغەزەبان دەوریان گرتووەو لەپێشەوەی مەیدانیش تەختێکی گەورەیان داناوە. پاشاو خانەدانو پیاوماقووڵان لەسەر تەخت دانیشتوون. یەکسەر بیرێکی بەمێشکدا هاتو خۆی گەیاندە پاشاو ئیکلامی کێشاو گوتی:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ! پێویستە من هەندێ تێبینیتان لەبارەی ئەم پیاوە حەکمدراوەوە پێبدەم. ئەم پیاوە دەیەویست ئێوە بکوژێ. خۆی شازادەیەو پیلانی دانا بوو ئێوە لەسەر ئەسپ لەداربداو ببێ بەخاوەنی تاجو تەختی ئێوە.

پاشا گوتی:

ــ لەسەر ئەسپ لەداردان چییە؟ تۆ دەزانی؟

گوتی:

ــ بەڵێ قوربان. ئێوە فەرمان بدەن ئەسپێکی تازە نەفەسم بۆ بێنن، تا من ئەم خوێڕییە بەسزای کردەوەی خۆی بگەیەنم بۆئەوەی ئێوەش تەماشا بکەن لەسەر ئەسپ لەداردان یانی چی؟ و ئەم بێشەرمە ویستوویەتی چ بەڵایەك بەسەری موبارەکتان بێنێ.

پاشا یەکسەر فەرمانی دا ئەسپێکی تازە نەفەس بۆ کەچەڵ بێنن. کەچەڵ خۆی گەیاندە (پاشا)و چاوێکی لێ داگرتو دستووری دا میرغەزەبان پەتیان لەملی (پاشا) کردو لەسەر ئەسپ دایان ناو بەمیرغەزەبەکانی گوت: من ئەسپەکەی دەنگ دەدەمو دەیڕەوێنمەوەو ئێوە یەکسەر ئەو پەتەڕاکێشن کەبەسەر دارەکەدا ڕەت بووەو کابرا بەدارەوە هەڵدەواسرێ. کاتێ هەموو کارەکە ئامادەبوو، کەچەڵ شمشێرێکی لەژێر عەبای شاردبووەوە، بەو شمشێرە یەکسەر پەتەکەی بڕی و پیلەقەیەکی توندی لەڕەفیسکی ئەسپی (پاشا)دا. ئەسپ وەکوو برووسکە دەرپەڕی و بەهەواکەوتو بەدوای ئەویشەوە کەچەڵ بەئەسپی خۆی تێی تەقاندو لەمەیدانی شەڕ هەڵاتن.

پاشا کەئەمەی بینی فەرمانی دا بکەونە دوایانەوەو دستگیریان بکەن.

(پاشا) و کەچەڵ لەنواوەو لەشکری پاشا لەدواوە. ئاخیری هاتنو گەیشتنە کەناری دەریا. کەچەڵ هەر ڕایکردو بەردە ڕەشەکەی پاڵ داو جلەوەکەی هەڵگرتو فڕێی دایە ناو دەریا، یەکسەر ئەسپی سێ پێ لەناو دەریا هاتە دەرەوەو سواری کردنو گەیاندنیە ئەوبەری

دەریا. لەشکری پاشاش کاتێ گەیشتن، کە(پاشا) و کەچەڵ گەیشتبوونە ئەوبەری دەریا، ئیتر هیچ خەبەریان نەزانینو گەڕانەوە.

کەچەڵو (پاشا) لەوبەری دەریا، جلەوی ئەسپەکەیان لەبن بەردی ڕەش ناو خەریکی پشوودان بوون، لەپڕ چاویان بەئەسپەکانی خۆیان کەوت کەپێش ماوەیەك لەوێ بەریان هەڵدابوون. یەکسەر ئەسپەکانی خۆیان زین کردو سواربوونو بەڕێکەوتن. هاتن تا گەیشتنەوە ئەو قەڵایەی سێ پیرەمێردەکەی تێدابوو. دیسان چەند دەستێك، خۆیانو ئەسپەکانیان بردە ناو قەڵاو بەچاکی بەخێریان هێنان. خواردنیان خواردو چوونە ژووری نووستنو خەوتن. دیسان (پاشا) زۆر شەکەت بووو هەر زوو خەوی لێ کەوت.

بەرەبەری بەیانی، کەچەڵ دیتی زۆری خەودێ، یەکسەر ئەنگوستی خۆی بڕیو خوێی پێوەکرد بۆ ئەوەی لەبەرژانی برینەکەی خەوی لێ نەکەوێ. دوای نەختێ دیتی دیسان سێ پیرەمێردی ڕەشپۆش هاتن.

ئەو پیرەمێردەی شمشێری قەفتەرەشی بەدەستەوەبوو، دیسان گوتی:

ــ دەی، با ئەمانە بکوژم. دەترسم بڕۆنو نهێنی ئێمە ئاشکرا بکەن. دیسان ئەو پیرەمێردەی کتێبی بەدەستەوەبوو، گوتی:

ــ تۆ زۆر بێویژدانی، ها! ئەم داماوانە بەهەزار دەردەسەری چوونو لەنهێنی دوستێنی ڕاستەقینە گەیشتنو هاتنەوە، تۆش دەتەوی بیانکوژی.

کەچەڵ یەکسەر کەوتە سەرپێی کابرای کتێب بەدەستو گوتی:

ــ ئازیزانم، ئێمە چووینو بێ فرتو فێڵ نهێنی دۆستێنیمان زانی. دەتانەوێ هەمووتان لەسیر هەتا پیواز بۆ بگێڕمەوە؟

پیرەمێرد گوتی:

هیچ پێویستمان بەزەحمەتی تۆ نییە. خۆمان هەموو ڕووداوەکە دەزانینو ئاگاداری سەینو بەینەکەین.

کەچەڵ محەمەد گوتی:

ـ پیرەمێرد، ئەگەر ئێوە ئەم نهێنییانەتان دەزانی، ئەی بۆچی واتان کرد ئێمە ئەم هەموو دەردەسەرییە بکێشین!

پیرەمێرد گوتی:

ـ کورم، ئەگەر ئێوە تووشی ئەم بەڵاو دەردەسەریو ڕەنجو زەحمەتییە نەبوونایە، قسەی ڕووتی ئێمەمانان نرخێکی ڕاستەقینەی نەدەبوو ئێوە نرخی قسەکانتان نەدەزانی، بەڵام ئێستا کەزەحمەتتان پێوە کێشاوە تا ئافێری بوون، بەلاتانەوە لەگیانی خۆتان بەنرخترە.

بەیانی داو سوپاسو پێزانینی خۆیان بۆ پیرەمێردەکان دەربڕیو ماڵاواییان کردو بەرەو شارو وڵاتی خۆیان کەوتنەڕێو باوکی (پاشا) بەدیداری کوڕەکەی شاد بووەوە و حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕاو بەفەرمانی (پاشا) باڵەخانەیەکی جوانیان لەتەنیشت باڵەخانەی باوکی دروست کردو بەدیاری دایە کەچەڵ محەمەد. ئیتر کەوتنە سەر خواردنو نۆشینو خەم بەبادان.

ئێوەش بکەونە سەر خواردنو خواردنەوە، بەڵام زیادە ئیسرافی مەکەن.

## 11ـ تەیموور پاڵەوان



هەبوو نەبوو، دەگێڕنەوە لەوڵاتی میسر کابرایەکی هەژار کچێکی هەبوو بەناوی (پەری). ئەو کچە ئەوەندە زیرەكو ئاقڵو وردبین بوو، لەدونیادا وێنەی نەبوو. باڵابەرزو بەخۆوە بوو، بسك درێژو چاوڕەشو تیژ بوو، هەرکەسێ چاوی پێدەکەوت هەستی بەجۆشو خرۆشێکی تایبەتی دەکرد.

رۆژێ، باوکی (پەری) بۆ دارکردن چووە بێشە. (پەری) بەدوای باوکی داچوو بۆئەوەی خواردنی بۆ ببا. چووە ناو بێشە. چاوی بەمیوەی سەردرەختان کەوت، ئاوی کەوتە دەمو هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا وێڵ بوو و گەیشتە وڵاتی بێگانان. لەپڕ هەستی کرد هیچ شوێنێ پێ نازانێ. زەندەقی چوو و دەستی بەگریەو زاری کرد.

رۆژئاوابوو، بەم لاو بەولادا گەڕا، بەڵام هیچ ڕێگایەکی نەدۆزییەوە بیگەیەنێتە جێگایەك، ناچار بوو هەر لەناو بێشە مایەوە. پەری لەترسو تۆقانو تەنیایی بێشە تۆقیو هەموو گیانی بوو بە ترس. پەری خانم چووە سەر دارچنارێكو تابەیانی لەوێ مایەوە. کەڕۆژهەڵات لەسەر درەختەکە هاتە خوارێو لەڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو.

باباسی تەیموور پاڵەوانتان بۆ بکەم:

لەهیندستان پاڵەوانێك هەبوو بەناوی تەیموور. ئەم پاڵەوانە قەڵایەکی بۆخۆی لەبێشەو بیابان دروست کردبووو تێیدا دەژیا. بەڕێکەوت، پەری ڕێی کەوتە لای ئەو قەڵایە. ویستی تێپەڕێو بڕوا بەڵام لەبەرئەوەی برسی بوو، لایدایە ناو قەڵاو لەنکاو ڕا دەستێ هات وگەرووی گرتو ڕایکێشا. پەری خانم چاوی کردەوە، دیتی لەناوەندی ژوورێك کەوتووە. پاڵەوانێکی زەبەللاحو بەشانو شەوکەت لەسەر سەری وەستاوە، سەیری کەی دەڵێی ڕۆستەمی زاڵە ــ تەیموور پاڵەوان قۆڵی پەری گرتو لەسەر تەختێکی داناو گوتی:

ـ کچم، مەترسە، چت لێ ناکەم. خوا تۆی بۆ من ناردووە. دەبێ لێرە بنەوانیم بکەیتو خواردنم بۆ لێبنێی. من ناوم تەیموور پاڵەوانە. پاشایان گوێیان لەناوی من بێ وەکوو بی دەلەرزن. تۆ دەبێ لەگەڵ من سەرڕاست بیو فێڵم لێ نەکەی. منیش لەخزمەتی تۆدام و ئازووقەو خواردنت بۆ دەستەبەر دەکەم.

بەکورتی: پەری ڕازی بوو و لەماڵی تەیموور پاڵەوان مایەوە. شەو، کاتی خەوتن داهات. پەری خانم لەناو نوێنێکی جوانو نەرم خەوێکی خۆشی لێکەوتو لەبەرئەوەی شلو شەکەت بوو هەر زوو خەو بردییەوەو نیوەشەو، پەری چاوی کردەوە دیتی تەیمور پاڵەوان لەوێ نییە، بەڵام ورچێ لەسەرسەرییەوە وەستاوەو تێی ڕادەمێنێ. پەری خانم زۆر ترسا، قیت بووەو پاشەو پاش کشایەوە، بەڵام ورچەکە بەکپو ئارامی وررکەوتو وای پیشان دا کە برادەرییەتی و چی لێ ناکات. پەری خانم ترسی نیشتەوەو لەورچەکە نزیك کەوتەوەو دەستی بەسەری داهێناو هۆگری بوو و بەیەکەوە مانەوە.

ئاخیری پەری لەوێ ڕاهاتو ناچار بوو لەگەڵ تەیموور پاڵەوان بسازێ. تەیموور پاڵەوان هەموو ڕۆژێ سبەینان دەچووە دەرەوە. پەری خانمیش ماڵی دەرشاندو گەسکی دەداو ڕێکی دەخست، عەسرێ مەرێکی سەردەبڕی و لێی دەنا. ئێوارێ تەیموور پاڵەوان دەهاتەوە ماڵێ، مەڕەکەی دەخواردو دادەنیشت. بەڵام پەری خانم هەموو ڕۆژێ دەیدی تەیموور پاڵەوان کەدێتەوە ماڵێ دەستی بەخوێنە. ناچار بوو ڕۆژێ لێی پرسی:

ـ تۆ خۆ ناچیتە ڕاو، ئەی بۆچی ئێواران کەدێیتەوە دەموچاوت هەموو خوێنە؟

کاتێ پەری خانم ئەم پرسیارەی کرد، تەیموور پاڵەوان توورە بوو و گوتی:

ـ کچەکە! ئەگەر ببینم یەك جاری تر ئەم جۆرە پرسیارانە بکەی، وای بەحاڵت!!

پەری خانم ئیتر هیچ جارێکی دی ئەم جۆرە پرسیارانەی لەتەیموور پاڵەوان نەکرد. بەتەنێ لەماڵەوە ڕەنجی تەنیایی دەکێشا.. ڕۆژێ هەستا چووە ناوباخ. ماوەیەکی زۆر لەناو باخدا گەڕا تا گەیشتە ئەو سەری باخەکە. لەپڕ دیتی بیرێکی لێیە، بەڵام زۆر قووڵ نییە.

لەبنی بیرەکە گوێی لەدەنگێ بوو، ویستی بچێتە ناو بیرەکەو بزانێ ئەوە کێیە لەناو بیرەکەو بۆچی ئەو ناڵەو هاوارە دەکات، لەپڕ دیتی بەقایم دەنگی دەرگای قەڵاهات، یەکسەر چوو دەرگای کردەوە، سەیری کرد تەیموورپاڵەوانە، دوو شتی بەقەدەر گندۆرەی لەبن هەنگڵە. پەری خانم یەکسەر ڕایکردو گەڕایەوە ناو قەڵاو چووە سەرەوەو لەپەنجەرەڕا تەماشای کرد دیتی تەیموور پاڵەوان خۆی گەیاندە سەربیرەکە و نەعرەتەیەکی لێداو سەری دووکەسی لەخورجینە دەرهێناو فڕێی دایە ناو بیرەکەو گەڕایەوەو چوو دەستو دەمو چاوی شووشتو خواردنی خۆی خوارد. شەو نووستو بەیانی زوو هەستاو بەپەری خانمی گوت:

ـ من دەڕۆم بەڵام تا سێ ڕۆژی تر ناتبینمەوە.

لەو ڕۆژە بەدواوە، پەری خانم هەموو ڕۆژێ دەهاتە سەر لێوی بیرەکە، دادەهاتەوەو قسەی دەکرد بۆئەوەی ئەنجامێکی گیربکەوێ. دیتی ئیتر ئەو دەنگە سەیروسەمەرەیە نەما. ناچاربوو چووە ناو بیرەکە، دیتی ناو بیرەکە کونێکی تێدایە. پەری خانم چووە ناو کونەکە، دیتی کچێکی گەنج دانیشتووە، دەستو پێی زنجیرکراوە بەڵام ئەوەندە سەری بنیادەمی لەبەردەم ڕۆکراوە، هەر مەپرسە!!

کچەکە گوتی:

ـ حەیفە بۆتۆ، ئەوە بۆچی هاتوویتە ئێرە؟

پەری خانم بەسەرسامیو تۆقاوی لەقوژبنێك وەستاو کچەکە، کە دەستو پێی لەزنجیردابوو، ویستی هەستێتەوە سەرپێ. بەڵام سەیری کرد ناتوانێ. پەری خانم گوتی:

ـ کچەکە، ئەمە چ بەڵایەکە بەسەرت هاتووە‌ی ئەمە چ ڕەنجی زیندانێکە تۆ دەیکێشی؟

کچەکە گوتی:

ـ هەر مەپرسە! خانم، ئاگاداربە و بزانە کەمن کچی پاشای یەمەنم. من (ماهروخ خانم)م. ئێستا ئەوە حەفت ساڵی ڕەبەقە من دیلی تەیموور پاڵەوانم. وەرە بۆخۆت ڕاکە و لێرە بڕۆ نەوەك تۆش زنجیر دەکا.

پەری خانم گوتی:

من چێشتکەرو کارەکەری تەیموور پاڵەوانم. حەزت لەهەر چییە بڵێ.

کەپەری خانم وایگوت ماهروخ ڕەنگو ڕووی پەرپەوی هاتەوە بەرو گوتی:

ـ ئێستا کەدەتەوێ ئاگاداری نهێنی من بی. گوێ بگرە بۆت باس بکەم. بەڵام من بەڵێنم لەگەڵ خۆم دابوو نهێنی خۆم لای هیچ کەس ئاشکرا نەکەمو لەگەڵ خۆمدا بیبەمە ناو گۆڕ، کەچی ئەوە نەکرا، کەواتە گوێبگرە:

( ڕۆژێ، پاشای ئەفغان غولامێکی بەدیاری بۆ باوکم نارد. باوکم لێرەو لەوێ غولامەکەی دەلاواندەوەو چاوەدێری دەکرد. ڕۆژێ پاشای ئەسفەهان لەشکری کردە سەر باوکمو لەگەڵیا کەوتە جەنگ. غولامەکە زۆر لەباوکم پاڕایەوەو تکای لێ کرد ڕووخسەتی بدا بچێتە جەنگ، بەڵام باوکم ڕووخسەتی نەدا. غولامەکە هەستاو داکشایە مەیدان. هەموو پاڵەوانەکانی لەشکری ئەسفەهانی تارومارکرد، ئینجا خۆی گەیاندە ناو ڕەشەوەندی لەشکری ئەسفەهانو لێیدا هەمووی کەلوکوم کردنو لەسەریەك کەلەکەی کردن. خەبەر بەباوکم گەیشت کەپاڵەوانێك هەموو لەشکری ئەسفەهانی تارومار کردووە. باوکم دەستووریدا ئەو پاڵەوانەی ببەنە حزوور. قاسیدان پاڵەوانەکەیان هێنایە حزوور باوکم. باوکی ویستی پاداشتێکی زۆری بداتێ، کەسەری بڵند کردو چاوی پێکەوت ناسی و زانی ئەمە غولامەکەیە، گوتی:

ـ کوڕە، ئەوە چ فرتو فێڵێکە ؟!

غولامەکە گوتی:

ـ پاشام سەلامەتداربێ. ئێوە ڕووخسەتتان نەدا بچمە مەیدان، ئیتر بێڕووخسەتی ئێوە چووم‌و ئێستاش ئێوە کەیفی خۆتانە.

باوکم چاوی لەگوناهی غولامەکە پۆشی‌و لای خۆی هێشتیەوە. ڕۆژێ باوکم تووشی نەخۆشییەك هات، هەرچی دختۆری دونیا هەیە هێنایە سەری، بەڵام باوکم هیچ دەرمانی لێ نەکەوت. ڕەملچییەك لەشارەکەمان هەبوو، هێنایانە سەرباوکم‌و داوایان کرد کتێب بگرێتەوە، بەڵکوو باوکم لەنەخۆشی چاك بێتەوە. ڕەملچی کتێبێکی گرتەوەو گوتی:

ـ پاشام سەلامەتداربێ، دەردەکەی ئێوە دەردێکی گەورەیەو بەسەلامەتی گیان دەرنابەن.

کەرەملچی وای گوت، باوکم گوتی:

ـ ئەگەر نەتوانی دەرمانی دەردم بکەی، بزانە، لەسەرت دەدەم.

ڕەملچی کاتێ کەئەمەی بیست کتێبێکی تری گرتەوەو گوتی:

ـ پاشام سەلامەتدار بێ! لەفلانە جێی دەریای نیل، ماسییەك هەیە، تووولە سەگێك لەناو سکی ئەم ماسییە گەورەدایە. ئەگەر بتوانی خوێنی ئەم توولە سەگە بخۆیتەوە، چاك دەبیتەوەو بەدرێژایی ڕۆژگار هیچ کاتێ ئازارت پێناگاو ژیانێکی جاویدانت دەبێ.

پاشا گوتی:

ـ وەزیر، یەکێ دەست نیشان بکە بۆئەوەی بچێ ئەو ماسییەو توولەسەگەکەی ناوسکی بێنێ.

لەناو کۆڕەکە کەس متەقی لێوە نەهات. غولامەکە لەو کۆڕەدا بوو، ئەو هەستایەوەو گوتی:

ـ من دەچم دەیهێنم.

باوکم دەستەبەرگێکی پاڵەوانانەو ئەسپێکی بەبەزی دایە غولامەکەو گوتی:

ـ بڕۆ، هەر سەلامەتداربی.

غولامەکە سواربوو و شار بەشارو قۆناغ بەقۆناغ ڕۆیشت و ڕۆیشت تا دوای تەی کردنی چەند قۆناغێك هاتو گەیشتە کەناری دەریای نیل. دوو فەرسەخ مابوو بگاتە ئەوێ، لای دایە مالّی پیرەژنێك. چاكوچۆنی لەگەلّ پیرەژن کردو لەمالّی ئەو شەوی کردە بەیانی.

پیرەژن لێی پرسی:

ــ پالّەوان ، ئەوە لەکوێ دێیتۆ دەچیتە کوێ؟

غولامەکە گوتی:

ــ دایکە، ماوەیەکە پاشاکەمان نەخۆش کەوتووە. گوایە دەردێکی بێ دەرمانی هەیە، بەلاّم دەلّێن ماسییەك لەدەریای نیل هەیە، توولەسەگێکی لەسکی دایە، ئەگەر خوێنی ئەو توولەسەگەی دەرخواد بدەن، چاك دەبێتەوە. ئێستا واهاتووم ئەو ماسییە بدۆزمەوە و سکی بدڕێنمو سەگەکە دەربێنمو بۆ پاشای ببەم. بۆئەوەی چاك بێتەوە.

پیرەژن بەغولامەکەی گوت:

ــ پالّەوان، ئەمە ئیشێکی زۆر زەحمەتە!

پالّەوان گوتی:

ــ بۆچی زەحمەتە.

پیرەژن گوتی:

ــ پالّەوان! ئەم شارە دەبینی؟

پالّەوان گوتی:

ــ بەلّێ، دەیبینم!

پیرەژن گوتی:

ــ ئەو کەسانەی لەم شارەدا دەژین، پاشایان کچێکە بەناوی (عالەمتاج). هەموو خەلّکی ئەم شارەش سەگەکەی ناوسکی ئەو ماسییە بەباپیرو فیرعەونی خۆیان دەزانن. تۆ

هەرچی بکەی نە ئەو ماسییەت دەست دەکەوێ و نەئەو توولە سەگە، جاواز لەو بەدبەختی و داماوییە بێنەو برۆ.

غولامەکە وازی لەپیرەژن نەهێناو گوتی:

ــ پیرەژن! تۆ دەبێ دابونەریتی ئەم خێڵەم پێ بڵێی.

پیرەژن گوتی:

ــ ئەم خێڵە ڕەوشتیان وایە، یەکەم جار: گۆشتی ماسی ناخۆن، بەهیچ جۆرێ سەگ ناگرن بیبەستنەوەو خۆشیان لەسەر پێ، فیرعەون دەپەرستن.

غولامەکە پرسی:

ــ بۆچی؟

پیرەژن گوتی:

ــ چونکە ئەو سەگەی لەناو سکی ماسییەکەدایە پێیەکی نییە.

غولامەکە پرسی:

ــ ئەی ماسییەکە لەکوێیە؟

پیرەژن گوتی:

ــ ماسییەکە لەناو باخی خورمای (عالەمتاج) ، لەناو حەوزێك مەلە دەکا. هەموو ڕۆژێ، بەیانی خەڵك کۆدەبنەوەو دێنە ناو باخی خورماو بەرامبەر بەو حەوزە لەسەریەك پێ دەوەستنو دەیپەرستنو دەڕۆن. سبەی بەیانی تۆش برۆ ناویان. ئیتر هیچ ڕێگەچارەیەك بۆتۆ نازانم پێت بڵێم.

شەو، غولامەکە نووستو بەیانی زوو هەستاو چووە دەرەوە، دیتی خەڵك لەماڵەکانیان هەروەدەربوونو بەرەو باخ دەڕۆن. ئەویش خۆی تێکەڵ ئەوان کردو کەوتەڕێ.

کاتێ گەیشتنە ناو باخەکە دیتی خەڵك لەوێ کۆبوونەتەوەو ئاپۆرەیەکی ئەوەندە زۆرە دەرزی هەڵاوێی ناکەوێتە عەرزی. غولامەکەش ناچار بوو لەسەر یەك پێوەستاو کەوتە

دابی پەرستن. لەناوەڕاستی کارەکەیا پێی شل بوو، پێی گۆڕی. کەخەڵکەکە ئەمەیان لێ دی، دەستگیریان کردو سەیریان کرد خەڵکی ئەم شارە نییە. دەرحاڵ خەبەری (عالەمتاج) یان دا. (عالەمتاج) فەرمانی دا: یەکسەر بیگەیەننە لام.

غولامەکەیان بردە لای. (عالەمتاج) دیتی کوڕێکی جوانو ئاقڵە. پرسی:

ـ لەکوێوە دێیت؟و دەچیتە کوێ؟

غولامەکە گوتی:

ـ من لەیەمەنەوە هاتووم. بەدوای کاروپیشەیەکدا دەگەڕێم.

(عالەمتاج) سکی پێ سووتاو چاوی لەکوشتنی پۆشیو گوتی:

ـ گەنجۆ، لێرە بمێنەوەو ببە بەنۆکەری من.

غولامەکە لەخوای دەویست، ڕازی بوو و لەوێ مایەوە.

چەند ڕۆژێ لەوێ مایەوەو دوورونزیك ئاشنای هەمووشتێ بوو.

ڕۆژێ غولامەکە بەرگی پاڵەوانانی پۆشیو چووە ناو شار. چووە ماڵی دادوەری شار، دیتی دادوەر خەوتووە. نیوەشەو سەری دادوەری بڕیو چووە دەرەوە.

بەیانی خەڵکەکە هەرچەندە چاوەڕێیان کرد دیتیان دادوەر هیچ خەبەری نەبوو و تا نیوەڕۆ هەر نەهات. یەکێکیان ناردە دوای دادوەر. چوو خەبەری هێنایەوە کە شەوی ڕابردوو دادوەریان کوشتووە. خەبەر بەخانم گەیشت.

(عالەمتاج) زۆر غەمگین بوو. فەرمانی دا بکوژەکەی بدۆزنەوە، بەڵام کەسیان پێ نەدۆزرایەوەو هیچ شکیشیان لەغولامەکە نەکرد. کاتێ عالەمتاج بۆ نوێژو دوعای بەیانی لەخەو هەستاو چوو نوێژ بکا، غولامەکە هەستاو پێشی پێگرتو باش سەیری کردو دیتی خراپ نییە. گوتی:

باشە، توولەسەگەکە بۆ دەرمانی پاشا دەبەمو ئەم کچەش، ئەگەر ڕازی بوو، بۆخۆمی دەبەم.

عالەمتاج چووە نوێژ. هەموو وەستابوونو لەسەریەك پێ دوعاو نوێژیان دەکرد. لەگەرمەی نوێژو دوعاکردندا، غولامەکە خۆی بەردایەوە سەر زەوی و بەفێڵ خۆی لەخۆ برد. هەموو تووڕەبوونو نوێژەکە تێکەڵو پێکەڵ بوو. عالەمتاج دەستووری دا غولامەکە ببەنە دەرەوە. خەڵکەکە غولامەکەیان بردە دەرەوەو خۆیان دەستیان بەنوێژ کردەوە. لەگەرمەی نوێژو دوعادا غولامەکە دەستی لەعالەمتاج ڕاوەشاندو دەنگی هەڵبڕی.



عالەمتاج سوور هەڵگەڕاو سەری دانەواند. دوای تەواوبوونی دابەکە هەرکەسە چووە دوای کاری خۆی. عالەمتاج چوە سەرتەختو فەرمانی دا غولامەکە بدۆزنەوەو بیهێننە لای. یەکێ هاتو گرتی و بردییە لای عالەمتاج. عالەمتاج هەموو خەڵکەکەی لای خۆی بەڕێ کرد، غولامەکەی بەتەنیا لەژوورێ هێشتەوە. دەستی دایە دارێکو گوتی:

ــ هەی ناجسن! تۆ بەچ هەقێك دەست لەمن ڕادەوەشێنی و دەنگ هەڵدەبڕی، نازانی من پاشای ئەم وڵاتەم.

غولامەکە گوتی:

ــ ببوورن، نەمزانی.

عالەمتاج گوتی:

ـ هەی ناجسن. ئەگەر بەڕاستی پێم نەڵێی بۆچی دەستت لەمن ڕاوەشاندو دەنگت هەڵبڕی، لێرە بەسەلامەتی دەرناچی. ڕاست بڵێ نەوەك ..

غولامەکە دیتی عالەمتاج دەستبەرداری نابێ، گوتی:

ـ سوێندم بەو توولەسەگەی لەناو سکی ماسیدایە، حەزم لەتۆ کردووە:

یان دەبێ شووم پێ بکەیتو لێرە بڕۆین، یان ئەم شارە سەراوژێر دەکەمو خاکی لەتوورەگە دەکەم.

عالەمتاج تەماشای غولامەکەی باوکمی کرد، دیتی زۆر خراپ نییە، کەوتە بەردڵی و گوتی:

ـ لاوۆ، ئاگاداربە و بزانە، منیش تۆم خۆش دەوێ، بەڵام تۆ ناتوانی من لێرە دەرببەی.

غولامەکە گوتی:

ـ عالەمتاج سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدە. خوا پشتیوان بێ دەتبەم.

عالەمتاج ڕازی بوو. شەوێ، غولامەکە هەستا هاتە ڕۆخ ئەو حەوزەی ماسییەکەی تێدا بوو، دیتی سێ نەفەر بەتیرو کەوانەوە وەستاون.

غولامەکە دەستی دایە شمشێرو هەر سێ پاسەوانی کوشتو ماسییەکەی لەناو ئاو دەرهێناو ورگی دڕی و توولەسەگەکەی دەرهێناو سەری بڕی و خوێنەکەی لەناو شووشەیەك کردو خۆی هەندێکی لەخوێنەکە خواردەوە. ئەوسا هاتە لای عالەمتاج، هەڵیگرتو لەسەر پاشکۆی ئەسپی خۆی داینیاو بەغار تێی تەقاندو دوورکەوتەوە.

خەڵکی شار لەڕووداوەکە ئاگاداربوونەوە. هەرکەسە دەستی دایە شمشێرو تیروکەوانو ڕوویان کردە بیابان بۆ ئەوەی غولامەکە بگرن. لەپڕ غولامەکە ئاوڕی دایەوە، دیتی یەك لەشکر وا بەدوایدا دێ. یەکسەر دەستی برد شمشێری دەرهێناو پەلاماری لەشکری دا تا توانی تارومار کردن.

لەشکری دوژمن بەزی، ئەوەی هەڵات هەڵاتو ئەوەی کوژرا کوژرا. غولامەکە عالەمتاجی هەڵگرتو بەرەو یەمەن هاژواى. خوێنی سەگەکەی دایە باوکم. باوکم کەخوێنی سەگەکەی خواردەوە، دەرحاڵ چاك بووەوە. غولامەکەش لەگەڵ عالەمتاج چوونە ناو خانوویەکو لەوێ سەریان بەیەکەوە نا.

ڕۆژێ لەڕۆژان، باوکم بەناو باخدا دەگەڕا، بەڕێکەوت عالەمتاجی لەتەك حەوزدا بینی مەلەی دەکرد. عالەمتاج هەندێ تاڵە قژی وەری بووە ناو ئاوی کانییەکە. باوکیشم لەڕۆخ کانییەکەدا دانیشت بوو و تەماشای بێشەی ئەوبەری کانییەکەی دەکرد. لەپڕ دیتی شتێ لەسەر ئاو دەدرەوشێتەوە.

باوکم دەستی بردە ناو ئاوو هەندێ تاڵەمووی عالەمتاجی دەرهێنا. باوکم سەیری کرد هەر تاڵەموویەکی بەسی و سێ ڕەنگ دەبریسکێتەوە. باوکم هۆشی لەسەریدا نەما. گوتی: دەبێ خاوەنی ئەم قژە بدۆزمەوە. هەستاو بەرەو سەرەوە هەڵکشا، لەپڕ دیتی کچێ لەڕۆخ کانییەکە دانیشتووە. باوکم جڵەوی سەرنجی خۆی پێ نەگیرا. عالەمتاجی بینیو دڵی گرتی و پەسەندی کرد. عالەمتاج هەستاو ڕایکرد. باوکیشم غاری دا لەدووی. عالەمتاج هاتەوە ژووری خۆی. باوکم تەماشای کردو دیتی : تواهوو!! ئەم کچە هاتو چووە ماڵی غولامەکە. یەکسەر گەڕایەوە سەر تەختو بانگی وەزیری کردو هەموو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوەو بەوەزیری گوت:

ــ وەزیر، بەهەر جۆرێ بێ دەبێ ئەمە بۆمن بخوازیو پێکی بێنی. ئەگەر هیچت لەدەست نەیێ، سەرت لەلەشت جودا دەکەمەوە.

وەزیر پێکەنی و گوتی:

ــ پاشام سەلامەتداربێ! چ هەیە لەم کارە ئاسانتر! هەر ئەمشەو غولامەکە داوەت کەو دەرمانی بێهۆشی بۆ لەخواردن بکەو فڕێی دە زیندانو لەپیاوەتی بخە.

باوکم بەو تەگبیرەی وەزیر ڕازی بوو. یەکێکی نارده دوو غولامەکەو بۆ شەوداوەتی کرد. لەولاوە دەرمانی بێهۆشی لەخواردنەکەی کردو ئامادەی کرد. کە عەسر داهات، غولامەکە هەستا هاتە لای باوکمو خواردنیان هێنا. هەرهێندە خواردنەکەی خوارد بێهۆش بوو و پاشا یەکسەر یەکێکی نارده لای عەلەمتاج بۆئەوەی بیهێنن. عالەمتاج یەکسەر شمشێری هەڵکێشاو کەوتە گیانی قاسیدەکانی پاشاو سەری هەمووانی پەل دا. خەبەر بەباوکم گەیشت عالەمتاج کەسی بەساغی نەهێشت، هەمووی کوشتنو لەناوی بردن. باوکم لەشکرێکی نارده سەر عالەمتاج بەڵام هەرکەسێ لێی نزیك دەکەوتەوە، دەیکوشت تا هەمووی تارومار کردن. باوکم بانگی وەزیری کردو گوتی:

وەزیر، تەگبیر؟

وەزیر گوتی:

ـ پاشام سەلامەتداربی، دوو ڕۆژ مۆڵەتم بدە.

وەزیر چووەوە ماڵێو لەوێوە چووە بازاڕ تا عەسر گەڕا، بەڵام هیچی دەست نەکەوت. بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. دیتی پیرەژنێکی ڕمووزن لەناو کوخێکا بەتەنیایە، چاوەکانی نوقاندووەو زاری بەرەو ئاسمان با

ش کردۆتەوە. وەزیر دەستی بردە گیرفانی، لیرەیەکی زێڕی لەناو دەستی پیرەژن نا. پیرەژن چاوی کردەوەو گوتی:

ـ خوا عومرت درێژ بکا.

ئیتر دەستی بەدوعا کرد.

وەزیر پیرەژنی هەڵگرتو هێنایە ماڵێو گوتی:

ـ ئەی پیرەژن! ئەگەر باش بەرێوەت ببەم، تۆڵەم بۆ دەکەیتەوە؟ یان نا؟

پیرەژن گوتی:

ـ بۆچی تۆڵەت بۆ ناکەمەوە.

وەزیر گوتی:

ـ پاشا ئەشقی عالەمتاج بووە. هەرچی دەکەین ناتوانین بەسەریدا زاڵ بینو بیهێنینە ئێرە.

پیرەژن گوتی:

ـ ئەم ئیشە بەمن گەیشت! دوو ڕۆژ مۆڵەتم بدەرێ.

وەزیر ڕازی بووو پیرەژنی بەڕێ

کرد. خۆیشی هەستا چووە لای باوکمو گوتی:

ـ دوو ڕۆژ سەبر کە، ڕۆژی سێیەم لێرە عالەمتاجت بەدەست دەگا.

باوکم کەیفخۆش بوو. دەستی بەژماردنی ڕۆژەکان کرد.

پیرەژن دەستی دایە داردەستەکەیو کەتەڕێ. هاتە لای عالەمتاج. لەدەرگای داو گوتی:

ـ خانەخوێ! خانەخوێ!

عالەمتاج هاتە دەرەوەو دیتی پیرەژنێکە. پرسی:

ـ پیرەژن ، چت دەوێ؟

پیرەژن گوتی:

ـ قوربانت بم، جێم نییە جێیەکم بدێ ئەمشەو تیا بەسەر بەرم.

عالەمتاج گوتی:

زۆر باش بوو، منیش تەنیامو هیچ نەبێ هاودەمێکم بۆ پەیدا بوو.

پیرەژن، وەرە ژوورەوە.

پیرەژن چووە ژوورەوەو شەویان بەڕێ کرد. بەیانی داهاتو پیرەژن دەستی بەیارمەتیدانی عالەمتاج کرد. ڕۆژاوا شێوی لێناو دەرمانی بێهۆشی تێکردو لەبەردەمی عالەمتاجی دانا. عالەمتاج، کەخواردنەکەی خوارد، بێهۆش بوو و بەربووە. پیرەژن زوو هەستاو خۆی

گەیاندە وەزیرو پێی گوت عالەمتاج ببا. وەزیر کەئەم خەبەرەی پێگەیشت یەکسەر هاتە لای پاشاو داوای مزگێنی کرد.

باوکیشم هەندێ کەسی نارد. چوون عالەمتاجیان هێنا. فڕێیان دایە یەکێ لەو چل ژوورەو دەرگایان لەسەر کلیل دا.

عالەمتاج دوای ماوەیەك چاوی کردەوە، سەیری کرد لەژوورەکەی خۆی نییە. لەولاوەش باوکم دەرگای کردەوەو هاتە ژوورەوە. هەرچەندە هەولّی دا عالەمتاج مێردی پێ بکا، عالەمتاج ڕازی نەبوو.

باوکم کەدیتی وایە، وەزیری ناردە سەر بۆ ئەوەی بەبەلّێنو هەڕەشەو مارەیی زۆر، ڕازی بکا.

عالەمتاج ڕازی نەبوو گوتی:

ـ من دەزگیرانم هەیە.

کە ئەم خەبەرەیان دایە باوکم، باوکم تووڕە بوو. فەرمانی دا غولامی ڕەش لەزیندان دەربهێنن و لەسەری بدەن.

هەرهێندە پاشا ئەمری دا، دەست بەجێ غولامەکەیان لەزیندان دەرهێنا، غولامەکە زوو دەرپەڕی و دەستی خۆی کردەوەو ڕایکردو هەلّات.

ماهروخ دیتی دونیا تاریك داهات، گوتی:

ـ خانم رووخسەت بدە سبەی بەیانی پاشماوەی هەقایەتەکەت بۆ بگێڕمەوە. پەری خانم ڕازی بوو. هەستا لەلای ماهروخ ڕۆیشت. بەهەرجۆرێ بوو لەناو بیرەکە هاتە دەرێو خۆی گەیاندەوە مالّێ. یەکسەر خواردنێکی سەرپێی لێناو بردی دایە ماهروخو گەڕایەوە.

پەری خانم شەو تا بەیانی چاوی نەچووە خەو. بەیانی زوو نانو چای ئامادە کردو بۆ ماهروخی برد. ماهروخ سکی خۆی تێرکردو ڕەنگو رووی هاتەوەبەر.

پەری خانم گوتی:

ــ دەی دەست پێ بکە!

ماهروخ گوتی:

( باوکم عالەمتاجی فڕێ دایە ناو زیندان و دەستیشی لەکوڕە شووشت.

عالەم تاج زۆر نائومێد بوو. غولامەکە هەموو ڕۆژێ پەلاماری شاری دەداو هەموو شوێنێ دەگەڕا، بەڵام هیچ خەبەری عالەمتاجی دەست نەدەکەوت.

ئاخیری تاقەتی چوو. بیری کردەوە تۆڵە لەپاشا بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە، باوکم دەیەویست بەزۆری زۆرداره‌کی عالەمتاج لەخۆی مارە بکا. بەڵام عالەمتاج تا دەیتوانی بەرگری دەکردو باوکمی دادەگرتە بەرجوێن‌و قسەی ناشیرین‌و لێدان.

باوکیشم ناچاربوو عالەمتاج زنجیر بکاو ئەشکەنجەی بداو ئەوساو ئێستاش هەروا ئەشکەنجەی دەدا. ئەوەش بزانە ئاگادار بە ئەو غولامەی کە باسم کرد ئەو تەیموور پاڵەوانیە کەلێرە داڵدەی گرتووە.

تەیموور پاڵەوان بۆئەوەی تۆڵە لەباوکم بکاتەوە، هەموو ڕۆژێ بەیانی لەخەو ڕادەبێ‌و دەچێ لەگەڵ باوکم دەجەنگێ‌و سزای هەموویان دەدا. باوکیشم بەتەیموور پاڵەوان ناوبڕێ. ئەوەبوو ڕۆژێ تەیموور پاڵەوان منی بەدۆشەکەو لێفەوە لەماڵەوە ڕفاندو هێنامیە ئێرە. دوو ڕۆژ لەماڵی خۆی دابنام. لەگەڵ ورچەکە نواندمی‌و کاتێ هەستم کرد سکم هەیە. من زۆر سەرم لەم کارە سوڕما، شتی واچۆن دەبێ، بەڵام نەمتوانی هیچ قسە بکەم. دوای نۆ مانگ منداڵێکم بوو. ڕۆژاوا، تەیموور پاڵەوان گەڕایەوە ماڵێ‌و سەری منداڵەکەی بڕی و پارچەپارچەی کردو لەناو تاوەی کردو سووری کردەوەو منیشی فڕێدایە ناو بیرو گۆشتی سوورکراوەی منداڵەکەمی لەبەردەمم داناو ئەوەندە برسی کردم تا ناچار بووم منداڵەکەم بخۆم. ئێستاش کاتێ کە ڕۆژهەڵدێ کەللەسەری بنیادەمێك دێنێ‌و فڕێی دەداتە بەرم، منیش برسی دەبم لەبرسان ئەو کەللەسەرە دەخۆم.

کەماهروخ سەرگوزەشتەکەی تەواوبوو. پەری خانم زنجیرەکانی کردەوەو گوتی:

ــ هەستە بڕۆین.

سەیری کرد، دیتی ماهروخ ناتوانێ بڕوا. لەباوەشی کردو تاسەر بیرەکەی هێنا. کەمەندی هەڵداو لەکەمەری ماهروخی بەست. یەکەم جار خۆی لەناو بیرەکە هاتە دەرێو پاشان ئەویشی دەرهێناو لەژوورێك داینا.

تەیموور پاڵەوان نیوە شەو هاتەوە و نووست. بەیانی زوو هەستا ڕۆیشت.

پەری خانم قیت بووەوە هاتە لای ماهروخو ناشتای دایەو ئاوی گەرم کردو شووشتی و گوتی:

ــ ماهروخ، هەستە بڕۆین.

ماهروخ گوتی:

ــ بچینە کوێ؟

پەری خانم گوتی:

ــ خودا کەریمە! من تکا لەتەیموور پاڵەوان دەکەم لێ بگەڕێ تۆ لای من بی.

پەری خانم ماهروخی هەڵگرتو بردییە لای خۆی و بەدزی شاردییەوە.

تەیموور پاڵەوانیش گەڕایەوەو هاتە سەر بیرەکەو چووە ناو بیرەکەو هەرچەندە گەڕا ماهروخی نەدۆزییەوە. تووڕە بوو، هاتە لای پەری خانم. پەری خانم بەڕوویەکی شادو خۆش بەپیرییەوە چوو گوتی:

ــ ئەوە بۆچی وا تووڕەی؟

وەڵامی پەریخانمی نەدایەوە. کەویستی بڕوا، پەری خانم پێشی گرتو گوتی:

ــبە گیانی ئازیزانت سوێندت دەدەم، متمانەم پێ بکەو هەموو شتێکم پێ بڵێ. بەناسەلامەتی خۆم، من ڕازداری تۆمو لەماڵی تۆ دەژیم.

تەیموور نەختێ نەرم بوو و گوتی:

ــ کچێ بوو، نازانم چی لێهاتووە.

پەری خانم کەوتە سەر پێی‌و گوتی:

ــ تەیموور، بەگیانی ئەو کەسەی کەخۆشت دەوێ یەك تکام لەتۆ هەیە، یان بمکوژە، یان ڕازی بە ئەم ئیشە بکەی. سەرەڕای ئەمەش دەبێ بەگیانی عالەمتاج سوێند بخۆی کە نامکوژی.

تەیموور پاڵەوان، کەناوی عالەمتاجی بیست، هەموو دونیای لەبەرچاو سووڕاو هۆشی لەسەردا نەما. گوتی:

ــ پەری خانم، بڵێ!

گوتی:

ــ ماهروخ داماوە، بەمنی ببەخشە، لێی گەڕێ بالای من بێ!

تەیموور پاڵەوان دیتی پەری فرمێسکی لەچاوان دێتە خوارێ، دڵی نەرم بوو و گوتی:

ــ پەری خانم، مەگری، من بەبێ ئەو ناتوانم بژیم. باوکی مەهروخ برینێکی سارێژنەبووەوەی لەمن کردووە. ئەوا ئەوم بەتۆ بەخشی، بەڵام ئیتر ناتوانم لێرە بژیم، بابڕۆین.

پەری خانم بانگی ماهروخی کرد‌و لەحەشارگەکەی هێنایە دەرەوە. هەرچی هەیانبوو و نەیانبوو کۆیان کردەوە‌و لەئەشکەوتەکە کۆچیان کرد.

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، گەیشتنە کەناری دەریا، دیتیان ئەشکەوتێك لەنزیك دەریا هەیە، بەڵام کەسی تێدا نییە. تەیموور پاڵەوان گوتی:

ــ خودا ئێرەی بۆ مەیسەر کردووین.. ئێوە لێرە بمێننەوە، من دەڕۆم. بۆمن نیگەران مەبن.

تەیموور پاڵەوان خودا حافیزی کرد. پەری خانم کچێکی لادێیی بوو، ساردی و گەرمی ڕۆژگاری چەشتبوو. هەر کارێکی دەکرد‌و هەر دەستوورێکی دەدا ماهروخ جێبەجێی دەکرد.

کاتێ کەچوونە ناو ئەشکەوتەکە دیتیان واڕازاوەتەوە، هەروەرەو سەیری کە! لەداری دونیادا هەرچی بتەوێ لەوێ هەیە: لەخواردنو جلو بەرگ..

پەری خانم قۆڵی لێ هەڵکردو برنجی لەناو مەنجەڵ کردو شیوێکی چاکی لێنا. کەشەو داهات هەموو دەرگاو کەلێنەکانیان داخستو شیویان خواردو نووستن.

بائەوانە لێرە تەنیا جێبێڵین، و باسی تەیمورو پاڵەوانتان بۆ بکەم:

تەیموور پاڵەوان هات گەیشتە نزیك شاری یەمەن. خانوویەکی گرتو تێیدا ژیا.

ڕۆژێ سواری ئەسپ بوو و چووە ناو شارو خۆی گەیاندە سەرای پاشای یەمەنو کچە گەورەکەی هەڵگرتو هێنای. چۆن کچە بچووکەکەی ئەشکەنجە دەدا، ئاوها کەوتە ئەشکەنجەدانی کچە گەورەکەی.

پاشای یەمەن بیستی کچی گەورەشی لەدەست چوو. بانگی وەزیری کردو گوتی:

ــ وەزیر، ئیتر تینو تاقەتم نەماوەو ناتوانم کەلەوەکێشی لەگەڵ تەیمورو پاڵەوان بکەم.

وەزیر گوتی:

ــ پاشام سەلامەتدار بێ، تەگبیری ناوێ، پێویستە لەشکر کۆبکەینەوەو بینێرین تەیموور پاڵەوان بکوژن.

پاشا بەتەگبیری وەزیر ڕازی بوو، لەشکری کۆکردەوەو ڕەوانەی کرد.

بأباسی عالەمتاجتان بۆ بکەم:

پاشا عالەمتاجی فڕێدابووە ژێرزەمین، هەموو ڕۆژێ سبەینەو ئێواران دەهاتە لای و دەیگوت:

ــ مێردم پێ دەکەی؟ یان نا؟

عالەمتاج ڕەتی دەکردەوەو ئەویش دەستی بەئەشکەنجەدانی دەکرد. دیسان پاشا هەستا چووە لای عالەمتاجو گوتی:

ــ کچەکە، وەرە پێك بێین، ئیتر بەسە هەر لەم ژێر زەمینە بیت.

عالەمتاج چەند بەردێکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوەو پاشای بەردەباران کرد. پاشا دەموچاوی بریندار بوو و ترساو فەرمانی دا ئیتر خواردن بەعالەمتاج نەدەن. لەو ڕۆژەوە عالەمتاج نانی بڕا. تەنیا ئاویان دەدایە.

ئێستا باباسی تەیموورپاڵەوان بکەم:

تەیموور پاڵەوان تازە لەجەنگ هاتبووەوە. لەولاشەوە ورچەکەی تەیموور پاڵەوان هەموو مەڕەکانی لەوەڕاند بوو و لەدەشت دەیهێنانەوە. تەیموور پاڵەوان مەڕەکانی بردە هۆڕ. دوو مەڕی سەربڕی: یەکێ بۆخۆی و یەکێ بۆ کچەکە. لەپڕ دیتی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە لەشکر بەدەرکەوت.

تەیموور پاڵەوان دەستی دایە چەك‌و شمشێرو ماڵی بەورچەکە سپارد. نەعرەتەی لێداو خۆی بەدەریای لەشکرەکە دادا. ئەو ڕۆژە تەواو و ڕۆژی پاشیش تا نیوەڕۆ لەشکری تارومار کردو بڕاندنییەوە. تەیموور پاڵەوان بەشەکەتی لەمەیدانی جەنگ هاتەوە، دەست‌و دەموچاوی خۆی شووشت‌و نووست. ورچەکەش لەسەرینگانی وەرکەوت‌و پاسەوانی لێ کرد.

ئێستا باباسی پەریخانمتان بۆ بکەم:

پەری خانم دوای نۆ مانگ دووگیانی، کوڕێکی بوو. ماهروخ کوڕەکەی خەتەنە کردو ناوی نا (بێکەس)

ئێستا باباسی (بێکەس)تان بۆ بکەم:

بێکەس کەگەورە بوو و گەیشتە تەمەنی دوازدە ساڵی، بوو بەپاڵەوانێکی بێ‌وێنەو بێ‌ئاوقووف. هەموو ڕۆژێ دەچووە ڕاوو بەدەستی پڕ دەهاتەوە ماڵێ‌و هەرچی ڕاوی کردبوو لێیان دەناو دەیانخواردو بەشادی‌و بەختەوەری دەژیان.

ڕۆژێ، بێکەس پرسی:

ــ ئێوە کامتان دایکی منن؟

پەری خانم گوتی:

ــ من دایکی تۆم.

بێکەس گوتی:

ــ ئەی باوکم کێیە؟

پەری خانم وەڵامی دایەوە:

ــ باوکی تۆ تەیموور پاڵەوانە. چەند ساڵە خەبەری نییە. نازانین داخۆ مردووە، یان ماوە؟

بێکەس گوتی:

ــ ئەی ئەم کچە کێیە؟

پەری خانم، ئەو بەڵاو دەردەسەرییەی بەسەر ماهروخ هاتبوو، هەمووی لەسەر تاپیواز بۆ بێکەس گێڕایەوە. بێکەس هەستایەوە پێو ڕووی کردە دایکی و گوتی:

ــ دایکە، ڕووخسەتم بدە، بچم ڕەگی ئەو زۆردارانە دەربێنمو باوکی خۆم بدۆزمەوە.

پەری خانم گوتی:

ــ وەرە، مەچۆ!

بێکەس گوتی:

ــ ئیزنم بدەی هەر دەڕۆم، ئیزنم نەدەی هەر دەڕۆم.

ماهروخ کە ئەم قسەیەی بیست، گەردانەی ملی خۆی لێ کردەوەو دایە بێکەسو گوتی:

ــ ها، ئەم گەردانەیە بگرەو بیفرۆشە و بیکە بەخەرجی ڕێگات. دایکیشی بازوبەندێکی لەبازوو بەست.

بێکەس لەگەڵ ئەوان دەستو ملی یەکتریان ماچ کرد، ئەوسا خواحافیزی کردو بەڕێکەوت.

بەرپرسیاران هات تا گەیشتە شاری یەمەن. لەدەوروبەری شار دەگەڕا، دیتی جوتیارێك خەریکی ئیشە، ئەسپو هەوجاڕو جلوبەرگی هەمووی ڕەشە. گوتی:

ـ ماندوو نەبی!

جوتیارەکە گوتی:

ـ خۆش بی، بەخێرهاتی.

بێکەس پرسی:

ـ برا، ئەوە بۆچی جلی ڕەشت پۆشیوە؟

جوتیارەکە گوتی:

ـ کوڕم، پاشای ئەم شارە دوژمنێکی هەیە. ئەم پاڵەوانە دوو کچی پاشای هەڵگرتووەو بردوویەتی. هەموو شەوێ بەڵاو دەردسەری نییە بەسەر ئەم شارەو خەڵکی ئەم شارەی نەهێنێ.

بێکەس پرسی:

ـ هۆی دوژمنارییان چییە؟

جوتیار باسی هۆی دوژمنداریی پاشای یەمەنو تەیموورپاڵەوانی بۆ کرد.

بێکەس، گەردانەکەی ماهروخی دەرهێناو دایە جوتیارەکەو گوتی:

ـ برا بگرە، ئەم گەردانەیە ببە بیفرۆشەو پارەکەم بۆ بێنە.

جوتیارەکە چووە شارو یەکسەر گەردانەکەی بەبازرگانێکی شار فرۆشتو پارەکەی بۆ بێکەس هێنایەوە. بێکەس دووسەد دیناری دایە جوتیارەکەو گوتی:

ـ برا، ئەم پارەیەم بۆ بە ئەسپێکی باش بدەن.

جوتیار پارەکەی لەبێکەس وەرگرتو ڕووی کردە شار بۆ ئەوەی ئەسپێك بکڕێ. بێکەسیش چووە شار بۆ ئەوەی شمشێرێك بۆخۆی بکڕێ بەکەڵك بێ. گەیشتە دوکانی

ئاسنگەرێك کەشمشێری دروست دەکرد. دیتی ئێرە ئەوەندەی شمشێر تێدایە، هەر دەیەوێ تەماشای بکەی!

بێکەس بەخاوەنی دوکانەکەی گوت:

ـ شمشێرێکم بدەرێ.

ـ هەرکامەت بەدڵە، هەڵیگرە!

بێکەس دەستی درێژ کردو شمشێرێکی هەڵگرت. بەدەستێك قەفتەکەی گرتو بەدەستەکەی تریش دەمەکەی گرتو ویستی بەهەردوو دەستان بیچەمێنێتەوە، شمشێرەکە شکا. بەم جۆرە هەرچی شمشێری لەدوکان هەبوو هەمووی تاقی کردەوەو هەموو شکان. دەری هێنا پارەی شمشێرەکانی داو ویستی بڕوا، چاوی بەشمشێرێك کەوت بەدیوارەوە هەڵواسرابوو.

گوتی: ئەو شمشێرەم بدەرێ تەماشای بکەم.

خاوەن دوکانەکە گوتی:

ـ ئەم شمشێرە هی پاڵەوان (بەبر)ە، من هەقم بەدەست نییە بیفرۆشم. بێکەس تووڕەبوو. شمشێرەکەی لەدیوار کردەوەو ڕۆیشت. لەولاشەوە جوتیار ئەسپەکەی کڕیبووو چاوەڕێی بێکەسی دەکرد. پاش کەمێ، بێکەس خۆی پێ‌گەیاند، دیتی جوتیار ئەسپێکی تۆکمەو چاپووکی کڕیوە. یەکسەر جلی پاڵەوانێتی کردە بەرو سواری ئەسپەکە بوو و پرسی:

ـ برا، ئەو پاڵەوانەی ناوت هێنا، لەکوێیە؟

ـ کوڕم، ئێمەمانان جێگای پێ نازانین، بەڵام ئەوەندەی ئێمە بزانین جێگای لەم نزیکانەیە.

بێکەس لەجوتیارەکە جیابووەوەو بەڕێکەوتو ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە بیابان.

ئێستا باباسی تەیموورپاڵەوانتان بۆ بکەم:

تەیموور پاڵەوان خەریك بوو دەڕۆیشت، لەڕێگادا پاڵەوانێکی دی، یەکسەر شمشێری هەڵکێشاو گوتی:

ــ پاڵەوان، چ ئیشت هەیە لەو ناوە؟ بەچ ئیش هاتووی؟

بێکەس گوتی:

ــ ڕێگام بەردە ئیشم هەیە.

تەیموور گوتی:

ــ هەی حەرامزادە، دابەزە و ئەسپەکەت پێشکەش کە، ئەوسا بڕۆ.

بێکەس گوتی:

ــ تۆ کێی، من باجت بدەمێ؟

بێکەس‌و تەیموور قسەیان لێك گیر بوو دەستیان بەشیربازی کرد. سێ شەو و سێ ڕۆژی تەواو شیربازییان کرد، هیچێکیان سەرکەوتوو نەبوون. تەیموور دەستی بۆ گورزو قەڵغان برد، ئەویش چ ئەنجامی نەبوو. تەیموور دەیویست کەمەری بێکەس بگرێ و لەعەردی بدا، دیتی تاقەتی پێ ناشکێ. بەڵام بێکەس کەمەری تەیمووری گرت‌و وەکوو گاسن لەسەر زەوی ڕایکێشاو ڕۆحی بەتەنگ هێناو وەکوو شێری ژیان نەعرەتەیەکی لێداو دەستی برد کەمەری تەیمووری گرت، لەوکاتەدا تەیموور بازووبەندەکەی بازووی بێکەسی دی‌و گوتی:

ــ کورە،دەست هەڵگرە.

بێکەس دەستی کێشایەوە. تەیموور تەماشای بازووبەندەکەی کردو بازووەکانی وەکوو خاچ کردەوەو گوتی:

ــ کوڕم!

ئیتر بەبێهۆشی کەوتە سەرزەوی. بێکەس تەوێڵی ماچ کردو بەفرمێسکی خۆی بێداری کردەوە، باوکی پاڵەوان‌و کوڕی پاڵەوان یەکتریان گرتە باوەش‌و یەکتریان ماچ کرد. بێکەس بەتەیموور پاڵەوانی گوت:

ــ باوکە، تۆ ماوەیەك لای دایکم بەو پشوو بدە، تامن تۆڵەی تۆ لە دوژمنەکانت بسەنم‌و جیهان بانو (عالەمتاج) لەدەست دوژمن نەجات بدەم.

بێکەس ڕێنمایی باوکی کرد بۆلای دایکی و خۆیشی ملی ڕێی گرت‌و ڕۆیشت.

ئێستا باباسی پاشای یەمەنتان بۆ بکەم:

پاشای یەمەن هەرچی کردی نەیتوانی جیهان با نو (عالەمتاج) ڕازی بکا مێردی پێ بکاو نەشیتوانی بەسەر تەیموور پاڵەواندا زاڵ بێ. تەیموور پاڵەوانیش هەموو لەشکری پاشای یەمەنی کوشت‌و پەراگەندەی کرد. ڕۆژێ پاشا بانگی وەزیری کردو گوتی:

ــ وەزیر، تەگبیرێك بکە، نەوەك تێدەچم!

وەزیر گوتی:

ــ پاشام سەلامەتداربێ، لەشاری عەرەبستان پاڵەوانێك هەیە بەناوی (بەبر)، زوو یەکێ بنێرە بیهێنێ بەڵکو ئەو بتوانێ بەرامبەر تەیموور پاڵەوان بوەستێ‌و بیکوژێ.

وەزیر بەم قسەیە خۆی تووشی بەڵا کرد، چونکە پاشا ئەم ئەرکەی هەر بەو سپارد. ئەویش یەك مانگ مۆڵەتی خواست‌و بەرێ کەوت‌و ڕووی کردە وڵاتی عەرەبستان.

باباسی بەبر پاڵەوانی وڵاتی عەرەبستانتان بۆ بکەم:

بەبر پاڵەوانێکی ئازابوو. لەهەیوان دانیشتبوو، لەپڕ لەدەرگا درا. نۆکەرانی پاڵەوان دەرگایان کردەوەو پرسییان: کێت دەوێ؟

وەزیر گوتی:

ــ من وەزیری پاشای یەمەنم، دەمەوێ بەبر پاڵەوان ببینم.

یەکسەر خەبەریان دایە بەبر پاڵەوان‌و ئەویش ڕووخسەتی دیدەنی دا. وەزیر دوای بەجێگەیاندنی دابی ڕێزنواندنی پێویست، نامەی پاشای یەمەنی دایە بەبر پاڵەوان.

بەبر پاڵەوان نامەکەی خوێندەوەو کەئاگاداری بەسەرهات‌و ڕووداوەکە بوو، یەکسەر ئەسپی ئامادە کردو لەگەڵ وەزیر کەوتە ڕێ. چەند شەوو چەند ڕۆژ ڕێگایان بڕی تا ئاخیری

گەیشتنە شاری یەمەن. خەبەریان دایە پاشای یەمەن کەبەبر پاڵەوان گەیشتۆتە ناو شار. پاشا زۆر خۆشحاڵ بوو و بەدۆڵو زورنا پاڵەوانی هێنایە ناو کۆشکو سەرا. سێ شەوو سێ ڕۆژ لەناو کۆشك هێشتییەوەو ڕۆژی چوارەم بەبر پاڵەوان سواری ئەسپ بوو و بەرەو جەنگی تەیموور پاڵەوان کەوتە ڕێ.

باباسی بێکەستان بۆ بکەم:

بێکەس خەریك بوو بەرەو یەمەن دەچوو، لەپڕ دیتی پاڵەوانێ بەلەشکرو سوپاوە لەبەر دەمی پەیدا بوو.

بەبر پاڵەوان نەعرەتەی لێداو گوتی:

ــ هەی ناکەس، لەسەر ڕێگام دوورکەوە!

بێکەس گوتی:

ــ تۆ کێی کە من ڕێت بۆ بەربدەم؟

ئەم قسەیە کاری لەبەبر پاڵەوان کرد. دەستی گەیاندە شمشێر، بێکەسیش شمشێری هەڵکێشا. کەوتنە شەڕو دیتیان بەشمشێر هیچ ئەنجامێکیان گیرناکەوێ. دەستیان دایە کەمەندو هەر جەنگانو جەنگان. بەبر پاڵەوان دیتی ئەمە بەژنی بستێکەو پاڵەوانێکی وەکوو بەبری شەکەت کردووە، ویستی بڵێ با پشوویەك بدەین، لەپڕ بێکەس نەعرەتەیەکی لێدا دونیای هەژاندو چەنگی لەکەمەری بەبر پاڵەوان گیرکردو بەرزی کردەوەو وا لەزەوی کوتا بەبر مەحوو بووەوە. کاتێ لەشکرەکە ئەم تواناو زۆری بازووی بێکەسیان دی ترسانو هەڵاتنیان پێ لەمانەوە باشتر بوو، ئیتر ڕوویان کردە لای یەمەنو خەبەر گەیشتە پاشا کەبەبر پاڵەوانیان کوشت.

پاشا کە ئەم خەبەرەی بیست، ئاگری گرت. فەرمانی دا ئەم پاڵەوانەی بێننە حزوور. بێکەس یەکسەر سەری بەبر پاڵەوانی بڕی و لەناو خورجینەی ناو دیتی لەشکر دێ، یەکسەر دەستی دایە شمشێرو وەکو و گەڵای پایز بەگوڕێی وەرکردن. گەیشتە شاری یەمەن.

بەپاشایان گوت: تەیمور پاڵەوان درۆ بوو ڕاستییەکە ئەمەیە. پاشا وەزیری ناردە پێشوازی بێکەسو گوتی:

ــ ئەی پاڵەوان! بەخێر هاتی. پاشا داواتان لێ دەکات تەشریف بفەرموون بۆ کۆشکەکەی. بێکەس لەگەڵ وەزیر وارە وارە هاتنو گەیشتنە ناو کۆشکی پاشا بێکەس کە گەیشتەجێ، یەکسەر دەستی برد سەری بەبر پاڵەوانی لەخورجینەکەی دەرهێناو فڕێی دایە بەر پێی پاشا. پاشا زۆر خەفەتبارو پەشۆکابوو، بەڵام بەڕووی خۆی نەهێنا. دوای چاکو چۆنی، پاشا بەبێکەسی گوت:

ــ کوڕم، چەند ڕۆژێ میوانی من بە.

بێکەس ڕازی بوو، چونکە دەیەویست جیهان بانوو (عالەمتاج) بدۆزێتەوەو لەگەڵ خۆی بیباتەوە.

پاشا ژوورێکی تایبەتی بۆ بێکەس تەرخان کرد. بێکەس چەند ڕۆژێ لەوێ مایەوە. ڕۆژێ بێکەس لەباڵەخانەی پاشا خەریکی گەڕان بوو، لەپڕ، پاشای بینی چووە ژوورێك. بێکەس خۆی شاردەوەو بەهێواشی چووە ژوورەوەو لەکوژیەك وەستاو گوێی ڕاگرت. سەیری کرد پاشا بەجیهان بانوو (عالەمتاج) دەڵێ پاڵەوانێ بەناوی (بێکەس)، تەیموور پاڵەوانی کوشتووە. وەرە دەست لەلاملیو کەللەرەقی هەڵگرەو مێردم پێ بکە. بامنیش تامی خۆشبەختی و بەختەوەری بکەم. جیهان بانوو بەبەردو تۆبزو دار کەوتە گیانی پاشاو لەژوورەوە دەری کرد. لەگەڵ خەبەری مەرگی تەیموور پاڵەوان، عالەمتاج ئەژنۆی سست بووو تاقەتی بڕا، ئیتر کەوتە سەرچۆکو دەستی بەگریان کرد. بێکەس یەکسەر خۆی پێ گەیاندو دیتی لەبارودۆخێکی خراپ دایە. جیهان بانووش دیتی ئەمە گەنجێکی کۆکو پاڵەوانە. ئەوەبوو سەری دانەواند. بێکەس بەجیهان بانووی گوت:

ــ ئەی زیباسەنەم! ئەمە چ زیندانێکە. دەزگیرانەکەت ساغو سەلیمە، نیگەران مەبە. من کوڕی تەیموور پاڵەوانم.

جیهان بانوو بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە سەربردەی غەمگینی خۆی گێڕایەوە. بێکەس زنجیری لەدەستو پێی جیهان بانوو کردەوەو تەماشای کرد دیتی پێیەکانی جیهان بانوو هێزی جوولانیان نییە. گرتییە باوەشیو لەگەڵ خۆی هێنایەوە ماڵێ. دختۆر و حەکیمو داوودەرمانی هێناو یەکسەر چارسەری کرد. پێنج ڕۆژی نەبرد، جیهان بانوو بەتەواوی چاك بووەوە. ڕەوانەی گەرماوی کرد. جلو بەرگی زێڕنیگاری کردە بەرو وەکوو جاران جوانو دڵپەسندی کردەوە.

بێکەس پێی گوت:

ـ خانم، غەم مەخۆ، زوو بەدەزگیرانەکەتت دەگەیەنم.

ڕۆژێ، پاشای یەمەن هاتە لای جیهان بانوو، بەڵکوو بەهەر جۆرێ بێ ڕازی بکا لەکەری شەیتان بێتە خوارێ. سەیری کرد جیهان بانوو نەماوە. بەهەردوو دەستان لەسەرو پۆتەڵاکی خۆیدا، بەغارەغار هاتە لای وەزیرو گوتی:

ـ وەزیر، جیهان بانوو نەماوە.

وەزیر گوتی:

ـ خەمت نەبێ، جیهان بانوو لای بێکەس پاڵەوانە.

پاشا هاتە ژووری بێکەسو لەپەنجەرەوە سەری هەڵکێشاو دیتی بەڵێ جیهان بانوو لای بێکەسە. پادشا بەکزیو عاجزی و پەشیمانی گەڕایەوە. لەحەژمەتان مووی ڕیشی دەردەکێشا. چوو لەسەر تەخت دانیشتو لەدوای وەزیری ناردو گوتی:

ـ وەزیر، تەگبیرێك بکە!

وەزیر گوتی:

ـ ئەم شەو زیافەتێك بکەو بێکەسیش دەعوەت بکەو دەرمانی بێهۆشی بۆ لەخواردن بکەو کەلەهۆش خۆی چوو بابیبەن فڕێی دەنە ناو گەلێیەك بۆئەوەی ببێ بەخۆراکی جانەوەری هۆڤی.

پاشا ئافەرینی لەم تەگبیرەی وەزیر کرد. کاتی ڕۆژاوا دەستووری دا چێشت لێ بنێنو بێکەسی بانگهێشت کرد. بێکەس بەپیر بانگهێشتنی پاشاوە چوو و لەزیافەتەکە ئامادە بوو. دوای چاکو چۆنیو گفتوگۆی برادەرانە، سفرە ڕاخراو خواردن ڕیز کرا. بێکەس هەر هێندە کەچێشتەکەی خوارد، لەهۆش خۆی چوو و بەربووەوە. دەمو دەست، دەستو پێیان بەستو هێنایان فڕێیان دایە ناو گەلێیەکی نێوان حەفت کێوان بۆ ئەوەی ببێ بە خۆراکی جانەوارن.

باباسی ورچەکەی تەیموور پاڵەواتتان بۆ بکەم:

ورچەکەی تەیموور پاڵەوان دیتی پاڵەوان تەیموور هیچ خەبەری نییە، زانی بەڵایەکی بەسەرهاتووەو شتێکی لێ قەوماوە. ئیتر مەڕەکانی کۆکردەوەو بردی لەناو قەڵا، لەهۆری کردنو هەموو دەرگاکانی توند داخستو خۆیشی بەرەو کێوو بیابان کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی تەیموور پاڵەوان بدۆزێتەوە. دوای گەڕانێکی زۆر، ئاخیری تەیموور پاڵەوانی دۆزییەوەو بەیەکەوە کەوتنە ناو کێوو زوورگو تەپۆلکان. لەپڕ، لەدوورەوە ڕەشاتیەکیان لەناو گەلێیەك بینی. دەرحاڵ بەرەو بنی گەلێیەکە شۆڕ بوونەوە، سەیریان کرد ئەمە پاڵەوانێکە، بەڵام دەستو پێی بەسراوە. کەباش تەماشای سەروسیمایان کرد، تەیموور پاڵەوان دیتی ئەمە بێکەسی کوڕی خۆیەتی. بەهەردوو دەستان لەسەری خۆیداو کردی بەهاتو هاوار. یەکسەر دەستو پێی بێکەسیان کردەوە. کاتێ بێکەس هاتەوە هۆش خۆی، دیتی وا لەبیابانێکی وشكو بێ گیاو ئاوەو باوکی ورچەکەش لەتەنیشتی وەستاون. بەکورتی: هەرسێکیان بەڕێکەوتن. بێکەس برسی بوو، یەکسەر لەناو ڕان مەڕێکی هێناو سەری بڕی و هەرسێکیان خواردیان. پاشان بێکەس سەربردەی خۆی بۆ گێڕانەوە، ئینجا لێی نووستن.

بەیانی زوو، بێکەس هەستاو دوو مەڕی سەربڕی و لەناو تاوەی کردو باش برژاندی و لەگەڵ ورچەکە بەیەکەوە خواردیان، کەتێر بوون، بێکەس چاوی بەدوو دەستە بەرگی پاڵەوانان کەوت بەدیوارەوە هەڵواسرابوون، یەکسەر یەکێ لەدەستە بەرگەکانی کردە بەرو

شمشێری لەکەمەری بەستو کەوتنە ڕێ. هاتن گەیشتنە سەر لێوی بیرەکەو بێکەس چووە ناو بیرەکەو دیتی کچێ بەدەستەکانی هەڵواسراوە. یەکسەر دەستەکانی کردەوەو پرسی: ئەمە کێیە؟

باوکی گوتی:

ئەمە کچی پاشای یەمەنە.

کچەکە دەستی پێکرد بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە. ئینجا کەوتو مرد. بێکەسو تەیموور و ورچەکە لەوێ هاتنە دەرەوەو لەڕێگای خۆیان بەردەوام بوون.

باباسی پاشای یەمەنتان بۆ بکەم:

پاشای یەمەن ، دوای لەناوبردنی بێکەس، خۆی گەیاندە جیهان بانوو و گوتی:

ــ جیهان بانوو! وەرە داخوازیم بێنەجێ. ئەوە بێکەسیشم کوشتو لەناوم برد.

جیهان بانوو گوتی:

ــ نا، بەهیچ جۆرێ نابێ. چونکە کاتێ دێ تۆش دەکوژن.

کەپاشا ئەمەی بینی، تووڕەبوو و شمشێری هەڵکێشا بۆ ئەوەی بیکوژێ، دەق لەو کاتەدا تەیموور پاڵەوانو بێکەسو ورچەکە خۆیان گەیاندە ژووری جیهان بانوو وپاشا. بێکەس یەکسەر شمشێری هەڵکێشاو لەگەڵ پاشا کەوتە جەنگ. جەنگێکی گەورەو بەرچاو! حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بێکەسو پاشای یەمەن خەریکی شیر وەشاندن بوونو هیچێکیان سەرکەوتوو نەبوون.

بێکەس شمشێری بەعەردی داداو نەعرەتەیەکی لێ داو کەمەری پاشای گرتو بڵندی کردو بەتوندی لەعەردی کوتا. پاشا پارچە پارچە بوو. ئینجا بێکەس پەلاماری وەزیری داو بەجەهەننەمی مووشەررەد کردو پاشان تەیموور پاڵەوانی باوکی و جیهان بانووی لەوێ جێهێشتو گوتی:

ــ من دەبێ بچم دایکیشم بێنمە ئێرە.

بێکەس چووە دوای دایکی.

باباسی پەری خانمتان بۆ بکەم:

پەری خانمو ماهروخ لەماڵەوە دانیشتبوونو چاوەڕێی بێکەسو تەیموور پاڵەوانیان دەکرد. پاڵەوانێ بەناوی (موشك) ڕێی کەوتە قەڵاکەیان.

پاڵەوانەکە دیتی دووژن لێرە بەتەنیا دەژین. ویستی لەخۆیان مارە بکات. پەری خانم بەزرنگی خۆی، لەدەست دەرچوو و ڕایکرد، بەڵام پاڵەوانەکە ماهروخی دەستگیر کرد. پەری خانم چوو، خۆی لەناو بێشە شاردەوەو زۆر بەناخۆشی ڕۆژگاری بەسەر دەبرد.

ڕۆژێ، بێکەس دیتی خانمێك لەناو بێشە خۆی دەشارێتەوە، یەکسەر کەمەندی هاویشتو گرتی. کاتێ کەتەماشای کرد، دیتی ئەمە دایکی خۆیەتی.

دایكو کوڕ یەکتریان گرتە باوەشو شاد کەیفخۆش بوون. بێکەس سۆراغی ماهروخی لەدایکی کرد.


پەری خانم هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ بێکەس گێڕایەوە. بێکەس یەکسەر دایکی هاویشتە سەر پاشکۆی ئەسپەکەی و هاتە ناو قەڵاو (موشك) پاڵەوان تازە لەڕاو هاتبووەوەو لەبەر ئەوەی شەکەت بوو، خەوی لێ کەوتبوو. بێکەس خۆی گەیاندە ناو قەڵاو (موشك)ی لەخەو بەخەبەر هێناو کەوتنە جەنگ.

بێکەس بەدوو پەلامار موشکی کوشتو کەلەشی فڕێدایە دەرەوەی قەڵاو پەری خانمو ماهروخی هەڵگرتو هاتە شاری یەمەن.

جیهان بانوو دیتی بێکەس وا لەگەڵ دایکیو ماهروخ دێن، زۆر شادومان بوو. حەفت شەوو حەفت ڕۆژ زەماوەندیان کردو ماهروخیان لەبێکەس مارە کردو عومرێکی شاد ژیانو هەموو بەختەوەر بوون

ئێوەش هەر شادو بەختەوەر بن!

# 12ـ خەنجەری ژەنگاوی



هەبوو نەبوو، پاشایەك لەشاری ئەسفەهان هەبوو. ئەم پاشایە سێ کوڕی هەبوو. ڕۆژو ڕۆژگار دێو دەڕواو پاشا دەکەوێتە ناو سالآنەوە. ئەو حەلە، پاشا، کوڕە گەورەکەی، کەناوی حەسەن بوو، بانگ دەکاتە لای خۆیو دەڵێ:

ــ کوڕم، من تەمەنم لەچەند ڕۆژێك زیاتر نەماوە. پیربوویم، ئەمڕۆ سبەی دەڕۆم. باش گوێ لەقسەکانم بگرە: دوای خۆم تۆ بەپاشای وڵاتو محەمەدی برات بەوەزیرو برا گچکەکەشت بەوەکیل دادەنێم. وەسیەتێکم بۆ ئێوە هەیە، نەکەن ئەم وەسیەتەم لەبیر بکەن: سندووقێك لەچلەمین ژووری کۆشكو سەراکەمدا هەیە خەنجەرێکی کۆنو ژەنگاوی تێدایە. هەرکاتێ هەوای سەفەرتان کەوتە سەر، دەبێ ئەم خەنجەرە لەکەمەری خۆتان ببەستن. کەس ناتوانێ بەسەرتاندا زاڵ بێ.

پاشا ئەمەی گوتو تەمەنی درێژی بۆ کوڕەکانی بەجێهێشت. دوای وەفات کردنی باوکە، کوڕی گەورەی بوو بەپاشا. پاشای تازە، دوای ئەوەی ئاگاداری کاروباری وڵات بوو، هەوای سەفەری کەوتە سەر بۆ ئەوەی بەوڵاتدا بگەڕێو بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێ.

ڕۆژێ لەڕۆژان، پاشا ئامادە بوو بەڕێ بکەوێ. برای ناوەنجی لەجێی خۆی داناو هەندێ لەشکری هەڵگرتو کەوتەڕێ. لەوکاتەدا برای هەرە بچووك گوتی:

ــ وەسیەتی باوکمان لەبیر مەکە. دەچیتە سەفەر، خەنجەری ژەنگاوی لەکەمەر ببەستە، ئەوسا بڕۆ.

حەسەن نەختێ لەخەنجەری ژەنگاوی وردبووەوەو سەرنجێکی لەبراکەی داو پێکەنی و گوتی:

ــ ئەحمەد، من وام دەزانی تۆ کوڕێکی تێگەیشتووی. من بەقسەی پیرەمێردێك وابکەم خەڵك پێم بکەنێ؟ چییە؟ دەمەوێ وەسیەتی باوکم بەجێبێنم. بەستنی خەنجەری کۆن بۆ

من جوان نییه. ئەو خەنجەرە ژەنگاوییە بەتۆ دەبەخشم. ئەمەی گوتو ڕۆیشت. کەمو زۆر ڕێیان بڕی، گەیشتنە قەڵایەکی بچووك. دەرگای قەڵا داخرابوو. حەسەن دیتی دەوروبەری قەڵا جێگایەکی پڕ درەختو خۆشە. حەسەن فەرمانی دا لەشکر دابەزێ. دوای نان خواردن حەسەن هەستا چووە لای قەڵاکە. پاش زەحمەتییەکی زۆر، هەر چۆن بوو دەرگای قەڵای کردەوەو چووە ژوورەوە. دیتی ئەوێ باخێکی جوانو پڕ سەوزاتییە. گوڵزارێکی بەبۆنو بەرامەیەو بولبول خەریکی چەهچەهەو خوێندنن. چوار حەوزێك لەناوەندی باخەکە هەیە. هەر بەردێکی زێڕو بەردێکی زیوە، حەفتاو حەفت فیچقەی تێدایە، ئاوی زوڵاڵی وەکوو فرمێسکی چاویان لێ دەپڕژێ.

حەسەن دیتی ئێرە کەسی تێدا نییە. ویستی بچێتە ناو ئاوو مەلە بکا. دەق لەوکاتەدا ، کەجلی داکەندو چووە ناو ئاو، گرمەی هەورە تریشقەیەك لەئاسمانەوە هاوتەو بوو بەچەخماخەو برووسکەو هەورێکی رەش ئاسمانی داگرت. پاڵەوانێ بەسواری ئەسپ پەیدا بوو. پاڵەوان بەرلەوەی لەئەسپەکەی دابەزێ، نەعرەتەیەکی لێدا:

ـ ئەوە تۆ چۆن زاتت کردووە هاتوویتە ناو باخی من.

ئەمەی گوتو شمشێری لەکالان دەرکێشاو وەکوو سیمرخ پەلاماری حەسەنی داو کوشتی و ڕێی خۆی گرتو ڕۆیشت.

محەمەد هەرچەندە چاوەڕێی برای کرد، برای هیچ خەبەری نەبوو. ئاخری لەشکرێکی سازداو چووە تاقیبی برای. ئەم برایەش خەنجەری ژەنگاوی لەگەڵ خۆی نەبرد. بەپرسیاران هاتو گەیشتە قەڵاکە، دیتی ئەو ناوە ئەوەندە ئێسكو پروسکی مردووی تێدایە، نایەتە ژمار. محەمەد تەماشای ئەم لاو ئەولای کرد، دیتی تەرمی برای لەسەر زەوی کەوتووە. حەپەساو ویستی بگەڕێتەوە، لەپڕ، پاڵەوانەکە لەسەر سەری پەیدا بووو ئەویشی کوشت.

برای بچوکتریَ، کەناوی ئەحمەد بوو لەدوو، براکەی تری ئاقلّترو بەوەجتر بوو، تا ئەو کاتە هیچ پالّەوانیَ نەیتوانی بوو پشتی لەعەردی بدا. ئەحمەد هەرچەندە چاوەڕێی کرد، براکانی نەگەڕانەوە. ئەویش تەدارەکی سەفەری ڕێك خست. دایکی بانگی کردو گوتی:

ــ کوڕم، وادەڕۆی، ئۆغرت خێر بیَ. بەلاّم دەبیَ زۆرچاك گویَ لەقسەکانم بگری، یەکەم جار خەنجەری ژەنگاوی لەکەمەر ببەستە. تا ئەم خەنجەرەت پیَبیَ، کەس بەسەرت دا زالّ نابیَ. لەڕێگادا هەر کەسێکت دی گرفتار بووە، یارمەتی بدە. ئەو حەلە کاروبارت بەچاکی دەڕوا بەڕێوە.



دایکی ئەم قسانەی کردو خەنجەری ژەنگاوی لەسندووقەکە دەرهێناو دایە کوڕەکەی.

ئەحمەد یادگارییەکەی باوکی ماچ کردو لەکەمەری بەست. دیتی دەمو دەست توانایەکی سەیری لەبازووەکاندا پەیدا بوو.

بەهەرحالّ، ئەحمەد لەشکرێکی زۆری لەگەلّ خۆی بردو کەوتەڕێ.

کەمو زۆر ڕۆیشت، گەیشتە هەمان قەلاّ، دیتی جلوبەرگی براکانی لەسەر زەوی کەوتووە. زانی براکانیان لێرە

کوشتوون. بەو دەوروبەرەدا گەڕا. لەپڕ دیتی ئاسمان هەورە تریشقەی داو بوو بەبرووسکەو چەخماخەو هەورێکی ڕەش لەسەر بێشە جوولاو هات گەیشتە قەلا. پالەوانێکی ئەسپ سواری ڕووبەندپۆش لەناو هەورەکەوە دابەزییە سەر زەوی؟ نەعرەتەکی لەسەر ئەحمەد لێداو گوتی:

ـ تۆ چۆن زاتت کردووە، هاتوویتە ناو باخی من؟

ئەحمەد گوتی:

ـ قسەی زیاد نەکەی! براکانی من تۆ کوشتوونت. هاتووم تۆڵەیان بکەمەوە.ئەحمەد شمشێری لەکالان دەرکێشاو پەلاماری پالەوانەکەی دا. چل شەوو چل ڕۆژ جەنگان، شتاق سەرنەکەوتن. ئاخیری ئەحمەد نەعرەتەیەکی لێداو پشتی پالەوانەکەی لەعەردی دا لەپڕ کلاو و خوودەی پالەوانەکە پەڕی، ئەحمەد دیتی ناحەزەکەی کچێکی جوانە، بەمانگ دەلێ من هەلهاتووم تۆ هەلمەیی و بەرۆژ دەلێ من دەرکەوتووم تۆ دەرمەکەوە!

ئەحمەد بەدیتنی کچەکە هۆشی لەمێشکدا نەماو بەربووەوەو لەهۆش خۆی چوو. کە بەئاگاهات دیتی قەلا چۆلو هۆلەو کەس لەو ناوەدا نییە.

کاتێ ویستی هەستێو بکەوێتە ڕێ، دیتی کاغەزێکی لەتەنیشتە. خوێندیەوە، سەیری کرد کچەکە نووسیویەتی:

(( من کچی شای فەرەنگم، ناوم پەرییە. باوکم ویستی بەمێردم بدا، من نەمکرد. بڕیارم دا هەرکەسێ لەزۆرانێ لێم بباتەوەو پشتم لەعەردی بدا، دەبم بەهاوسەری ئەو. ئێستاش ئەوە تۆ لێت بردمەوە، ئەگەر دەتەوێ، دەتوانی بۆ خوازبێنی من تەشریف بێنی بۆ لای شای فەرەنگ. چاوەڕێی دیداری تۆم))

ئەحمەد لەرۆیشتنی کچەکە پەشیمان بووەوەو لەشکری ڕێك خستو دەستووری دا بگەڕێتەوە. خۆیشی ماوەیەك رۆیشت، گەیشتە بێشەیەكو دیتی قەلایەکی لێیە. ئەو قەلایە دێوێکی تێدابوو. دەنگی ئاهو نالەی دێوەکە دەگەیشتە ئاسمان. دێوەکە ئەوەندە

گەورەو سەنگین بوو، زەوی لەگەڵ ئاهو ناڵەی دەلەرزی. ئەحمەد گەیشتە ئەوێو دیتی درەختێ لەپێی دێوەکە چەقیوەو خوێنی لەبەر دەڕوا.

ئەحمەد ویستی درەختەکە لەپێی دێوەکە دەربێنێ، لەپڕ، بیری کەوتەوە لەوانەیە دێوەکە پەلاماری بداو بیکوژێ. بۆیە خورجینەی ئەسپەکەی پەتێکی تێدابوو، زوو پەتەکەی هێنا. سەرێکی پەتەکەی لەدرەختەکە بەستو سەرەکەی تری بەتوندی لەخورجینەی ئەسپەکەی بەستو خۆی لەپەنا داران شاردەوەو ئەسپەکەی دەنگ دا. ئەسپەکە بەقایم پەتەکەی ڕاکێشاو درەختەکە بەچاوترووکانێك لەپێی دێوەکە هاتە دەرەوە.

دێوە لەوکاتەدا نەعرەتەیەکی لێداو گوتی:

ــ ئەی ئەو کەسەی ئەو دەردەت پێ کردم، ئەگەر دەستم بتگاتێ، دەبێ پارچەی گەورەت گوێت بێ.

دێوە، کێمو خوێناوێکی زۆری لەپێی هاتو دوای ماوەیەك خەوی لێکەوت. کەلەخەو ڕابوو، دیتی ژانی پێی هیچ نەماوە، زانی بەرامبەرەکەی خزمەتێکی گەورەی پێ کردووە. ئیتر بەدوایدا گەڕا بیدۆزێتەوە.

ئەحمەد لەحەشارگەکەی هاتە دەرەوەو خۆی نیشانی دێوەکەدا. دێوە یەکسەر چۆکی داداو گوتی:

ــ ئەی بنیادەم، تۆ منت لەمردن نەجات دا، پێم بڵێ بزانم چیت دەوێ؟

ئەحمەد گوتی:

ــ دەمەوێ تۆ ببی بەبرای منو یارمەتیم بدەی، بەیەکەوە بچین کچی شای فەرەنگ بێنین.

دێوە گوتی:

ــ دەبین بەبرا، بەڵام من جێی شای فەرەنگ پێنازانم. سواری پشتم بە بچینە لای برای گەورەترم، بەڵکو ئەو پێ بزانێ.

بەڵێ، ئەحمەد سواری پشتی دێوەکە بوو. دێوەکە یەکسەر بەرزبووەوە ئاسمان. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر فڕین، گەیشتنە بێشەیەك، دیتیان ئێرە باڵەخانەیەکە. دێوێکی سپی گەورە لەبەردەم باڵەخانەکە دانیشتووە، ئەوانیش لەبەردەم باڵەخانەکە دابەزین.

دێوی سپی، کەچاوی پێ کەوتن، پێکەنی و گوتی:

ـ برام بەخێرهاتی! لەمێژە ددانم لەگۆشتی بنیادەم نەداوە، لێم مسۆگەرە، ئەمەت هێناوە، بیخەمە بەر ددانم. دێوەکە گوتی:

ـ برام، ئەمە ئەگەر بەچاوی خراپ تەماشای بکەی، یەکسەر بەباوکم دەڵێمو تاماوم دەبم بەدوژمنی تۆ. چونکە ئەم بنیادەمە گیانی منی لەمردن ڕزگار کردووە.

دێوی سپی، کەگوێی لەم قسەیە بوو، یەکسەر هەستاو ئەحمەدی گرتە باوەشو کەوتە لستنەوەی و گوتی:

ـ مادام تۆ برای منت لەمەرگ نەجات داوە، کەواتە تۆ برای منی

دێوەکان زۆر ڕێزیان لەئەحمەد ناو پێشوازی و خزمەتێکی شاهانەیان کرد.

ئاخیری دێوی سپیش گوتی:

ـ منیش شارەزاییم لەخاکی فەرەنگ نییە، بڕۆنە لای برا گەورەکەم!

ئەحمەد دووبارە سواری دێوی بچووك بوو و بەرزبووەوە ئاسمان، دوای ماوەیەك ئاسمان بڕین گەیشتنە پشت کێوێکی بەرز، باڵەخانەیەکی گەورەیان بینی، دێوێکی سوور بەرامبەر باڵەخانەکە دانیشتبوو.

دێوەکە، کەچاوی بەبرای کەوت، پێکەنی و گوتی:

ـ برام بەخێرهاتی! دەمێکە خەبەری تۆم نییە. حاڵت چۆنە؟ لێم مسۆگەرە ئەم بنیادەمەت بۆ ئەوە هێناوە بیخەمە بن ددانم؟

دێوەکە گوتی:

ـ برا، ئەم بنیادەمە برای منەو منی لەمەرگ نەجات داوە.

دێوە، کەلەمەسەلەکە ئاگاداربووە، یەکسەر ئەحمەدی گرتە باوەش و ڕێزی گرت و پاشان ڕێگای فەڕەنگی پێ نیشان دان.

ئەم دووە، دوای چل ڕۆژە ڕێ گەیشتنە خاکی فەرەنگ. دێوە چەنگە موویەکی خۆی دایە ئەحمەدو گوتی هەر کاتێ تێگیرای موویەکی من هەڵکڕووزێنە، یەکسەر پەیدا دەبم و دەگەمە فریات. ئەحمەدیش چەقۆیەکی لەگیرفانی دەرهێناو دایە دێوەکەو گوتی:

ــ هەرکاتێ دیتت خوێن لەنووکی ئەم چەقۆیە چۆڕایەوە، بزانەو ئاگادار بە کەمن لەمەترسی دام و بگەرە فریام.

ئەحمەد ئەمەی گوت و یەکسەر لەدێوەکە جیابووەوە. دوای ئەوەی ماوەیەك ڕێی بڕی، تووشی شوانێك هات.

ئەحمەد گوتی:

ــ سڵاو، مامەی شوان! مەڕێکم پێ نافرۆشی؟

شوان گوتی:

ــ دەبینم تۆ غەریبەی. لەوڵاتی ئێمە غەریبە ڕێزی خۆی هەیە، بۆیە مەڕێکت لەمنەوە پێشکەش بێ. هەرکامەت دەوێ دەستی لەسەر دانێ و بیبە.

ئەحمەد سوپاسی شوانەکەی کرد و دەستی لەسەر مەڕێك داناو سەری بڕی.

ورگی مەڕەکەی بەتاڵ کرد و کلاوێکی تووکنی لەڕیخۆڵەکەی بۆ خۆی دروست کرد و لەسەر سەری خۆی هەڵکێشاو وەکوو کەچەڵانی لێ هات. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شار. دوای گەشت و گەڕان گەیشتە باخێك، دیتی باخێکی زۆر خۆشە، وەکوو بەهەشت وایە.

ئەحمەد لەناو باخەکە گەڕاو سووڕاو گەیشتە سەر حەوزێکی گەورە. دەست و دەم و چاوی خۆی شووشت و نەختێ میوەی خوارد و لەژێرچر درەختێك درێژ بوو و خەوی لێ کەوت. بەیانی پاسەوانان ئەحمەدیان گرت و بردیانە لای پاشا.

پاشا گوتی:

ـ ئای کەچەڵ، ئەوە تۆ کێی؟

ئەحمەد گوتی:

ـ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، من هەتیوم. کەسم نییەو بەدوای کارێکدا دەگەڕێم. ئێوارێ جێگایەکی باشم دەست نەکەوت لێی بخەوم، بۆیە لەباخی ئێوە خەوتم. ئەگەر هەڵەیەکم کردووە، داوای بوردن دەکەمو ئامادەم تۆڵەی بکەمەوە.

پاشا دیتی کەچەڵ کوڕێکی تێگەیشتووە، بۆیە گوتی:

ـ دەبینم کوڕێکی تێگەیشتووی، بۆیە سێ پرسیارت لێ دەکەم ئەگەر بەڕاستی وەڵام بدەیتەوە، لای خۆم گلت دەدەمەوەو کارێکت دەدەمێ ، ئایا ئامادەی بەدروستی وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە؟

کەچەڵ گوتی:

ـ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ! ئەوەندەی بتوانم درێغی ناکەم. تەنیا ئەوەندە هەیە ڕووخسەت بدەن، بچم دەست بەئاو بگەیەنم و بێمەوە.

زوو و موویەکی دێوەکەی هەڵکڕووزاند. دێوە لەبەردەمی ئامادە بوو و بەئەحمەدی گوت!

ـپاشا، هەرچی دەیەوێ با بپرسێ. من چیم گوت تۆ دووبارەی بکەوە، هەقت نەبێ.

پاشا گوتی:

ـ پێم بڵێ بزانم گەورەترین دوژمنی بنیادەم چییە؟

دێوەکە یەکسەر لەپەناوە بەئەحمەدی گوت: من چی دەڵێم تۆ وەکوو خۆی دووبارەی بکەوە.

ئەحمەدیش قبوڵی کردو گوتی:

ـ بەساقەت بم،

گەورەترین دوژمنی بنیادەم (نەفسی بەدکار)ە کە گەورەکان بەسەگێکیان چواندووە هەرگیز فەرمانبەرداری مرۆڤ نابێ. دەگێڕنەوە دەڵێن: گۆڕهەڵکەنێك تەمەنی زۆری بەڕێ کردبوو، یەکێ لێی پرسی: تۆ تەمەنێکە گۆڕهەڵکەنی، چ شتێکی سەیرت لەژێر خاکدا دیوە؟

گوتی:

ــ لەهەموو شتێ سەیرتر ئەوەبوو ئەم نەفسە سەگە حەفت ساڵ بوو دەیدی گۆڕهەڵدەکەنم، کەچی نەمردو یەك جار چییە فەرمانبەرداری من نەبوو.

سەدو بیستو چوار هەزار پێغەمبەر نەیانتوانی ئەم نەفسە سەگە بکوژن، یان بیکەنە موسڵمان. ئێمە هەموومان لەژێر فەرمانو گوێڕایەڵی نەفسی کافرین. کافر لەدەروونی خۆمان پەروەردە دەکەین. کوشتنی ئەم نەفسە کافرە سەرکێشە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەم نەفسە یارمەتی لەدوولاوە وەردەگرێ: ورگو ڕشتەی زایەند. دڵ وەکوو سوارێك وایە سەگێکی لەگەڵ دابێ. هەرچەندە دڵ یارمەتی لەجانان وەربگرێ و ئەسپەکەی لنگ بدا، نەفسی سەگ لەگەڵیا دەکەوێتە غار.

((هرکە این سگ را زبون خویش کرد

گرد گفتش در نیاید هیچ مرد))

ــ پاشا گوتی: ئافەرین. وەڵامێکی بەرز بوو!

دووەم: پێم بڵێ بزانم باشترین چاکەی بنیادەم چییە؟

کەچەڵ گوتی:

ــ ئەدەبو بێ فیزی. ئەم دوو چاکەیە پەیوەندی نزیکیان بەیەکەوە هەیەو گووتوویانە: بۆ مرۆڤ ئەدەب لەسامان باشترە. بەئەدەب بەو ببە بەپاشا. مەرجی ئەدەب ئەوەیە کەمرۆڤ بێ فیزبێو لەخەڵك کەمتر داوای شت بۆخۆی بکا. گوناه بکێشێتە سەر خۆیو

لەسەرخۆی دابنێ، تا بەتەواوی نەسەلمێ لێپرسینەوە چۆن دابەش بووەو گوناهەکە هی کێیە.

لەگەورەیەکی دونیادیتەیان پرسی: لەگەشتەو گەڕانەکانی خۆتا تووشی چ کەسێ هاتی کەشایەنی باس کردن بێ؟

گوتی:

ــ حەفت ئیقلیم گەڕام تەنیا یەك کەسو نیوم بینی: کەسەکە ئەوەبوو کە پاش ملە نەبەچاکە، نە بەخراپە باسی خەڵکی نەدەکرد، چونکە غەرقی ڕازی خوا ببوو. نیو کەسەکەش ئەوەبوو تەنیا بەچاکە باسی خەڵکی دەکردو بەس.

دەگێڕنەوە: ڕۆژێ بایەزید بەڕێگایەکدا دەڕۆیشت، سەگێ بوو بەهاوڕێیو شێخ دامەنی خۆی لێ دوور خستەوە. سەگەکە گوتی:

ــ ئەگەر وشکم، منو تۆ هیچ ناکۆکیمان لەنێودا نییەو ئەگەر تەڕیشم، بەحەفت قوڕاو ئاشت دەبینەوە. بەڵام ئەگەر تۆ دامەنت لەبەر خۆت ڕابکەی، بەحەفت دەریاش خۆت بشۆی، پاك نابیتەوە.

بایەزید گوتی:

ــ گلاوی تۆ بەرچاوەو گلاوی من نەپەنی. وەرە هەردووکیان بەیەکەوە کۆکەینەوە تا بەهۆی کۆبوونەوەیان نێوانمان پاك بێتەوە، چونکە ئەگەر لەدوو جێ ئاوی گلاو خۆیان لێك بدەن دەبێ بەقولەتێنو پاکو حەلاڵ دەبێ.

سەگ گوتی:

ــ تۆشیاوی هاوڕێتی من نیت، چونکە خەڵك من ڕەت دەکاتەوەو تۆ قبووڵ دەکا. هەرکەسێ بگاتە من بەردێکم لەڕەفیسك دەداو هەرکەسێ بگاتە تۆ دەڵێ : " السلام علیك یا سلگان العارفین" و من هەرگیز ئێسکێکم بۆ بەیانی هەڵنەگرتووە، بەڵام تۆ قەڕابە گەنمێکت هەیە.

بایەزید گوتی:

ـ من شیاوی هاوڕێتی سەگ نەبم، چۆن شیاوی هاوڕێتی (لم یزل ولایزال) واتە خودا، دەبم. سوبحانەللاّ کەباشترین ڕەوشت بەکەمترین پەروەردە دەدا.

دەڵێن خالۆی سەرخەسی بینەو بەرەیەکی لەگەڵ خدردا هەبوو.

ڕۆژێ خدر هاتە سەردانی خالۆ، گەنجێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو لەعیشقی خواییدا سەری پڕ جۆشو دڵی پڕ نوور بوو. کە گەنجەکە دانیشت، شێخ لەحاڵو کاروباری پرسی:

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

ـ ئێستا ئەوە نزیکەی دە ساڵە، ئەوەندە لەئەندێشەی دۆست نقوم بوویم، ئاگام لەخۆشم نییە.

سەرخەس گوتی:

ـ من ناتوانم بیر لەدۆست بکەمەوە، چونکە شەش ساڵە ئەوەندە خەریکی عەیبی خۆم، لەشەرمی خۆم ساتێ پەروای ئەوم نییە.

گەنجەکە، کە ئەمەی بیست گیانی پەشۆکاو هەموو ئەندامی لەرزی.

جا خدر گوتی:

ـ تۆ نابێ زیاد لەپێویست لەم گەنجە داوا بکەی. ئەوەی تۆ دەتەوێ کاری گەورانە (هێزی بازوو لەکەوانەوە دێ)

کاتێ کەچەڵ لەقسەکانی گەیشتە ئێرە، پاشا گوتی:

ـ دەبینم تۆ پیاوێکی تێگەیشتووی. قسەکانت خۆشو بەتام بوون.

هیوادارم بەکورتی وەڵامی پرسیاری سێیەمم بدەیتەوە، چونکە کاتەکە کەمەو ئیشی ترم هەیە دەبێ بیانکەم.

ئێستا ئەم پرسیارەت لێ دەکەم: ئایا باشترین سامان چییە؟

کەچەڵ وەڵامی دایەوە:

ــ لەبەر ئەوەی کلیلی سامان بەدڵەوە دەچەسپێ‌و مرۆڤ لەخودا دوور دەکاتەوە، سامان هەر هیچ نییە. لەڕاستیدا سامانی ڕاستەقینەو باشترین سامان تەندروستی، واتە لەش ساخییە، ئینجا بەجێهێنانی سوپاسگوزاری ئەو لەش ساخییەو سەبرو پشوودرێژی و ڕەزامەندی. چونکە ئەگەر سەراپای سامانی دونیا کۆکەیتەوە جێگای یەك چاو، یان یەك دەست، یان یەك پێ، یان دڵی بنیادەم پڕ ناکاتەوە. خودا بنیادەمی بەسەد نازو شکۆمەندی پەروەردە کردووەو بینایەکی سەرسوڕهێنەری لەش‌و ڕزقو ڕۆژی‌و تەندروستی و نیعمەتی بڕوا و هی تری پێ بەخشیوە، جا دەبێ سوپاسگوزاربینو سەبرمان هەبێ.

دەڵێن: پاشایەك میوەیەکی دایە غولامەکەی بۆ ئەوەی بیخوا. غولامەکە میوەکەی ئەوەندە بەچێژو مگێزو تاسووقەوە خواردو ئەوەندە بەشیرینی و بەتامەکەی هەڵگوت، پاشا خۆیشی ئارەزووی هەستا نیوەی میوەکە بخوا، بەڵام کەتامی میوەکەی چەشت دیتی تاڵە. لەغولامەکەی پرسی:

ــ تۆ چۆن ئەم میوە تاڵەوا بەم شیرینییە دەخۆی؟

غولامەکە گوتی:

ــ جوان نەبوو گازاندە لەو تاڵییە بکەم، چونکە لەدەستێکی وام وەرگرتبوو هەزاران نیعمەت‌و چاکەی لەگەڵ من کردووە. چۆن دەتوانم لەژێر باری ئەم هەموو نیعمەتە، باسی یەك تاڵیی بچووك بکەم؟

دەڵێن: ڕۆژێ سفیان لەحزوور ڕابیعە دوعای دەکرد:

ــ خوایە! لەم بەندەی خۆتا ڕازی بە.

ڕابیعە گوتی:

ــ ئەوە تۆ شەرم لەهەق تەعالا ناکەی داوای ڕەزامەندی لێ دەکەی، لەحاڵەتێکا کە تۆخۆت لەو ڕازی نیت.

ئەوەبوو سوفیان داوای بوردنی لەخوا کرد.

دەڵێن: ئەبووبەکری واسیتی چووە سەردانی شێتخانە. شێتێکی بینی زنجیری لەپێ بوو، بەڵام هەندێ جار بەشادی نەعرەتەی لێ دەداو هەندێ جاریش دەستی لەسەر دەست بوو.

واسیتی لەشێتەکەی پرسی:

ـ ئەو کۆتە قورسەیان لەپێکردووی، چۆن وا شادو بەزەوقی؟

شێتەکە گوتی:

ـ هەی غافل! کۆتەکە لەپێم کراوە، نەك لەدڵم.

زەلامکوژێکیان دەبرد بۆئەوەی لەداری بدەن، بەڵام کابرا لەرێگادا هەر پێدەکەنی و هەڵدەپەڕی. یەکێ لێی پرسی:

ـ ئێستا کە تۆ بۆ مردن دەبەن، کەی ئەمە کاتی بەزمو شادومانییە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ من کە لەژیانا تەنیا ئەم چەند لەحزەیەم ماوە، بۆ دەبێ بەخەمو خەفەت بەسەری بەرم؟

کاتێ کەچەڵ قسەکانی تەواوبوو. پاشا لەدڵی خۆی دا بیری کردەوە کە ئەمە کوڕێکی ئاقڵو تێگەیشتووە، جا پێی گوت:

ـ لەبەیانییەوە خۆراکو پۆشاکو ئەنوات مسۆگەرە. لای خۆمان دەمێنیتەوەو بۆ ئەوەی بێ کاریش نەبی دەبێ چاوت لەو قازانەبێ کە لەناو باخی منا دەلەوەڕێنو بۆخۆت چێژ لەئاوو هەوای گوڵو گیا وەربگری بۆئەوەی مێشکت زیاتر بکرێتەوە دوارۆژ بەکەڵکی من بێت.

پاشا لەبەرچاوان، کوڕەکەی هان دەدا، بەڵام کەدەیدی کەچەڵ زەینی تیژەو سەرەدەری لەشت دەکا، لەدڵەوە ئێرەیی پێ دەبرد، جا فەرمانی دا بیخەنە ژێر چاوەدێریو پاشان لەوەختی خۆیا لەناوی بەرن.

کەچەڵ، کەلەپاشا جیابووەوە، زۆر بەناو باخەکەدا گەڕاو کەنزیکی کۆشك بووەوە لەژێر درەختێك پشووی دا. لەوکاتەدا، کچی پاشا، کەناوی (پەری) بوو و پێشتر ئاگاداری جوانی و ئازایەتی ببووین، لەگەڵ کەنیزەو غولامانی خۆی بەگەشتو سەیران هاتە ناو باخ. لەکاتی گەڕان، چاوی بەکەچەڵ کەوتو کە لەنزیکەوە لێی وردبووەوە ئەحمەدی ناسییەوەو یەکسەر گەڕایەوە کۆشك بۆ ئەوەی بەبنو بۆتکەی مەسەلەکە بکەوێ. ئەوەبوو خۆی نەخۆش خست بۆ ئەوەی سەرنجی پاشا بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

پاشان پزیشکیان هێنایە سەر . یەکێ لەپزیشکەکان بەپاشای گوت:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ! کچەکەتان نەخۆشی دەروونی هەیە. تووشی سستیو پەشۆکی هاتووە، دەبێ مێرد بکا، ئیتر پاشا پێی لەکەوشێ نا کە دەبێ پەری بەشووبدا. کاتێ پەری خانم دیتی مەسەلەکە ئاوهایە، یەکسەر بیانوویەکی هێنایەوەو گوتی من بەپێی دابونەریتی دێرینی شارەکەمان شوو دەکەم. لەوێ دابونەریت بەو جۆرە بوو کە کچی پاشا لەسەر هەیوانێ تەماشای دەکردو شازادەو میرو گرەگرەکان لەخوارەوە بەڕیز بەبەردەم کۆشکدا تێدەپەڕینو کچە سێوێکی بەدەستەوە بوو، دڵی هەر کێی بگرتایە سێوەکەی بۆ دەهاویشتو بەم جۆرە مێردی خۆی هەڵدەبژارد.

کاتێ پاشا ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاند، کچەکە ئامادەبوو و هەموو خەڵکی شارو شازادەی نەتەوەکانی ترو گرەگرەکانو سەردستەکانیان ئاگادار کردەوە. هەموو لەبەردەم کۆشکی پاشادا بەریز تێپەڕین. کچەکە هەرچەندە چاوی گێڕا، ئەحمەدی نەکەوتە بەرچاو. ئاخیری هەموو ڕۆیشتنو کەس نەما.

پاشا دیتی کچەکە کەسی دەستنیشان نەکرد. پرسی هۆی چییە؟

کچەکە گوتی:

ــ ئەوەی دامنابوو نەکەوتە بەرچاوم.

جا لەناو شار گوتیان کەس ماوە، یان نا؟ کەپاشا پرسیاری کرد.

وەزیر گوتی:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ! لەکەچەڵی قازەوان بەولاوە هیچ کەس نەماوە.

کاتێ کە کەچەڵی قازەوان بەبەردەم کۆشکدا تێپەڕی کچەکە سێوەکەی بۆ هاویشت.

پاشا، پێشتر کینەی کەچەڵی لەدڵ گرتبوو و ئێستاش دیتی وا بەزاوای خۆی دەست نیشان کراوە، بۆئەوەی قسەی خۆی نەشکێنێ، کچەکەی لەکەچەڵ مارە کرد، بەڵام ئەوەندە تووڕە بوو، لەتووڕەییان هەم کچی خۆی و هەم کەچەڵی شار بەدەرکرد.

کەچەڵ ناچار بوو لەگەڵ کچی پاشا لەگوندێکی نزیکە شار ئاکنجی بوو.

پاشا، لەبەر کینەو ڕق و ئێرەیی، ڕۆژ بەڕۆژ لەڕو لاوازتر دەبوو و ڕەنگی زەردتر هەڵدەگەڕا، ئەوەبوو نەخۆش کەوت و هیچ پزیشکێك نەیتوانی چارەی بکا.

ئاخیری پاشا کەوتە ناوجێ و ئەم خەبەرە لەشارەوە گەیشتە لادێ و بەبەرگوێی ئەحمەدیش کەوت. ئەحمەد کە ئاگادابووەوە، یەکسەر موویەکی دێوەکەی هەڵکڕووزاند و هۆی نەخۆشییەکەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی لەدێوەکە پرسی. دێوە گوتی:

ــ هیچ خەمت نەبێ، چارەسەرەکەی ئەوەیە:

هەر ئێستا ئاسکێك ڕاو بکەو کەلەپاچەکەی باش لێ بنێ و شۆرباکەی دەرخواردی پاشا بدە، پاشا زووبەزوو چاك دەبێتەوە.

ئەحمەد دەرحاڵ کەوتە کار، ئاسکێکی ڕاوکرد و خۆی وەکوو پزیشکەکانی ئەو ڕۆژگارە لێ کرد و چووە کۆشکی پاشا.

خەبەریان دایە پاشا، گوتیان پزیشکێك لەوڵاتێکەوە هاتووە و دەیەوێ چارەسەرتان بکا.

پاشا دەستووری دا پزیشکەکە ببەنە ناو کۆشك.

پاشا مەرجی کرد ئەگەر ئەحمەد بتوانێ چارەسەری بکا، هەر داوایەکی هەیبێ جێبەجێ دەبێ، بەڵام ئەگەر نەیتوانی، لەسەری دەدا.

ئەحمەد قبوولّی کردو یەکسەر شۆرباکەی دەرخواردی پاشا دا. پاشا هەر هێندە شۆرباکەی خوارد دەمو دەست چاك بووەوە. هیچ سستیو ژانەسەرو نەخۆشی نەما.

پاشا گوتی:

ـ فەرموو، هەرچیت دەوێ بڵێ.

ئەحمەد گوتی:

ـ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ. تەنیا یەك داوام هەیە، ئەویش ئەمەیە، ئێوە لەگەڵ زاواو کچەکەتان ئاشت ببنەوە.

پاشا گوتی:

ـ زۆر باشە.

فەرمانی دا ڕۆژی پاشا بیانهێننە خزمەتی.

ڕۆژی پاشی، کچی پاشاو دختۆری ڕۆژی پێشوو، کەچارەسەری پاشای کردبوو و ئەحمەد خۆی بوو، گەیشتنە خزمەت پاشا.

پاشا زۆر شادو کەیفخۆش بوو و بەکچەکەی گوت:

ـ دەبینم لەکەری شەیتان هاتوویتە خوارێو کەچەڵت بەرهەڵداوە.

کچەکە گوتی:

ـ باوکە گیان! ئەوەی گیانی ئێوەی نەجات داو کەچەڵو ئەحمەد، هەرسێکیان یەك کەسن، ئەویش شازادەیەکی وڵاتێکی دراوسێیە. ئینجا مەسەلەی شەڕی بەینی خۆی و ئەحمەدو هەموو مەسەلەکانی تری لەسەر هەتا پیواز بۆ پاشا گێڕایەوە.

پاشا زۆر خۆشحاڵ بوو. فەرمانی دا چل شەوو چل ڕۆژ ئاهەنگ و زەماوەند بگێڕن.

باباسی پاشای یەکێ لەو کیشوەرانەتان بۆ بکەم کەپێشتر هاتبووە خوازێنی پەری خانمو نەیاندابوێ و سەری بەبەرد کەوتبوو:

ئەو پاشایە، کاتێ خەبەری زەماوەندی پەری خانمی بیست، هەر وەخت بوو لەکینەو ئیرەیی شەق بەرێ، بۆیە لەشکری کۆکردەوەو بەکەرستە و تفاقی جەنگەوە پەلاماری شاری پەری خانمی دا.

ئەحمەد ڕووخسەتی لەپاشا خواستو چوو بەرەو ڕووی دوژمن بووەوە.

بوو بەشەڕێکی گران. ئەحمەد بەشمشێری ژەنگاوی بەربووە گیانی دوشمنو چل شەوو چل ڕۆژ گردی لەکەلەشو تەرمی دوژمن هەڵناو چیایەکی لەمردوو و لاشەی دوژمنان دروست کرد.

دوژمن کەدیتی بەزۆری شمشێر دەرنابا، دەستی بەحیلە کرد.



پاشا هەرچی لەخەزینەکەیا هەیبوو بەسەر عیفریتو جادووگەراندا دابەشی کرد، بۆئەوەی ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە.

سەردستەی عیفریتەکان، کەجادووگەرێکی لێزان بوو و دەچووە ناو قەرابە بەپاشای گوت:

ـ دە پاڵەوانم بدەرێ بۆ ئەوەی بچم ئەحمەد دەست بەدەستە بکەمو بیهێنمە حزوورتان.

پاشا قبووڵی کردو زێڕێکی

زۆری بە جادووگەرەکە دا.

پیرەژن، لەگەڵ دە پاڵەوان، چوونە ناو قەڕابەو بەلوورەکێشان بەرەو شاری پەری خانم کەوتنەڕێ. لەنزیك کۆشکی پەری خانم دابەزین.

پیرەژن بەشێوەی ئاسایی هاتە بەردەرگای ماڵی پەری خانمو خۆی کردە دەرۆزەکەرو بێچارەو داماو. ئینجا زۆری دوعا بۆ پەری خانم و مێردەکەی کردو ستایشی کردن کەمیللەتتان لەجەنگو بەدبەختیو دوژمنی غەدار نەجات داوە.

لەکاتی قسەکردندا، لەپەری خانمی پرسی نهێنی سەرکەوتنو زاڵ بوونی مێردی و ڕەمزو ڕازی ئەم ئیشە لەچیدایە. کەپەری خانم لەڕووی نەزانی و متمانەوە گوتی:

لەشمشێری ژەنگاوی دایە. پیرەژن یەکسەر گەڕایەوە ماڵێو دە پاڵەوانەکەی تەیار کردو شەو بەپەتو شتی ترەوە چوونە ناو کۆشکی پەری خانم و شمشێری ژەنگاوییان لەکەمەری ئەحمەد کردەوە. ئەحمەد لەخەوێکی قووڵدا بوو، هەردووکیان لەپەلاسێك پێچاو لەکۆشك دەرچوونو بردیاننە لای پاشای دوژمن.

پاشا، کەچاوی پێ کەوتن خۆشحاڵ بوو. ئەحمەدی فڕێدایە زیندانو پەری خانمی ناردە حەرەمسەرای شاهانە.

ئێستا گوێیتان لەباسی دێوەکان بێ:

دێوەکە دانیشت بوو، نانی دەخوارد، دیتی ئەو خەنجەرەی ئەحمەد پێی دابوو، خوێنی لەنووکی دەچۆڕێتەوە، زانی ئەحمەد کەوتۆتە بەر هەڕەشەو گیانی لەمەترسیدایە، یەکسەر هەموو دێوەکانی لەژێر فەرماندەیی خۆی کۆکەو تەیار کردو هاتن شاری پاشایان ئابلۆوقەدا. دێوە یەکسەر چووە لای پاشاو دوو ڕێی لەپێش دانا، گوتی:

ــ یان هەر ئێستا ئەحمەدو پەری خانم ئازاد دەکەی، یان خاكو وڵاتت لەتوورەگە دەکەین.

پاشا، لەترسی گیانی خۆی، ناچار بوو یەکسەر ئەحمەد و پەری خانم ئازاد بکاو ئیتر ئارەزووی زەماوەندی لەسەردا نەمێنێ.

ئێستا هەرچی کردیان ئەحمەد بەخەبەر نەهات. پەری خانم گوتی:

تا شمشێری ژەنگاوی لەپشتی نەبەستن، بەخەبەر نایە.

دوای گەڕانێکی زۆر، شمشێرەکەیان دۆزییەوەو لەپشتی ئەحمەدیان بەستو ئەحمەد لەخەو بەئاگاهات، دەستی پەری خانمی گرتو سوپاسی دێوەکانی کردو گەڕایەوە شاری خۆی.

# 13ـ سونبولی سیحراوی



هەبوو نەبوو، بگێڕەوانی ئەخبارو بگۆزەوانی ئاسار، شەکەر شیرین گفتار، ئەحمەدی موختار دەگێڕێتەوە: لەرۆژگاری هەرە هەرە کۆن، پاشایەکی سەر ڕاستو دادپەروەر هەبوو، خەڵك لەسایەی دەستووری یاسایی‌و ڕێنمایی ئایینی، لەئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی تەواو دابوون‌و بەشادی‌و خۆشی دەژیان.

ئەم پاشایە شوێنێکی دیارکردبوو و بەردێکی گەورەی لێ دانابوو، بە(بەردی دادپەروەری) ناسرابوو، هەرکەسێك سکاڵایەکی هەبایە، یان غەدرێکی لێ بکرایە، دەچوو لەسەر ئەو بەردە دادەنیشتو فەرمانبەران پاشایان ئاگادار دەکردەوە. پاشایش لەگەڵ وەزیرو وەکیلی گوێیان لەداواکەی دەگرتو هەقیان وەردەگرتەوە.

ڕۆژێ، پاشا لەگەڵ وەزیرو وەکیل‌و خانەدان‌و گرگرەکان لەسەر تەختی شاهانەی دانیشتبوو، فەرمانبەرێك بەترس‌و لەرزەوە بەخەبەری هێناو گوتی:

ــ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، مارێکی گەورە لەسەر (بەردی دادپەروەری) پەپکەی کردووەو ناجوولێتەوە.

پاشا، چونکە پیاوێکی تێگەیشتوو و دونیادیتە بوو، گوتی:

ــ ئەو مارە بۆ دادخواهی هاتۆتە لامان دەبێ هەر ئێستا ڕەمڵچییەك پەیدا بکەن کەزمانی گیانلەبەران بزانێ‌و بیهێننە لام: وەزیر، ڕەمڵییەکی دەناسی، دەرحاڵ چوو هێنایە حزوور پاشا.

هەمووو بەیەکەوە چوونە لای ئەو مارەی لەسەر بەردەکە پەپکەی کردبوو.

ڕەمڵچی زمان گیانلەبەرانی دەزانی، لەمارەکەی پرسی مەسەلە چییە. ماریش مەسەلەکەی لەڕەملچی گەیاند

ڕەمڵچی ڕووی کردە پاشاو گوتی:

ــ ئەم مارە دەڵێ پاشاکەیان لەکاتی خواردنو قووتدانی مامزێك، شاخەکانی مامزەکەی لەگەروو گیر بووەو ئاوها ماوەتەوە، ئەگەر زیاتری بەسەر بچێ دەمرێ، جا دەبێ دارتاشێکی لەگەڵ بنێرن بۆئەوەی شاخەکانی شوورەکە ببڕێتەوە و مارەکە نەجاتی ببێ.

بەدەستووری پاشا، دەرحاڵ دارتاشێکیان بانگ کردو لەگەڵ مارەکە ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکەیان کرد.

دارتاشەکە لەگەڵ مارەکە، تا دامێنی کێوێکی بڵند هاتن. دارتاشەکە دیتی دامێنی چیا پڕی ماری ڕەنگاوڕەنگە، وەکوو زیخو بەرد کێویان داپۆشیوە.

ئەمانە لەوێوە باڵای چیا بوون. کە گەیشتنە سەر چیا، دارتاشەکە بینی مارێکی گەورە چاوەکانی لەقەپێلك دەرپۆقیون. یەکسەر کەوتە بەرێو بەو مشارەی پێی بوو، شاخەکانی شوورەکەی بڕییەوە. مارەکە یەکسەر مامزەکەی قووت داو خۆی لەدرەختێکی ئەستووری ئەو نزیکانە پێچاو ڕایگوشی. قرچو هۆڕی شکانی ئێسکی مامزەکەی لەورگەوە هات.

پاشان، مارەکە ڕووی کردە ئەو مارەی دارتاشەکەی هێنابوو و ڕاسپاردەیەکی پێ گوتو ئەو مارەش ڕۆیشتو دوای نەختێ گەڕایەوە، حەفت چلە سونبولی بەدەمەوە بوو، هێنای دایە دارتاشەکەو تادامێنی چیا بەڕێی کرد.

دارتاشەکە، کە گەڕایەوە شار، دیتی پاشاو خانەدانو گرگرەکانو خەڵکی شار هاتنە پێشوازی. کە گەیشتە لایانەوە، ڕووداوەکەی لەسیر هەتا پیواز هەموو بۆ پاشاو هاوڕێکانی گێڕایەوە، بەڵام هیچ باسی مەسەلەی سونبولەکانی نەکرد.

پاشا پێی سەیر بوو، چۆن دەبێ شای ماران لەمەرگ نەجات بدەی و هیچ خەڵات وەرنەگری! جا لەدارتاشەکەی پرسی:

ــ هیچ هەیە لێت شاردبێتەوەو پێت نەگوتبین، یان نا؟

ئەویش گەڕایەوەو گوتی:

ــ بەخوا شتێکی وا نییە. تەنیا چەند سونبولێکیان دامێ. لەبەر بێ نرخ بوو، هەر لەبیرم کرد پێتان بڵێم.

پاشا سونبولەکانی وەرگرتو سەیری کرد زۆر قورسن . دانەکانی سونبولێکی لەقەپێلك دەرهێنا، دیتی ئەمە دوڕێکی زۆر بەنرخەو بەهەزار ڕەنگ دەبریسکێتەوە. گوتی:

ــ من کە پاشام لەسەرانسەری خەزێنەکەمدا، دوڕی وا نییە. ئەمە هەموو سەروەتو سامانی من دێنێ. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون واقیان لەم مەسەلەیە وڕما.

پاشا دەستووری دا لەسەرانسەری شار جاڕ بدەن: هەرکەسێ ڕازی سونبولی سیحراوی بزانێو ئاشکرای بکا بەئەندازەی کێشی خۆی زێڕ لەپاشا وەردەگرێ.

جارچییان لەسەرانسەری شار جاڕیان داو هەموو لایەکیان ئاگادار کردەوە.

پیرەمێردێ، کەخەبەرەکەی پێ گەیشت، یەکسەر خۆی گەیاندە پاشاو گوتی:

ــ قیبلەی عالەم، من ڕازی ئەم سونبولە دەزانم.

دەستی بەگێڕانەوەی ڕووداوەکە کردو گوتی:

ــ لەزەمانی کۆن، پاشایەکی زۆردارو ستەمکار هەبوو، زەمینو زەمان لەدەستی بەتەنگ هاتبوونو خۆزگەیان بەمردن دەخواست بۆ ئەوەی لەدەست ئەم پاشا زۆردارە نەجاتیان بێ.

پاشا کچێکی لەپەردەی پاکیزەییدا هەبوو، هەرکاتێ بیویستایە لەکۆشك بێتە دەرەوە، یان بچێتە گەرماو، دەبوایە هەموو خەڵکەکە شار و بازاڕ دابخەنو پاسەوانی بکەن. ئەگەر یەکێ بیویستایە بەدزی سەیری کچی پاشا بکا، هەر لەوێ دەیانکوشت، یان دەستگیریان دەکردو دەیهێنایە لای پاشا بۆ ئەوەی سزای بدا.

لەم شارەدا، پینەدۆزێك هەبوو، تەمەنی دەوری بیست ساڵ بوو، ناوی ئیبراهیم بوو، لەگەڵ پیرە دایکیا پێکەوە دەژیان.

ڕۆژێ خەریك بوو دوکانی دادەخست، کەجارچییان جاڕییان دا:

ــ دوورکەونەوە! چاوتان ببەستنەوە! کچی پاشا دەچێتە گەرماو.

ئیبراهیمیش لەترسان چووە ناو دوکانو لەدرزی دوکانەوە نوقمی تەماشای کچی پاشا بوو. ڕۆژی بەد بەچاوی خۆتان نەبینن، ئیبراهیم هەر هێندە چاوی بەکچی پاشا کەوت، نەك

بەدڵێك بەسەد دڵ ئاشقی بوو و لەهۆش خۆی چوو. سێ ڕۆژی ڕەبەق بەبێهۆشی لەدوکان مایەوە. کە ڕۆژی سێیەم بەهۆش خۆی هاتەوە و گەڕایەوە ماڵێ، دیتی دایکی زۆر بۆی نیگەرانو خەفەتخانە، دایکی لەمەسەلەکە ئاگادار کردەوە.

باباسی کچی پاشاتان بۆ بکەم:



کچی پاشا، کە لەگەرماو دەگەڕێتەوە، دونیا سارد دەبێ، سەرمابردوو دەبێو دوای سێ ڕۆژ نەخۆشیی سەخت، کەهەموو پزیشکانی شار لەچارەسەرکردنی دستەپاچە دەبن، کۆچی دوایی دەکات. دەیهێنن لەگۆڕستانی نزیك دوکانی ئیبراهیم دەینێژن.

ئیبراهیم، کەئەم خەبەرە دەبیستێ، ئەوەندە دەگری تا دەبووریتەوە. لەدونیای بێهۆشیدا، سەدایەك ئیلهامی پێدەبەخشێ کەکچەکە نەمردووە.

جا، کە بەهۆش خۆی دێتەوە، یەکسەر عارەبانەیەك پەیدا دەکاو بەشەو دەچێتە گۆڕستانەکەو گۆڕەکە هەڵدەگێڕێتەوەو کچەکە لەناو عارەبانە دەنێ‌و دووبارە گۆڕەکە دادەپۆشێتەوەو عارەبانەکە داژواو دێتەوە دوکانو لەژوورەوە دەرگای کلیل دەدا. کفنی کچەکە دەکاتەوەو نوقمی تەماشای جوانی دەبێ‌و دەست بەگریان دەکا. ئاخیری، دوای گریەو زاری دەرگای دوکان دەکاتەوەو پزیشکێك دەناسێ، خۆی پێ‌دەگەیەنێ‌و دەست بەگریە و زاری دەکاو دەڵێ:

ــ دختۆر! خوشکێکی تاقانەم هەیە لەگیانی خۆم خۆشتر دەوێ. ئێستا نەخۆش کەوتووە، وا دەمرێ، دەبێ فریای بکەوی.

دختۆر یەکسەر دەچێتە سەرینگانی کچەکەو مزگێنی دەداتە گەنجەکە، کەکچەکە نەمردووە، بەڵکو تووشی نیمچە سەکتەبووە. ئەگەر پێی بەدرێشە کون بکا، کێمەو زوخاوێکی زەردی لێ بێ و پاشان خوێنی لێ بێ، زیندوو دەبێتەوە.

بەکورتی دختۆر دەست بەئیش دەکا. نەشتەر لەپێی کچەکە دەداو کە کێمەو زوخاوێکی زەردی لێ دێ، دختۆر دەڕواو ئیبراهیم بەتەنیا لای کچەکە جێ دێڵێ. دوای دەوری یەك سەعات ئیبراهیم دەبینێ کێمەو زوخاوە زەردەکە ڕەنگی دەگۆڕێ‌و دەبێ بەخوێنێکی سوورو هەر سوورتر سوورو تر دەبێ، لەو کاتەدا کچەکە دەپژمێ‌و دێتەوە هۆش خۆی. بەحەپەساوی سەیری هەموو شوێنێ دەکاو دەپرسێ :

ــ ئێرە کوێیە؟ خۆی لەکوێیە و چ بەڵایەکی بەسەرهاتووە؟

ئیبراهیم شادو کەیفخۆش دەبێ و یەکسەر ئەو هەتوانەی دختۆر دابووی لەپێی کچەکەی دەهەنوێ‌و بەدەسماڵی دەیبەستێتەوەو مەسەلەکە لەسیر هەتا پیواز بۆ کچەکە دەگێڕێتەوە. کچە دەست بەگریە و زاری دەکا. ئاخیری سوپاسی ئیبراهیم دەکا، کەگیانی نەجات داوەو نەك بەدڵێك بەسەد دڵ ئاشقی ئیبراهیم دەبێ‌و یەکسەر پێی دەڵێ:

ــ دەستە بەرگێکی ژنانەم بۆ بێنە.

ئیبراهیم دەمو دەست دەگەڕێتەوە ماڵێ، دەبینێ دایکی وا دەگری، دایکی دەڵێ:

ــ کوڕم، ئەوە تۆ لەکوێی؟ لەخەفەتان مردم. دوو ڕۆژە خەونت پێوە دەبینم

ئیبراهیم دەڵێ:

ــ دایکە، دەستەبەرگێکی ژنانەم بدەرێ، کچێکم لەگوندە دراوسێکانەوە هێناوە، دەمەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکەم.

دایکە خۆشحاڵ دەبێو یەکسەر بەرگی بووکێنی خۆی بۆ ئیبراهیمی کوڕی دێنێ کە ماوەیەکی زۆر بوو هەڵیگرتبوو.

ئیبراهیم یەکسەر دەگەڕێتەوە دوکانو بەدزی کچەکە دەباتەوە ماڵێ. کچەکە زەماوەند لەگەڵ ئیبراهیم دەکاو پاش نۆ مانگو نۆ ڕۆژو نۆ سەعات دەبێ بەخاوەنی کوڕێکو کوڕەکە گەورە دەبێ و دەچێتە مەکتەب.

ڕۆژێ، پاشای زۆردار لەڕاو دەگەڕێتەوە، ڕێی دەکەوێتە ئەو شوێنەی ئیبراهیمی لێ بوو، لەو کاتەشدا کوڕەکەی ئیبراهیم کەناوی ئەدهەم بوو لەمەکتەب دەهاتەوە، کەپاشا چاوی پێ دەکەوێ ، تیری خۆشەویستی کوڕەکە دڵی پاشا دەپێکێو بۆخۆی ڕادەکێشێ. پاشا یەکسەر لەئەسپ دادەبەزێو منداڵەکە دەگرێتە باوەشو ماچی دەکاو سواری ئەسپی خۆی دەکاو دەیباتەوە کۆشکی خۆی.

ئێستاش گوێتان لەباسی دایکی ئەدهەم بێ:

دایکی ئەدهەم هەرچەندە چاوەڕێی دەکا، دەبینێ کوڕەکەی هیچ خەبەری نەبوو و لەمەکتەب نەهاتەوە. یەکسەر خەبەر بە ئیبراهیم دەداو دەینێرێتە دوو سۆراغی کوڕەکەی.

ئیبراهیم سەرێك لەمەکتەب دەدا، دەبینێ کەس نییە. لەکۆڵانان بانگی ئەدهەم دەکا، یەکی لێی دەپرسێ:

ــ ئەوە کوڕەکەت گوم بووە؟

ئیبراهیم دەڵێ:

ــ بەڵێ.

کابرا دەڵێ

ـ پاشا سوار ئەسپی خۆی کردو لەگەڵ خۆی بردی.

ئیبراهیم واقی وڕ دەمێنێ‌و دەگەڕێتەوە ماڵێ.

ژنەکەی دەڵێ:

ـ بڕۆ کۆشك، بەڵام هیچ باسی نهێنی خۆمان مەکە، بزانە باوکم بۆچی ئەو منداڵەی بردووە.

ئیبراهیم دێتە کۆشکی پاشاو لەهۆی بردنی منداڵەکەی دەپرسێ.

پاشا دەڵێ:

ـ تا بۆم دەرنەکەوێ بۆچی خۆشەویستیی ئەم منداڵەم کەوتۆتە دڵ‌و هەوەسم پێ هاتووە، ئەم منداڵە نادەمەوە هیچ کەس.

بەکورتی: ئیبراهیم هەموو ڕۆژێ دەچوو سەری لەکوڕەکەی دەدا، بەڵام نەیدەتوانی بیهێنێتەوە ماڵێ. ئاخیری، ڕۆژێ کچەکە دەڵێ:

ـ بڕۆ باوکم بەتاجی باوکو باپیرانی سوێند بدە کەڕۆحی من‌و تۆو منداڵەکە لەئەماندایە. ئەگەر سوێندی خوارد، ڕاستی پێ بڵێ‌و مەترسە، ئەگەر سوێندیشی نەخوارد چارەیەکی تر دەدۆزینەوە.

ـ ئیبراهیم دەچێتە لای پاشاو دەڵێ:

ـ قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ! ئەگەر سوێند بەتەختو تاجی باوکو باپیرانت بخۆی کەڕۆحی من‌و ژنەکەم‌و منداڵەکەم لەئەماندایە و ئەزیەت ناخۆین، ڕاستیت پێ دەڵێم.

پاشا سوێند دەخواو ئیبراهیم دەڵێ:

ـ قیبلەی عالەم، ئەم منداڵە نەوەی ئێوەیەو منیش زاواتانم. کچەکەتان ژنی منەو ماوەو زیندووە.

ئینجا هەموو ڕووداوەکە لەسەر هەتا پیواز بۆ پاشا دەگێڕێتەوە.

پاشا زۆر کەیفخۆش دەبێ. لەبەر ئەوەی ئیبراهیمی بەلاوە گەنجێکی لێوەشاوەو تێگەشتوو زەحمەتکێش دەبێ، تاجی شاهی لەسەری ئەم دەنێ‌و دەڵێ:

ــ تا ئەوكاتەی ئەدهەم دەگاتە تەمەنی یاسایی، تۆ دەبی میراتگری تاجو تەختی من بی.

پاش ماوەیەك، پاشا دەمرێو ئیبراهیم بەپێی یاسا دەبێ بەپاشای ئەو ولاّتە و خەزینە لەرووی میللەت دەكاتەوەو هەتیوو هەژارو لێقەوماوان بێ نیاز دەكاو برەو بەیەكسانی و دادپەروەری دەدا لەناو خەڵكو لەئەنجامدا كاروكۆششو كەسابەت رەواج پەیدا دەكا.

رۆژێ، لەو شارەیئیبراهیم پاشا بوو، وەزیرێك پارچە زەوییەكی دەفرۆشێتە دراوسێكەی. دراوسێكە بەیانی زوو خەریكی جووت دەبێ، دەبینێ گاسنەكەی لەزنجیرێك گیر دەبێ. یەكسەر زەوییەكە هەڵدەكۆڵێو حەفت گۆزەی خوسرەوی گەورە دەدۆزێتەوە. سەریان دەكاتەوە دەبینێ پڕ زێڕن. یەكسەر غاردەداتە لای دراوسێكەیو پێی دەڵێ بێگۆزەكانی ببا، بەڵام دراوسێكەی ڕازی نابێو دەڵێ من ئاگام لەم شتانە نییەو ئەوە چەند ساڵە زەوی دەكێڵم، گاسنەكەم لەهیچ گۆزەو شتی وا گیر نەبووە.

خولاسە، قسەیەك لەم و قسەیەك لەو دەبێ بەدەمەقاڵەیان. دێنە لای ئیبراهیم پاشا بۆ ئەوەی دارێكیان بەبەین ڕابێنێ.

ئیبراهیم لەفرۆشیاری زەوییەكە دەپرسێ:

ــ ئایا بەلای تۆوە زێڕەكە بۆكێ دەبێ؟

ئەویش دەگەڕێتەوەو دەڵێ:

ــ بۆ كڕیار، چونكە ئەو دۆزیویەتەوە.

ــ ئیبراهیم لێی دەپرسێ داخوا چ منداڵی هەیە.

ئەویش دەڵێ:

ــ كچێكی بەدبەختم هەیە.

ئینجا ئیبراهیم لەكڕیارەكە دەپرسێ:

ــ ئایا بەلای تۆوە زێڕەكە بۆ كێ دەبێ ؟ئەویش دەڵێ:

ــ بۆ فرۆشیار، چونكە زەوییەكە پێشتر هی ئەو بووە.

ئیبراهیم دەپرسێ داخۆ چ منداڵی هەیە؟ یان نا؟

ئەویش دەڵێ:

ـ کوڕێکی هەژدە ساڵەم هەیە.

بەکورتی ئیبراهیم دەڵێ:

ـ دەبێ کوڕەکەی تۆ زەماوەند لەگەڵ کچی فرۆشیارەکە بکاتو ئەو زێڕەش بۆ ئەوان دەبێ. ئەم دووە بەدادوەریی پاشا ڕازی دەبنو ئیکلامی بۆ دەکێشنو دەگەڕێنەوە ماڵێ، تەدارەکی زەماوەندی کوڕو کچەکەیان ڕێك دەخەنو بەهاوبەشی زەوییەکە دەکێڵنو دایدەچێنن. پاش چەند مانگێك سونبولەکان بۆق دەدەنو لەپڕ دەبینن هەر دانە سونبولێك دوڕویاقووتو گەوهەرە.

شای مارانیش هەندێك لەو دوڕو سونبولانە لێ دەکاتەوەو دەیباتەوە خەزێنەی خۆی و پاشان بەدیاری دەیداتە دارتاشەکە.

ئەمەبوو ڕازی سونبولو وڵاتی ئیبراهیم.

کەپیرەمێرد لەقسەکانی گەیشتەئێرە، پاشا گوتی:

ـ پیرەمێرد، زۆر سوپاست دەکەم. تۆ بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکەو ڕازی سونبولەکان، پەندی شیاوو ئامۆژگاری و مۆچیاری باشت پێدام. ویستی هەروەك قسەی دابوو، بەکێشی پیرەمێرد زێڕی پێشکەش بکا، بەڵام پیرەمێرد وەری نەگرتو بەخەزێنەی دەوڵەتی بەخشییەوە. دارتاشەکەش سونبولێکی پێشکەش خەزێنەی دەوڵەت کرد

پاشا، پاداشتو خەڵاتی بەدارتاش و پیرەمێرد بەخشیو سوپاسی هەردووکیانی کردو هەموو کەوتنە سەر خواردنو خواردنەوەو ئاخیری چوونە ژێر زەوی.

لەبارەی ئیبراهیم ئەدهەمیش دەڵێن: گۆڕەکەی لە(جبلە)، لەوڵاتی عولەوییان بووە. یەکێکە، لەشێخە ناودارو خواپەرستو ناسراوەکانی دونیای تەسەوفو ئەم هەقایەتەی خوارەوەی لەبارە دەگێڕنەوە کە لەرەفتاری کۆیلەیەك، فێری تەسلیم بوون بەخواستی خوابی بووە. خۆی دەگێڕێتەوە:

جارێ، غولامێکم کڕی، لێم پرسی:

ــ ناوت چییه؟

گوتی:

ــ هەرچی دەڵێی؟

گوتم

ــ چ دەخۆی؟

گوتی:

ــ هەرچی دەرخواردم بدەی.

گوتم:

ــ چ لەبەر دەکەی؟

گوتی:

ــ هەرچی لەبەرم دەکەی!

گوتم:

ــ چ ئیش دەکەی؟

گوتی:

هەر کارێ ئەمر بکەی.

گوتم:

ــ چت دەوێ؟

گوتی:

ــ بەندە و داوا کردن؟!

جا لەدڵی خۆمدا گوتم:

ــ هەی بەستەزمان! ئایا تۆ لەهەموو ژیانی خۆتا، بەندەیەکی ئاوهای خودای تەعالا بووی؟ لەمە فێری بەندایەتی کردنی خودای تەعالا ببە.

ئەوەندە گریام، هۆشم لەسەردا نەما (تزکرە الاولیاو)

لەبارەی ئیبراهیم ئەدهەمەوە دەڵێن:

ڕۆژێ، لەکۆشکی شاهانەدا، لەسەر تەخت نووستبوو. نیوەشەو، بانی ژوورەکەی هەژایەوەو گوێی لەدەنگی پێی یەکێ بوو لەسەربانەوە دەهات. ئیبراهیم پرسی:

ــ ئەوە کێیە؟

وەڵامی بۆ هاتەوە.

ــ منم، وشترم لێ ون بووە، بەدوای ونبووی خۆمدا دەگەڕێم.

ئیبراهیم گوتی:

ــ هەی نەزان، لەسەربان بەدوای وشتردا دەگەڕێی؟!


بەرسڤی بۆ هاتەوە:

ــ ئەی تۆ چۆن لەسەر تەختی زێڕینو بەبەرگی ئەتڵەسییەوە بەدوای خوادا دەگەڕێی؟

ئەم قسەیە بوو بەمایەی گۆڕانی باری دەروونی ئیبراهیمو ژیانێکی خواپەرستانەی گرتەبەر.

بەقسەی فەریدەدینی عەتار، ئیبراهیم ئەدهەم کەبەلخی جێ هێشت، چووە نیشاپوورو لەوێ ئەشکەوتێکی کرد بەداڵدەو ماوەی نۆ ساڵ لەو ئەشکەوتە خەریکی خواپەرستی و پەروەردەی دەروونی بوو.

# 14- بەسەرهاتەکانی حوسێنی کورد
# عەییارو پاڵەوان



لەناو چیرۆکە ئەفسانەییەکانی ئێران، دوای ڕۆستەم نامە هیچ کتێبێ بەقەدەر حوسێنی کورد لای خەڵك پەسەندو خۆشەویست نییە. ئەم سەرکەوتنە بەڕادەی یەکەم بۆ ئازادیو پارێزگاریو دامێن پاکیو ڕەوشت بەرزیو بیروباوەڕی پاکی حوسێنی کورد دەگەڕێتەوە. حوسێنی کورد مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕە هەر بۆ خاتری ئەو بیروباوەڕەش دەژی و دەجەنگێ.

کتێبی حوسێنی کورد لەسەردەمی سەفەوییەکان نووسراوەو قارەمانەکەی ڕەمزی هێزی مەعنەویو نوێنەری ڕەسەنایەتی میللییەتی ئێرانییە. شاهنشای سەفەوی، کەسنووری ئێرانی تا خاکی ئەوپەڕی ئاسیای ناوەڕاست پەرەپێدا بوو، ئەو وڵاتە بەزەبری یەکێتی میللی نەبایە، کەلەسەر بناغەی یەکپارچەیی مەزەب دامەزرابوو، بەهیچ جۆرێ بەڕێوە نەدەچوو.

ئەم مەزەبە، شیعەی دوازدە ئیمامە کەپێڕەوکەرەکانی لەهەموو شوێنێ ئایینی خۆیان بەناوی عەلی (س.خ) ڕادەگەیەننو برەوی پێ دەدەن.

حوسێنی کوردیش کە ئێرانییەکی پاكو شیعەیەکی ڕاستەقینەی عەلی (س.خ) یە، بۆ بەرزکردنەوەی شکۆمەندی ئێرانو برەوپێدانی دابی مەزەبی شیعە، لەڕێگای سەقامگیرکردنی دادپەروەریو ڕیشەکێش کردنی ستەمی زۆرداران، تێدەکۆشێ.

بەگوێرەی گێڕانەوەی هەقایەتخوانی حوسێنی کورد، حوسێنی کوردی شەبستەری لەسەرەتای دەسەڵاتدارێتی شاعەباسی گەورە دەردەکەوێ کەشارە گەورەکانی ئێران وەکوو ئەسفەهانو تەورێز لەبەر بێدادی و تاوانی دوژمنان، زەبوونی دەستی بێئارامی بوون. حوسێنی کورد یەکەم جار شوانێکی سادە بوو هیچی تر، بەڵام دوای فێربوونی دەستووری پاڵەوانێتیو دابو نەریتی جەنگ لەمەسیبی دوکمەبەندی تەورێزیی یەکەم پاڵەوانی

شاعەباس، لەبەر دڵپاكی‌و بێ فرت‌و فێڵی خۆی، دەگاتە پایەیەكی بەرزو دەبێ بەمایەی خزمەتگوزاریی لەئاسا بەدەر، بۆ ئێران.

حوسێن بەهێزی پاڵەوانێتی‌و بڕوای پاك‌و توانای جەنگاوەریی خۆی هەموو فتنە و كووكەكانی ناوەخۆ دادەمركێنێتەوەو پاشان دەست بەسەركوتكردنی ئۆزبەكەكان دەكا كەدەست درێژییان دەكردە سەر شارەكانی خوراسان‌و بەجۆرێكی وا گوێیان بادەدا كە هەتا هەتایە خەیاڵی ئازاردانی شیعەی عەلی (س.ع) مووتەزا لەسەر دەربكەن.

بگێڕەوانی نووچەو بگۆزەرەوانی ئاسارو تووتیانی شەكەرشكێنی شیرین گفتارو نەغمەخوانانی چلە پۆپەی بەزمەزار، پاش ستایشی پەروردیگار بەزانایی، بەم جۆرە دەگێڕنەوە كە:

لەناو تاقمە پاڵەوانەكانی شاعەباسی بەهەشتی، پاڵەوانێكی تابلێی زەبەللاح‌و كەلەش گەورە هەبوو بەناوی حوسێنی كوردی شەبستەری، كەپەروەردەی دەستی مەسیحی دوگمەبەندی تەورێزی‌و یەكەم پاڵەانی شاعەباسی ڕێبەری گەورە بوو.

لەبارەی چۆنیەتی گەیشتنی حوسێنی كورد بەوپایەی لای شاعەباس هەیبوو، بگێڕەوانی نووچەو دەنگ‌و باس بەم جۆرە دەگێڕنەوە كە:

لەسەردەمی ڕابردوو، حاكمێك لەشاری تەورێز هەبوو، پاڵەوانێكی هەبوو بەناوی (مەسیح). هیچ گەنجێ بەرگەی رووبەرووبوونەوەی شمشێری نەدەگرت‌و هیچ كەس نەیدەتوانی پەنجە لەپەنجەی بدا. لەسایەی قارەمانێتی ئەو پاڵەوانە حاكمی تەورێز سەری بۆ هیچ پاشایەك شۆڕ نەدەكرد

ڕۆژێ لەڕۆژان، چیرۆكی پاڵەوانێتی مەسیح دەم بەدەم ڕۆیشت تا بەبەرگوێی شا عەباس كەوت.

شاعەباس داوای (فەروخ)ی سەرۆكی پاڵەوانانی خۆی كردو گوتی:

ــ هەر ئێستا لەگەڵ چل پاڵەوان برۆ شاری تەورێز.. باجو هەستەی حەفت ساڵە لەحاکم تەورێز بسەنەو مەسیح پاڵەوانیش بەدەست و پێ بەسرای لەگەڵ خۆت بێنە.

فەروخ بەخۆو بە چل پاڵەوان بەرەو تەورێز کەوتنەرێ. پاڵەوانەکانی بەسواری ئەسپی بەبەز، لەگەڵییان وەکوو لێمشتو لەتەپۆلکان وەکوو (با) تێپەڕینو خۆیان گەیاندە تەورێز.

فەروخ یەکسەر نامەیەکی نووسیو بۆ حاکمی تەورێزی نارد. لەنامەکەدا هاتبوو:

(( بزانە من فەروخی سەرکردەی پاڵەوانانی شاعەباسم. بەگەیشتنی ئەم نامەیە، یەکسەر مەسیح بەدەست بەسراویو باجو هەستەی حەفت ساڵم بۆ بنێرە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم بیانبەمەوە ئەسفەهان))

حاکم نامەکەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی خوێندەوەو بەپەستی و نیگەرانی سەرنجێکی لەڕووخساری مەسیح دا. مەسیح گوتی:

ــ حاکم، تۆ خۆت باش دەزانی، مەسیح تاسەری بەلەشەوە مابێ، کەس ناتوانێ دەستی ببەستێ. دەستوور بدە مەیدانی جەنگ ئامادە بکەن، با ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە. لەکۆتایی ئەم شەڕەدا، دەبێ دایکی فروخ تازییە بۆ کوڕەکەی دابنێ.

ئەم قسانەیان لەنامەیەك نووسیو بۆ فەروخیان نارد. مەیدانی جەنگیان ڕشاندو گەسکیان دا. چراو گیان لەدەوروبەری مەیدان داگیرساند. تەپڵی جەنگیان لێدا. عەردی مەیدان ئەوەندە پاك کرابووەوە دەرزیان تێ فڕێدابایە بەئاسانی دەدیترایەوە. کێو لەگەڵ دەنگی تەپڵو کەرەنا دەهەژان. مێشکی تەماشاکەران وڕوڕەی لێوە دەهات. فەروخ لەگەڵ پاڵەوانەکانی لەمەیدان نزیك کەوتەوە. سەری وەکوو گومەز وابوو و گۆشتی گەردنی بەم لاو بەولادا شۆڕببوەوە، چاوەکانی وەکووچرا دەدرەوشانەوە.

هەردوو پاڵەوان لەهاوڕێکانی خۆیان دابڕانو بەرامبەر یەکتر وەستان.

فەروخ گوتی:

ــ بەزەییت بەگەنجێتی خۆتدا بێتەوە. وەرە دەستم ماچ کە ، بۆئەوەی بتبەمە حزوور شاعەباس. بۆت دەپاڕێمەوە چاو لەکەموکورتیت بپۆشێ، ئەوسا هەمیشە لەخزمەتی مندا دەبێت.

مەسیح گوتی:

ــ مەیدانی شەڕ جێگای پەندو ئامۆژگاری نییە. ئەگەر لەهاتنی خۆت پەشیمانی، وەرە بتبەمە لای حاکمی تەورێز بۆ ئەوەی لەکەمو کورتیت خۆش ببێو پایەیەکی شیاوت پێ بدا.

قسەیان یەکی نەگرتو کار گەیشتە ڕاکێشانی شمشێر.

فەروخ گوتی:

ــ یەکەم جار نۆرەی تۆیە، یان نۆرەی منە؟

مەسیح گوتی:

ــ دوژمنیش ئەگەر پێبناوێتە سەرخاکی ئێمە، هەر میوانە. دەرفەتی یەکەم بەتۆ دەدەم. فەروخ شمشێری هەڵکێشاو سێجار دایوەشاندە سەرسەری مەسیح. مەسیح قەلغانی پۆلایینی خۆی دایە بەر زەبری شمشێرەکانی فەروخ. شمشێری فەروخ پارچە پارچە بوو و پارچەکان بەسەر زەوی وەربوون.

ئێستا نۆرەی مەسیح بوو. ئەویش شمشێرەکەی شکاو بەربووەوە سەر زەوی. قەلغانەکانیان نایەلاوە و دەستیان لەکەمەری یەکتر گیر کرد. هەرچەندە فەروخ زۆر بەهێز بوو، بەڵام مەسیحیش هەزار فرتو فێڵی دەزانی بۆیە تێ نەدەکەوت.

سێ ڕۆژ لەسەر یەك، لەڕۆژاواوە تا سپێدەی بەیانی زۆرانەیان کردو یەکتریان هێناوبرد، بەڵام هیچیان بەسەر ئەوەی تردا زاڵ نەبوو.

بەڕەزامەندی هەردوولا، دە ڕۆژ شەڕیان ڕاگرت بۆئەوەی بحەسێنەوە.

مەسیح هەموو ڕۆژێ، بەسواری ئەسپ بەکێوەکانی دەوروبەری تەورێزدا دەسووڕایەوە.

ئێستا گوێتان لەباسی حوسێنی کورد بێ:

حوسێنی کورد کوڕی حەسەنە وشترە بوو. باوکی ئەوەندە بەکەلەشو بەتاقەت بوو دەیتوانی وشترێك بکاتە کۆڵی، هەر بۆیەش ناویان نابوو حەسەنەوشترە.

حەسەن زۆر هەژارو نەدار نەبوو، کەچی حوسێنی کوردی کوڕی گەنجێکی زۆر خۆر بوو، هەرچی دەیخوارد تێر نەدەبوو.



حوسێنی کورد دەچووە بەر مەڕی خەڵکی گوندو بەرامبەر بەمەش خەڵکی گوند خواردنیان دەدایە. حوسێن تۆبزێکی گەورەی هەبوو لەقەدی دار چنارێکی حەفت ساڵە دروستی کردبوو تاجێی دەبووەوە ورد ئاسنو پارچە ناڵی لەتۆبزەکە دابوو.

مەسیح لەکاتی گەڕانو سووڕانا، گەیشتە لای مێگەلی حوسێنی کوردو چووە لایو گوتی:

ــ سڵاو، کاکەی شوانم! پیاو دەبێ باسی برسێتی خۆی بۆ شوانو باسیی شەکەتی خۆی بۆ وشتروان بکا. ئەرێ هیچ خواردنت لانییە؟

حوسێنی کورد زۆر هەوەسی بەجلوبەرگو شمشێرو زرێو زینی زێڕینی ئەسپی مەسیح هات. سەرنجێکی لەئاسمان داو گوتی:

ــ هێشتا کاتی فراوین دانەهاتووە. من خواردنی خۆم دەدەمە تۆ. خۆم کە گەیشتمەوە دێ لەوێ خواردن دەخۆم. ئەگەر بتوانی هەموو خواردنی من بخۆی دەبم بەبرای تۆو ئەگەر نەتوانی، ئەوە تۆبزی منو ئەوەش سەری تۆ.

کە لەقسەکانی بووەوە، قەرابەیەکی ئامادەکرد و یەك مەشکەی پڕ شیردۆشیو شیرەکەی لەناو قەرابەکە کردو پڕ کەشكو پەنیری کرد. جلەوی ئەسپی گرت بۆئەوەی مەسیح دابەزێ. ئەوسا خۆی بەسەر تۆبزەکەی داداو گوتی:

ــ بخۆ!

مەسیح لەدڵی خۆیدا گوتی:

ــ وای لەو مۆلەکەیە! دوای جەنگان لەگەڵ فەروخ، ئێستا واخۆم لەبەرچەنگی عزرائیل دا دەبینم.

بەتلی چاو سەرنجێکی لەتۆبزەکەداو بیری کردەوە:

ــ ئەگەر سەد سەریشم هەبێ، یەکێکی بەسەلامەتی دەرناچێ!

لەوکاتەدا، لەلای گەڵییەوە چەند گورگێك لەڕانی حوسێنیان نا. حوسێنی کورد، دەستی دایە تۆپزو غاری دایە گورگەکان. دەگەیشتە هەریەکێ تۆپزێکی حەوالە دەکرد، تا هەموو گورگەکانی کوشتو فڕێی دانە ئەو گۆڕە.

مەسیحیش ئەم دەرفەتەی بەهەل زانی و قۆرتێکی لەزەوی هەڵکۆڵیو هەرچی لەناو قەڕابەکەدا بوو، لەناو قۆرتەکەی کردو خۆڵی بەسەر وەرکردو خۆیشی دەستی بەلستنەوەی قەڕابەکە کرد.

حوسێنی کورد، کە گەڕایەوەو دیتی وا قەڕابەکە دەلێسێتەوە، ئافەرینی لێ کرد. دەستێکی لەپشتی داو گوتی:

ــ لەمەودوا تۆ بەبرای خۆم دەزانم

مەسیح گوتی:

ــ برا، ئێستا ئەسپەکەم چۆن بگرمەوە.

حوسێن وەکو باڵندە لەشوێن خۆی دەرپەڕیو پڕی دایە ئەسپەکە و خستییە سەرشانی و هێنایەوە لای مەسیح

مەسیح لەتەماشاکردنی حوسێن تێر نەدەبوو. مستەقەندێکی لەگیرفانی دەرهێناو دایە حوسێن. حوسێن گوتی:

ــ لەماڵی خۆمان، زۆرمان لەمانە هەیە.

مەسیح بەسەرسامی پرسی:

ــ تۆ دەزانی ئەمە چییە؟

حوسێن گوتی:

ــ کەشکە!

مەسیح:

ــ نا، ئەمە کەشکی ئاسایی نییە. تاقی بکەوە.

حوسێن قەندەکەی وەرگرتو کە تامی کرد، زۆری پێ خۆش بوو، پرسی:

برا، هی ترت لەم کەشکانە هەیە؟ مەسیح گوتی:

ـ لێر، نا. بەڵام ئەگەر بێیتە ماڵی ئێمە، هەرچەندەت بوێ دەتدەمێ.

حوسێن پرسی:

ـ ئەگەر لەگەڵت بم ئەوەندەم لەم کەشکانە پێدەدەی کەبیخۆمو ورگی خۆمی پێ تێر بکەم؟

مەسیح گوتی:

ـ بەڵێ، مێگەلەکە بۆ خاوەنەکانیان ببەوەو لەگەڵ من وەرە.

حوسێنی کورد و مەسیح بەرەو تەورێز کەوتنەرێ.

مەسیح، حوسێنی بردەوە ماڵی خۆیو خزمەتێکی باشی کرد. بەترەکی شەو چوو دەستو پێوەندی مەسیح هاتن بۆئەوەی لەگەڵیا بچنە مەیدانی جەنگ. حوسێنیش زۆری حەز دەکرد لەگەڵیا بچێ. حوسێن بەنهێنی بەدوایاندا چوو و لەگۆشەیەکی مەیدان وەستاو نوقمی تەماشا بوو.

دیتی مەسیح بەدەنگێکی بەرز دەڵێ:

ـ چراوگەکان داگیرسێنن و تەپڵی شەڕ لێدەن.

یەکسەر چراوگەکانیان داگیرساندو تەپڵو کەڕەنایان لێدا . فەروخیش لەگەڵ پاڵەوانەکانی خۆی هاتە مەیدان.

حوسێنی کورد چوارچاو ببوو، تەماشای دەکردو هیچ شتی لەبەرچاو بزر نەدەبوو.

دیتی مەسیح لەبرادەرەکانی دابڕا و چووە ناوەڕاستی مەیدان. لەتاقمەکەی بەرامبەریش، نەفەرێك هاتە مەیدانو بەرامبەر مەسیح وەستا. ئەونەفەرە بەمەسیحی گوت:

ـ ئەمشەو بەکام چەك دەجەنگین؟

مەسیح وەڵامی دایەوە:

ــ بەهەرچی تۆ بتەوێ؟

فەروخ دەستووری دا گورزی بۆ ئامادە بکەن. برادەرانی مەسیحیش گورزەکەیان بۆ هێنایە مەیدان.

فەروخ گوتی:

ــ مەسیح قەڵغانەکەت ئامادە بکە.

مەسیح قەڵغانی لەسەرسەری ڕاگرت. فەروخ گورزی خۆی لەسەرسەری سووڕاندو دایهێنایە خوارێ. لەگەڵ هەر زەبری گورزێکا، دەتگوت کێوێ لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. مەسیح بەباشی بەرگەی زەبری یەکەم و دووەمی گرت، بەڵام کەسێیەم زەبری بەرکەوت بازووەکانی سست بوون. گورزو قەڵغان هەردووکیان بەسەری کەوتن و بوورایەوەو لەپەوڕوو تخێلی زەوی بوو. فەروخ ڕووی کردە برادەرەکانی و گوتی:

ــ زوو بەزوو دەستەکانی ئەم ناجسنە ببەستن.

لەوساتەدا، حوسێن لەگۆشەی مەیدان دەرپەڕییە دەرێو مەسیحی لەسەر شانی داناو لەناو شەڕگە چووە دەرەوە. فەروخ هەرچەندە داد و فریادی کرد:

ــ بیگرن، لێ نەگەڕێن بیبا.

فایدەی نەبوو، هەمووی تێکەڵ و پێکەڵ کرد.

حوسێن، مەسیحی گەیاندەوە ماڵێ. برادەرەکانی مەسیحیش کەلەگەڵ شکستی مەسیحدا هەریەکە ڕای کرد بۆ لایەك، هاتنەوە دیدەنی.

دوای چەند سەعاتێ ، مەسیح چاوەکانی کردەوەو زۆری بەلاوە سەیر بوو کەخۆی لەماڵەوە بینی. کێ لەمەیدانی شەڕ لەچنگی فەروخ نەجاتی داوە؟

نەختێ لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

ــ ئەم ئیشە تەنیا لەدەست حوسێنی کورد دێ.

ڕووی کردە حوسێنو گوتی:

برا، تۆ منت لەمەرگی مسۆگەر نەجات داوە. سوپاست دەکەم!

پاداشتی ئەم یارمەتییەت دەدەمەوە.

حوسێن زەردەخەنەیەکی هاتیو گوتی:

ــ برا، تۆ سەرت لەژێر تۆیزی ئەو ڕاگرتووەو ئەویش یەك لەسەر یەك لەتەوقی سەرت دەکوتێ، ئەمە چ جۆرە شەڕێکە؟ پێویستە هەرکەسە تۆیزی خۆی بەدەستەوە بگرێ، تۆ لەوبدەیتەو ئەویش لەتۆ بدا، شەڕکردن ئاوها دەبێ! من خۆم سبەی شەو فێری شێوازی دروستی شەڕی دەکەم.

لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە هەموو لەقاقای پێکەنینان دا. مەسیح گوتی:

ــ برا، دەستووری پاڵەوانێتی یاساو ڕێسای خۆی هەیە، دەبێ هەموو کەس ڕەچاوی بکا.

ئەوشەوە بەم جۆرە ڕابرد. مەسیح زۆر شەکەت بوو، زوو زوو دەبوورایەوە. حوسێن گوتی:

ــ برا، من ئەم شەو دەچمە جەنگی ئەو پاڵەوانە. مەسیح وەڵامی دایەوە:

ــ برا، تۆ هێشتا دابـودەستووری پاڵەوانێـتی نازانی. ئەمە یەکێکە لەپاڵەوانە هەرە بەهێزەکانی دونیا، تۆ ئاوقەرانی ئەو نیت.

هەرچەندە ئەو زیاتری گوت، حەسەن کەمتری بیست. ئاخیری، چوارپای حوسێنی لەتەنیشت چوارپای خۆی داناو بەجلەوی ئەسپ پێی حوسێنی لەپێی خۆی بەستەوە. حوسێن چاوەڕێی کرد تا مەسیح خەوی لێ کەوت. هێدی جلەوەکەی لەپێی خۆی کردەوە، دەستی دایە تۆیزەکەی و کەوتەڕێ. کەگەیشتە مەیدان، ڕۆژی پێشوو چی لەمەسیح بیستبوو، دووبارەی کردەوە:

چراوگەکان داگیرسێننو تەپڵی شەڕ لێدەن!

بەڵام کەس گوێی بەقسەکانی نەدا. چووە لای تەپڵچییەکەو گوێ وا بادا لەبنەوە دەریهێنا. تەپڵچی هاواری کرد:

ــ قوربانت بم، هەرچی دەڵێی دەیکەم.

حوسێن گوتی:

ــ چراوگەکان داگیرسێننو تەپڵی شەڕ بکوتن.

چراگەکان داگیرسانو تەپڵ لەهەموو ڕۆژێ قایمتر دەنگی لێ هەستا. فەروخو هاوڕێکانی هاتنە مەیدان، بەڵام لەباتی مەسیح شوانێ لەناوەندی مەیدان وەستابوو، تۆبزێکی بەدەستەوەبوو، بایدەدا. فەروخ گوتی:

ــ ئەوە تۆ بۆچی هاتووی!

حوسێن گوتی:

ــ بۆ جەنگ هاتووم!

فەروخ گوتی:

ــبەڵام تۆ شمشێرو قەڵغانت پێنییە!

حوسێن گوتی:

ــ ئەم تۆبزە بەسە.

فەروخ گوتی:

ــ باشە، نۆرەی کێیە؟

حوسێن گوتی:

ــ دوێنێ نۆرەی تۆ بوو، ئێستا نۆرەی منە.

فەروخ قەڵغانی لەسەر سەری ڕاگرت. حوسێن گوتی:

ــ تۆ دوێنێ سێ تۆبزت لەمەسیح دا، من دوو زەبر لەتۆ دەدەم، ئێستا دوا زەبر نۆشی گیان بکە.

چەند جارێك تۆبزەکەی لەسەرسەری سووڕاندو وادایهێنایە خوارێو لەقەڵغانی فەروخی دا، قەڵغانی پۆڵایینی فەروخ پارچەپارچە بوو و بەهەموو لایەکی مەیداندا بڵاوبووەوە. سەری فەروخیش لەبەر زەبری تۆبزەکە شەق بوو و فەروخ بەربووەوە سەرزەوی.

ئەو چل پاڵەوانەی لەگەڵ فەروخ هاتبوونە مەیدان، شمشێریان لەکالان دەرکێشاو پەلاماری حوسێنیان دا. حوسێن هەر تۆبزێکی دەیوەشاند چەندی لێ تخێلی زەوی دەکردن. چەندیشیان تێیان تەقاندو هەڵاتن. بەڵام کێ دەتوانێ لەبەردەم حوسێن ڕابکاتو لەدەستی قوتاربێ؟

هەر چل نەفەری بەردایەوەو لەناوەڕاستی مەیدان گردی لەکوژراوان هەڵنا. ئینجا گەڕایەوەماڵێو لەتەك مەسیح نووست..

بۆبەیانی لەهەموو لایەکی تەورێز بوو بەئاهەنگو شادی. مەسیح نامەیەکی لەحاکمەوە پێگەیشت. لەنامەکەدا نووسبووی:

(مەسیح! ئەم سەرکەوتنەی تۆ بوو بەمایەی سەربڵندی ئێمە، وەرە حزوور ئێمە بۆ ئەوەی خەڵات بەناوی خۆتەوە وەربگری)

مەسیح دوای خوێندنەوەی نامەکە، حوسێنی گرتە باوەشو لەگەڵ خۆی بردییە حزوور حاکم. دەستە بەرگێکی پاڵەوانی شاهانەو کیسەزێڕێکیان پێ بەخشی. ئیتر لەوکاتەوە، کەحوسێنیش بەرگی پاڵەوانێتی کردە بەر.

مەسیح دابو دەستووری هونەری پاڵەوانێتی بەتەواوی فێری حوسێن کرد، تا وای لێهات حوسێن بوو بەپاڵەوانێکی بێوێنە، لەهەموو هونەرێکا وەستابوو.

شاعەباس چەندین جار پاڵەوانە گەورەکانی خۆی بەلەشکری زۆرەوە ناردە سەر تەورێز، بەڵام هەموویان لەبەرامبەر حوسێنی کورددا بەزین. ئەوانەی لەمۆڵەکە هەڵدەهاتنو ڕزگاریان دەبوو، دەچوون چیرۆکی پاڵەوانێتی حوسێنیان بۆ شاعەباس دەگێڕایەوە. بێباکی و ئازایەتی حوسێن ترسو هەراسانیی خستبووە دڵی شا.

مەسیح، جگە لەدەستووری پاڵەوانێتی، حوسێنی فێری خوێندنو نووسینیش کرد. حوسێن دەیەویست بچێتە ئەسفەهانو گوێی شا بابدا، بەڵام گیروگرفتێکی گەورەی هەبوو. هیچ ئەسپێك خۆی پێ لەبن ڕانەدەگیرا! چەند جار ویستبووی سواری ئەسپ ببێ، بەڵام ئەسپەکە لەژێر باری قورسی حوسێن پشتی شکابوو. هەموو شوێنێ گەڕان، بەڵام هیچ ئەسپێك نەبوو حوسێن بتوانێ سواری ببێ. مەسیح کەدیتی حوسێن زۆر نائومێدو نارەحەتە، ناچاربوو ئەو ڕازە ئاشکرا بکا کە تا ئەو کاتە بەنهێنی پاراستبووی.

بەحوسێنی گوت:

ـ برام! ئەو ئەسپەی تۆ بتوانی سواری ببی ناوی (قەرەقەیتان)ە، واتە جلەو ڕەش. ئەو ئەسپە لەفیل بەهێزترو لە(با) تیژڕەوترو لەتاوس جوانترە.

ئەم ئەسپە لەدەست پاڵەوانێکە بەناوی (کوڕ) کە هەموو پاشاکانی دونیا باجو هەستەی دەدەنێ. هەرجارەی لەناوچەیەکی بەئاوو خۆش هەوا چادر هەڵدەداو هەموو شوێنێ تاڵان دەکاو باجو هەستە وەردەگرێو ئینجا لەوێوە دەچێتە وڵاتێکی ترو وەکوو بەڵا لەوێ دێتە خوارێ. هیچ قەڵغانێ نییە بەرگەی شمشێری بگرێ.

حوسێن بەوردی گوێی دایە قسەکانی مەسیح. لەدڵی خۆیدا گوتی: ( دەبێ بەسەر "کوڕ"ە دا زاڵ بمو قەرەقەیتاقی لەدەست بسەنم)

حوسێن بەڕۆژ لەدەوروبەری تەورێز خەریکی گەشتو گوزار بوو. حاکم ئەسپێکی هەرە چاکی خۆی پێدابوو، بەڵام حوسێن تەنیا چەکەکانی خۆی لەسەر زین لەئەسپەکە بار دەکردو ئەسپەکەی وەکوو مێنەك ڕادەکێشا.

ڕۆژێ لەڕۆژان، کە زۆر لەشار دوور کەوتبووە، گەیشتە نزیك کەنارێك. لەوێ کەشتییەکی گەورەی بینی دەچووە وڵاتێکی تر. حوسێن ئەسپی خۆی بەڕاکێش ڕاکێش بردە ناو کەشتییەکە و خۆیشی لەناو کەشتییەکە دانیشت، هیچ کەس لەترسان نەوێرا هیچی پێ بڵێ. کەشتی کەوتەڕێ. چل بازرگان بەکەشتییەکە سەفەریان دەکردو کاڵای

زۆریان بۆ وڵاتی دوور دەبرد. کەشتییەکە هێشتا زۆر نەڕۆیشتبوو، حەسەن هەستی بەبرسێتی کرد. بۆ هەردوو نەفەرێك یەك قاپە خواردنیان لەئەشپەزخانەی کەشتییەوە هێنا. قاپێکیشیان لەوانە دایە حوسێن. هێشتا کەس بسمیللای نەکردبوو، حوسێن هەموو خواردنەکەی خواردو قاپەکەی فڕێدایە لایەك.

یەکێ لەبازرگانەکان ئاماژەی بۆ چێشتکەرەکە کرد کەقاپە خواردنێکی تر بێنێ. ئەویش بەتاڵ بووو چێشتکەر خۆی قاپی سێیەمی هێنا، بەڵام حوسێن هەر دەتگوت هیچی نەخواردووە. دەستی بەورگییەوە گرتو گوتی:

(ئەی ورگی پێچەوپێچ تا تێرت نەکەن دەست لەتەلاش هەڵناگرم)

شەویان بەم جۆرە قەتاند. بەیانی، سێ قاپە خواردنی تریان دایە حوسێن. دوای هەڵگێرانی سفرە، حوسێن لەجێی خۆی هەستاو چووە لای ئاشپەزخانە، هەموو مەنجەڵەکانی خواردنی بەسەرکردەوەو بەچێشتکەری گوت:

ـ تۆ کاتێ چێشت لێ دەنێی، خواردنی چەند ڕۆژ لێ دەنێی؟

چێشتکەر گوتی:

ـ خواردنی یەك جەم، واتە ڕۆژێ سێ جار خواردن لێ دەنێم.

ـ مەگەر نمایش دەکەی چییە؟ بۆچی یەك جێ خواردنی یەك مانگ، یان یەك هەفتە لێ نانێی؟

چێشتکەر گوتی:

ـ لێی نازانم.

حوسێن گوتی:

ـ کەواتە وەرە ئەولای بۆ ئەوەی من فێرت بکەم. تۆ برنجو ڕۆنم بۆ بێنە، خواردنی دە ڕۆژ لێ دەنێم.

چێشتکەر، باوەڕی نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەترس‌و لەرز رۆن‌و فەردە برنجەکانی نیشاندا.

حوسێن پێنج شەش فەردە برنجی رۆکردە ناو مەنجەڵەکان‌و ئاوی تێ کردن‌و گوتی:

ـ رۆن‌و خوێ حازرکە، من خۆم چەندین ساڵ چێشتکەری پاشا بووم.

ـ رۆن‌و خۆیشی لەناو مەنجەڵەکان کردو ئاگری لەبن مەنجەڵەکان کردەوە،

سەرەنجام هەموو دەنکە برنجەکان پێکەوە نووسان‌و وەکوو دەڵێن بوو بەشفتە. حەسەن شمشێری هەڵکێشاو برنجەکەی پارچە پارچە کردو لەناو قاپانی کردو بۆ بازرگانەکانی نارد. خۆیشی جاروبار بەبیانووی تاقی کردنەوەی خوێ، پارچەیەکی لەبرنجەکە دەبڕی و دەیخوارد. هیچ بازرگانێ چێشتی دەستی حوسێنی پێ نەخورا. حوسێن بەتەنیا هەموو خواردنەکەی ئاوا کرد. ئینجا داوای ئاوی خواردنەوەی کرد، بەڵام بازرگانەکان ئاوی شیرینیان نەدایە. حوسێنیش لەڕقان هەندێ ئاوی دەریای خواردەوەو ئینجا خەوێکی قووڵی لێ کەوت. ئەوەندە شەکەت بوو، ئاگای لەخۆی نەبوو.

حوسێن لەماوەی ئەو سەفەرە تووشی نەخۆشییەکی سەخت هات. کاتێ کەشتی گەیشتە کەناری دەریاو کەل‌وپەل‌و کالای ناویان داگرت‌و ڕێبوارەکان دابەزین، حوسێن بوورابووەوە. هەندێ نەفەر لەناو کەشتی هێنایانە دەرەوەو لەوێ خەواندیان‌و مێخێکی درێژیان لەزەوی کوتاو جڵەوی ئەسپەکەیان لێ بەستەوەو گوتیان:

ـ ئەگەر حوسێن مرد با ئەمانە بۆ مەسەرفی کفن‌و دفنی بن‌و ئەگەر خواش کردی‌و برادەرێ پەیدا بوو و چارسەریکرد، با ئەمانە بن بەخەرجی داودەرمانی. ئیتر لەوێوە ملی ڕێی خۆیان گرت‌و ڕۆیشتن.

حوسێن بەبێ هۆشی لەکەناری دەریا مایەوە. بەرێکەوت ڕێگرێك لەو ناوە هەبوو بەناوی (بەهزاد) ،خێڵێکی حەفت هەزار نەفەری هەبوو. بەهزاد لەگەڵ چەند نەفەری ئۆزبەك ڕێیان کەوتە کەناری دەریا. دیتی گەنجێ خەوتووە، بەژن وەك میلی منارە، سەر

تەمەت گومبەتی ئاسمان، ئەلقەی چاوی و تەبەقی ڕووخساری میلی گەردەنی‌گرێی بازووی پانایی سینەی، هەمووی هاوسەنگو ڕێك، هەمووی بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتر دەکەن.

دلاوەرێکە نموونەی وەکوو خۆی نییە. بەهزادی بێ ویژدان ویستی بیکوژێ، بەڵام یەکێ لەبرادەرەکانی ڕێی نەدا. ئینجا بەهزادی ڕێگر پێی گوتن تەنیا جلیان لەبەر داکەنو ئەسپەکەیان کردەوەو وەك برووسکە بۆی دەرچوون.

حوسێن هەربەم جۆرە، بەبێ هۆشی لەوێ کەوتبوو. گوندێك لە و نزیکانە هەبوو بەناوی (ئەکبەراوە) خەڵکی ئەو گوندە حەفتەی‌یەك جار دەهاتنە کەناری دەریاو ماسییان دەگرتو دەیانبرد دەیانفرۆشتو گوزەرانیان پێ دەکرد.

ئەو ڕۆژە، ماسیگرێکی پیر بەسواری کەرەکەیەوە هاتە کەناری دەریا بۆئەوەی ماسی بگرێ، دیتی کابرایەك لەوێ کەوتووە. هاتە پێشەوە. دیتی گەنجێکە لووتی کشاوەو چاوی لەمۆلەق بڕیوەتە ئاسمان. نەختێ تێی نزبووەوە. خۆشەویستیی حوسێنی چووە دڵەوە. هەڵیگرتو خستییە سەر پشتی کەرەکەی بردییەوە ماڵێ.

ژنێکی ئیمانداری هەبوو. هات دیتی ئەمە گەنجێکی بووراوەیە گوتی:

ـ ئەمە کێیە؟

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە منیش وەکوو تۆ نازانم. ئێستا نوێنی بۆ ڕاخەو بەداو دەرمانو خواردن چارەسەری بکە.

ژنەکە یەك هەفتە خواردنی نەرمو دەرمانی گیای دایە تا ڕۆژێ سەر لەبەیانی نەخۆشەکە چاوی کردەوەو دیتی پیرەمێردێك بەسەر سەرییەوە وەستاوەو دەگری.

حوسێن لێی پرسی:

ـ ئێرە کوێیە؟

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

ـ ماڵی خۆتە!

حوسێن دیسان پرسی:

ـ تۆ کێی؟و کێ منی هێناوەتە ئێرە؟

پیرەمێرد باسی کرد کە لەکەناری دەریا دۆزیویەتەوە.

حوسێن بەپیرەمێردی گوت:

ـ من ئەسپو خورجینەو چەکم هەبوو، چییان لێهات؟

پیرەمێرد گوتی من ئاگام لەم شتانە نییەو حوسێن گوتی:

ـ لەوانەیە مامەڵەچییان بردبیان. خوام پشتیوان بێ لێیان دەسەنمەوە. ئەوسا حوسێن لەناو و پیشەی ماسیگری پیری پرسی. ئەویش پێی گوت کە ناوی (عەبدوڵلا) یەو پیشەی ماسیگرتنە.

لەوە بەدواوە حوسێن وردە وردە تەندروستی بەرەو چاکبوونەوە چوو. بەم جۆرە، دەرمانو خواردنی دەخوارد تا دوای یەك مانگ بەتەواوی چاك بووەوە. ئیتر لەگەڵ ئەو پیرەمێردە وەکوو باوكو کوڕی لێ هاتبوو. پێش چەند هەفتەیەك حوسێن ئارەزووی دەکرد، کەتەندروستی چاك بووەوە، بەیەکەوە بچنە ڕاوەماسی. ئێستاش کەئەم ئارەزووەی هاتبووە دی، ڕۆژێ بەپیرەمێردی گوت:

ـ هەستە، بچین ماسی بگرین.

عەبدوڵلا هەستاو کەرەکەی هێنا. حوسێن گوتی:

ـ دوو کەر بێنە.

پیرەمێرد گوتی:

ـ یەك کەرم هەیە.

چوونە کەناری دەریا. عەبدوڵلا تۆڕی هاویشت. ماسییەکی زۆری گرتو لەکەرەکەی بارکردو ئەوەی مایەوە حوسێن بەشانی خۆی دادا.

عەبدوڵلا گوتی:

ــ خودایە!! چۆن بتوانم سوپاسی تۆ بەجێبێنم کە کوڕێکی وات پێ بەخشیوم.

عەبدوڵڵا ماسییەکانی هێناو فرۆشتیو چەند ماوەیەکی پێ چوو. ڕۆژێ، حوسێن بەکۆڵانێکدا دەڕۆیشت. دیتی چەند مامەڵەچی بەقافلەو کەلو پەلێکی زۆرەوە وادێن. حوسێن گوتی:

ــ ئەوە ئێوە دەچنە کوێ؟

گوتیان:

ــ دەچینە حەیدەر ئابادی هیند. ئێمە چوار سەد نەفەرین و ئێستا لەکاروانسەرا دابەزیوین.

حوسێن گوتی:

ــ ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەگەڵ ئێوە سەفەر بکەین، هاوڕێتیمان قبووڵ دەکەن.

کابرا حوسێنی بردە لای سەرکاروان. حوسێن یەکسەر چووە لای و گوتی:

ــ بمانبەن بۆ حەیدەر ئابادی هیند، خزمەتتان دەکەینو پارووە نانێك لەگەڵ ئێوە دەخۆین.

گوتی:

ــ تۆ دەبێ خزمەت بکەیتو بەپێ بڕۆی.

حوسێن گەڕایەوە ماڵێو ڕووی کردە عەبدوڵڵای ماسیگرو گوتی:

ــ بابەگیان! تۆ هەقی باوکێتیت لەئەستۆی منە. ئیشاڵڵا دەتوانم ڕۆژێ تۆڵەی ماندووبوونەکەم بکەمەوە.

دەستی کردە ملی پیرەمێردو ماچی کردو ماڵاوایی لێ کرد. لەماڵەوە هاتە دەرێو لەگەڵ بازرگانان بەرەو حەیدەر ئاباد کەوتەڕێ.

حوسێن لەهەموو شوێنێ کاری دەکردو پارووە نانێکی دەخوارد. ڕۆژێ، گەیشتنە سەر چیایەك. تەماشای کرد دیتی دیمەنی شارێك دیارە. شارێکی ڕازاوەی بینی. حوسێن پرسی:

ــ ئەمە چ شارێکە؟

سەرکاروان گوتی:

ــ ئەمە شاری حەیدەر ئابادە.

هاتنە ناو شارو چوونە ناو کاروانسەرایەك.

حوسێن، بەیانی ڕۆژی پاشی، لەکاروانسەرا هاتە دەرەوە. بەهەموو شوێنێکی شاری حەیدەر ئاباد دا گەڕا، تا کاتی نیوەڕۆ بەشەکەتیو برسێتی گەیشتە بەردەم چێشتخانەیەکی جوان. چاوی بەخۆراکی جۆراوجۆر کەوت، لەبەر بۆنی خواردنی خۆش کەدەمێ بوو دەمی پێ نەکەوتبوو، نەیتوانی پێ لەبەر پێ بنێ.

هەر لەوێ لەبەردەم چێشتخانەکە وەستاو خەریکی تەماشاکردن بوو. وەستای خاوەنی چێشتخانەکە دیتی ئەمە گەنجێکی دلاوەرەو تا ئەو کاتە گەنجی وای نەدیبوو. بەڵام جلوبەرگی کۆنو شڕو دڕا دڕاو بوو. وەستای خاوەنی چێشتخانە سەرنجێکی لەقەدو باڵای پاڵەوانانەی حوسێن داو گوتی:

لاوۆ، تۆ چ کارەی؟

حوسێن وەڵامی دایەوە:

ــ کابرایەکی غەریبەم، لەم وڵاتە.

پرسی:

ــ خەڵکی کوێی؟

وەڵامی دایەوە:

ــ خەڵکی تەورێزم.

گوتی:

ــ چ دەکەی، وەستاوی؟

گوتی:

ــ چلوو کەبابی تۆ پێی بەستووم، ئەگەرنا هیچ ئیشم نەبوو.

گوتی:

ــ پارەی خۆت بدە، بیبە!

گوتی:

ــ پارەم نییە.

گوتی:

ــ لاوۆ، دیارە زۆر تەمبەڵی. لەسەر کەس وەستاوی؟

گوتی:

ــ نەخێر

گوتی:

ــ دەبی بەشاگردی ئێمە؟

حوسێن قبووڵی کردو لەدوکانەکە دانیشت.

شاگردی چێشتخانە یەك دەوری خواردنی لەبەر حوسێن دانا. حوسێن دەستی بڵند کردو پەنجەی وەکوو پەنجەی پڵنگی درێژ کردو پارووی یەکەمی لێدا. پارووی چوارەم هیچی لەناو دەستدا نەما.

وەستای خاوەنی چێشتخانە دیتی و پرسی:

ــ تێر بووی؟

گوتی:

ــ پیاو بەدەورییەك تێر نابێ.

دەستووری دا شاگردەکەی دەورییەکی تری لەبەردانا. حوسێن ئەویشی وەکو ئەوەی یەکەم خوارد.

وەستا دیسان پرسی:

ــ لاوۆ، تێر بووی؟

حوسێن گوتی:

ــ نه‌خێر.

حوسێن تا چوار دەوری چلوو کبابی خوارد

وەستا پرسی:

ــ هێشتا هەر تێر نەبووی؟

گوتی:

ــ پیاو بەچوار دەوری تێر نابێ، بەڵام تۆ شەرمەزارت کردین، بەسە!

ئینجا گوتی:

ــ وەستا گیان! خزمەتێکم پێ بسپێرە!

وەستا گوتی:ــ قەڕابەیەکمان هەیە دەبێ لەبەیانییەوە تا ئێوارە دووجار پڕ ئاوی بکەی. قەڕابەکە نەختێ لەحەوزی ئاو دوورە.

حوسێن دەولکی شۆڕکردەوە ناو حەوزی ئاوەکەو پڕ ئاوی کردو هەڵیکێشایەوە هێنای لەناو قەڕابەکەی کرد. دەنگێکی کزی لەبنی قەڕابەکەوە کەوتە بەرگوێ. دیتی ڕێگای ئاوی حەوزەکەی زۆر دوورەو تا چەند سەعاتێ پڕ نابێ. هەر پڕی دایە قەڕابەکەو لەجێی خۆی هەڵیگرتو بەچاوقوچانێك هێنایە سەر بیرو پڕ ئاوی کردو بردی لەجێی جاران دایناییەوە. ئەوسا هاتە لای وەستاو گوتی:

ــ کارێکی ترم پێ بسپێرە، قەڕابەکە پڕ ئاو بوو.

وەستا باوەڕی نەهات، گوتی:

ــ وا زوو قەڕابەکەت پڕ ئاو کرد؟ با بچم بیبینم.

هات، سەیری کرد، سەری سوڕما کەدیتی قەڕابە پڕ ئاوە.

وەستا دەستووری دا.

ــ گۆشتو برنجو ڕۆن بێنە.

چوو یەکسەر هێنای.

گوتی:

ــ وەستا کارێکم پێ بسپێرە.

وەستای چێشتخانە دیتی ئەمە زۆر زیرەکو چاپووکە. شوکری خودای بەجێهێنا.

حوسێن لەوەستای پرسی:

ــ ئێوە ناوتان چییە؟

ئەویش بەگاڵتە وەڵامی دایەوە:

ــ وەستا تەقی، کەولکەری پێستی شاگردی کەر.

حوسێن پرسی:

وەستا چیت دەوێ بڵێ، بەڵام پێم مەڵێ کەر.

وەستا زۆر کەوتە بەر دڵی. لەڕۆژانی هەوەڵ که حوسێن هێشتا ئەوەندە خزمەتی نەدەکرد، وستا بەسووربوونەوە داوای لێ دەکرد بێ پارە وەربگرێ، و بچێ جلوبەرگ بۆخۆی بکڕێ، بەڵام حوسێن قبووڵی نەدەکرد.

ماوەیەك بەسەر خزمەتی حوسێن دا تێپەڕی. ڕۆژێ، حوسێن لەچێشتخانە وستابوو، دیتی چوار ئۆزبەك، شمشێرو خەنجەریان لەبەر پشت بوو، هاتنە ژوورەوە. یەکێکیان ڕووی کردە وەستاو گوتی:ــ دەبێ باج بدەی.

وەستا بەترسەوە پرسی:

ــ بۆ کەی؟

وەڵامیان دایەوە:

ــ بۆ نیوەڕۆ.

وەستا ناچار بوو گوتی:

ـ بەچاوان.

کە ئەوان ڕۆیشتن، حوسێن لەوەستای پرسی:

ـ ئەم ئۆزبەکانە باجیان بۆ چ کەسێ دەوێ؟

گوتی:

ـ بۆ (تالیبی چاوفیل)

پرسی:

ـ بۆ چی؟

گوتی:

ـ هاتووە دەیەوێ باجی شمشێربازی لەعەبدوللاّ قوتب شا وەربگرێ.

کە نیوەڕۆ هات، حوسێن گوتی:

ـ وەستا، من فراوین دەبەم.

هەموو قاپە خواردنەکانیان لەسەر سینییان داناو سەرقاپەیان بەسەردا هەڵکێشاو بەحوسێن ڕەوانەیان کردن. کە گەیشتە جێ،

چووە ژوورەوەو سینییەکانی لەژووری شەربەتخانە دانا. حوسێن هەموو قاپەکانی تەسلیم کردو گوتی:

ـ چاوەدێر کێیە؟

ئۆزبەکێك گوتی:

منم.

گوتی:

ـ قاپەکان دەدەیتەوە؟ یان نا؟

گوتی:

ـ ئێستا بەتاڵ نابێ.

حوسێن گوتی:

ــ پسوولەم بدێ، هەر کاتێ بەتاڵ بوون بیاندەیتەوە.

کابرای ئۆزبەك گوتی:

ــ پسوولە نادەم.

حوسێن دەستی برد، کەمەری کابرای گرت. کابرای ئۆزبەك دەستی بۆ حوسێن درێژ کرد، حوسێن زللەیەکی توندیلێداو لەگەڵ لێدانی بەریدایەوە سەر زەوی.

کابرا لەترسان زوو هەستایەوەو پسوولەی نووسیو دایە حوسێن.

حوسێن لەماڵەکە هاتە دەرەوە. دیتی خەڵکێکی زۆر لەبەردەم بارەگای عەبدوللا شا قوتبەدین ئاپۆرەیا داوە. هاتە پێشەوەو پرسی مەسەلە چییە. دیتی چوار سەد نەفەری شەیدای شیعەی مورتەزاعەلین. پرسی:

ئەوە بۆچی لێرە وەستاون؟

گوتیان:

ــ دەمانەوێ تەماشای داموو دەزگاو بارەگای شا بکەین، دەرگەوان لێ ناگەڕێ.

حوسێن گوتی:

ــ وەرنە دوام تا هەمووتان ببەمە ژوورەوە.

بەڵام ئەوان باوەڕیان نەکرد. دوو دڵ بوون ئەمە چۆن دەتوانێ بیانباتە ژوورەوە.

بەکورتی: حوسێن پێشکەوتو هەموو ویستیان دوا بەدوای ئەو بچنە ژوورەوە. دیتیان ئۆزبەکییەك بەتەوەرزین ڕێی لەحوسێن گرتو گوتی:

ــ لێ ناگەڕێم.

حوسێن دەستی گرتو ڕایگوشی. کابرا تەوەرزینی لەدەست بەربووەوە. ئینجا مستێکی لەتەوقی سەری داو تخێلی سەر زەوی کرد. دووبارە ڕێی خۆی گرتەبەرو ئەوانیش

هەموویان بەدوایدا چوونو لەحەفت دەربەند تێپەڕین تا چوونە ناو بارەگا. حوسێن لەپێشەوەو چوار سەد شەیدا لەدواوەی لەگۆشەیەکا وەستانو تەماشایان کرد.

ئۆزبەکێك لەناو بارەگا وەستابوو، سەراپای نوقمی پۆلاو زرێ بوو، پێیەکی لەسەر خشتێکی زێڕو پێیەکی تری لەسەر زەوی دانابوو. گەنجێکیش لەسەر تەختێك دانیشت بوو. تاجێکی بەحەڤدە گۆپکەو چوار قوببەی شاهنشاهی لەسەر بوو. سەراپا بەرگی شاهانەی پۆشی بوو.

حوسێن لەکابرای ئۆزبەکی پرسی:

ــ ئەمە کێیە؟

گوتی:

ــ عەبدوللا قوتب شای هیندییە.

دیسان پرسی:

ــ ئەوە کێیە لەناو بارەگا، بەرامبەر شا وەستاوە؟

گوتی:

ــ (تالیبی چاوفیل)ە

حوسێن دیتی بەژنی وەکوو دار چنارو بازووی وەکوو چلی دار چنارە.

(چاوفیل ) لەپڕ نەعرەتەی لێدا:

ــ ئەی عەبدوللا! ماوەیەکە تۆ منت لێرە گیر کردووە. نەوەڵامم دەدەیتەوە! نەنووسراوێکم دەدەیتێ! ئەمڕۆ دوارۆژە.شمشێربازی من ببینە. ئەگەر چ پیاوت هەیە بینێرە بابێ، ئەگەرنا، نامەیەك بدە با بڕۆم، لەوە زیاتر چاوەڕێ ناکەم.

شا نەعرەتەیەکی لێداو، چل پیاوی جەنگی نوقمی چەك هاتنە ژوورەوە، شمشێر بەدەستو قەڵغان لەسەر سەر.

تالیب نەعرەتەی لێدا:

ـ عەبدوڵڵا، سەیرکە!

هەر چل پیاوەکە پەلاماری (تالیبی چاو فیل)یان دا. ئەوەندەی پێ نەچوو، سی و دوو کەسی بریندار کردو ئەوانی تریش مەیدانیان چۆڵ کرد.

تالیب دووبارە نەعرەتەی لێدا:

ـ عەبدوڵڵا، ئەگەر پیاوت هەیە؟ ڕەوانەی کە. ئەگەر نیتە نامەکەم بدەیە.

عەبدوڵڵا قوتب شا گوتی:

ـ یاران، چ پیاو نییە،بچێ؟

یەکێکی تر داوای کرد بچێ. چوو و بریندار بوو.ئەو بێ دینە، شێرگیر بوو و گوتی:

ـ پیاو بنێرە، ئەمانە چین؟

بەکورتی: حەفت کەسی تر چوون، هەموو بریندار بوون.تالیب دیسان نەعرەتەی لێدا:

ـ عەبدوڵڵا، پیاو ڕەوانەکە! من تاکەی لێرە گیر ببم. دەمەوێ بچمەوە وڵاتی ئێرانو حەلقە لەگوێی پێشەوای گەورەو هەزارو سەدو بیست پاڵەوانی بکەم.

عەبدوڵڵا بەتووڕەیی و بەنائومێدی گوتی:

ـ ئیتر کەس هەیە بچێتە بەرامبەر ئەو بێ ویژدانە؟

لەهیچ لایەکەوە وەڵامی نەبیست. کەکار گەیشتە ئێرە، ئیبراهیم خانی کوڕی هاتە پێشو بەرامبەر باوکی سەری دانەواند و گوتی:

ـ ئەمڕۆ گیانی خۆم بەقوربانی تۆ دەکەم.

عەبدوڵڵا قوتب شا، فرمێسکی لەچاو هاتە خوارێ.

(تالیبی چاوفیل) گوتی:ـ مەگری، پیاو بنێرە!

حوسێنی کوردی شەبستەری، شێری بێشەی ئێرانو پاڵەوانی دەوران حەوسەلەی بڕا. یەکسەر هاتە پێشو ئیکلامی کێشا.

عەبدوللا چاوی بەپەیکەری وەك ئەژدەری حوسێن کەوت، دیتی گەنجێ وەستاوە، جلوبەرگی چێشتکەری لەبەردایە. وای بۆ چوو کە پێویستییەکی هەبێ، یان یەکێ بۆ ڕێکخستنی کاروباری میوانداریی خەبەری بۆ ناردبێ. ڕووی کردە وەزیرو گوتی:

ـ بزانە ئەوە کێیە؟

وەزیر ڕووی کردە حوسێنو گوتی:

ـ وەستا، شا، ئێستا مەجالی نییە. ئێستا بڕۆ، وەختێکی تر وەرەوە.

حوسێن گوتی:

ئێمە بۆ هیچ شتێ نەهاتووین. شمشێرێکمان بدەرێ تابچین لەگەڵ ئەم (چاوفیلە) دەستو پەنجە نەرم کەین.

شا، پێکەنین گرتیو گوتی:

ـ واز لەم ئیشە بێنە. دەکوژرێی.

گوتی:

ـ ئەم کەوچکە خوێنە گەنیوەی ئێمە ئەم قسانە ناهێنێ. ئەگەر لەزۆرانبازیدا نەڕژێ، دەبێ لەناو بەزو دەماردا وشك بێ.

شا گوتی:

ـ ئەی ئێرانی، تۆ پیاوێکی غەریبەو ئاساییت، ئەو پاڵەوانو جەنگ دیتەیە.

شا دوای نەختێ وەستان، پرسی:

ـ ناوت چییە؟

گوتی:

ـ حوسێن.

شا گوتی:

ـ ئاخر، کەس بەجلوبەرگی چێشتکەری ناچێتە مەیدانی شەڕ!!

حوسێن وەڵامی دایەوە:

ــ ئەگەر تۆ دوڕناسی، تۆ شمشێرێکی ڕووتم بدەرێو ئینجا تەماشاکە.

شا، رووی کردە یەکێ لەنزیکەکانی خۆیو گوتی:

ــ شمشێرێك بدەنە ئەم گەنجە.

شمشێریان دایە.

حوسێن تەماشای کرد دیتی چوار (درهەم) ناهێنێ. ڕایوەشاند، ورد بوو.

شا گوتی:

ــ شمشێرێکی چاکی بدەنێ.

تا حەفت شمشێر، هەردایانێو هەر شکاندی.

ئاخیری حوسێن گوتی:

ــ ئەو شمشێرەی لەملی کوڕەکەتە شمشێرێکی چاکە، ئەوەم بدەنێ.

حوسێن شمشێرەکەی وەرگرتو پێی نایە ناو مەیدانو بە(تالیبی چاو فیل)ی گوت:

ــ لەعاسمانانم دەویستی، لەعەردانم دەسکەوتی.

گۆی قەڵغانەکانیان لێك دا. لەهەردوو لاوە دوو پاڵەوان کەوتنە گەرمەی شمشێربازی.

عەبدوللا دیتی کابرای نەناسیاو بەبەرگی چێشتکەرییەوە وەکو ئەژدیهای خرۆشاو پیاوێکی بەتەنگ هێناوە لێپرسراوانی دەوڵەت گرەویان لەسەر سەرکەوتنی دەکرد.

حوسێن بەم جۆرە دەجەنگاو ناحەزەکەی وردە وردە سست دەبوو. لەپڕ حوسێن گوتی:

ــ قەڵەم! قەڵەم!

تا تالیب هەوڵی دا قەلەمی پێی بپارێزێ، حوسێن تیرێکی لەئەسپی بازبی (چاوفیل) داو ئەسپی بازی سەرەنگرێ بوو و بەربووەوە سەر زەوی . دەنگی (ئافەرین!! ئافەرین)ی خەڵك بەرزبوەوە.

دیسان شمشێربازیی گەرم بوو. حوسێن گوتیــ سەرت!!

تا ئەو ویستی ئاگای لەسەری خۆی بێ. ئەو پاڵەوانە شمشێرێکی لەشانی ناحەزەکەی داو لەبن هەنگڵی چووە دەرێ. ناحەزەکەی ناڵاندیو بانگەرۆز بووەوە.

عەبدوڵڵا قوتب شا، هەستاو سێ جار کڕنۆشی بردو شوکری خوای بەجێهێناو گوتی:

ــ سەدەق یا عەلی وەلیەڵڵا!

دەمو دەست چل ئۆزبەك دەوری حوسێنیان گرت. ئەویش وەکوو شێری برسی کەوتە ناویان. گڕدی لەکوژراوان هەڵنا. لەشانی هەر کسێکی دەدا لەبن هەنگڵی دەچووە دەرێو لەسەری هەرکەسێکی دەدا دەیکردە دوولەت.

بەکورتی: سی و نۆ کەسی کوشتو یەکێك هەڵات. بەڵام حوسێن ئەمانی نەدا، گرتی و گوێی بڕیو گوتی:

ــ هەی نامەرد، خەبەر بۆ — ئەرقەش- ببەوەو بڵێ: ئەی شای بوخارا، چاوەڕێ بە، حوسێن ناوێك پەیدابووە شاگردی چێشتخانەیە، دێ سەرتان دەتاشێ. ئەو حوسێن چێشتکەرە بوو (چاوفیل)ی کوشت.

شا گوتی:

ــ پیاوێکم دەوێ ئەم گەنجە بباتە گەرماو.

وەزیر هەستاو ئیکلامی کێشاو حوسێنی بردە گەرماو. لەگەرماو، وەزیر داوای سەرتاشی کرد. سەری تاشیو لەشی باش خاوێن کردەوەو کاتێ کەحوسێن لەخۆشووشتن بووەوەو هاتە دەرەوە، دیتی جلەکانی نەماونو لەباتی جلەکانی خۆی خالیچەیەکی ئاوریشمی ڕیشوو مرواریبەند لەوێیە. حوسێن چوو لەسەری دانیشتو لەشی خۆی وشك کردەوەو کراسی لەبەر کردو شاڵێکیان لەملی کردو بەرگێکی پۆشتەو بەدەبدەیان کردە بەر. جووتە مۆرەیەکو خەنجەرێکیان دایە. کڵاوێکی قووچیان لەسەر نا. خەنجەریان لەکەمەر بەستو شمشێری دوو دەمی هیندییان لەمل کرد.

حوسێن که له گەرماو هاته دەرەوە، شاتر بەچەیەکی دی جلەوی ئەسپێکی بەدەستەوە بوو، چاوەڕێی دەکرد. کەشاتربەچەکە چاوی بەحوسێن کەوت، ئەسپەکەی بۆ هێنا. پاڵەوان پێی لەرکێب ناو سوار بوو و ئەسپی هاژوا! شاتری هیندی لەپێشی غاری دەدا. هاتن تا گەیشنە بارەگا. هەموو خەڵکی بارەگا چوونە پێشوازی. حوسێن پیا بوو. شا بەسەربەرزی بردییە ناو بارەگاو لەتەنیشت خۆی داینا. ئینجا عەبدوڵلا شا قوتب گوتی:

ـ ئەی جیهان پاڵەوان، ئێمە بەبچووکی خۆتان قبووڵ کەن.

حوسێن گوتی:

" شا اگر لگف باعدو دارد　　　　بنده باید که حد خود داند"

(شا ئەگەر لوتفی لەگەڵ دوژمن هەبێ , بەندە دەبێ حەددی خۆی بزانێ)

حوسێن ئەوەندە بێ فیزی نواند، کەعەبدوڵلا قوتب شا، دەستی برایەتی لەدەستی حوسێن ناو گوتی:

ـ خۆشەویستی تۆم زۆر لەدڵ چەسپیوە، حەفت شتت پێشکەش دەکەم لەوانە شمشێرێکی هیندی و بازووبەندێکو هەژدە هەزار دینارو ئەسپی قەرەقەیتاش کەدوژمنو خوازیاری زۆرە.

حوسێن پرسی:

ـ کێ دوژمنیەتی؟

گوتی:

ـ (ئەکبەری کوڕی هومایون)و (میرخان) کەتەمتەم لەشکرکێشیمان دەکەنە سەر. دەڵێن قەرەقەیتاسمان بدەرێ.

حوسێن، گوتی:

ـ ئەگەر خودا بکا تۆڵەی دەکەمەوە.

حوسێن کە قسەی دەکرد، ئۆقرەی نەدەگرت، دڵی پەشۆکابوو. لەناکاو هەستا. شا پرسی:

ـ دلاوەر، دەچیتە کوێ؟

حوسێن گوتی:

ـ شاعەباس ڕایسپاردووم، بچم باجی حەفت ساڵە لەشا جیهان ئابادی هیند بۆ ئێران وەربگرم.

* * *

قوتب شا، حوسێنی تا دەرەوەی شار بەڕێ کردو لەکاتی ماڵاوایی، ئەو شاتربەچەیەی، لەگەڵ ئەسپەکەدا بوو، بەحوسێنی بەخشی. حوسێن لەڕێگاکانی پرسی. گوتیان:

ـ یەکێ سەلامەتە و یەکێ لەدەس بەهزادی ڕێگر ناسەلامەتە، هەرکەسێ شیعە بێ، دەیکوژێ.

حوسێن گوتی:

ـ من دەچمە ئەو ڕێیە.

هەرچەندە لەمەترسی بەهزاد ڕێگر وریایان کردەوە، گوێی پێ نەدا.

حوسێن بەسواری و شاتر بەچەکە، کەناوی (بهیار) بوو، بەپیادە، ڕێی پڕ مەترسییان گرتە بەرو ڕۆیشتن.

کاتی ڕۆژاوا، گەیشتنە سەر کانییەكو لەوێ خستیانو دوای سەعاتێ نانیان خوارد. ئەو شەوە بەنۆرە، بەخەو و بێداری کردیانە بەیانی .

حوسێن قەرەقەیتاسی زین کردو سوار بوو و لەگەڵ بهیاری شاتر بەچە کەوتنەڕێ.

ماوەیەك ڕۆیشتن لەشوێنێکا هەند چادری پەردە داریان بینی، لێیان نزیك کەوتنەوە. حوسێن هەر بەسواری بەدەوری شوێنەکەدا گەڕا، لەپڕ چاوی بەئەسپی خۆی کەوت دەلەوەڕا. زانی ئەمە جێگای بەهزادی ڕێگرە. حوسێن نەختێ ڕاوەستا. بهیار پرسی:

ــ چ بوو؟

ــ ئەمە ئەسپی منە.

دیسان پرسی:

ــ جا چ دەكەی؟

گوتی:

ــ هیچ چارەم نییە، دەبێ وەری بگرمەوە.

حوسێن نەختێ زیاتر چووە پێش. كابرایەكی ئۆزبەكی دی لەبەردەم چادرێك دانیشتبوو. لێی پرسی:

ــ ئەم كەلوپەلە هی كێیە؟

وەلاٚمی دایەوە:

ــ هی بەهزادە.

حوسێن پرسی:

ــ بەهزاد لەكوێیە؟

گوتی:

ــ چووە مەشق بەئەسپ بكا.

حوسێن بەقامك ریكی بۆ ئەسپە ونبووەكەی خۆی كردو گوتی:

ــ ئەم ولاٚغە هی منە.

كابرا پرسی:

ــ بەچ نیشانەیەك هی ئێوەیە؟

گوتی:

ــ (ئەم ولاٚغەو شمشێرێكی سەدویەك هۆقەو زرێیەكی هەژدە هۆقە)و هەرچی جگەلەوەش بردبوویان، نیشانەی هەمووی هەڵدا.

کابرای ئۆزبەك گوتی:

ــ ئەگەر ڕۆحی خۆت خۆشدەوێ، تا بەهزاد نەهاتۆتەوە بڕۆ!

حوسێن وەڵامی دایەوە:

ــ هەمووی بدەنەوە، نەوەك یەكێكتان بەزیندووی ناهێڵم.

ئۆزبەكەكان لەجێی خۆیان بزووتن. حوسێن دەستی دایە شمشێر و وەكوو شێر نەعرەتەی (یاجەنابی عەلی مەدەد!) ی لێدا، لەپڕ ئۆزبەكەكان وەكوو كوللە و مێروو لەكەلەن و قوژبنانەوە دارژانو دەوریان گرت.

حوسێن بە(بهیار)ی گوت:

ــ تۆ لەدوای منەوە وەرە وریابە كەس لەدواوە بریندارم نەكا.

حوسێن یەكە یەكەی دەكوشتن دەچووە پێشو بهیار لەدواوە چاوەدێری دەكرد. لەم شەڕەدا غەڵبەغەڵب كەوتە ناو ئۆزبەكەكان، كەبەهزاد لەڕاو هاتەوە. دیتی غەوغایەكی سەیرە. هاتە پێشەوەو هاواری كرد:

ــ بكشێنەوە! بكشێنەوە.

كە هەموو ڕێگایان بۆ كردەوەو بەهزاد خۆی گەیاندە ناوەڕاستی شەڕگە، بەحوسێنی گوت:

ــ دلاوەر، ئاگرێكی باشت هەڵگیرساندووە، تۆ كێی؟

حوسێن گوتی:

ــ هەی حەرامزادە! تۆ ماڵی ئێمەت بەتاڵان بردووە، بماندەوە بۆئەوەی بچینە دوای كاری خۆمان.

بەهزادو حوسێن ئاوقای یەكدی بوون. بهیار وەستابوو، تەماشای دەكرد. حوسێن كەمەری بەهزادی گرتو بڵندی كرد بۆئەوەی بەعەردی دابدا، بەهزاد دەستی خستە سەر شانی حوسێنو بەفرتوفێڵ موسڵمان بوو. حوسێن عەفووی كردو گوتی:

ــ چی ئێمەت بردووە بیدەوە تا بڕۆین.

بەهزاد گوتی:

ــ ئێستا وەرە دانیشە، نەختێ شەربەتو خواردن بخۆین.

بهیار گوتی:

ــ وەرە ئەم زاڵمە بکوژین. بەفێڵ بۆتە موسڵمانو مەبەستی ئەوەیە بەحیلەیەك تۆ بگرێو بتکوژێ. وەرە ئەم چقڵە لەسەر ڕێی موسڵمانان دەربێنە.

حوسێن گوێی نەدایە. خواردنیان هێنا. بەهزاد ئیشارەتی کرد، دەرمانی بێهۆشییان لەخواردنی حوسێن کرد حوسێن کەمتەرخەمی کرد، دەستی بەخواردن کرد. بهیار خۆی شاردەوەو لەچادرەکە هاتە دەرێو ملی لەبیابان ناو بۆی دەرچوو.

کە دەرمانەکە کاری خۆی کرد، حوسێن دیتی لەسەری زمانییەوە تا ناوکی وشك بوو. دەستی گەیاندە شمشێر بەڵام پێی تێك ئاڵاو بەربووەوە سەر زەوی.

بەهزاد حوسێنی زنجیر کرد. ڕۆنی بنەوشەی لەلووتی کرد تا هاتەوە هۆش خۆی. حوسێن خۆی لەناو کۆتو زنجیردا دی. بەهزاد گوتی:

ــ سوێندم بەهەر چواریار دەمەویست بتکوژم، بەڵام لەدڵی خۆمدا گوتم: بۆ تاقیکردنەوە تا سبەی دەتهێڵمەوە. ئەگەر عەلی لەسەر هەقە، نەجاتت دەدا.

کاتی ڕۆژاوا حوسێنیان بەدەستو پێ بەزنجیر بەسراوی لەناو سندووقێکی گەورە دانا.

ئێستا گوێتان لەباسی (بهیار ) بێ.

بهیار، کەلەناو چادر چووە دەرەوە، ماوەیەك بیابانی تەی کرد تا گەیشتە کەناری ڕووبارێك. چاوی بەقەرەقەیتاس کەوت، یەکسەر گرتییەوەو بەستییەوەو ئەوسا خۆی بەچادرێکی ئۆزبەکاندا کردو دەستە جلێکی ژنانەی ڕفاندو کردیە بەرو بەرەو پیاوەکانو چادرەکانی بەهزاد کەوتەڕێ.

لەڕێگادا تووشی کابرایەکی ئۆزبەك هات، فریوی داو گوتی:

ــ ڕێم بزرکردووەو لەکاروان جێماوم.

هاتنەوە ناو ئۆردووی بەهزاد، بەڵام شەو بوو. لەپڕ نەعرەتەی وریابە هات. بهیار پرسی:

ــ ئەم دەنگە چییە؟

یەکێ گوتی:

ــ بەهزاد دوژمنێکی گرتووەو بەکۆتو زنجیر بەستووتیەوەو لەناو سندووقێکی گەورە بەندی کردووەو خۆیشی لەسەر سندووقەکە خەوتووەو مەرجی کردووە ئەگەر عەلی لەسەر هەقە، با نەجاتی بدا، ئەگەرنا سبەی دەیکوژێ. بۆیە ئەمشەو تا بەیانی ئێشك دەگرین.

بهیار گوتی:

ــ کەواتە لێم گەڕێن من بخەوم.

یەکێ گوتی:

ــ ئەم بیرە لەسەر ببە دەرەوە. بەرامبەر بەوەی ئێمە هەقمان بەسەر تۆوە نییە، تۆش ئەمشەو لەگەڵ ئێمە دانیشەو ئێشك بگرە. سبەینێ بەیانی وادەکەین، بتبەن بەکاروانت بگەیەنن.

یەکێکی تر گوتی:

ــ ئەمەدەبێ هەستێ خواردنو حەلواو شەربەتمان بۆ دروست بکا.

ئەویش وای پیشان دا کە بەناچارییە، بەڵام بەدڵ هەستاو بەمەیلو ئارەزوو، دەستی بەدروست کردنی خواردنو حەلواو شەربەت کرد، بەڵام ئەندازەیەکی زۆری دەرمانی بێهۆشی لەناو حەلواو شەربەتەکە کرد.

یاریدەدەری بەهزاد هاواری کرد:

ــ هۆ، هاوقافڵەینە! ئەمشەو هەرخواردنو حەلواو شەربەتێکی دڵتان بۆ دەچێ، بیخۆن.

لەگەڵ ئەم ڕووخسەتەدا، هەمووبەیەکەوە ڕژانە سەر سفرەو دەستیان بەخواردن کرد. بهیار یەك لەسەر یەك حەلواو شەربەتی ئالٚوودە بەدەرمانی بێهۆشی دەرخواردی دزەکان دەدا

زۆری پێ نەچوو، شەربەتی ئالٚوودە بەدەرمان کاری خۆی کرد. یەکێ ڕووی کردە یاریدەدری بەهزادو گوتی:

ـ خیارێك لەسەر سەرەت ڕواوە.یاریدەدەر ویستی قیت بێتەوە، نەیتوانی. هەریەکە لەگۆشەیەك بەربووەوە. بهیار، کەدیتی دەرمانەکە کاری خۆی کرد، خۆی گەیاندە شوێنی زیندانەکە. کەگەیشتە سەر سندووقەکە پەنجەی عەیاری دەرهێنا. حەفت میسقاڵ دەرمانی تێکردو لەسەر لێوی بەهزادی داناو فووی پێدا کرد. دەرمانەکە کاری لەمێشکی کرد. بهیار گەڕایەوە دیتی هەمووەکوو مەڕ لەسەر زەوی کەوتوون. خاتر جەم بوو دووبارە گەڕایەوە سەر سندووقەکەو کلیلی لەگیرفانی بەهزاد دەرهێناو هاتە سەر سندووقەکە.

گوێی لێ بوو حوسێن لەناخی دڵەوە دەڵێ: یا عەلی! یا عەلی!. دەرگای سندووقەکەی کردەوە.

حوسێن لەبەر نائومێدی لەدڵی خۆیدا گوتی:

ـ ئەوە بۆچی لەم کاتەی شەو هاتوونەتە سۆراغی من؟

لەناکاو بهیار گوتی:

ـ ئاغا گیان!

حوسێن، گوتی:

ـ بهیار، ئەوە تۆی!

گوتی:

ـ بەڵێ، منم.

گوتی:

ــ چرات پێ نییە؟

بهیار دەمودەست مۆمێکی داگیرساند. حوسێن هاتە دەرەوە. دیتی ئۆزبەك وەکوو کالەك ڕژاونەتە سەر یەك.

حوسێن پرسی:

ــ ئەوە چت کردووە؟

گوتی:

ــ دەرمانم داونەتێ.

حوسێن پرسی:

ــ چۆن؟

چ ڕووی دابوو، لەسەرەتا تاکۆتایی، هەمووی بۆ گێڕایەوە.

حوسێن، کەدەستی بووەوە، توند بەهزادی بەست، بەجۆرێ کەنەتوانێ جوولە بکا. ئەوسا ڕستەکەی ڕەشماڵەکان بڕیو دەستی هەموو دزەکانیان بەست. بەهزاد بەشنەی بای بەیانی بەئاگاهاتو چاوی کردەوە. دیتی هەموو شتێ پێچەوانە بۆتەوە خۆیشی دیلو دەست بەستەیە. کەچاوی بەبهیار کەوت بەسواری قەرەقەیتاس لێی نزیك دەکەوێتەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی: هەرچی کردوویە، ئەم شاتربەچەیە کردوویەتی. لەشەرمەزارییان سەری شۆڕکرد.

بهیار هاتو لەبەردەم حوسێن دابەزی

حوسێن هاتە سەرسەری بەهزادو گوتی:

ــ دینی ئێمە لەسەر هەقە. ئێستا لەتەوقی سەرت بدەم، بەجەهەننەم موشەڕڕەدت بکەم؟ بەهزاد گوتی:

ــ ئەگەر بەدەست بەسراوی بمکوژی، مانای وایە هیچت نەکردووە. ئەگەر ڕاست دەکەی بمکەوە، با لەگەڵ یەك بجەنگین.

حوسێن دەستی ئەو ناپاکەی کردەوە.

هەردوو ناحەز دەستیان دایە شمشێرو کەوتنە جەنگ. زۆری پێ نەچوو، حوسێن شمشێرێکی لەسەری ئەو کافرەدا، لەبەینی هەردوو شانی دەرچوو.

ئینجا حوسێن ڕووی کردە هەموو ئەوانەی دەست بەستەبوونو گوتی:

ــ ئێوە موسڵمان دەبن؟

گوتیان:

ــ بەڵێ، زانیمان دینی عەلی لەسەر هەقە.

حوسێنو بهیار بەسراوەکانیان کردەوە. ئەوانیش موسڵمان بوونو چی کەلوپەل هەبوو هەموویان لەولاغان بار کردو لەگەڵ حوسێن ڕوویان کردە حەیدەر ئاباد تاگەیشتنە ئەو دووڕیانەی کە لە عەبدوللا قوتب شا دابڕابوون.

بهیار لەپێشدا چووە ناو شار. خەبەری گەڕانەوەی حوسێنی بەشا عەبدوللا قوتب گەیاند. عەبدوللا لەخەنی خۆشییان دەمو دەست سوار بوو و لەگەڵ میرەکان لەشار هاتنە دەرەوە. کە هاتنە پێشوازی، لەپڕ حوسێنیان دی نزیك دەکەوێتەوەو سەد کەسی بەئەسپو ئێسترو بارو بنەیەکی زۆرەوە بەدوادادێ. عەبدوللا قوتب شا دابەزی و دەستی لەملی حوسێن کرد. ئینجا سواربوونو هاتنەوە حەیدەر ئاباد. حوسێن ئەوەی بەسەری هاتبوو هەمووی گێڕایەوە تا گەیشتە ناو بارەگا. ئینجا چی کەلوپەلو ئەسپو ئێستر هەبوو، هەمووی بەعەبدوللا سپارد.

پاشان حوسێن لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەی کرد. عەبدوللا قوتب شا هەرچەندە سەیری کرد دیتی ئەو چەکەی دابووی بەو پاڵەوانە، لای نییەو چەکێکی تری لەخۆی داوە. لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە لەوانەیە لێیان ڕفاندبێ.

حوسێن بەزیرەکی خۆی تێگەیشتو بەشای گوت:

ــ ئەو چەکەی تۆ دابووت لەناو خورجینەیە. ئەمە چەکی خۆمانە. ئەمە ئەو شمشێرە سەدویەك هۆقەیەیە کەدەمگوتو ئەمەش زرێی حەفت هۆقەیەو ئەوەش ئەسپی قەرەقەیتاسە کە بەکەمەند بەستوومەتەوە.

لەوکاتەدا، عەبدوڵڵا قوتب شا لەپڕ دەستی درێژ کرد، دامەنی حوسێنی گرتو گوتی:

ــ ئەی پاڵەوان، دەستم بەدامێنت. تۆڵەی باوکم بکەوە.

حوسێن گوتی:

ــ دەبێ ئاگرێك دابگیرسێنم دووکەڵەکەی بەر چاوی خۆر تاریکو نوتەك بکا.

*　*　*

ئێستاش گوێتان لەباسی ئەو ئۆزبەکە بێ کە پاش کوژرانی تالیبی چاوفیلو سی و نۆ کەس، لەناو هاوەڵەکانی ڕای کردو هەڵات:

ئەو کابرایە خۆی گەیاندە جیهان ئابادی هیندو چووە بارەگای ئەکبەر شا. لەو کاتەدا سەد و بیست میر لەبارەگابوونو میرخان لەسەر کورسی دانیشتبوو. ئەو ئۆزبەکەی خەبەری هێنابوو، لەناوەندی بارەگا وەستا. ئیکلامی کێشاو دوعاو ستایشی شای بەجێ هێناو گوتی:

ــ لەگەڵ (تالیبی چاوفیل) چووبوومە حەیدەر ئابادی هیند. چەند ڕۆژ بوو لەوێ باجی شمشێری وەردەگرتو بەهانای مەردو مەردایەتییەوە دەچوو. کەس نەبوو بەرامبەری بوەستێ. ڕۆژێ شاگرد چێشتخانەیەك هات، لەبارەگا، شمشێری لەکوڕی قوتب شا وەرگرت. هاتە بەرامبەریو کردی بە دوولەت.

قاسید ئەمەی گوتو لەهۆش خۆی چوو و بەربووەوە.

ئەکبەر شا سەیری (تالیب زۆر فیل)ی کرد کەلەنزیك تەختەکەی ئەم لەسەر کورسی دانیشتبوو، گوتی:

ــ ئەی (زۆر فیل ) دەتوانی بچیتە حەیدەر ئابادو تۆڵەی خوێنی برات وەربگریتەوە؟

گوتی:

ــ (تالیب زۆر فیل) نەبم ئەگەر حوسێن نەکەمەوە دوولەت.

(زۆر فیل) ڕووخسەتی وەرگرت. ئەکبەر شا گوتی:

ــ پاڵەوان! چەند نەفەر لەگەڵ خۆت دەبەی؟

گوتی:

ــ چل نەفەر.

لەبارەگا هاتە دەرەوە لەبەر قینی خۆی وەکوو چەخماخەی بریسکەدار، دوو قۆناغی بەیەك قۆناغ بەرەو حەیدەر ئاباد دەبڕی

کەلەحەیدەر ئاباد نزیك کەوتەوە، قاسیدێکی نارد.

عەبدوڵلا قوتب گوتی:

ــ لەکوێوە دێی؟

گوتی:

ــ (تالیب زۆر فیل) سبەی دەگات.

شا ڕووی کردە حوسێنو پرسی:

ــ چ بکەین؟

حوسێن وەڵامی دایەوە:

ــ ئەمە پەیوەندی بەتۆوە نییە. سەگ چییە تۆ پێشوازی بکەی. ئێمە دەمانەویست سبەی بڕۆین، بەڵام ئێستا مادام وای لێهات، دەمێنینەوە.

ڕۆژی پاشی، کەرۆژهەڵات، (زۆر فیل) بەزەنگو زنجیرو ئەبڵەق هاتە بارەگاو ڕووی کردە شاو گوتی:

ــ ئەی عەبدوڵلا، ئێمە شایەنی پێشوازی نەبووین؟

عەبدوڵلا وەڵامی دایەوە:

ــ ئێمە ئیشمان بەتۆ نییە.

ئەو زاڵمە ددانی لەلێوی گیر کردو خوێن لەزاری سەری کردو گوتی:

ـــ کوا حوسێنی چێشتکەر تا وابکەم دایکی تازیەی بۆ دابنێ.

حوسێن لەوێ بوو گوتی:

ــ ئەو حوسێنەی دەڵێی، منم. قسەت هەیە، بیسمیللا.

ئەوسا وەکوو سپەند لەشوێن خۆی دەرپەڕیو گوتی:

ــ بهیار خورجیبی چەکەکانم بۆ بێنە.

وەکوو شمشێری میسری ڕووت بووەوە، ئینجا چەکی لەخۆی دا. لەتەوقی سەری تا بنی پێی نوقمی ئاسنو پۆڵا بوو.

یەکەم کەس سەلاوّاتی لەدیداری پێغەمبەر (د.خ) دا، عەبدوللا قوتب شا بوو. حوسێن چەکی لەخۆی داو هاتە بەرامبەر عەبدوللا قوتب شا. ئینجا ڕووی کردە (زۆر فیل) و گوتی:

ــ ئەگەر دەزانی ئەوە دەزانی، ئەگەر نازانی باپێت بڵێم تا بزانی. من حوسێنی کوردم پێ دەڵێن.

(زۆر فیل) گوتی:

ــ ئەو شاگرد چێشتکەرەی تالیبی کوشتووە، ئەوم گەرەکە!

حوسێن گوتی:

ــ هەی بێ ئەدەب! ئەو شاگرد چێشتکەرە ئێمە بووین. ئەگەر قسەت هەیە، بیسمیللا.

گوتی:

ــ وەرە پێش بزانم، چت لەباردا هەیە؟

خەڵك تەماشایان دەکرد. حوسێن کەوتە گەرمەی شمشێربازی . ئەوەندەی نەبرد حوسێن شمشێرێکی لەسەری ئەو ناپاکەدا، ویستی خۆی لەپەنا قەڵغان بشارێتەوە، بەڵام شمشێری حوسێن وەکو و سەلکە پەنیر کردی بەدوولەتو دەمو دەست گیانی بەدۆزەخ سپارد.

دەنگی ئافەرینی ئەهلی بارەگا بەرزبووەوە. چل نەفەر ئۆزبەك هێرشیان هێناو دەوری حوسێنیان گرت ئەویش وەکوو شێری برسی کەوتە ناویان. سی و نۆ نەفەری کوشتو نەفەرەکەی تریشی گرتو گوێی بڕیو گوتی:

ــ بڕۆ خەبەر بۆ شا جیهان ئاباد ببەوە بەئەرقەش پاڵەوان بڵێ حوسێن چێشتکەر دێ سەری خۆتو میرخان دەتاشێ.

کابرای ئۆزبەکی بەگوێ بڕاوی هەڵات و ڕۆیشت.

* * *

یەك ڕۆژ پێش هاتنی حوسێن بۆ جیهان ئابادی هیند، میرخان چواریاری، یەکێ لەشیعەکانی مورتەزا عەلی (س) بەناوی (ئەتلان) لەخەوگای خۆی ڕفاند بوو بردبوویە ئۆردووگای خۆی. حوسێنی کوردی پاڵەوانی دەوران، نیوەشەو، هاتو چووە ماڵی (ئەتلان) ، دیتی لەوێ نییە. زانی میرخان ڕفاندوویەتی. حوسێن بەبهیاری گوت:

ــ بڕۆ بزانە بردوویانەتە کوێ؟

بهیار لەناو چادر هاتە دەرەوەو ڕووی کردە ئۆردووی میرخان. کە گەیشتە ئەوێ، سەیری کرد بەخەبەرنو خەریکی مشتو مڕن کەچۆن (ئەتلان) بکوژن. بهیار گەڕایەوەو خەبەری هێنا. حوسێن خورجینەی چەکەکانی ڕاکێشایە پێش خۆی. نوقمی دەریای ئاسنو پۆڵا بوو. ئەو تەهمتەنەی دەوران، نووری دیدەی ئیسلامیان، پەروەردەی دەستی مەسیحی دوکمەبەندی تەورێزیو باباحەسەنی بیدابادی قەدو باڵای مەردانەی قیت کردەوەو، خۆی تەیار کردو ڕۆیشت. هات، هات تا گەیشتە ئۆردووی میرخان. کە گەیشتە جێ هەتاو سەری لەدەریچەی ڕۆژهەڵات دەرهێنابوو:

گردنم چرانهیم جفای زمانەرا

مانع چراشویم بهر کار مختصر

بەڵام، تەهمەتەن چووە ناو ئۆردووی میرخانو بەرەو پێشەوە ڕۆیشتو بهیاریش لەپشتی دەڕۆیشت تا گەیشتنە چادری میرخان. حوسێن تەماشای کرد، دیتی میرخان لەسەر تەخت دانیشتووە، کلاوخوودەی گەوهەرنیشانی لەسەرناوە، لەمشتو مرِی چۆنیەتی کوشتنی (ئەتلان) بۆتەوە. لەو کاتەدا، میرخان بانگی کرد:

ــ تیروکەوان بێنن!

کە هێنایان، ئەو زاڵمە تیری لەبەر ژێی کەوان ڕاکردو نیشانەی گرت، ئەتلان هاواری کرد:

ــ بزانن من گیانی خۆم کردە قوربانی عەلی وەلیەڵلا (س).

ئینجا ئەم چوارینەیەی خوێندەوە:

بلبلی امد بچمن در خروش گفت کە ای زاهد پشمینە پوش

سرکەنە در راە عزیزان بودبارگرانی است کشیدن بدوش

میرخان بەئۆزبەکەکانی گوت:

ــ ئێوە لەم دونیایە بەشایەت بن. یەکەم کەس کە تیری لەم ڕافیزییەدا، من بووم.

پەنجەی لەسەر ژێی هەڵگرتو تیرەکە ڤرِەی هات بەسنگی (ئەتلان) کەوت.

حوسێن خۆی پێ نەگیرا، گوتی:

ــ بهیار پشتەوەم بگرە.

ئینجا دەستی گەیاندە قەفتەی شمشێرو کەوتە ناو ئۆزبەکان. وەکوو شێر کە بکەوێتە ناو کۆمەڵە ڕێوییەك، یەك یەك بەری دەدانەوە سەر یەك.

میرخان هاواری کرد:

ــ دەوری بگرن! ئەم پیسە ئاگری کردۆتەوە.

ئۆزبەکەکان وەکوو کوللە و مێروو دەست بەشمشێر دەوری حوسێنیان گرت. بهیار لەدواوە چاوەدێری دەکرد، دیتی بەم جۆرە ناتوانێ هاوکاری پاڵەوانەکە بکا. بیری لەچارەیەك کردەوە، بەهەڵەداوان لەشەڕگە چووە دەرەوە. حوسێن ئاوڕی لەدواوە دایەوە، بهیاری نەدی و لەدڵی خۆیدا گوتی:

ــ ئەو هەڤاڵە شاترە چی لێ هات، بەتەنیا جێی هێشتین؟

بهیار یەکسەر هات خۆی گەیاندە ئۆردووی بەهرام خان کەلەشیعەکانی مورتەزا عەلی (د.خ) بوو. بەهرام، کەچاوی بەبهیار کەوت، دیتی بەغارەغارو بەهێنکە هێنك هات. لێی نزیك کەوتەوەو گوتی:

ــ ئەوە تۆ چیتە؟

گوتی:

ــ حوسێن لەناو چەندین هەزار دوژمن گرفتار بوو.

بەهرام خان گوتی:

ــ لەکوێیە؟

وەڵامی دایەوە:

ــ لەئۆردووی میرخانە!

بەهرام خان دەرحاڵ هەستاو بە پەلەپرووزێ دوو هەزار لەشکری قزلباشی خۆی بردو چووە ئۆردووی میرخان.

حوسێن ئاوڕی لەدواوە دایەوە، دیتی بهیاری لەپشتەو هەرکەسێ لەدواوە نزیك دەکەوێتەوە، لەناوی دەبا. پاڵەوانەکە پرسی:

ــ ئەوە تۆ لەکوێ بووی؟

گوتی:

لەهەر کوێ بووبم، دەردەکەوێ!!

لەوکاتەدا لەشکری قزلباشی بەدەرکەوت.

حوسێن پرسی:

ــ ئەم لەشکرە هی کێیە؟

وەڵامی دایەوە:

ــ لەشکری بەهرام خانە..

* * *

کە شەو داهات، حوسێن لەناو نوێنی بیماری هاواری کرد:

ــ بهێنن شمشێرو قەڵغانەکەمم بۆ بێنە.

یاوەرەکانی گوتیان:

ــ دەتەوێ چ بکەی؟

گوتی:

ــ دەمەوێ بچم بەهزاد خان بەویسالی کچی میرخان بگەیەنم کە نرخی کوشتنی منە. دلاوەران گوتیان:

ــ ئێوە گیانێکی واتان لەبەردانییە، بتوانن بجەنگن. هێشتا برینەکەتان هەر ماوە.

هەرچەندە حوسێنیان قەدەغەکرد، گوێی نەدایە. بهیار قەرەقەیتاسی زین کرد. حوسێن سوار بوو و لەگەڵ دلاوەران ڕووی کردە شار. هاتن تا گەیشتنە سەر خەندەق. کەمەندیان بەستو شۆڕبوونەوە. هاتن تا گەیشتنە چوار بازاڕ. دلاوەران لەتاریکی وەستان. حوسێن چووە ناو چوار بازاڕ. دیتی بەهزاد هاتو چوو لەسەر تەخت دانیشت. سەد نەفەر بەرامبەری وەستان.

حوسێن لەپڕ، لەبەهزادی ڕاخوڕی:

ــ هەی داك واوا لێکراو، بەخەیاڵی خۆت منت بەنامەردی کوشت بەو ئومێدەی بەرامبەر بەوە کچی میرخانت بدەنێ. هەستە، تاقەتی ڕاوەستانم نییە.

بەهزاد یەکەم جار باوەڕی نەکرد ئەمە حوسێنە، کەچاوی پێ کەوت لەدڵی خۆیدا گوتی ئەگەر ئەویش بێ ئیتر تاقەتی نەماوە. ناچار بوو لەشوێن خۆی هەستا. کە نزیك کەوتەوە شمشێری قیت کردەوە بۆ ئەوەی حەواڵەی پاڵەوانی جیهانی بکا، بەڵام حوسێن دەرفەتی نەدا، لەدڵەوە نەعرەتەی (یا عەلی) لێداو شمشێرێکی وای لەبن هەنگڵی بەهزاددا، برووسکەی شمشێرەکە لەشانی چەخماخەی داو بانگەرۆز بووەوە.

ئۆزبەکان دەوری حوسێنیان گرت. بهیارو دلاوەرانیش لەلایەکی ترەوە بۆ پشتیوانی حوسێن ڕژانە ناوەندی چوار بازاڕو ئۆزبەکەکانیان تەخشانو پەخشان کرد.

لەم لاوە حوسێن چوو پشوو بداو لەولاوەش یاوەرەکانی چوونە سۆراغی میرخانی سەری فیتنەی ڕۆژگار کەبەڵێنی کچەکەی بەبەهزاد دابوو. هاتن تا گەیشتنە ماڵی میرخان. کەمەندیان هاویشتو چوونە ژوورەوە. دیتیان میرخان لەشیرین خەودایە. بێهۆشیان کردو بردیانە ناو باخچەی سەراو لەدرەختێکیان بەستەوەو پاشان بەهۆش خۆیان هێنایەوە.

میرخان چاوی کردەوە، دیتی، دە نەفەری ئەژدیها سەولەت لەسەرسەری وەستاون. لەدڵی خۆیدا گوتی:

ــ ئێمە حوسێنمان کوشت، ئەی ئەم دە نەفەرە کێن؟

پرسی:

ــ ئێوە کێن؟

گوتیان:

ــ دەنەفەرین لەپیاوەکانی حوسێن

میرخان، کە گوێی لەناوی حوسێن بوو، لەرزی و ویستی هاوار بکا. یەکێ لەدلاوەران مۆری عەییاری لەزاری نا. کەگرتی هەردە نینۆکیان دەرهێنا. میرخان لەبەر ئێشی خۆی قەپی لەدرەختەکە دەگرت.

ئاخیری ئیشارەتی کرد: چیتان دەوێ؟

یەکێ لەدلاوەران گوتی:

ـ خوێنبایی حوسێن.. بیست هەزار دینار بدە، با بڕۆین.؟

میرخان ئیشارەتێکی کرد.

مۆری عەییارییان لەزاری دەرهێنا. هەرچی داوایان کرد نووسیو مۆری کردو پێی دان.

کە دلاوەران ویستیان بگەڕێنەوە لەپڕ هاواری لێ هەستا . دلاوەرێ بینەقاقای گرتو بەچاوترووکانێك ڕیشو سمێڵی تاشی. ئاخیری دلاوەران بە چ ڕێگایەکدا هاتبوون بەوێدا گەڕانەوەو چییان کردبوو بەحوسێنیان گوت.

کە ڕۆژ داهات، میرخان هەستا سەروریشی تاشراوی خۆی بەستو بەشەلەشەل هات تا گەیشتە بارەگای ئەکبەر شا.

ئەکبەر شا گوتی:

ـ بۆ چما حوسێن هێشتا هەر ماوە؟

میر خان گوتی:

ـ بەساقەت بم. دوێ شەو، حوسێن دیسان هاتۆتە چوار بازاڕو بەهزادی کردووە بە سەدەقەی سەری ئێوە. لەبەرئەوەی خۆی نەخۆش بوو، دە نەفەری لەیاوەرەکانی خۆی نارد، بیست هەزار دینار خوێنباییان لەمن سەندو ڕیشو سمێڵیان تاشیمو هەر دە نینۆکی پێیان دەرهێنام. من نازانم ئەمە چ بەڵایەکە!

ئەکبەر شا، کە گوێی لەم قسەیە بوو، دڵتەنگ بوو، بەڵام بەهرام خانو قزڵباشەکان کەشیعە بوون، کەیفخۆش بوون. ئەکبەر بەغەمگینی هەستاو چووەوە حەرەمسەرا.

لەولاوەش حوسێنی کوردی ناودار، کە برینی چاك ببووەوە، هەموو شەو لەگەڵ دلاوەرەکانی دەچوونە مالی زاڵمانی شاری جیهان ئابادی هیند کەخەڵك لەدەستدرێژییان بەتەنگ هاتبوون، ڕیشو سمێلیان دەتاشینو نینۆکیان دەردەهێنانو ئاخیریش هەندێ پارەیان بۆ یارمەتی بێ نەوایان لێ دەسەندنو دەهاتنەوە.

ڕۆژێ، کە کاروباری حوسێن گەیشتبووە ئەوپەڕی توندی، ئەکبەر شا ئاخێکی هەڵکێشاو بەمیرخانی گوت:

ــ ئەمە هەمووی سەبارەت بەشوومیی‌و بەدیومی ئێوەیە، دەبێ حوسێن لەناوببەن.

ئەفراسیاب خۆی داوای کرد گوتی: من لەناوی دەبەم. دەبێ بەڵایەکی وای بەسەر بێنم قزلباشان بۆ حاڵی بگرین.

بەهرام خانی سەرکردەی قزلباشان، کەشیعەی عەلی بوو، ڕووی کردە یەکێ لەشاترانی خۆی و بەهێدی گوتی:

ــ بڕۆ لەزاری من بەحوسێن بڵێ ئەو ڕۆژەی هاتیتە ئەسفەهان دیاریت بۆ نەهێنام، دیاری من سەری ئەفراسیابە، دەبێ بۆم ڕەوانە بکەی.

شاتر چوو، داوای بەهرام خانی بەحوسێن ڕاگەیاند. حوسێن دەستی لەسەر چاوی دانا.

شەو داهات، ئەفراسیاب لەچوار بازاڕ وەستا. تەپڵیان لێدا.

دەنگی تەپڵ گەیشتە بەرگوێی حوسێن. گوتی:

ــ بهیار چەکەکانم بۆ بێنە.

هێنای. حوسێن نوقمی ئاسن‌و پۆڵا بوو. شمشێری لەملی کرد. قەڵغانی لەپشتی سەری کرد. لەدوکان هاتە دەرەوە.

کە گەیشتە زارکی چوار بازاڕ، دیتی ئەفراسیاب لەسەر تەخت دانیشتووە سەد نەفەر بەرامبەری وەستاون. حوسێنی کوردی دلاوەر، خشتێکی لەدیوار دەرهێناو لەکاسەی چراوگی داو وەری گێڕا. کە ئەفراسیاب زانی ناحەزەکەی هاتووە. هەستایەوە. لەسەر هەردوو ئەژنۆ دانیشت و گوتی:

ــ تۆ کێی؟ ئەگەر دلاوەر بیت، باشە!

حوسێن، لەو شوێنەی وەستابوو، هەردوو پێی لەزەوی کوتاو پێنج گەز لەزەوی بەرز بووەوەو خۆی هەڵدایە ناو چوار بازاڕ، سەراپای چوار بازاڕ لەرزی. هاواری کرد:

ـ شەو باش.

ئەفراسیاب وەڵامی دایەوە:

ـ شەو و ڕۆژت باش!

پرسی:

ـ تۆ کێی؟

گوتی:

ـ نامناسی؟ تۆ وات لێ هات کورسی لەژێر پێی بەهرام خانی شیعەی عەلی (د.خ)) دەربکێشی؟

ئەو دێواسایە قینی جۆشاو خۆی هەڵکوتایە بەرامبەر حوسێن پاڵەوان . پاڵەوان جیهان کشایەوە لەناخەوە نەعرەتەی (یاعەلی) لێداو هەڵیکوتایە سەر ئەفراسیابو گرتیو لەزەوی بڵندی کردو سووڕاندی و توند لەعەردی کوتا. دەمو دەست شمشێری هەڵکێشاو لەناوقەدی داو وەکوو خیاری تەڕ کردی بەدوولەت. یاوەرانی ئەفراسیاب دەوری ئەودلاوەرەیان گرت: ئەویش وەکوو شێری برسی کەوتە ناویان و چەند نەفەرێکی کوشت. تێی ڕاخوڕین، هەموو هەڵاتن.

خەبەریان دایە ئەکبەر شا. ئەکبەر شا گۆڕاو ڕووی کردە بەهرام خانو گوتی:

ـ وڵاتمان کاولّ بوو. خەتاو فەرەنگ پاڵەوانیان تێدا نەما. بریا هەر ڕۆژی یەکەم ئیشی حوسێنمان پێك بهێنایەو گوێمان بەقسەی میرخان نەدابایە. بەرژەوەندی لەوەدایە داوای بکەینو ئیشی پێك بهێنینو ڕەوانەی خزمەت شا عەباسی بکەین.

بەهرام خانی سەرکردەی قزڵباشەکان گوتی:

کە ڕۆژی یەکەم ئێمە عەرزمان کرد ئیشی حوسێن پێك بێنین، گومانتان کرد ئێمە لایەنگری حوسێن دەکەین.

جا ئەکبەر شا گوتی:

ــ جاڕ بدەن: ئەی حوسێن، بەسەری شا عەباس سوێندت دەدەین، بەیانی وەرە بارەگای ئەکبەر شا تا هەر داوایەکت هەیە جێ بەجێی بکەین.

جاڕجی، بەقسەی ئەکبەر شا، لەکووچە و بازاڕەکان دەستی بەجاڕ دان کرد.

حوسێن جاڕچی دی و گوتی:

ــ بڕۆ بەئەکبەر بڵێ، حوسێن گوتی: سبەی دێمە ئاستانە. داوام ئەوەیە بڕیار بدەن بەهرام خان سەرفرازمان بکا. ئینجا دەستی بردە گیرفانی دانە زومڕووتێکی دەرهێنا کە دوازدەهەزار دیناری دەکرد، دایە جارچیو چووە دوای ئیشی خۆی.

جارچی خۆی گەیاندە بارەگای ئەکبەر. خەبەرەکەی ڕاگەیاندو دانە گەوهەرەکەی نیشانی ئەکبەر شا داو گوتی:

ــ ئازایەتیمان دی بوو، بەڵام سەخاوەتیمان نەدی بوو.

ئەکەبەر شا ڕووی کردە بەهرام خانو گوتی:

ــ سبەی هەر دەبێ بچیتە پێشوازی

بەهرام خان قبووڵی کرد.



ڕۆژی پاشی، بەهرام ئەمری کرد لەدەرگای بارەگاوە تا دەرەوەی دەروازە ڕشاندیانو گەسکیان دا. ئینجا شەو پێنج سەد نەفەر قزلباشو میری ڕەوانەی نزیك کێوەکەی سەر ڕێگای حوسێن کرد. ئەوان لەوێ بەریز وەستان بۆ ئەوەی یاوەریی پاڵەوانە بکەن و بەهرام خان خۆیشی لەگەڵ خەڵکانیکی زۆر لەشار هاتە دەرەوە.

حوسێن لەگەڵ دلاوەرەکان لەچیا شۆڕبوونەوە، دوای بڕینی ماوەیەك، میرانی قزلباشی خۆیان دایە پاڵی. کەگەیشتنە نزیك شار، خەڵکەکەی هاتبوونە پێشوازی، لەهەموو لاوە دەوریان گرت. بەهرام خان، کەچاوی بەحوسێن کەوت، لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو.

کە گەیشتنە بارەگا، ئەکبەر شا لەگەڵ یەکەم سەرنجدا، شەیدای حوسێن بوو و خۆشەویستی حوسێنی کەوتە دڵ. ئەکبەر شا فەرمووی لەپاڵەوانەکە کرد لەسەر کورسی دابنیشێ، ئینجا ڕێزێکی لەڕادەبەدەری لێنا. دەستووری دا بەهرام خان میوانداریی حوسێن بگرێتە ئەستۆ.

ئێستا گوێتان لەچەند قسەیەکی میرخان بێ.

میرخان کە دیتی حوسێن کاری ڕوو لەسەرکەوتنو تەواوبوونە، هاتە خزمەت ئەکبەر شاو بەتەنیایی لەگەڵی دانیشتو گوتی:

ـ ئەمە شوورەییە بۆ ئێوە، یەك کەس لەئێرانەوە هاتۆتە هیند بۆئەوەی باجو هەستەی حەفت ساڵە بسەنێ. ئەم شوورەییە لەبنەماڵەی ئێوەدا دەمێنێتەوە. یەك چارەی تر ماوە، ئەویش ئەمەیە: لەگەڵ (دێوانە فیل ) بەشەڕی بێنی بەڵکو (فیل) بیکوژێ و ئەم بەڵایە یەك لا بێتەوە.

ئەکبەر شا، هەرچی کردی بۆ ئەوەی میرخان دەست لەفیتنەیی هەڵگرێ، سوودی نەبوو، میرخان هەموو جارێ ڕای ئەکبەری دەدایە دواوە.

ڕۆژی پاشی، کەحوسێنو بەهرام خان هاتنە بارەگا، ئەکبەر شا گوتی:

ــ پاڵەوان! تۆ لەئازایەتیدا کاری خۆت تەواو کردووە. کردەوەیەکت ماوە، کە لەگەڵ (دێوانە فیل) بجەنگی.

بەهرام خان ئاخێکی لەناخەوە هەڵکێشاو زانی ئەمە حیلەی میرخانە. ئیشارەتی بۆ حوسێن کرد کەقبووڵ نەکا. حوسێن گوێی نەدایە و گوتی:

ــ (فیل )ەکە بێنن.

(فیل)یان هێنا. حوسێن دەستی دایە مشتووی شمشێرو گوتی (یا عەلی!) و هەستا. میرخان گوتی:

ــ دەبێ بێ سونگی چارەی بکەی

حوسێن شمشێری توورِ هەڵداو خۆی گەیاندە بەرامبەر (فیل). خەبەریان بۆ حەرەم برد. خانچی بەگمی کچی شا تەهماسبو دایکی ئەکبەر شا لەسەربان ڕوو لەقیبلە وستاو حەفت سینی زێڕی لەبەردەمی خۆی دانا بۆئەوەی کە حوسێن سەرکەوت، هەمووی ببەخشێتەوە.

(فیل) هەڵمەتی بۆ حوسێن برد. حوسێن لەناخەوە نەعرەتەیەکی (یاعەلی) لێداو مستی قوچاندو مستێکی لەتەپڵی سەری ئەو جانەوەرە شێتە دا خستییە سەرچۆکو پیلەقەیەکیشی لەڕەفیسکی داو فڕێ دایە ئەولا. (فیل) دووبارە هەستاو لووتی بۆ لای حوسێن درێژ کرد. حوسێن دەستێکی لەدەوری لووتی فیل پێچاو بەدەستەکەی دی پێیەکی گرتو وای لەعەردی دا ئێسکی پەراسووی شکا، هەناسەی بڕاو ئیتر پێی نەکرا قیت بێتەوە.

خانچی بەگم لەسەربانەوە زێڕەکانی بڵاوکردەوە. میرخان بەشەرمەزاری و پەشیمانی لەبارەگا ڕۆیشت.

شەو، میرخان هاتە لای ئەکبەر شا و گوتی:

ــ بۆ ئەوەی ئێوە کاروباری حوسێن پێك بێنن، حوسێن دەبێ یەك ساڵ داروغەیی ئەم شارە لەئەستۆ بگرێ.

ڕۆژی پاشی، کەحوسێن هاتە بارەگا، ئەکبەر شا گوتی:

ــ ئێوە کاری خۆتان تەواو کردووە. بۆئەوەی ئێمەش کاروبارتان بۆ پێك بهێنین، دەبێ یەك ساڵ خەریکی داروغەیی شار بن.

بەکورتی، لەماوەی ئەو ساڵەی حوسێن لەوێ بوو، میرخان هەر حیلەی دەکردو فتنەی دەنایەوە، بەڵام حوسێن هەموو جارێ تەلەکەبازییەکانی پووچەڵ دەکردەوە.

دوای یەك ساڵ، حوسێن هاتە بارەگای ئەکبەرو گوتی:

ــ ئەی پاشا! ئەو ماوەی داتان نابوو تەواو بوو. بەندە ڕووخسەت بدەن، بڕۆم.

ئەکبەر شا، دیارییەکی زۆر و باجی هەفت ساڵەی هیندی دایە حوسێنو بازووبەندو مۆرەی نیشان کردو پەیمانی لەگەڵ حوسێن بەست کەخۆی ساڵ بەساڵ باجی ساڵانەی هیند بۆ پایتەختی شا عەباس ڕەوانە بکا.

حوسێنو دلاوەران کاروباری سەفەریان بەرەو ئێران ڕێك خست.

بهیار، قەرەقەیتاسی زین کردو هێنای. حوسێن وەکوو شێری ژیان سوار بوو. دلاوەران سەلاواتیان لێ دا. هەموو سوار بوونو بەڕێ کەوتن. بهیارو شاتر بەچەکان تەوەرزینیان کردە شانو لەپێشەوە ڕۆیشتن.

بەهرام خانو قزلباشەکان بەڕێیان کردن.

حوسێن ڕووی کردە حەیدەر ئاباد و کەگەیشتە ئەو شارە، سەربردەی سەفەری خۆی بۆ عەبدوڵلا قوتب شا گێڕایەوەو دوای ئەوەی چەند ڕۆژێك لەوێ مایەوە، ماڵاوایی لەقوتب شا کردو لەدەروازەی هیندستان هاتە دەرەوەو ڕووی کردە ئەسفەهان.

دوای یەك مانگ، کەجیهان پاڵەوانو دلاوەران گەیشتنە نزیك ئەسفەهان، خەبەریان دایە شا عەباسی نەوەی ئیمانداران (د.خ). شا بەمیر باقری فەرموو پێشوازی حوسێن بکا.


میر باقر لەگەڵ دلاوەران، تادەرەوەی شار بەپیر حوسێنەوە چوون.

حوسێن کەبینی میر باقر وادێ دابەزی و چووە پێش. ئەم دوو دلاوەرە دەستیان کردە ملی یەکترو یەکتریان ماچ کردو دوای چاکو چۆنی زۆر، سواربوونو هاتن تا گەیشتنە ئەسفەهان.

حوسێن باجی حەفت ساڵەی هیندو هەستەو سەرانەو دیارییەکانی هەمووی هێناو پێشانی شای دا.

شا، زۆر دڵنەوایی حوسێنی کردو خەڵاتێکی شیاوی پێشکەش کرد.

# 15ـ مۆمدانی زێڕین



هەبوو نەبوو، پاشایەك هەبوو، لەبەر چاوێشە هەدادانی نەبوو. هەموو پزیشكەكانی ئەو سەردەمە لەچارەسەری بێ ئومێد ببوون، تارۆژێ حەكیمێك هاتو تەماشای چاوەكانی كردو گوتی:

ــ پاشام سەلامەتدار بێ! من دزانم دەرمانی چاوی تۆ چییە، بەڵام دەرمانی چاوی تۆ لەشتێكی وادایە دەستكەوتنی مومكین نینەو باوەڕ ناكرێ.

پاشا گوتی:

ــ تۆ جێگاكەم نیشان بدە، من دەنێرم پەیدای بكەن.

حەكیم گوتی:

ــ ماسییەكی خاڵ خاڵ لەناو دەریای سپی هەیە، ئەگەر خوێنی ئەو ماسییە لەچاوەكانت بدەی، یەكسەر چاوت چاك دەبێتەوە.

شا، كە بەم مەسەلەیەی زانی، یەكسەر دەستووری دا هەموو ماسیگرەكان لەكەناری دەریای سپی كۆببنەوەو دەست بەجێ دەنێرێتە دوو كوڕەكەیو گوتی:

ــ كوڕم، تاقمێ لەپیاوەكانم ببەو هەموو ماسییەكانی دەریا دەربێنن تا ماسی خاڵ خاڵ دەدۆزنەوە.

كوڕە، دەستووری بەماسییگرەكان دا: هەر كەسێ ماسی خاڵ خاڵ بدۆزێتەوە خەڵاتێكی باش وەردەگرێ.

ماسیگرەكان دەستیان پێكرد، هەرچی ماسی لەدەریا دا هەبوو، هەموویان بەتۆڕ گرت و هێنایانە دەرێ، تا ماسی خاڵ خاڵ كەوتە ناو تۆڕو كوڕەكە ماسییەكەی گرتو دیتی ماسییەكی زۆرجوانە، پیاو حەزدەكا بازووی خۆی ببڕێ، بەڵام حەیفی لێ دێ ئەو ماسییە

بکوژێ، بەڵام لەبەرئەوەی ناچار بوو، کە ویستی ماسییەکە بکوژێ، ماسییەکە هاتە زمانو گوتی:

ــ کوڕەکە! مەمکوژە. لەکاتی خۆیدا بەکەڵکت دێم.

کوڕەکە لەدڵی خۆیدا لێکی دایەوە . لەوانەیە چاوی باوکم لەخۆیەوە چاك بێتەوە.ئەم ماسییە کە زاری کردۆتەوەو داوای لێ کردووم نەیکوژم، بێویژدانییە بیکوژم، واچاکە ئازادی بکەم. ئیتر ماسییەکەی فڕێ دایەوە ناو ئاوی دەریا. ئینجا ڕووی کردە ماسیگرەکانو گوتی:

ــ هەرکەسێ ئەم نهێنییەی من ئاشکرا بکا، سەری لەلەشی جودا دەکەمەوە.

ماسیگرەکانیش هەموو سوێندیان خوارد کە ئەم نهێنییە ئاشکرا نەکەن.

کوڕە، کرێی ماسیگرەکانی داو بەڕێی کردن. لەکەناری دەریا گەڕایەوەو بەباوکی گوت:

ــ باوکە ئەوەندەی پێمان کرا گەڕاین بەڵام ماسی خاڵ خاڵمان نەدۆزییەوە.

پاشا هەر بەبێ چارەسەری مایەوە تا ڕۆژێ قسەچنێك هاتو حاڵو مەسەلەکەی بەپاشا ڕاگەیاند چۆن کوڕی پاشا خۆی ماسی خاڵ خاڵی گرتو دووبارە فڕێی دایەوە ناو ئاوی دەریا.

پاشا، کە ئەم خەبەرەی بیست، زۆر تووڕەبوو، هەروەخت بوو شێت بێ. دەرحاڵ بەرگی سووری پۆشیو چوو لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتو داوای جەللادی کرد بۆ ئەوەی لەسەری کوڕەکەی بدا. وەزیرو وەکیل کەوتنە سەرپێی پاشاو پاڕانەوە:

ــ غەڵەتێکە و کردوویەتی، ئێوە بەگەورەیی خۆتان بیبەخشن.

پاشا گوتی:

ــ نابێ. دەبێ بکوژرێ. ئەوە دیارە دەیەوێ من زووتر بمرم تا خۆی ببێ بە خاوەنی تەختو تاجی من.

پاشا ڕازی نەدەبوو. ئاخیری ڕدێن سپیو گرەگرەکانی وڵات کەوتنە بەین بۆ ئەوەی هیچ نەبێ پاشا کوڕەکەی نەکوژێ، دووری بخاتەوە.

پاشا نەختێ هێور بووەوەو قبوولّی کرد کە کوڕەکەی لەسەر خاکی وی بچێتە دەرەوەو زوو بەزوو جێی بێڵێ.

شازادە هەمان ڕۆژ بەڕێکەوت و ڕۆیشت. لەکەناری دەریای سپی پیاسەی دەکرد، لەپڕ تووشی کوڕێك هات، کوڕەکە گوتی:

ــ منیش دەچمە ئەو بەر، وەرە ببین بەدۆستو هاوڕێی سەفەر.

شازادە بەکوڕەکەی گوت:

ــ دۆستی چییە.؟ وەرە ببینە برای یەکتر.

هەردووکیان بوون بەدۆستو ملی ڕێیان گرت. ماوەیەك ڕێیان بڕی، کوڕەکە لەشازادەی پرسی:

ــ برا، ببوورە، فزوولی دەکەم: ئێوە چ کارەنو چ ئیشێکتان لەدەست دێ؟

ــ من هیچ کارو پیشەم نیە.

کوڕەکە گوتی:

ــ قەیدی نییە، لەباتی ئەوە من دختۆرێکی چاکم. بەشارو شارۆچەکەکاندا دەگەڕێین، لەپزیشکایەتی هەرچیمان هاتە دەست، بەیەکەوە خەرجی دەکەین.

ڕێگایەکی دووریان بڕی و گەیشتنە شارێك. ئەم شارە پاشایەکی هەبوو، لەداری دونیادا یەك تاقە کچی هەبوو. کچەکە حەفت ساڵ بوو زمانی بەسرابوو، قسەی پێ نەدەکرا. پاشا سوێندی خواردبوو، هەرکەسێ بتوانێ زمانی کچەکەی بکاتەوە، کچەکەی دەداتێو ئەگەر نەیتوانی لەسەری دەدا.

ئەو هەموو حەکیمانەی هەوەسی هێنانی کچی پاشا لەسەری دابوون، سەری خۆیان لەم پێناوەدا دۆڕاندبوو

کاتێ شازادەو کوڕەکە گەیشتنە ئەو شارە، دیتیان کابرایەکیان لەدار داوە، هۆی لەدار دانی کابرایان پرسیو پێکەوتن بۆ خاتری کچی پاشایە.

یەکسەر چوونە کۆشکی پاشا. کوڕەکە گوتی: ئامادەم زمانی کچی پاشا بکەمەوە، پاشا دیتی کوڕێکی گەنج و کۆکە، سکی پێ سووتاو گوتی:

ـ لاوۆ، تا ئێستا چل حەکیمی زانا لەپێناوی ئەم مەسەلەیە سەری خۆیان بەباداوە. هەی داماو، من سکم بەتۆ دەسووتێ، وەرە دەست لەم کارەت هەڵگرە.

کوڕەکە گوتی:

ـ پاشام سەلامەتداربێ! خۆ خوێنی من لەخوێنی ئەوانەی مردوون، ڕەنگینترە؟ ئەگەر نەمتوانی زمانی کچەکەت بکەمەوە، منیش بکوژە، خوێنم حەڵاڵە.

پاشا ڕووخسەتی دا. حەکیم برادەرەکەی خۆی هێناو هاتنە لای کچەکە.

لەولاوەش، پاشا لەگەڵ وەزیرو وەکیل خۆیان لەشوێنێکی نەپەنی لەناو کۆشکەو لەکونجێ کەبەسەر ژووری کچەکەیدا دەڕوانی شاردەوەو تەماشایان کرد بۆ ئەوەی ببینن حەکیم دەیەوێ چ بکا.

حەکیم چووە لای کچەکە، بەڵام هیچی پێ نەگوت. ئەو ژوورە مۆمدانێکی زێڕینی تێدابوو، سەری پڕ یاقووتو زمرووتو مرواری بوو. حەکیم ڕووی کردە مۆمدانەکە و گوتی:

ـ سەلامو عەلێك، ئەی مۆمدانی زێڕین!

ئەمە ئەو مۆمە بوو کە کچی پاشا لەدایکی خوالێخۆشبووی بەمیرات بۆی مابووەوە، یادگارێکی جوان بوو، کچەکە زۆری بەلاوە ئازیز بوو.



کچە، دوای مردنی دایکی، بەڵێنی لەگەڵ خۆی دابوو، حەفت ساڵ لەگەڵ هیچ کەس قسە نەکا، بۆیە بە ئەنقەست خۆی لاڵ کردبوو.

کوڕەی حەکیم دوای ئەوەی سەلامی لەمۆمدانەکە کرد، گوتی:

ـ ئەی مۆمدانی زێڕین! من ئەمشەو میوانی تۆم. هەقایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە، دەبێ وەڵامم بدەیتەوە!

(ئەی مۆمدانی زێڕین! هەبوو، نەبوو لەڕۆژو ڕۆژگارێکا، بەرگدروویەك و دارتاشێكو زێڕینگرێكو دختۆرێك هەبوون، هەر چواریان دۆستی یەکتر بوون. ئەمانە سوێندیان بۆ یەکتر خواردو ڕێگای سەفەریان گرتە بەرو لەگەلیٚ گردو بێشەو لێرەوار تێپەڕین، تا شەو داهاتو لەناوەڕاستی لێڕەوار چادریان هەڵداو کەوتنە قسەو گفتوگۆ. بڕیاریان دا، دوای

ئامادەکردنو خواردنی شێو، یەك یەك بەنۆرە ئێشك بگرن بۆئەوەی لەشەڕی جانەوەری هۆڤی بێ خەم بن. ئیتر دوای شێو کردن، بڕیار درا یەکەم جار دارتاش ئێشك بگرێو سێ دۆستەکەی تری واتە: زێڕینگرو دختۆرو بەرگدروو بخەون.

دارتاش نەختێ دانیشت، پاشان بیری کردەوە: ئێستا مادام هەر بێکارە دانیشتووم ئێرە داری زۆرە، با بووکۆکەیەکی جوانی بەقەدەر بنیادەم دروست بکەم. دەستی پێکردو نیوەشەو تەواوی کردو خەوی لێ کەوت.

نۆرەی ئێشکی زێڕینگر هات. ئەو کاتێ کە بووکۆکە ی لەبەر ئاگر دی، هەوەسی پێ هات، یەك دوو دراوی زیوی پێ بوو، تواندیەوەو بۆ بوکۆکەکەی کرد بەچاو ووددانو نینۆكو هی ترو نووست. لەو کاتەدا بەرگدروو بەخەبەر هات، دەستە بەرگێکی جوانی بۆ بووکۆکەکە دووری و لەبەری کرد.

بەکورتی، ئاخیری نۆرەی ئێشکی دختۆر، یان وەکوو هەندێ دەڵێن جادووگەر، هات. دختۆر هەندێ گیای لێڕەوارو ئەو دەرمانانەی پێی بوو دەرخواردی بووکۆکەکەی داو ناوی گەورە (اسم الاعظم)ی خوێندو ڕۆحی بەبەرهێنا. ئەو کچە ئەوەندە جوانو نازدار بوو هەموو هەرحەزیان دەکرد شەو تابەیانی دانیشنو تەماشای بکەن.

کە سبەینە داهات، هەموویان لەخەو ڕابوونو لەسەر خاوەنداریی کچەکە لێیان بوو بەشەڕ.

ـ دارتاش گوتی: براینە، بیری ئەم کارە هی منە، یەکەم جار من لەتەختەدار بڕیمو دروستم کرد. جا دەبێ ئەو کچە بۆمن بێ.

بەرگدروو گوتی:

ـ لەبەرئەوەی من کراسو جلوبەرگم بۆ دووری و وەکوو بنیادەمم لێ کرد، هی منە.

ـ زێڕینگر گوتی:

ـ هی منە.

حەکیمیش گوتی:

ـ لەبەرئەوەی من ڕۆحم پێ بەخشیوەو ڕۆحم فوو کردوەتێ، هی منە

ئێستا، ئەی مۆمدانی زێڕین، وەڵامم بدەوە بزانم، ئەم کچە دەبێ بۆ کامیان بێ. ئەگەر وەڵام نەدەیتەوە، ئەوەندە بەعەردت دادەدەم تا تیکە تیکە دەبی و هەموو یاقووتو زوبەرجەدو لەعلو ئەلماست بەگۆڕێ وەردەبێ.

بەکورتی، دختۆر دوای نەختێ وەستان، دووبارە پرسیاری کردو کەدیتی مۆمدان هیچ وەڵام ناداتەوە، یەکسەر بڵندی کردو ویستی لەعەردی بکوتێ. کچەکە چیتر خۆی پێنەگیرا، دەستی بەقسە کرد:

لەعەردی مەدە من پێت دەڵێم.

ـ باشە، پێم بڵێ بزانم، ڕاست دەکەی یان نا؟

کچەکە گوتی:

ـ دارتاشەکە ئەرکو ماندووبوونی کێشاوە. ئەو هەقی دارتاشی وەردەگرێو بەرگدروو بەرگەکەی دووریوە، ئەویش کرێی دوورینی بەرگ وەردەگرێو زێڕینگریش دەست هەقی دروست کردنی شتەکان وەردەگرێ، بەڵام لەبەرئەوەی دختۆر ڕۆحی پێ بەخشیوە و گیانی وەبەر ناوەو ئەم ئیشەش بەکاروپارەو پاداشو کرێ، هەقی نادرێتەوە، کەواتە کچەکە بۆ دختۆر دەبێ.

پاشاو وەزیرو وەکیل، کە قسەکردنی کچەکەیان دیو گوێیان لێ بوو، یەکسەر خۆیان کرد بەژووری کچەکەداو بەشادی و ڕەزامەندی گوتیان دەبێ مەرجەکە جێبەجێ بکەین.

پاشا ڕووی کردە دختۆرو گوتی:

ـ لەبەرئەوەی تۆ بە قسەت هێناوە، ئێستا خۆت دەزانی ئەم کچەی من هی تۆیە: دەتەوێ بیبە، ناتەوێ بەیەکێکی تری ببەخشە.

بەکورتی، دوای ئەم قسانە پاشا جیازێکی تەواوی بە کەنیزەو غولامەو شتی تر لەگەڵ کچەکەی ڕەوانەی ماڵی زاوا کرد.

دختۆر لەگەڵ شازادەی برادەری و کچی پاشاو نۆکەرو دەستو پێو ماڵو سامانەکەی بەڕێکەوتن. هاتن، هاتن تا گەیشتنە کەناری دەریای سپی. گەیشتنە ئەو شوێنەی دۆستایەتیان لەگەڵ یەك بەست بوو، لێرەدا کچەکە ڕووی کردە دختۆر و گوتی:

ـ ئەی حەکیم! ئێوە بەفێڵو ئەفسوون منتان بەقسە هێناو من مەرجەکەم دۆڕاند، بەڵام ئێستا دەمەوێ بزانم ئێوە کێن کو من دەبەنە کوێ؟

حەکیم گوتی:

ـ من کوڕێکی دەریاییم. کوڕی شای ماسییانی هەموو دونیام. دەتوانم بچمە سەر هەر شکلێکی کە بمەوێ. ناوی گەورە (اسم اعظم) دەزانمو هەر ئیشێکی بمەوێ دێتە دی. ڕۆژێ لەناو دەریا مەلەم دەکرد ماسیگرەکان خستمیانە تۆڕو ئەم شازادەی کە ئێستا برادەری منە، دەیەویست بمکوژێ بەڵام من داوام لێکرد نەمکوژێ، ڕۆژێ دێ بەکەڵکی بێمو ئیشێکی بۆ ئەنجام بدەم. ئەویش منی نەکوشتو من دەمەوێ ئەمڕۆ بەڵێنی خۆم بێنمە دی و تۆ و جیازو هەرچی کە هەیە هەمووی بەو ببەخشم. لەوەش گرنگتر یەکسەر شووشەیەکی دەرهێناو هەندێ خوێنی خۆی تێکردو دایە کوڕی پاشاو گوتی:

هەر هێندە کە باوکتت بینی، ئەم خوێنەی منی لەچاوان بکەو چاوەکانی چاك بکەوە. هیوادارم هەر بەختەوەر بنو تا تەواو پیر دەبن هەر بمێنن.

ئەمەی گوتو خۆی بەناو ئاوداداو کەوتە سەر شکلی ماسی و ڕۆیشتو ئیتر هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو.

کوڕی پاشا شازادە خانمی هەڵگرتو هێنایەوە شاری خۆی، یەکسەر چووە کۆشکو خوێنی ماسی خاڵ خاڵی لەچاوی باوکی کردو باوکی چاوی چاك بووەوەو کوڕەکەی گرتە باوەش. دەتگوت هەموو دونیایان داوەتێ. لەخەنی خۆشییان ئەوەندەی نەمابوو پەڕ

دەریکا. لەکردەوەی خۆی پەشیمان بووەوەو لەبەرئەوەی پیر ببوو تاجو تەختی خۆی بەکوڕەکەی بەخشیو کوڕەو بووکی پاشا ساڵەهای ساڵ بەخۆشیو شادی ڕۆژگاریان قەتاند. چاکەیان لەگەڵ هەموو کەس دەکردو بەدادپەروەری و یەکسانی خزمەتو گەورەییان بەخەڵك دەکرد.